هەواڵنامەی کتێب

# به لیقڵ بینیم به قەڵەم دەینووسمەوە

## یادنووسی هەشتاکانی رووپێوییم
## لە شارەوانی هەولێر

ستۆکهۆلم ٢٠١٨

شێرزاد هەینی

## چاپکراوی بژاری ساڵانەی
## «مەدالیــای قەڵات»ی د. محەمەد عەلی عوزێری


**کتێب:** بە لیقڵ بینیم بە قەڵەم دەینووسمەوە

**بابەت:** یادنووسی هەشتاکانی رووپێوییم لە شارەوانی هەولێر

**نووسینی:** شێرزاد هەینی

**پێشەکی:** دکتۆر شوان خۆشناو

**هەڵەبڕی:** نەهرۆ هەینی

**دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک:** شۆڕش غەفووری

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**نرخ:** ٤٠٠٠ دینار

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە سپاردنی (٤٤) ساڵی ٢٠١٩ی پێ دراوە.**

**چاپ:** یەکەم- ٢٠١٩




پێشکەشە بە هەموو: هاوکار و هاوڕێ و هاوبیر و هاوپیشە و هـاوزار و هاورازەکانی لەو هەوارە شـیرینەدا، بەیەکەوە بووین. ببوورن ئەوانەی ناویان نەهاتووە!

هەواڵنامەی کتێب

به لیڤڵ بینیم بە قەڵەم دەینووسمەوە

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# نۆستالژیا دەنووسێتەوە

دکتۆر شوان محەمەدئەمین خۆشناو

گیشەی خەرمانێکی دیکەی بەروبوومی «شێرزاد هەینی» یاداشتە کەسییەکانیەتی، کە شێوازێکە لە دەربڕینی ناخی مرۆڤ و خۆدواندن، بۆ هەڵدانەوە و هێنانەوە ناو باسی لایەنە چەپێنراوەکانی ژیان، کە لە ڕۆژگارێکدا ڕەنگە خستنەڕوو و هێنانە بەرباسیان گرینگ نەبووبێت، یان شاردنەوەیان بەپەسەندتر زانراو بێت.

ئەو یاداشتانەش، هەمیشە بە چێژتر و سەرکەوتووترن، کە کەسەکە ئازا و ئازاد بێت و دڵەڕاوکێ و شەرم نەکاتە کۆتوبەندی نووسینەکە، بێباکانە دەروونی خۆی خاڵی بکاتەوە. نووسین لای نووسەری ئەم یادنووسە، خولیا و ئەشق و خۆشەویستییە. خولیا بە پڕژاندنی وشە، ئەشق بۆ کار و خاک و ژن و مەی و نۆستالژیا. هەمووش خۆشەویستییە بۆ مرۆڤ. ئەو خۆی لە قەرەی هەموو ژانرێک دەدات و ناسڵەمێتەوە. بوێر و بەئەزموونە، ڕۆژانەنووسی و تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی لە ڕۆژژمێرێکدا، یادگەی خۆی دەخاتەگەڕ و بە زمانێکی سادە و پڕ لە وێنەی هونەری جوان، باسی وێستگەکانی ژیانی پیشەیی خۆی تۆمار دەکات.

ئەگەر تەنها پشت بەستن، بە یادگەی خۆی خاڵی لاوازی

هەواڵنامەی کتێب

یاداشتەکەش بێت، بەڵام نەریتێکی باشە بۆ هەموو نووسەر و رۆشنبیران دەست بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان بکەن، زانیارییەکان لەگەڵ خۆیان نەنێژن! نووسەری ئەم یاداشتە، خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە یاداشتنووسی تایبەت نییە بە کەسایەتییە سیاسییەکان، بەڵکو چیرۆکی هەموو کەسە سەرکەوتووەکان، زادە و بەرهەمی وێستگەکانیان، پڕ لە هەوراز و نشێوەکانی ژیانی کەسیی مرۆڤەکانە.

شێرزاد هەینی کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی پیشەکەی لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردووی خستۆتە روو، سەبارەت بە کەرەستە بەکارهاتووەکانی رووپێوی و جلوبەرگ و شێوازی کارکردنی رووپێوەکان، رێگاکانی وانەوەرگرتن و بابەتەکانی خوێندنی بەشی ئامۆژگەکە لە بەغدای پایتەختی عێراق، رۆژانەی خوێندنی تیۆری و پراکتیکییەکان و ژیانی قوتابییانی کورد لە بەشە ناوخۆییەکان، پاشان گەڕانەوەی بۆ هەولێر و دامەزرانی لە شارەوانی و چنینەوەی بەروبوومی خوێندنەکەی تۆمارکردووە. ئینجا نووسەر دێت و بەجوانی وێنای کەند و لەند و ئەو شوێنانەی هەولێر دەکات، کە کاری تێدا کردووە، بێگومان ئەوە لە رووی مێژووییەوە پەسەندکراوە. هەر چەندە سەردەمێکی کۆن نییە، بەڵام لە خوێندنەوەیدا لە رۆڵی ئەو گەریدانە دەچێت، هاتوونەتە رۆژهەڵات و وردەکارییەکانی دابونەریت و سیستەم و گوزەرانی کۆمەڵگەکانیان وەسف کردووە. رەنگە کاریگەری رۆژئاوا و خوێندنەوە و خەسڵەتە خودییە بۆماوەییەکانی خۆشی لەسەربێت. هەینی بڕێک جیاوازتر لە یاداشتی باوی سیاسییەکان دەدوێت. چونکە ترسی لەوە نییە مێژوو لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، یان کەسێک و لایەنێکی لێ زوویر بێت. ئەو راشکاوییەش، لە

نووسین جۆرێک لە کرانەوە بە خودی خۆی، پشییەکی زۆرتری بە تێکسـتەکە بەخشـیوە. هەر چەندە لە هەندێک شـوێن، زەنجیرەی مێژوویـی نییە و دیمەنەکان پچڕپچڕن، بەڵام ئەمەش شـێوازێکە لە ڕێگاکانی یاداشتنووسـی و هەبوونی باشـترە. چونکە تاکە شـتێک بێ پسانەوە لەگەڵ سەردەم بڕوات وشە نووسراوەکانە. چاوەڕوانی بەرگی دووەمی دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# نووسینی سەر نەخشەیەك

بە قەڵەمی رۆترینگی نەخشەکان، لەسەر ترێسێکی ناسکی رەقی رەنگ شیرێکی زەلاڵ، ناوم لەسەر چەندین نەخشەی شارەوانی هەولێر نووسیوە. ناو و پیشەم لەسەر نەخشە کەرتییەکان، پیوان و ژمارە و هێڵم، لەسەر پارچە کارتۆن و ناو فایلەکان نووسیوە. لەناو هەموو گەڕەکەکانی شارەکە، دەرەوەش کاری زۆرم کردووە، لە ئیفرازکردنی نیوەی شارەکە بەشدار بووم.

لەگەڵ مەساحی و نەخشەکانیش، نووسین و رۆژنامەگەرییشم لەوێ کردووە. کتێبم لەوێ چاپکردووە. کەسایەتی شانازم ناسیوە، دەستی خەڵکیشم گرتووە. لەو رۆژانەش زووم و کامیرای ڤیدیۆم، بردوتە سەر پرۆژەکان. بۆ میدیاکانیش گوتوومە: شارەوانی، لەسەر پرۆژەکانی بەردەوام دەبێت. کرێکار و پیشەگەر و ئەندازیار و باخچەوان و بەڕێوەبەرەکانی کۆشش دەکەن، بەردەوام شارەکە خاوێن و نەخشەساز و کەسک بێت.

ئێستاش، بەردەوام ئەگەر لەو ناوچەیە بم. سەیرێکی باڵەخانەکەی دەکەم. ئەگەر پیادەش بم، ناتوانم رووبەڕوو: ساتێک بێدەنگ و شاناز نەوەستم. هەر جارە لەبەرخۆم، بە دەنگیش، پەیڤێک بۆ شارەوانی هەولێر دەڵێمەوە! پەیڤەکەش پەیوەستە بەوەی چی

و کــێ و کام زەمانــم بەبیردێتەوە. تا مــاوم و لەکوێ بم، خۆم بە نەخشەیەکی شارەوانی هەولێر دەزانم.

بە دوو بەرگ، لەو نووســینە، لە وڵاتی ســوید، رۆژانە ئیشــکردنم لە شــارەوانی هەولێر، وەک مەســاح دەنووسمەوە. ئەوەیان بەرگی یەکەمە. بە ســۆز و یادنووســی نووســینەکە نــاوی چەندین کەس هاتووە. ئەوانەی ناویان نەهاتووە زۆرن. دڵگرانم، چونکە رووبەری نەخشــەکە، جێگای ئەوەندە ناو و ژمارەی تێدا بوویتەوە. ببوورن.

هەواڵنامەی کتێب

**شێرزاد هەینی**

**ستۆکهۆلم دیسمبەری ٢٠١٨**

## خۆم دەنووسمەوە

لەودەمانەی خەریکی وەرگێڕانی رۆمانی «دێڵەگورگی خۆشەویستی و کتێب _ذئبە الحب والکتب»ی نووسەری ناوداری عێراقی «د. موحسین رەملی» بووم. لەگەڵ ئەو، لەسەر چەند بابەت و وشە و بۆچوونەکان بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد. هەندێ روونکردنەوە و پرسیارم هەبوو. ئیتر فەیسبوک و ڤایبەرە قسە قسە رادەکێشێت.

لەناو قسەکانا گوتم:

ماوەیەکی زۆر لە شارەوانی هەولێر مەساح «رووپێو» بووم. زۆریش لەو کارە مامەوە، تا لە ولاتیش دەرچووم هەر مەساح بووم. بەو پیشەیەش خانەنشین بووم.

ئەو، بە ناو و پیشەی مەساحییەکەم هەڵوەستەیەکی کرد. بەپەلە، کەمێکیش دیاربوو دڵخۆش، گوتی:

دەزانی پیشەی مەساح، رووپێوی کەرەستەیەکی باشە بۆ رۆمان و نووسین! کەس باسی نەکردووە، لە نووسین و چیرۆک بەتایبەتی، کەم باسی ئەو پیشەیە کراوە! ئاخاوتنەکەمان هەر ئەوەندە بوو و بڕایەوە و تەواو. بەڵام قسەکە بۆ من زۆر بوو. ئەوەش مانا و بۆچوونی زۆر هەڵدەگرێت و دەمینێتەوە، نازانم بۆ!

قسەکە دوو، سێ ساڵ زیاتری بەسەردا تێدەپەڕێت. ئەوە لە مێشکم مایەوە، «مەساحی کەرەستەیەکی باشە بۆ نووسین».

بابەتێکی گونجاوە بۆ رۆمان! گوتم، بۆ من خۆم نەنووسمەوە؟! بۆ رۆژانەی خۆم لەو پیشەیە، لەو شارەوانییە نەنووسمەوە؟! چۆن دامەزرام. یان زووتر، چۆن بووم بە مەساح؟ چۆن لە شارەوانی

دامـه‌زرام؟ چۆن له‌گه‌ڵ گه‌وره‌بوونی شـاره‌که به‌شـداربووم؟ ئیتر بوارێکم بۆ کات و نووسـینه‌که‌م ره‌خسـاند. وا ده‌ســت ده‌که‌م به نووسـین و ده‌نووسم. دیاره شـتێکی هه‌ر لێ ده‌رده‌چێت! بابزانین چ جـۆره یادنووس و بیره‌وه‌رییه‌ک ده‌بێت.

## مه‌ساح و رووپێو

به‌ر له راپه‌ڕین. هه‌ر خۆمان وشـه‌ی رووپێومان بۆ پیشه‌ی مه‌ساح به‌کارده‌هێنا. من له‌ســه‌ر ته‌خته‌داره‌که‌ی ناوه‌که‌م. له‌سه‌ر مێزه‌که‌م «مێزێکـی گـه‌وره‌ی ئاسـنی باشـم هه‌بـوو. مێزه‌که لـه‌لای من و دواییـش بۆ فه‌رمانبه‌ری تریش ده‌مینێته‌وه، چونکه گواسـتنه‌وه‌ی زه‌حمـه‌ت بوو، زۆر قوورس بـوو. مێزه‌که بۆ من مابووه‌وه. ئه‌وه‌ی بـاش و خراپیـش بوو، هیـچ کلیلێکی نه‌بوو. که‌سـیش نه‌ده‌یزانی بـۆ کام له فه‌رمانبه‌ره‌کانی شـاره‌وانی هاتـووه، زۆریش دڵنیام بۆ ئه‌ندازیـاره‌کان کڕابـوو»، که به‌رده‌وام جه‌نجاڵ و شـپرزه‌ش بوو، نووسـیبووم رووپێو شێرزد قادر هه‌ینی. خۆشنووسێک ئه‌وه‌ی بۆم نووسـیبوو. به‌ڵام والێره، وشـه و ناوه ئاسـاییه‌که مه‌ساح، وشه‌ی مه‌سـاحیش هه‌ر ماوه _قسه و زاره‌کی خه‌ڵکه‌که_ به‌کارده‌هێنم.

به‌ڵام ئه‌وه‌ی شـیاوی باسـه، ئێسـتا له نووسراوه ره‌سـمییه‌کانی، فه‌رمانگه‌کانی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردسـتان، رووپێو به نووسـین به‌کاردێـت. بـه‌ڵام له‌ناو ده‌زگا و دائیره و خه‌ڵک و ده‌ڵاڵ و بازاڕ و قسـه و باسه‌کان، هه‌ر ده‌ڵێن مه‌ساح!

***

بۆ ئه‌وه نه‌نووسمه‌وه، بۆ رۆژانه‌که‌م تۆمار نه‌که‌م؟ دیاره نووسینه‌وه‌ی یـاد و رۆژانـه، تایبـه‌ت نییه به سیاسـییه‌کان. ئه‌وانـه‌ی خه‌باتی

دووروودرێژیـان کـردووە. ئەوانەی زیندانیان دیـوە. بیرەوەرییەکان پیرۆزە، شایستەیە، بەڵام یادەکانی هەموو کەسێکی تریش، نیگای رۆژانەیان، سـەربردەکان، پیشە و کاسبییەکان، شیرینی و تاڵی و زانیاری نوێی تێدایە. با بنووسـرێتەوە. دوو کەس ئەستەمە، وەک یـەک بژیـن و کاروانی ژیانیـان یەک جۆر بێت. ئاسـان نییە، دوو ئاوەز، سـێ برا، ژن و مێردێک نیگا و بۆچوونیان وەک یەک بێت. ئاساییە، لەیەک نزیک بن. بەڵام زۆر ئاسایی نییە، رۆژانەی هەموو کەسـێک، بابەت و ناو و شـوێن و بۆچوون و هەڵوەسـتەکانیان بۆ ژیان. بۆ سرووشـت. بۆ پارە و سـێکس و مردن، وەک یەک بێت! هاوشـێوە بێت، ئەوەش مەحاڵە و جیاوازییەکانیش زۆرن!

بە ئەزموونە زۆرەکەم لە نووسـین. بە چاپکردنی چەندین کتێب و وەرگێڕان. دەکرێ بڵێم دەتوانم رۆژانەکەم بە شـێوازێکی شایسـتە و باش و دەربڕینی گونجاو بنووسـمەوە. بۆیە وا دەنووسـمەوە. لە نووسـینەوەی رۆژانەی مەساحییم شەرم ناکەم. ناترسم، دوودڵیش نییم. خۆم دەکەمە نەخشـەیەکی کۆنی شارەوانی هەولێر.

نووسـینەوەی یـاد، ئازایەتـی و راشکاویشـی دەوێـت! مـن تەنیا خۆم نانووسـمەوە. باسـی خـۆم و خەڵکیش دەکەم. باسـی خۆم و برادەرانیـش دەکەم. بێگومان، قسـەی زۆر لە سـەر شـارەوانی هەولێر و دائیرەکانی تریش دەکەم! کە دەنووسـم دەبێ خوێنەران بڕوا بکەن، سـاڵانێک موچەمان چـل دینار بووە. لەگەڵ وەرگرتنی موچەکـە، وردە درهـەم و دە فلوسیشـمان وەرگرتـووە. رۆژ و کاتـی موچە وەرگرتنمان دیاریش بووە. سـاڵانەش، یەک دینارمان بـۆ دەهاتـە سـەر موچەکـە. پارەکـەش بـاش بـوو، دەمایەوە و پاشکەوتیشی هەبوو.

لـەو دەمانـەی فەرمانبەر بوویـن. جلوبەرگ و جگـەرە و خواردن

هەواڵنامەی کتێب

و هاتوچـۆ و پەیوەندییەکانــی بەڕێوەبــەر و فەرمانبــەران، لەگەڵ خەڵکی ئاســایی و ناوشار و گوند و کۆڵانەکان جیاواز بوو!
لەو دەمانە، هیــچ فەرمانبەرێک، کرێکارێکی دائیرەکان، ئۆتۆمبێلی تایبەتی رەنگ سپییان نەبوو! لە ژووری بەڕێوەبەرەکان تەلەڤزیۆنی تایبەتــی شاشــە گــەورە و بچووکیــش نەبــوو! قاوەخواردنــەوە و میوانداریــش نەبــوو! بەڕێوەبــەرەکان ئۆتۆمبێلــی دائیرەیــان نەدەبــردەوە ماڵەوە. شــەوانە، لە گەراجــە گەورەکانیان رایبگرن، ئێوارانیش بیبەنە یانە و دەعوەتەکان.
لــەو شــارە، کەس پۆســت و پلــەی بەڕێوەبــەری گشــتی نەبوو. هەموو دائیرەیەک، تەنیا یەک بەڕێوەبەری بە پۆســت و ناونیشانی هەبــوو! وەزیفــە و کارکردن و موچــە و پەیوەندییەکان زۆر جیاواز بوون! بەڵام ناڵێم ســەردەمی ئاڵتونی بوو. ناڵێم خۆشــگوزەرانی و ســەرفرازیش بوو، ئیتر بەو جۆرە بوو.

## دەچمە بەغدا

کــە نــاوم لە قبول مرکــزی بەغدای زانکۆکانی عێــراق دەردەچێت، «ئەودەمانە ناوی خوێندکارانی دەرچووی بەشی زانستی و وێژەیی هەمــوو عێــراق، بەیەکــەوە، لەیــەک رۆژدا لە قبول مرکــزی بەغدا دەردەچــوو. ناوەکانیــش، لە دەروازەی زانکــۆکان، بە کەتیرە، بە ریــز و چاپــی شــڕ و کاغەزی خراپیــش لە دیوارەکانــی دەرەوە و بــەردەرگاکان دەدرا! رۆژنامە و تەلەڤزیۆن و رادیۆکان، ناوەکانیان بڵاونەدەکردوە. دەبوایە، قوتابی بچێتە ئەو شارانەی زانکۆیان تێدا بــوو. لەوێ ناوی خــۆی بدۆزێتەوە!» بۆ ئــەوەی بزانم ناوم لەکام زانکــۆ و کۆلێژ و ئامۆژگە دەرچووە، دەچمە بەغدا.

مـن وەک دەرچووانــی شەشــەمی ئامادەیــی، ناوم لــە ئامۆژگەی تەکنەلـۆژی بەغـدا لە گەڕەکــی زەعفرانییە، لە بەشــی مەدەنی ــ مەساحە دەردەچێت.

بــەڵام زووتــر با ئەو بگێڕمەوە، من یەکەم قوتابی پۆلی شەشــەمی زانستی ئامادەیی هەولێر بووم، لە بەهاری ١٩٧٤ دەچمە ناو شۆڕش. پــاش نســکۆش، یەکــەم کەس بووم دێمــەوە و تەســلیمدەبمەوە. قوتابییــەکان، مامۆســتاکان بــۆ دیمانە و دیتنــم دەهاتنە لام. ئەو ساڵەش یەکەم ساڵ بوو، کتێب و دەفتەر و کەرەستەکان بەخۆڕایی دابەشــدەکران. باوەشــێک کتێب وەردەگرم. سەرپێیش ئەزموونێک بــۆ چوونــە بەکالۆریــام بۆ دەکــەن. ناسنامەشــم هــەر بەپەلە بۆ دروست دەکەن. لەو دەرچوون و دەربازبوونەدا، مامۆستا «خەسرۆ عەبدولکەریــم» زۆر یارمەتیم دەدات. قوتابــی زیرەکی پۆلەکەش «سەلاح عەبدوڵا» دوایی یەکەم دەبێت، لە کۆلێژی پزیشکی بەغدا وەردەگرێــت، ئەویــش بۆ فێرکردن و وتنەوەی وانــە زەحمەتەکانی بیــرکاری و کیمیــا زۆر ئاســانکارییم بــۆ دەکات. منیــش شــکانی شۆڕشــەکە، بە هاندان و ورە و هەڵســانەوەی خۆمی دەزانم، بۆیە زۆر بــاش دەخوێنم، لە دەوری یەکەم دەردەچم.

***

مــن دان بەوەدادەنێــم پێشــتر، هەرگیــز لە ژیانم، ناوی مەســاحم نەبیســتبوو. هیچ خزمێکم مەساح نەبووە. کەسم نەدەناسی، زووتر لەو شارە مەساح بیووبێت ــدوایی دەزانم زۆربەی مەساحەکانی ناو شــاری هەولێر. خەڵکی دەرەوەی شــارەکە بوون. زۆریان مەسیحی بوون. لە دهۆک و موســڵ و عەنکاوەش دەهاتن. یان لە شارەکانی نزیک هەولێر هاتبوونــ کارم بەو پیشــەیەش نەبوو. لەماڵەوەش، لەنــاو کۆڵانەکەشــمان نەمزانیبــوو، یەکێــک، جارێکیان ئیشــی بە

پیشـــەی مەساحی ببووبێت! ئیتر، بەشەکەی ناوم لێی دەرچووبوو، زۆر پێــم نامــۆ و ســـەیر و نوێ بوو. هیچیش بــە دڵم نەبوو، بەڵام دەســـەڵات چییە، تازە ناوم دەرچووە. نمرەکانی بەکالۆریام بەشی ئەو بەشەی کردبوو.

ئەلحــەق، وەرگرتــن و ناودەرچــوون، ـبێجگــە لــە چەنـد بواری خوێندنــی تایبەتی نەبوایە، لەوانە بەتایبەتی بەشــی راگەیاندن لە کۆلێــژی ئاداب. کە خۆم زۆرم حەزم بەو خوێندنە دەکرد، ئەوەیان ئیســتیمارەی حزبی و بەعسیبوونی دەویستـ دەرچوونی ناوەکان لەســاڵی ١٩٧٦ بــە نمرە بــوون. نمرەکەم، من دەباتــە ئامۆژگەی تەکنەلــۆژی بەغــدا بەشــی رووپێــوی. تێدا دەوامەکەی دوو ســاڵ خوێنــدن و دوو هاوینە پراکتیک بوو.

دەرچووی ئــەو خوێندنەش. دبلۆمێکی بەناوی دبلۆمی هونەری پێ دەدرا. پاش تەواوکردنی سەربازی، ئیتر دەرچووی ئەو ئامۆژگەیە، بە موچەی بیســت و چوار دیناری ئەســڵی مانگانە، ئاسان و باش دادەمەزرا. پاش یەک ســاڵ، موچەکەی دەبێتە بیســت و هەشــت دیناری ئەســلی. ئــەوەش موچەی دەرچووانــی کۆلێژەکانی عێراق بوو.

نەمدەزانی مەســاحەکان، فیتــە و لەوحە و تەختەدارێک، بۆ پیوان و دیارکردنــی ســنوور و تخووبــی زەوی و رووبەر و ئاراســتەکانی بەکاردەهێنــن. هەندێکیــان لەوانــە ئامێری «لیڤــڵLevel «یان هەیە.

ئەوانە، رۆژانە لەکاتی ئیشــوکارەکانیان، راستەی سی سانتیمەتری

سێگۆشـــە ـــسـکێلمان پێ دەگـوتــ و قەڵەمـــی ڕەش و قەڵەمی ڕۆترینگی Rotring حوبر ــجۆرە ئەڵمانییەکەی کە لە شـــاری هامبۆرگ دروســـت دەکرێت، لەســاڵی ١٩٢٨ پەیدا دەبێت، گەشـــە دەکات، دەبێتە قەڵەمی بەرچاو و باشـــی بواری نەخشەســـازیـــ و لاســتیکی ســـڕینەوە بەکاردەهێنن. کاغەزی ترێســـی تەنکی زەلالی نیمچە ڕەقی تایبەتییان بۆ نەخشە دروستکردن هەیە. ئەوانە لەبەر گەرما زۆریان کڵاوی حەســیر لەسەر دەکەن. هەر لەبەر ئارەقەش، تا قەمیســە ســپییەکانی بەریان پیس نەبێت، دەستەســڕی ســپی نـــەرم لەبەر پشـــتەملی قەمیســـەکانیان دادەنێن! ئــەوان بەردەوام لەبــەر هەتــاون. لەبــەر گەرمان. بــەڵام زســتانان، لەکاتی قووڕ و چڵپاوی ناو شارەکان دەرناچن. بەپێی نارۆن. دەڕۆن و ناگەڕێنەوە ناو دەوام. موچەیان ئاســاییە، بەڵام پارەیان زۆرترە! زۆریان لاواز و باڵابەرز و چاپوکن. قەڵەوەکانیشـــیان بۆ ڕۆیشـــتن و پیوان باش و چالاکن.

***

نــاوم لــەو ئامۆژگەیە دەرچوو. کە چوومە بەغدا. لەناو لیســتەکە، ناوی خۆم دۆزیەوە، بینیم ناوم لە بەشی مەساحە دەرچووە. دوایی کــە زانیــم، دوو برادەرەکەی ترمان، ئەوانــەی بەیەکەوە لە هەولێر بە کۆســتەرەکە هاتبووین. لە بەشەکانی بیناسازی و نەخشەسازی ناویــان دەرچووە، خۆزگەم دەخواســت، ناوم لەگــەڵ ئەوان بوایە. چونکــە دەیانگوت کاری ڕووپێوی ناخۆشـــە. پیســـە. بەردەوام لە دەرەوەیــە. ئیشـــی قورســـە، لەنــاو دڕک و دارە! پیاوی مەســاح، بەردەوام لەبەر باران و بەدەرەوەیە!

بــەڵام، دوایـــی گوتیان پیشـــەی مەســاح زۆر باشـــە. دامەزراندنی مســـۆگەرە، پارەی باشـــە، دەرچوونی زۆرە، بە ئیفاد دەردەچێت.

پـــارەی باش لەوە دەرچوونانە وەردەگرن. ئیشـــیان ســـەربەخۆیە. بـــەڵام، بەشـــەکانی تـــر، لەنـــاو ژوورەکانـــی دائیرە حەپـــس دەبن. ناچنـــە بـــەر هەتاو، بۆیان نییە بێ مۆڵەت بچینە دەرەوە. مەســـاح باڵندەیەکی ئاسمانە و دوور دەفڕێت و دەڕوات تا بەیانی ناگەڕێتەوە هێلانەکەی. کەسیش نازانێت، هێلانەیان لەسەر کام دیوار و بنمیچ و ســـەر عاموود و ناو چ دەوەنێکە! مەســـاح، زۆریان پیاون، بەڵام لەبـــەر ســـێبەری ژنـــان دەڕۆن و ئارەقە ناکـــەن. زوو بەژنی زراڤی ژنان دەپیون و شـــەیدایان دەبن. مەســـاح، دەناســـرێت و پارەشی دەستدەکەوێت.

***

کـــە دەزانین بەشـــەکەی ئێمە، کچی کەم تێدایە، وەک بەشـــەکانی بیناســـازی و نەخشەســـازی نییە. دڵمان توند دەبێت و حەسوودی بـــە کوڕەکانـــی هاوڕێمان دەبەیـــن. ئەوان، لـــە پۆلەکانیان ژمارەی کچەکانیان لە کوڕەکان زۆرتر بوو.

ئەودەمانـــەش، کیـــژە بەغدایییـــەکان زۆر نـــازدار بـــوون. زۆربەیـــان پانتـــۆڵ و قەمیســـی تەســـکیان لەبـــەر دەکـــرد. چاویـــان ڕەش، کـــەم و تەنـــک مکیاژیـــان دەکرد. بە دەســـت و لیڤاکس و ســـینگ و مەمکیـــان، باخـــە گەورەکـــەی ئامۆژگەکەیان شـــەرمەزار دەکرد. کچانـــی بەغدایـــی، ئـــەو دەمانـــە بەیانییـــان ڕەوە ڕەوە، دەســـتە دەســـتە، پاسە درێژەکانی ناو بەغدا «تایبەت بوون بە ئامۆژگەکە، بەخۆڕایـــی هـــەردوو ســـەر، خوێندکارەکانیـــان دەگواســـتەوە»، لە هەمـــوو گەڕەکـــەکان کۆیاندەکردوە. ئەوان دەهاتـــن، بۆن و جوانی و نازیان دەبەخشـــییەوە. هەموویان بەر لە کاتژمێر هەشـــت، وەک پەپولـــە و کۆتـــر و هەڵاڵە، لەناو گۆڕەپانـــە گەورەکەی ئامۆژگەکە بڵاودەبوونـــەوە. زۆریـــان، زۆر بە ئەگریجە و چاوی ڕەش و ســـمتی

نــەرم و مەمکۆڵــەی شــەمامیان، بەرەو بەشــەکانی نەخشەســازی و بیناســازی، کەمێکیــش بــۆ بەشــەکانی کارەبا، تــاک تاکیش بۆ بەشــەکانی تر دەچوون! کیژە بەغدایییــەکان، زۆریان ناویان خۆش و باڵکێش بوو. ســەحەر و شــەزا و وەفا و لمیا و ئەشــواق، ناز و جوانییان دەنواند.

ئەوانــە لە بەشــەکەی ئێمە نەبوون. ئەوانەی لەو بەشــەش ناویان دەرچووبــوو، زوو دەگوازنــەوە بەشــەکانی تــر. چونکــە دەزانــن مەســاحی کارێکــی قوورســە! بۆیە ئەوانە حەقیان بــوو، بچنە ئەو بەشانەی پلەی نزمتری وەرگرتبوو. بەڵام ئێمە، دوو کچمان لەگەڵ بــوو. بەناوی شــیرین و جوانیان کچ بــوون، ئەگەرنا بە قەڵافەت و دەموچاو و پێســتیان، پیاوێ جەربەزە و سەربازیش بوون!

***

ئەوانــەی بەیانییــان زوو بە پاســەکانی ناو بەغــدا دەهاتن، لەوانە کورێکی شیوعی پۆلەکەمان بوو. رۆژانە، رۆژنامەی حزبی ئەودەمانە رۆژانە بەناوی «×ریق الشعب» دەردەچوو، بۆ دەهێنام. بەیانییان زوو، ئــەو بــە پاســێکی گەرەکەکەیان دەهاتە باب الشــرقی. لەوێ رۆژنامــەکان زوو دادەنران، ســێ چوار رۆژنامــەی رۆژانە هەبوون، لەسەر شۆستەکە، چیمەنتۆکە ریز دەکران. رۆژنامەکانی ئەودەمانە نەدەمانــەوە، ســەرما و گەرمایان نەدەبــوو، زەرد هەڵنەدەگەڕان، بۆیە بەپانی شۆســتەکان، ریز دەکران. ئەویش لەسەر شۆستەکانی حدیقە الامە و ساحە الا×یران، بە نیو درهەم رۆژنامەیەکی سووری دەکــڕی! هەر ئەویــش لەبەر ناوەکەم زوو و پێــش هاتنم، منی بە کچ شوبهاندبوو.

...

پاش ئەوەی دوو ســاڵەکە، لە بەشــی مســاحەی ئامۆژگەکە تەواو

دەکەیــن. یــان زووتر، کە هاوینەکــەی بۆ پراکتیــک دەگەیەنە ناو دائیــرەکان. دەزانیــن و تێدەگەیــن، قســەکانی لەســەر زەحمەتی مەساحی دەکران، زۆریان حەسوودی بوو. زۆریان زێدەڕۆیی بوون. وا نەبوو مەســاح، بەتایبەتی لە دائیرەکانی شــارەوانی و ڕێگاوبان و تاپۆ « ئەوانەی تاپۆ زۆرتر خوێنەری نەخشــەکان بوون. ژمارە و شــوێنەکانیان دەناسی و دەیانزانی دیوارەکان، بە پیوان بەراورد بکەن» کشــتوکاڵ و ئاودێری. مەســاحەکان کەسایەتی شکۆداریان هەبــوو. بەڵام کەســیان نەبوونە ســەرۆک دائیرەیــەک. نەبوونە بەڕێوەبەری دەزگایەک. بــەڵام، لەناو بوارەکانی خۆیان و پێگەیان لەنــاو خەڵکەکــە باش بــووە. بەتایبەتــی ئەگەر کەســایەتییەکی چلێســی نەبوانە. چاویان زۆر لە پارە نەبوایە. زۆر دەســتیان پان نەکردبوایــە. زۆر ئیشــەکانیان نەخســتبوایە پــاش دەوام. زۆریش لەگەڵ ژمێریار و پشکێنەرەکان لەسەر ئیفاد و دەرماڵە و پاداشت، دەمەقاڵییان نەکردبوایە.

هەواڵنامەی کتێب

❊❊❊

لــە پۆلــی یەکەمــی ئامۆژگە، وانەکانمــان زۆر تایبــەت نەبوون بە رووپێــوی. بــەڵام لە پۆلی دووەم، زۆرتر وانەکان تایبەت بوون بەو کار و پیشەیە. هەروەها سەردانی مەیدانی چەند شوێنێکی بەغدا و دەرەوەی بەغداشمان کرد. نەخشەی ئاسمانیان نیشانداین. چووینە مەســاحەی گشــتی، لە ســاحەی ال×یران. چووینــە ناوچەیەک لە ئاسمانەوە نەخشەیان بۆ گرتبوو. زۆرمان پێ سەیر بوو، نەخشەکان زۆرتر بریتی بوون، لە وێنەی ڕەشوســپی ڕەقی بەرەونەق!

لەنــاو مەســاحەی عامــە، لەناو هۆبــە گــەورەکان. ژوورە تاریک و تــەڕەکان، دۆلابە ئاســن و تەختەدارەکان، سەرســام بووین. لەوێ تێدەگەین، زانســت و کاری رووپێــوی چەند پیرۆزە و گرینگە. ئەو

پیشە و زانستە چەند ساڵە لەو وڵاتە هەبووە. نەخشە کۆنەکان چەند بەزەحمەتی سازکراون. هەموو وڵاتیان، بست بە بست چۆن پیواوە؟ لەسەر سنوورەکان، پارچەی کۆنکریتیان بۆ دیارکردنی سنوور چۆن داناوە؟ لە گوندە شاخاوییەکان، چۆن موڵک و رەزەکانیان دیارکردووە؟ لە ئەهوارەکان. لە دەشتە بەرین و تەختەکان. زەوییە کشتوکاڵییەکانیان چۆن جیاکردوتەوە؟ ئەوانە ماندوو بوون. بە ماندووبوون و مانەوەی زۆر، جوان وڵاتیان کردووە بە نەخشە و نەخشیش.

## پراکتیك

لە هاوینی یەکەمی پشووی خوێندنمان، لەناو شارەوانی هەولێر پراکتیک دەکەین. بۆیەش حەز دەکەین دووبارە هاوینی دووەم، لەوێ پراکتیک بکەینەوە!

لەو ساڵە، هاوینەکەی لەوێ بووین. شارەوانی هەولێر نەخشەسازییەکانی بەشێکی ناوشاری تەواو کردبوو. دەبوایە ئیفرازی بکەن. بەرێکەوت، ئێمە سێ یان چوار قوتابی ئامۆژگەی بەغدا. لەوێ پراکتیکمان هەبوو. لەودەمانە تەنیا بەغدا و بەسرا ئامۆژگەی تەکنەلۆژی هەبوو. لە بەسرا بەشی مەساحەی تێدا نەبوو. بۆیە لە هەولێر، ئێمە بەتەنیا چەند کەسێک بووین لە بەغدا، وەک کورد ئەو بەشەمان دەخوێند. لەوانە سێ یان چوار کوڕ بووین. بەڵام زووتر پێش ئێمە، بەیەک ساڵ زووتر، کچێک، یان بڵێین ژنێک بەگچکەیی شوویکردبوو، وەک ژنێکی دایک هاتبووە ئەو ئامۆژگەیە. بەڵام، تا ساڵی دووەمیش تەواو دەکات. ئێمە، ئەومان وەک پۆلی دووەم نەناسی!

هەواڵنامەی کتێب

لەدەرەوەی شار، دوور و زۆریش دوور. پشت ماڵەکانی بەستەپیازە. بەرامبەر مەخفەرێکی پۆلیس، بەناوی مەخفەری پۆلیسی فاروق، پشت بەنزینخانەکەی شۆڕش. شوێنەکە زۆریش دوور نەبوو، لە نەخۆشخانەی سینگ و سیل، بەرامبەر خانووە گەورەکانی گەڕەکی شۆڕش و کانی.

لە بۆشاییەک، دڕکەزەردە و تەختاییەکی باش و ڕاست، کەندەکەی بەستەپیازەی بەناودا دەهات. بەڵام کەندەکە قووڵ و کەندەڵان نەبوو. جۆگەیەکی باریک و نشێوێکی سەختیش نەبوو! زستان و بەهاران، باریکە ئاوێکی خاوێن و شیرینی دەهێنا.

پارچە زەوییەکی ڕاست، بە وردەبەرد و گاشەبەرد و کێلەبەرد و زوورگ و بەردەڵان بوو. تازەش دوورابووە، زووتر تۆکرابوو. پووشە زەردەکانی نەکەوتبوونە بەردەمی دەڕاسەکە، داسەکان، زەرد زەرد لەبەردەم ئێمە و هەتاوەکە دەبریسکانەوە! یان دەنوزانەوە، دەپاڕانەوە، کە دەزانن چیتر، ئەو زەوییە تۆ ناکرێت، ناکێڵدرێت و گوڵەگەنم ناکەن! چیتر تەبارە نابینێت، کێشکە و قەتێ و خاڵخاڵۆکە ماڵی ناکەن! ناوچەکە، دیزاینی نەخشەی کەرتی بۆ داڕێژرابوو. دەبوایە بۆ دابەشکردن بەسەر فەرمانبەرانی شاری هەولێر ئیفراز بکرێت.

نزیکەی پێنج سەد پارچە زەوی، دوو تا سێ سەد مەتری بوون! گوتیان بۆیە ئیفرازکردنی ئەو بەشە مابووەوە، گوایە زووتر بڕیار بوو ببێتە باڵەخانەی سێ نهۆمی ستوونی، نەکرێتە پارچە زەوی ئاسۆیی! بەڵام لەسەر داوای پارێزگا و پێداگریی زۆری شارەوانی لە بەغدا، بەکارهێنانی لە نیشتەجێی ستوونی باڵەخانەیی دەگۆڕن بۆ ئاسۆیی خانووبەرە.

بە بیجۆیەکی سپی، پیکابێکی شڕ. ئێمە، دوو قوتابییەکە، لەگەڵ

مەساحە قەڵەوە دەست گەورەکە، چووینە شوێنەکە. رۆیشتین و زۆر لە شار دوورکەوتینەوە. من ئەو گەڕەکەم نەدیبوو. هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە، بچمە ئەو ناوچەیە. بەڵام دەمزانی و دەیانگوت، چەند پیرێکی گەڕەکەکەمان، نەخۆشی سیلدار. لەوێ لە نەخۆشخانەکە ماونەتەوە. یان پیاوێک لە کۆڵانەکەمان هەبوو، کەس لەو نزیک نەدەکەوتەوە دەیانگوت نەخۆشە. ئەو ماوەماوە دەچووە ئەو نەخۆشخانەیە، سەردانی دکتۆرەکانی دەکرد، حەبی گەورە گەورەیان بەخۆڕایی دەدایێ! بەو نەخۆشخانەیە «نەخۆشخانەکە بە ویست و پارەی کەسایەتی خێرخوازی شاری هەولێر رەشاد نەجار دروستکرابوو» ناوی ئەو شوێنەم بیستبوو، بەڵام نەمدیبوو. لەوێ مەساحە بەئەزموونەکە. پیاوە دەنگ گەورەکە، فیتەیەکی زەردی قایشی پێبوو، چەکوچ و دوو فەردە کێچ، هەموومان لە بیجۆکە هاتینە خوارەوە!

***

مەساحەکە، نەخشەکەی لەسەر بۆنیتی بیجۆکە پانکردووە. کەمێک بە راستەکەی زۆر لە ژمارەکانی سەری سڕابوونەوە، هێڵەکانی سەر نەخشە نوێیەکە دەپیوێت. لەگەڵ پیوانەکانا، سەبر سەبر لێو و داوداو مووی سمێڵی دەگەزی. سەری بەرزدەکردوە، سەیرێکی پشتەوەی دەکرد. دەچووە نزیک دیوارێکی بەنزینخانەکە. بەپەلە دەگەڕایەوە نزیک مەخفەرەکە. دەچووە سەر شەقامە سەرەکییەکەی شەقڵاوە، بەرامبەر قەسرەکانی گەڕەکی کانی. دەگەڕایەوە سەر نەخشەکە.

ئێمەش هەموومان سەرسام سەیرمان دەکرد، جاروباریش هاوشانی دەبووین. ئەو زوو دەیگوت کوا مەستەرەکەم! پارچە مەستەرەکەمان لەبن پێیان، بن تایەی بیجۆکە بۆ هەڵدەگرتەوە.

ئەویش دووبارە هێڵەکانی دەپیوا. ژمارەیەکی لەسەر نەخشەکە دەنووسی. یەکێکی تری دەسڕیەوە. دووبارە ژمارەیەکی تری لەسەر درێژایی بلۆکێکی سەر نەخشەکە دەنووسیەوە! دوو سەعات زۆرتر، ئێمە سەیری دەست و قەڵەم و مەستەرە شڕەکەی ئەومان دەکرد. سەرسام و حەپەساو، کەمێکیش گاڵتەمان بە پیوان و هێڵەکانی دەهات. وەک ئەوەی بزانین ئەو دەرچووی ئامۆژگە نییە. وەک ئێمە دبلۆمی هونەری لە مەساحە نییە. ئەو دەرچووی ناوەندییە. بەڵام راستییەکەی، نەماندەزانی چ دەکات، سەرمان لە هیچ دەرنەدەچوو.

ئەو لە مانگێش _هەرگیز گوێمان لەو ناوە نەبیوو_ ناوەندی تەواو دەکات. بۆ ژیان، لەبەر دژواری ناوچەکە، بەردەوامی شەڕ و ململانێی سەختی تێدا بووە، دەچێتە بەغدا. لەوێ لە ماڵە خاڵێکی جێگای دەبێتەوە. بەڵام ماوەیەک دەبێتە سەرباز. ماوەیەکیش بۆ ژیان و پەیداکردنی رۆژانەی ناو بەغدا، خەریکی فۆتۆگرافی دەبێت.

لەناکاو، بە ناسیاری خزمێکی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەساحە، پێی دەڵێن تۆ کاری فۆتۆگرافی دەزانیت، بڕۆ لەوێ کۆرسی رووپێوی هەیە، ئاسان وەردەگیرێیت. زۆربەی کارمەندەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش یان موسڵاوین یان مەسیحین! ئیتر کوڕەکە دەبێتە مەساح. کە تەواو دەکات، پێی دەڵێن بۆ دامەزراندن باشوورت دەوێ، یان هەولێر. ئەویش دەڵێ موسڵ، بەڵام ئەوان پێی دەڵێن:

لەناو موسڵ و قەزاکانی پێویستمان بە مەساح نییە. ناکرێ وا زوو وەزیفە و درەجەیەکت بۆ بدۆزینەوە. ئاسان نییە، ئەو شارە مەساحی زۆرە. زۆربەی رووپێوەکانی شارەکانی عێراق، هەموو

دائیرەکان، موسڵاوین!

ئیتر کوڕە مەسیحییەکەی بە منداڵی لە بەغدا بووە. ماوەیەک لە مانگێشی سەر بە سەرسنگ، کوردییەکەی باش نەبوو. بەڵام عەرەبییەکەی تەواو بوو، دێتە هەولێر. لە شارەوانی، وەک مەساحی ناو شارەوانی دادەمەزرێت. لەناو عەنکاوەش وەک مانگێشییەک شوێنی خۆی دەکاتەوە. لەگەڵ خەڵکەکە گەرموگوڕ ڕۆژەکانی بەڕێوە دەبات! لە هەولێریش زوو دەناسرێت.

## ئامۆژگەی تەکنەلۆژی

دوو ساڵ، لە ئامۆژگەکە دەخوێنم. ئامۆژگەکە لە بەغدا، دەکەوێتە سەر ڕێگا سەرەکییەکەی نێوان بەغدا و سەلمان پاک. ڕێگاکە، بەناو سەربازگە گەورەکەی ڕەشید دەڕۆیشت. ڕێگایە سەرەکییەی سەربازگەکەی دەبڕی. ئاسایی، هەموو جۆرە هاتوچۆیەک بەناو سەربازگەکە بوو. سەیتەرەیەکی ئاسایی لە دەروازەکەی هەبوو. بەڵام لەودەمانە توند و بەرچاو نەبوو. پاسە سوورە حکومییە کۆنەکانی تەحریر _ زعفرانییە و تەحریر _ وثبە، پاسە مارسیدسییەکانی زۆرتر لە بیست نەفەری دەگرت، بەرەو سلمان پاک دەڕۆیشتن، قوتابییەکانی بەشی ناوخۆی ئامۆژگەکە، ئێواران بۆ هاتوچۆکانیان سوودیان لەوانە دەبینی. پاسەکان خوێندکارەکانیان بە پارەیەکی کەم، لەبەردەم ئامۆژگەکە دادەنا. بەڵام بەرۆژ، بۆ دەوام و چوون و هاتنەوە، پاسی سووری درێژی تایبەت بە ئامۆژگەکە زۆر هەبوون.

هاتوچۆی ناو بەغدا و ئامۆژگەکە ئاسان نەبوو. بەڵام بۆ گەنجی وەک ئێمە، بەگاڵتە و بەزمی شیرین، بە چاوقوچانێک ڕێگاکەمان

دەبڕی. قەڕەباڵغی پاسەکانمان بە خۆشی بەڕێدەکرد. دەست بە ڕۆژنامە و قوودییەک مورەبای شووتی و کیلۆیەک خەیار و دوو سەموون دەگەڕاینەوە.

***

ئەو ساڵەی من دەچمە بەغدا و رووپێوی دەخوێنم. ساڵی پاش نسکۆکەی ساڵی ١٩٧٥بوو. هەموو وردەکارییەکانی شەڕ و شۆڕش و بۆردومانەکانم دیبوو. ئاگاداری رۆژانەی پێشمەرگایەتی و خەڵکی ناوچە رزگارکراوەکان بووم. سێ چوار جاریش چووبوومە ناو ئیران، تا شاری رەزائیەش رۆیشتبووم. کە دەگەڕێمەوە، سیما و بۆنێکی ئەو سەفەرەم پێوە بوو. یان بڵێم هێشتا کەرەستە و جلوبەرگی ئیرانییەم مابوو.

من یەکەم مەکینەی ریش تاشینم لە سابلاخ کڕیبوو. وادەزانم مەکینەکە ئینگلیزی بوو. ئەوانەی مووسیان لەناو دادەنرا، سەرەکەیان بە سووڕان دادەخرا. مەکینەکی باش بوو. لەساڵی ١٩٧٤ دەیکڕم، بەڵام لەساڵی ١٩٩٧ لە کاروانی دەرچوونم بۆ دەرەوە. لەناو فەرەنسا، دروست لە شاری سەرسنووری ئەڵمانیا فەرەنسا ستراسبۆرگ، کە لە شەمەندەفەرێک دادەبەزین، جانتا بچووکەکەم بەدەست کوڕێکی گەنجی خوێن شیرین بوو، ئەو زووتر پێی گوتبووم:

مامۆستا بێنە بۆت هەڵگرم!

بەڵام لە دابەزینی ناو وێستگەکە، لەبەر شڕی جلوبەرگ و تەمەن و ئاکارە ئەسمەرەکەی، زوو پۆلیسەکان گومانی لێ دەکەن. ئەویش وەک ئێمە هیچ پسولە و بەڵگەیەکی نەبوو، رایدەگرن و دەیبەن و لە من دابڕێت! ئیتر چیتر نەمدۆزیەوە. مەکینەکەم پاش ئەوەی بیست و چوار ساڵ، ریشی هەرزەکاریی بۆ تاشیم و هاوڕێیەتی

کردم، لەگەڵ ئەو ڕۆیشت!
شـتەکانی لە ئیـران کڕیبووم. قەڵەم پاندانێکی بـاش. جانتایەکی دەسـتی. دوو سـێ قەمیسـی ڕەنگاورەنگـی نەرمـی تایبەتی زۆر جـوان. پێڵاوێکی باش و بۆن و دەفتەریشـم ئەوانەم مابوو. زۆرتر لـە برادەرەکانـم چاوم کرابـووەوە، دەرەوەم دیبوو. چوون و هاتن و دوورکەوتنـەوەم دیبوو. چونکـە یەکێک لەوانە، ڕۆژی یەکەم، لە سـەفەری یەکەمی بـۆ بەغدا لەگەڵ دایکی هاتبـوو. تا درەنگیش، مـن بەتایبەتـی بەزمـی هاتنی ئـەوم لەگەڵ دایکـی دەگێڕایەوە و پێدەکەنیـن. لـە هەموویان زۆرتر و جیاوازتر بـووم. ئەوەی زۆرتر منی لەوان جیادەکردەوە، «من و دوو سـێ کوڕە کوردی تریش لە خزمەتی سـەربازی تەسـریح ببووین». هەموویان حەسوودیان پێ دەبردم و دەیانگوت:
بۆ خۆت یەکسـەر دادەمەزرێت! کێشەی سەربازییت نییە.
دیارە ئەودەمانە سـەربازیش ئەوەندە کێشـە نەبوو. دەرچووەکانی زانکۆ و ئامۆژگەکان، بەتایبەتی بەشـە زانسـتییەکان، لە شـوێنی بـاش دادەنـران و دەوامیان راسـتە بەجلی سـەربازی بـوو، بەڵام شـوێنەکانیان وەک دائیرە وابوو. ئەوەی زۆریش باش بوو، زۆریان پۆسـتاڵیان لەپـێ نەدەکـرد. بـەڵام جلـی سـووکی سـەربازییان لەبەردەکـرد. دەبوایـە بەیانییـان زوو ریشـیان بتاشـن، هەمـوو دیسـپلینە سەربازییەکان پەیڕەو بکەن! ئەوەی مایەی خۆشحاڵیش بـوو، ئەودەمانـە وڵاتەکە شـەڕی نەبوو. کەم کەم لە شـاخەکانی کوردسـتان کەمین و مەفرەزە و کوشـتن هەبـوو، بەڵام کاریگەری زۆری بەسـەر مەکینـەی سـەربازی حکومەتـی عێراقـی نەبوو! تا سـەدام دێتـە سـەر حوکـم و پەلامـاری ئیـران دەدات، هەزارەها کیلۆمەتـر بە پانی و بە درێـژی وڵاتەکە داگیر دەکات، ئینجا وڵات

**دەبێتە یەکپارچە دۆزەخ!**

**ئەودەمانە بەغدا، بەتایبەتی هێشتا قادسیە هەڵنەگیرسابوو. شەڕ نەبوو. بەغدا بەلێشاو، پیاوانی میسری روویان تێی نەکردبوو. شار و پایتەختێکی خۆش بوو. شارێکی گەرم و جوان و خاوێن بوو. تێدا زۆر ئاسوودە بووم.**

**هێشتا حزبی شیوعی بەناو مابوو. رۆژانە رۆژنامەکەیان دەردەچوو. هەفتانە رۆژنامەکەیان «الفكر الجديد» بە پاشکۆیەکی کوردیی چوار لاپەڕەیی دەردەچوو.**

**شانۆکان، سینەماکان، کتێبخانەکان، دیمانە و گەلەرییەکان جوان و کراوە و بەشەوق و شایستە بوون!**

**بەغدا، ئەبو نواسی شوێن و مەیدانی مەستی و جوانی و شادییەکان بوو! پارکی زەورا هەواری عاشقان بوو! مەسبەح، هێمن و ئاسوودە باوەشی بۆ ژووان دەکردەوە. لەسەر شەقامە سەرەکییە دوو سایدییە فراوان و درێژەکەی سەعدون، دەیان باڕ و مەیخانە بە شەو و رۆژ کرابوونەوە. خواردنەوە هەرزان بوو. یەک بیرەی ساردی فەریدە بە دوو درهەم بوو! شەوانە تا درەنگ پاسە بچووکەکان و پاسە دوو نهۆمە سوورە حکومییەکان، هەرزان و بەردەوام لەناو بەغدا بە بیست فلوس هاتوچۆیان بوو!**

**بەڵام ئێمە، قوتابییانی ئامۆژگەی تەکنەلۆژی، وانە و پراکتیک و خوێندنمان زۆر بوو. لە هەمووش خراپتر، شوێنەکەمان لەناو بەغدا زۆر دوور بوو!**

**بەو کەچە پاسانە گۆڕەپانی تەحریر، یەک سەعات دوور بوو. بۆ گەڕانەوەش سەعاتێک چاوەڕوانی دەویست! لەناو پاسەکە، رێگا دوورەکە هەموو گیانمان دەبووەوە ئاو و ئارەقە.**

## هەولێرییەکانی ئامۆژگەکە

ئەو ساڵە ئێمە چوار کوڕی هەولێری خوێندنی مەساحە لە ئامۆژگەکە تەواو دەکەین. بەڵام پێش ئێمە، بە ساڵێک، خاتوونێکی هەولێری، بەگچکەیی شــووی بە ئامۆزایەکی خۆی کردبوو، بۆیە کە دەیخوێند منداڵی هەبوو مەســاحە تــەواو دەکات! بەڵام کە پۆلی یەک بووم. ئــەو لــە پۆلی دوو بوو، نەمبینی. تــا درەنگیش نەمانزانی ئەو ژنە هەولێرییە لە بەشــەکەی ئێمە دەخوێنێت کێیە و چۆنە.

بیناکــەی ئامۆژگەکــە گەورە بوو. هۆڵەکانــی زۆر بوون. بەتایبەتی بەشــی شارستانییەکەی _مەدەنی_ کە رووپێوی لقێکی ئەو بەشە بوو.

ئامۆژگەکە، بە هەردوو پۆلی زۆرتر لە هەزار قوتابی هەبوو. ئاسان نەبوو هەموویان بناسیت. ئەویش ژنەکە دیارە منداڵی هەبوو، لەناو بەغــداش نیشــتەجێبوو. بۆ نانخواردن و چــا خواردنیش نەدەهاتە یانەکــە. دوایــی پاش دوو ســاڵ، لەناو شــارەوانی، بــۆ یەکەمجار ئــەو ژنــەم بینــی. لە زۆر لــە کار و ئیشــەکانا دەبووە بەرپرســی تیمەکەمان.

ســێ برادەرەکەم، یەکێکیان وەک خۆم عائیدون بوو. واتە یەکسەر دەکــرا پــاش دەرچوونی دامەزرێت، ببێتە مەســاح. ئــەو پیاوێکی قۆشمە و قسەخۆش و دەنگ گەورە بوو. شەوانە لە ژوورەکان، لە حەمامەکە گەورەکەی بەردەوام دەنگی دەهات و شەپەشــەپی بوو. هەمــوو خۆشیاندەویســت، قــژی زۆر دڕ بوو، دەیگــوت قژم ببڕن، بەشــی سیمی قاپ شووشتنی هەموو نادییەکە دەکات.

ئــەو دوو مامــی لــە فەلەوجــە دوورخرابوونــەوە. نیوەڕۆکــەی

پێنجشــەمموان. دەستی دەدایە جانتا شــڕەکەی و جلە پیسەکان، دوو دەفتەری شــڕی هەڵدەگرت و لەناو قوتابییە عەرەبەکانیش بە هاوارەوە دەیگوت:

دەڕۆم دەچمە کوردســتانی فەلوجە! اروح کردستان فلوجە.

بەیانییەکانی ڕۆژی شەممە دەگەڕایەوە، زوو یەکسەر دەهاتەوە ناو پۆلەکە، بەڵام بە چەشــەیەکی خۆش، گەرم و جۆشدار. دەیگوت: دوو شــەوە لە فەلوجە نەخەوتووین. کورد لە فەلەوجە زۆرە، کورد هەموو لەوێن! هەموو کۆدبنەوە، قســە دەکەین، دەخوێنەوە، گوێ لــە گۆرانی دەگریــن، دەخوێنەوە، قســەی ترســناک و قەدەغەش دەکەیــن! مامــم کە ســەرخۆش دەبێت، گۆرانــی دەڵێت و زۆریش دەگرییێــت! دوایــی نایەوێ دڵمــان توند بکات، بەزمەکــە بە نوکتە شــیرینەکانی گەرم دەکات. «شــێخ زیاد هیرانی» نەدەترسا، زۆر لە قسە شاراوەکانی دەکرد.

***

کوڕی دووەمیش ئەو پاش دەرچوونی دەبێتە ســەرباز. بەڵام، زوو لــە دائیــرەی ڕێگاوبان وەک ســەربازی مەدەنــی وەردەگیرێت، بە خزمــەت بــۆی حیســاب دەکەن! دوایی کە شــەڕەکانی قادســیە و کوردســتان گەرم دەبێت. ئەو بەســتەزمانە، ئەو مەســاحە باریکە داماوە. بەردەوام بەو شــاخانەوە بوو. لە ئەهوارەکان بوو. لەســەر ســنوورەکان ڕێــگای دەبــرد، نەخشــەی ســەرکەوتنی ڕێگاکانــی دادەڕشــت! ئەوەی پێیان ســەرنەدەکەوت، ئەوەی پرد و کەوانە و ســووڕانەوەی زۆری تێدەکەوت، ئەویان بۆ چارەسەرکردنی دەبرد!

مــن لەگــەڵ «موحەمــەد ڕەســول ئاغــۆک»، ئــەو دەیگــوت زۆر کەیفــم بەنــاوی ئاغۆکەکــەی باپیرم دێــت، چونکــە کوردییە. زۆر بــرادەر بوویــن، زۆریش لە بەغدا بەیەکــەوە دەبووین. بەڵام دوایی

لــە ئیشــکردن دادەبڕێیــن. ئەو وەک بێســتون دەکەوێتــە هەرد و کێوەکان، لە شەڕەکانا دەمینێتەوە، منیش لەناو شار دادەمەزرێم! برادەرێکــی ترمــان هەبــوو، لــە خوێندنــەوە و کتێــب و بۆچوونی سیاســی زۆرتــر لە مــن نزیک بوو. بەڵام، ئەو لە ڕێکخســتنەکانی ئەودەمانە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی ناو بەغدا ئیشی دەکرد. ئاگاداری هەنــدێ لــە چالاکییەکانی بووم. بۆیــە کەمتر یەکترمــان دەبینی، دوایــی ئەو لەبــەر چەند هۆکارێک ســاڵی یەکــەم دەمینێتەوە، لە مــن دادەبڕێــت! زۆرتر پــاش دەرچوونمان، لــە دوو قۆناخ بە دوو ئاراســتە جیادەبینــەوە. ئەو دەبێتە ســەرباز، من تەســریح بووم. مــن لەنــاو هەولێر دادەمەزرێم، ئــەو حەز لە بەغــدا دەکات، لەناو بەڕێوەبەرایەتی مەســاحەی ســاحەی تەیەران دادەمەزرێت. لەوێش بــۆ کارەکانی لەنــاو هەموو گۆشــەیەکی عێراق ئیــش دەکات! کە دەبێتە ســەربازیش، یــان کە ئینتیدابەکەی تــەواو دەبێت، ناچێتە ســەربازی، نیوەڕۆیەکیــان مانــدوو و پەریشــان داوا دەکات، بــە ئۆتۆمبێلــە لادا کەســکە مۆدیــل ١٩٧٥ ەکەم، بیبەمــە گوندەکانی دۆڵی ســماقوڵی، یان بەس لە ســەیتەرەکەی دەربەندی گۆمەسپان بیبەڕێنمەوە! ئەوە جاری یەکەم بوو، من دڵشاد مەولود لە هەولێر بــە لادایەک دەربــاز بکەم. جــاری دووەمیش بــە لادایەکی مۆدیل ١٩٧٧ دەربــازی دەکــەم و دەیبەمە بادینــان و گوندی دێهێ نزیک باتوفە.

## بەشی ناوخۆ

بەشی ناوخۆکەمان، هەر چەندە زۆری لەسەر بنووسرێت هەر کەمە. بەڵام ئەوەندەی لەبیرمە، بەشــیاوی دەزانم باسی دەکەم. سنوور و

**رووبەری ئامۆژگەکە زۆر گەورە بوو. لەناو شـــوورەیەکی کەرپووچی بڵندا بوو. هەر چواردەورەی زەلکاو و گۆم و قەمیشەڵان بوو. بۆیە هاوینـــان، یان کاتی کەشـــەکە گەرم دەبوو. مێشـــولە ئازاری زۆری دەدایـــن. گەڕەکـــی میللی گـــەورەی زعفرانییەش، دەکەوتە پشـــت بیناکە. کە زۆربەی دانیشـــتوانی هەژار و شیعەش بوون!**

**بـــا ئـــەوەش بڵێـــن ئامۆژگەکە، زووتـــر زانکۆی حیکمـــەی ئەمریکی بـــووە. زووتـــر وەک زانکۆیەکی ئەهلی هەبـــووە. بەڵام دوای گۆڕانە سیاســـییەکان و خۆماڵیکردنـــی زۆر دەزگا و مەڵبەند و کۆمپانیای بێگانە، ئەو زانکۆیەش دەبێتە موڵکی دەوڵەت. ئیتر دەبێتە هەوار و فێرگەی گەورەترین ئامۆژگەی ســـەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا. ئـــەوەی زۆریش هەســـتی پێدەکرا، دەوڵـــەت بودجەی زۆری بۆ ئەو ئامۆژگەیە دانابوو. لەو بەرنامەیەدا، لەناو سنوور و شوورەی بیناکە، چەند بینای نوێ دروســـت دەکەن. لەوانە ســـێ بەشی ناوخۆی سێ نهۆمی بۆ کوڕان. کە لەســـەر نەخشەی نوێ دروستکرابوون.**

**ناویان لەو سێ بەشە نابوو «وحدە و حریە و ئیشتراکییە»، بەڵام بەشـــە کۆنەکەی، ئەوەی زووتر ئەمریکییەکان دروســـتیان کردبوو، بـــە کەرپووچ بوو، دیوارەکانی ئەســـتوور و بەرین بوون، دەیانگوت ناوەندەکانی بۆشـــە، بۆیەش هاوینانیش فێنکە. ئەویش ســـێ نهۆم بوو، بەڵام تاریک و تەڕ دیار بوو، ئەوەی زۆر باڵکێش بوو، دەرگا دارەکانیان ئەســـتوور و پوخت و سەنگین بوو. ناویان لەو بەشەش نابوو بەعس.**

**من لە باڵەخانە نوێیەکان. دەچمە ژوورێک ســـێ کەســـی تری تێدا بـــوو. یەکێتـــی قوتابییانـــی بەعـــس، بە هـــاوکاری ئیدارەی بەشـــە ناوخۆییەکان، دابەشـــکردنی قوتابییەکانی بەسەر باڵەخانە و نهۆم و ژوورەکان، بـــە سیســـتەمێکی چاودێـــری نەتەوەیـــی و پشـــکنین**

و زانیـاری دابەشـدەکرد. لـە هەمـوو بەشـەکانی ناوخۆییەکـە، بەرێکـەوت، یان بەهەڵە ئەگەرنا دوو کورد بەیەکەوە لەیەک ژووردا دانەنرابـوون. هەرگیز، هەڵـەی وا نەکرابوو، دوو قوتابی شـیوعی ئەودەمانە دەناسـران و ئاشـکراش بوون، بەیەکەوە لەیەک ژووردا بـن. زۆریش کۆششـیان دەکرد، قوتابی یەک شـار نەکەوێتە یەک ژوور!

بۆیـە مـن دەکەومە ژوورێک، تێدا قوتابییەکی موسـڵاوی، یەکێکی بەسـراوی، یەکێکی خەڵکی ناسـریەی تێدا بوو. سەرەتا، دەمەوێ کەمێک لەسـەر کەسـایەتی ئەوانە هەڵوەسـتەیەک بکەم. خۆم لە بەشـی رووپێوی کوردی هەولێر، عائیدون و تەسـریح لە سەربازی، کـوڕە هـەژار و زولف و پرچـم درێژ و نوێژنەکـەر و عەرەبییەکەم بـاش بـوو، حەزم لە کتێب بـوو، زووش دەخەوتم! لەگەڵ زۆربەی کـوڕە هەولێـری و کەرکووکییەکان و ژمارەیەک لە سـلێمانییەکان هاموشۆم گەرم بوو.

کوڕە موسـڵاوییەکە، ئەویش کوڕە هەژار بوو. لە بەشـی ئاودێری بـوو. کەم حـەزی بە جلوبەرگ شووشـتن و پاکوخاوینەوە هەبوو. زۆریـش بەگۆرییەوە دەخەوت. ئەویش حەزی بە کتێب بوو. دوایی زانیم ئێزدییە. برا گەورەکەی، یەکێکە لە دەهۆڵژەن و چاوەشەکانی ناوچەکـەی خۆیـان. بەڵام، تا کۆتاییەکانی سـاڵی دووەم نەیگوت کـوردم و بەکوردیش قسـەی نەکرد. کوڕێکـی هێمن، خوێندەوار و چەپیش بوو. بەنهێنی رۆژنامەی حزبی شـیوعی دەخوێندەوە. ورد و نەرم و لەسـەرخۆ بوو. زۆر حەزی بە دانیشـتنی میوانەکانی من دەکـرد. کوردەکانی خۆمان کە سـەردانیان دەکـردم، یان رۆژانی پشـوو کـە کۆدەبووینـەوە! ناوی «تەحسـین» بـوو، دەموچاوی کەمێک بەخوریکە و سـیس بوو، بەڵام زۆرزان و زیرەکیش بوو.

کوڕە بەسراوییەکە، ناوەکەم لەبیرماوە ناوی «ناسر» بوو. کوڕێکی خۆش، بەزەوق، خاوێـن، بەئەتەکێت، بەردەوام جلەکانی ئوتوکراو و نوێ و پاک بوون. بەیانیان بەئاسـانی قەمیسـە سپی و پانتۆڵە رەساسـییەکەی لەبەرنەدەکرد. ماوەیەک خەریکی دەقکردنی قۆڵی قەمیسـەکەی دەبوو! من ئەوەیان لەو فێربووم، ئەگەرچی سـەرەتا گاڵتـەم پێیدەکـرد و پێـی پێدەکەنیـم، بەڵام دوایی هاتمە سـەر ئەوەی وەک ئەو قۆڵی قەمیسـەکەم قەد و کورت بکەمەوە.

ئەو قوتابی بەشی کارەبا بوو، ناو دۆلابەکەی پێیان دەگوت لۆکەر جوان ریز دەکرد. لیڤاکەسـەکەی دەسـتی وێنـەی جوانی لێدابوو! ئەویش کوردی خۆشدەویسـت! بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ لە زمانەکە تێنەدەگەیشـت، کـەم لەلامان دەمایـەوە. بەسـراوییەکان، هەموو بەنەژاد حەزیان بە گۆرانی بوو، بۆیە ئەویش تەسـجیلێکی بچووکی هەبـوو. لەبـەر ئەوەی بە پاتری ئیشـی دەکـرد، کەمێک گوێی لە گۆرانـی دەگـرت و دەیکوژانـدەوە. ئـەوەی پاتری بـۆ بکڕیبوایە، دەیتوانـی داوای بکات و ماوەیەک بیبات.

بـەڵام ئەوەی هیچ لە کوردیش تێنەدەگەیشـت، کوڕەکەی ناسـریە بـوو. ئـەو زۆر متووی من ببـوو. بەردەوام هاموشـۆی کوردەکانی دەکـرد. وەک ئـەوەی زمـان و کەسـایەتی کـوردی پـێ عەنتیکە بێـت. منیش زۆر ریزم دەگـرت. زۆریش لەگەڵ برادەرە هەولێری و کوردەکانـم، لەگەڵمـان دەهاتە ناو بەغداش. ئـەو لەو دەرچوونانە نـە قسـەی دەکرد، نـە لە قسـەکانی ئێمەش تێدەگەیشـت. بەڵام ئارەزوومەندانـە حـەزی بە هاموشـۆی کوردەکانی دەکـرد. لەبەر ئـەوەی لەیەک بەش و لەیەک هۆبـەش بووین. بەیانییان بەیەکەوە دەچووینـە نـاو ئامۆژگەکە. لە نادییش نان و چای بەشـیرەکەمان بەیەکـەوە دەخوارد. ئەویش نـاوی «عەباس» بوو. کوڕێکی هێمن

و شــیرین و دڵپــاک بــوو. زۆریش داوای لێدەکردم پشــووێکی دوو ڕۆژە، بچینــە گوندەکەیــان. ئــەو دەیگوت دوور نییــە، کەمێک لە ناســریە دوورە. وەرە خانووێکــی گەورەمان هەیە، باخ و دارخورما و شــینایی زۆرمــان هەیــە. ماســتی خۆمــان و گۆشــتی خۆمان و ســەرتووش دەخۆین! خۆم دەچمە ســەر دارخورمــا و خورمات بۆ دەبڕمــەوە! بەڵام لەبەر چالاکییەکانی ناو بەغدا، ســەردانی کوڕانی کۆلێژەکانــی تری نــاو بەغدا، هەرگیز قەناعەتم بەوە نەدەکرد، دوو ڕۆژی پشــووەکەم لــەو گونــدە، کە نە نــاوی دەزانم و نــە دەزانم لەکوێیە، سەرف بکەم.

ئێمە سێ چوار برادەر بووین، زۆر دەچووینە ناو بەغدا. دەچووینە کــۆڕی زانیاری کورد. کۆمەڵەی ڕۆشــنبیری کــوردی لە وەزیرییە. قاوەخانەکانــی مەیدان و شــارع ڕەشــید، ســینەمای بابل کە تازە ببووە حکومی و فیلمی باشــی نیشان دەدا!

***

بەشــی رووپێــوی پێنج پۆل بــوو. دابەشــبوونی قوتابییــەکان بە پیتەکانــی ئەبجــەدی بوو، وەک زووتریش گوتم بەشــەکەمان کچی کەم بوو. پۆلەکەمان لە ســی و پێنج قوتابی سێیان کچی بەغدایی بــوون. دڵنیام، یەکێکیــان ئەوەندە بچووک و ناســک و لاواز بوو، هەرگیز پیشەی مەساحی پێ نەکراوە. زوو لەبەر هەتاو تواوەتەوە! بەڵام بەر لەوەی من ببینن، لەبەر ناوەکەم وایانزانیبوو منیش کچم! دیارە قوتابییە کوڕەکان، زووتر لەناو لیســتی پۆلەکە سەیری ئەوە دەکەن، بزانن چەند کچیان لەگەڵە. لەو سەیرکردن و خوێندنەوەی ناوەکانا، منیان وەک کچ دانابوو!

## مامۆستا جوولەکەکە

لە قۆناخی یەکەم، وانەکانمان گشتی بوون. بۆ نموونە، لە کۆرسی یەکەمی ساڵی یەکەم، وانەیەکمان هەبوو بەناوی «نەتەوەی عەرەبی»، گوایە بەو نامیلکەیە، بەو چەند لاپەڕەیە هزری نیشتمانی و عروبە لەناو مێشکی قوتابییەکان دەڕوێنن! کۆرسێک زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و خاکناسی و بیریاریشمان هەبوو.

حەز دەکەم، ئاماژە بەوە بدەم، مامۆستاکەی بیرکارییمان، پیاوێک بوو بە قەد قەلێک دەبوو، ورد و سووک و باریک. بە ئۆتۆمبێلێکی فۆکسواگۆنی قالۆنچەی رەساسی دەهاتە دەوام. دەمانزانی، چونکە مامۆستاکان کەم ئۆتۆمبێلیان هەبوو. ئەو ئۆتۆمبێلەکەی تا نزیک دەروازەی بەشەکەمان دەهێنا. لەوێ، سێ چوار شوێنی پارکی تێدا بوو. کە دەهات، بەر لەوەی یەک هەنگاو بڕوات، دەمبینی پێڵاوێکی لاستیکی تەنکی بەسەر پێڵاوەکەی هەڵدەکێشا. قەمسەڵەکەی لەناو ئۆتۆمبێلەکە جێدەهێشت.

مامۆستا عەبدولڵا عەبدولڵا دەیانگوت جوولەکەیە، تەمەنی سەرووی حەفتا ساڵ دەبوو! واتە لەساڵی ١٩٧٦ کەسێکی جوولەکە لەناو بەغدا مابوو. خۆم پاش دە دوازدە ساڵ، رۆژێکیان لە شارع النهر، کە شەقامی کچانیشیان پێ دەگوت. ئەنگوستیلەیەکی باریکی زیوی ئەسڵیم لە پیرێکی لاوازی ورد، لە زیوفرۆشێکی جوولەکە، بە کەمتر لە دوو دینار کڕی. ئێستاش پاش ئەوەندە ساڵە، هێشتا ئەنگوستیلە زیوەکەم ماوە. بۆیەش، زۆر کەس وادەزانن من ئەو ئەنگوستیلە زیوە لە پەنجە دەکەم، گوایە دیندارم . زێڕ بە حەرام دەزانم. لەبەر ئەوەی کابرا زۆر بەوە دەچوو برای مامۆستاکە بێت، بۆیە پرسیم. ئەویش گوتی راستە برام بوو، بەڵام ئەو پێنج ساڵە

مـــردووە! پیاوێـــک بـــوو، بۆ بیـــرکاری و مامۆســـتایەتی ژیا و مرد، منیـــش بۆ زیو دەژیم! لەگەڵ زیویش دەمرم.

***

ئەو مامۆســـتایە، دوو ســـەعاتەکە، بەردەوام پرسیار و وەڵامەکانی لەســـەر تەختـــە رەشـــەکە، بە دەســـتخەتێکی زۆر نـــەرم و جوان و ورد دەنووســـی. ســـەیری کەســـی نەدەکـــرد، پرســـیاری نەدەکرد، ناوی نەهاتووەکانی نەدەخوێندەوە. کەمیش قســـەی دەکرد، زۆرتر دەینووســـی و سەیری دەکرد. لەگەڵ تەواوبوونی کاتەکەش تەواوی نووسینی سەر تەختەرەشە پانە گەورەکەی، بە دەستە باریکەکانی دەســـڕیەوە و بەروانکـــە ســـپییەکەی بەری لەبەردەکـــردەوە، قەدی دەکـــرد و لەنـــاو جانتـــا رەشـــەکەی دەنا و دەڕۆیشـــت! بـــۆ وانەی داهاتووش، پرسیاری دابەش دەکرد، لەسەری دەنووسی وەڵامدانەوە بە کتێبکرانەوەیە، نیو ســـەعاتە! پرســـیارەکانیش، بریتی بوون لەو نووسینانەی زووتر و رۆژی پێشوو، لەسەر تەختە رەشەکە بۆمانی نووسیبووەوە.

***

دوو ســـاڵەکەمان تەواوکرد. دیارە بۆ من، گەنجێکی تەمەن بیســـت و دوو ســـاڵی بوونم بە فەرمانبەر، بە مەســـاح، بە موچەی بیست و چوار دینار، بۆ خۆم و خێزانەکەم گۆڕانێکی گەورە بوو. بۆ کەسێک باوکی، لەبەر پێشـــمەرگایەتی ســـاڵی ١٩٧٥ وەک پۆلیس لە هێزی ســـەفین. هێزەکەی بۆ پۆلیسەکانی هەولێر دانرابوو. ماوەیەکی زۆر لە باشـــوور بۆ جاری دووەم، یەکەمیان ســـاڵی ١٩٦٢، ئەو جارەش لەســـاڵی ١٩٧٥ دەمینێتـــەوە. دوایی بە پارەیەکی کەم خانەنشـــین دەکرێت. موچەیەکی کەم بۆ خێزانێکی گەورە، ئاســـان نەبوو پێی بژین، موژدە و خۆشـــییەکی گەورە بوو.

بـۆ من دامەزراندن، لە خێزانێک، کەسـی تێـدا فەرمانبەر نەبێت! کەس، نە مامێک نە خاڵێک، نە ئامۆزا و هاوسێیەکیشمان فەرمانبەر نەبێت. بۆ من، ببمە فەرمانبەر و موچەخۆرێک شـانازی بوو!

## دەگەڕێمەوە هەولێر

ئێـواران، لەگـەڵ گەنجەکانـی تری هاوپـۆل و هاوبیـر دەچووینە گازینوی لەیالی ئەربیلی تەنیشـت سینەمای سیروان. بەر سێبەری قـەڵات. گازینۆکـەی لایەکـی سـینەماکە، دوو لایەکـەی تریشـی قەمیشەڵان بوو!

لەوێ قوتابی زانکۆ و مامۆستاکانی لە گوندە دوورەکان دامەزرابوون، کۆدەبوونـەوە. چـا و بیسـبی و دۆندرمەمـان دەخـوارد. زۆریش، لەوانـە گەمـەی زار و تاوڵەیان دەکرد. ڕۆژنامەیـان دەخوێندەوە. بەزمی گاڵتە و فشـقیات. هەبوو باسـی سیاسەتیشیان دەکرد. لەو گازینۆیـە، یەکەمجـار لـەوێ، دوایش چەند جاری تـر، بەڵام دوور بەدووری شـەهیدی نەمر «جەمیل ڕەنجبـەر»م بینی! لەوێ چەند کەسـێکم ناسی، یان دەبینی، کە زووتر و پێش ئێمە دامەزرابوون. پێش من ببوونە فەرمانبەر و لە چەندین دائیرەی ناو شـار ئیشیان دەکـرد. بەوەش ئاکار و جلوبەرگیان گۆڕانی پێوە دیاربوو!

ئەوەی شایانی باسە، لەو ساڵانە پاش نسکۆکە. پاش دامەزراندنی ئەمانەتەکانـی حوکمـی زاتـی، زۆربوونـی بردنی ڕێگا بـۆ گوندە سـنوورییەکان. بایەخـدان بـە پایتەختی حوکمی زاتی، ئیشـوکار لەناو هەولێر و سـنوورەکەی زۆر کردبوو!

لـەو پەیوەندییانـە، هاوڕێیەکـی دەرچـووی ئامۆژگەکەمان، «دارا ئیسـماعیل»م بینـی. لەبەر ئەوەی لە هەموومـان درێژتر بوو، من

پێـم دەگوت دارا درێژ. ئەو بەشـی نەخشەسـازی تـەواو کردبوو. وابزانـم بە ئینتدابی سـەربازی، لـە باڵەخانـەی پەرلەمان جێگای کردبـووەوە. قسـەمان کـرد، باسـی دامەزراندنمـان کرد، هێشـتا بڕوانامەکـەم وەرنەگرتبـووە، بەڵام لە خوێندن تـەواو ببووم، تازە یـەک دوو هەفتە بوو، تەواو ببووین! ئەو گوتی بەیانی وەرە سـەر ئیشەکەمان، بزانین چۆن دەبێت.

بەیانی بەپێیان، باش شـارەزای ناو شـار بووم، چوومە ئۆفیسـی «شـرکە العامـە للمقاولات الانشـائیە»، لە گۆشـەیەکی پرۆژەکە، لەنـاو کـەلاوەی تێکدانـی کۆنـە کتێبخانـە و دائیـرەی ئەمـن و هەنـدێ بینایەی تـر، کە بۆ دروسـتکردنی باڵەخانەی پەرلەمان و ئەمانەتەکان روخێنرابوون، ئەوانم دۆزیەوە.

چوومـە ئۆفیسـەکە. لـەوێ برادەرەکـەم منـی بـە ئەندازیـاری سەرپەرشـتیاری پرۆژەکە ناساند، پیاوێکی هەولێری بەتەمەن بوو. کە زانی من دەرچووی مەساحەم، تسریحم و سەربازییم لەسەر نییە، خەڵکی هەولێریشـم زۆر کەیفی هـات. منی بردە ژوورەکەی خۆی، لەوێ بە تەلەفۆنە رەشـە گەورەکەی سـەر مێزەکەی، تەلەفۆنی بۆ بەغدا کرد، پرسـی بە بەرپرسەکانی شریکەکە کرد، گوتی:

کوڕێک هاتووە، مەعهەدی تەکنەلۆژیای بەغدا بەشی مەساحەی تەواو کـردووە. گەنجە، خەڵکـی هەولێرە. دیارە زمانی عەرەبییەکەشـی باشـە، کوڕێکـی لای خۆمان باش دەیناسـێت، هاتـووە داوای کار دەکات!

دیـارە ئەویـش لـە وەڵامـدا گوتبـووی: بەدڵنیاییـەوە رووپێـوی تەواوکردووە، دبلۆمی هەیە!؟

دەپرسـن، بەڕاستی دەرچووی بەغدایە، ئەویش دەڵێت:

بەڵـێ، لەگەڵ کوڕەکەی لای خۆمان بەیەکەوە لە بەغدا خوێندنیان

تەواو کردووە.

لــە ئاکاری ئەوەم خوێندوە کە پێیان دەڵێن:

زۆرباشە، لە بەیانییەوە بەشێوەیەکی کاتی با ئیش بکات. ڕۆژانەی بۆ ببڕنەوە، تا دۆسیەی دامەزراندنی بۆ دەکەینەوە، بەڵگەنامەکانی پێویســتی دێنێت! ئەو سەریان بۆ دەهەژێنێت و دەڵێت:

باشە، وا دەکەین! سوپاس.

***

وەرگیرانــم بــە تەلەفۆنێــک، بوونــم بــە یەکــەم فەرمانبــەری ناو خێزانەکــەم. وەرچەرخانێکی گرنگ بوو. کرانەوەیەک بوو، بۆ خۆم و خێزانــە هــەژارە گەورەکەمــان. زۆربەی خزم و هاوســێیەکانیش کەیفیــان بــەوە دەهات. پیرۆزباییان لە دایکــم دەکرد. بەڵام باوکم کەمتر هاموشۆی هەبوو. ئەو زۆرتر ماندوو دەبوو، بۆیەش پشووی زۆرتــری دەویســت. دینداری دەکــرد، دەچووە مزگــەوت. کەمیش لەناومان دەمایەوە، زووتر هەشت ساڵ لە باشوور دوورخرابووەوە، دوایی ساڵێک لە هێزی سەفین، دووبارە سێ ساڵ لە باشوور، ئیتر ماندوو و پەرۆش بوو.

نەچوومە شــەریکەی مقاولات. گوتیان ئەوانە بەرنامە و پرۆژەیان، لــە زۆر لــە شــارەکانی عێراقــە، بەتایبەتــی لەناو بەغدا ئیشــیان زۆرە، دوور نییــە بۆ پڕکردنەوەی شــوێنی یەکێــک، لەکاتی دانان و دەرچوونــی پرۆژەیەکــی نوێ، لەناو هەولێــر بتگوازنەوە. دیارە، ئەوەش پشــتی فەرمانبەر دەشــکێنێت. دەبێت شــوێنی نووستن و خواردن دابین بکات. هاتوچۆت بۆ ماڵەوە بەردەوام بێت. دووریش نییە، لەناو بەغدا بگیرســێیتەوە، هۆگری زۆری ئەو شارە گەورەیە ببیت. تۆش وەک ســەدان هــەزار کوردەکانی ناو بەغدا. هەموویان بەناوی کار و کاسبی و دەوامیان، لەوێ ماونەتەوە و نیشتەجێبوون!

بۆیە نەچوومەوە، بەدوای ئیشـــەکەی ئەوان نەکەوتم. بەڵام گفت و بایەخی ئەوان، بە ناونیشـــان و کەســـایەتییەکەم، منی باش راگرت و متمانەی زۆری پێ بەخشیم.

## رێگاوبانی هەولێر

برادەرەکەی ترم، ئەوەی وەک من عائیدون بوو. ســـەربازی لەســـەر نەبوو. لەناو هەولێر خزم و ناسیاری دیار و ناسراوی زۆر بوو. زوو دەچێتە بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی هەولێری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی رێگاوبان. لەوێ بەیەک ســـەعات فەرمانـــی دامەزراندنی بۆ دەردەکـــەن. بەرامبـــەر ناوەکەی موچە و دەرماڵەشـــی بۆ دادەنێن، یەکســـەر دەینێرنە کەمپی دیانا. ماوەیەک ئیش دەکات، وەک کەو و رێواس لە شـــاخەکانی دەڤەری برادۆست و بەردەبووک و رۆستێ دەمینێتـــەوە، دواییش هەر لـــەوێ دەڕوات و دەچێتە ئیران، لەگەڵ ئاڵۆزییەکانـــی شۆرشـــی ئیران ناحەوێتەوە، بۆیـــە زۆر نامینێتەوە، دەڕوات و دەگاتـــە پۆلۆنیا. ئیتر نەمدۆزیەوە لێی بپرســـم، چۆن وا بەئاســـانی تۆیان دامەزراند! تا لە ســـوید لەساڵی ١٩٩٩ دۆزیمەوە، لەبەر ســـەرما و بیرکردنەوە لە ئیقامەی خۆم و منداڵەکانم، لەبیرم نەبوو ئەو پرسیارەی لێ بکەم.

ئەو دائیرەیە تازە، لە بەڕێوەبەرایەتی ئیشـــغاڵ جیاببووەوە، ســـەر بە بەغدا بوو. پارە و موچە و دەرماڵەی زۆریان، بە کارمەندەکانی دەدا. دائیرەکـــە بەلێشـــاو، گەنجیـــان بەنـــاوی شـــوفێری مەکینـــە گـــەورەکان وەردەگـــرت. کرێکاری زۆریـــان دادەمەزراند. لە زۆربەی شارۆچکەکان بەتایبەتی دیانا و رواندز و گۆڕەتوو کەمپیان دانابوو. کارگەیان سازکردبوو. ئۆتۆمبێلی زۆریان بۆ ئەندازیارەکان دانابوو!

ئەو بەئاسانی، بەڵام نازانم چۆن دادەمەزرێت. بەڕێوەبەرەکە، دەیتوانی بەیەک تەلەفۆن، بەپەلە فەرمانبەر دامەزرێنێت. بەکاتی، مانگانە و هەفتانەش لیستی نوێی دەردەکرد. بە رۆنیو و چاپی خراپ، ناوەکان ریز دەبوون و دادەمەزران.

منیش داوایەکم بە زمانی عەرەبی، بە دوو دێر بۆ بەڕێوەبەری رێگاوبانی هەولێر نووسی. لەناو ئاپوورەی کارمەندەکانی، ئەندازیارەکانی، بەڵێندەرەکانی ئیشی زۆریان لەسەر رێگاکان گرتبوو، بەتایبەتی دروستکردنی پردی زۆریان گرتبوو. دانانی بۆڕی و کۆنکریتی زۆریان بۆ دەرچووبوو. من دەچمە ژوورەوە. نامەکەم لەناو دەستم بوو. ئەو بەپێوە بوو، ئەفەندییەکی خاوێن، کۆستەمی یەکرەنگی لەبەر نەبوو. بۆینباخی نەبەستابوو. بەڵام جلەکانی بەری، هەموو خاوێن و نوێ دیار بوون. قژە رەشەکەی دەبریسکایەوە. دەم و قەڵەم و دەست و پەنجەکانی وەستانیان نەبوو. بە چاویش، سەیری خەڵکەکەی دەکرد. ناوی زۆربەی خەڵکەکەی دەگوتەوە. لەبەر ئەوەی خۆی بەپێوە بوو، کەسیش بۆی نەبوو، لە ژوورەکەی دابنیشێت.

ئەو خەڵکی هەولێر نەبوو. بەڵام کورد بوو، ناوێکی کوردی جوانی هەبوو. داواکەی لە دەستم وەرگرت، بەڵام باش سەیری چاوەکانی نەکردم، خوێندیەوە، هیچی لەسەر نەنووسی، بەسەری زاری گوتی: دوو رۆژە یەکێکی ترمان دامەزراندوە. جارێ ناتوانین سەری مانگ وەرەوە!

داواکەم وەرگرتەوە و نائومێد لە ژوورە قەرەباڵغەکە دەرچووم. بەڵام، مانگێکی تر وەرەوە و ئیشمان پێت دەبێت، بۆ من بەڵێنێکی باش بوو، ورەی بەرزکردەوە، دووبارە وادەزانم بوومەتە فەرمانبەر و موچەشم ئیش دەکات!

چەند رۆژێک بەســەر بەڵێن و داوا و چوونم بۆ دائیرەی رێگاوبانی هەولێر تێدەپەڕێت، باوکی رەحمەتییم ئەوە دەزانێت. ئەو کەسێکی نەخوێنــدەوار بــوو. بەڵام بە پۆلیســی زۆر گەڕابوو. خەڵکی زۆری دیبــوو. دەیزانی دونیا چ باســە، زووش لەناو شــار، بە ناســین و هاتوچۆی ئاغای گوندەکەیان، شــار و خەڵکی شاری ناسیبوو، پێم دەڵێت:

کــوڕم، لــە تــۆ باشــتر دەزانــم، ئــەو دائیرەی تــۆ دەتــەوێ تێدا دامەزرێیت، راستە موچەی زۆرە و خەڵکێکی زۆر خێری لێ دەبینن. بــەڵام مــن دەزانم ترســناکە. ئیشــوکارەکانیان لەناو چیا و ســەر ســنوورەکانە، شــەوێک لەماڵەوە نابیت، دوایی خۆت لە من باشتر دەزانیت، لەو سەرسنوور و گوندە شاخاوییانە، دووبارە پێشمەرگە پەیدابوونەتەوە، ژیانت دەکەوێتە مەترســی. ئیتر بەگوێی من بکە، بڕۆ لە شارەوانی دامەزرێ!

***

پێــش ئــەوەی بچمــە شــارەوانی، لای ئەوانەی دوو ســاڵ هاوینان پراکتیکــم کردبوو. پیاوە تەلەعفەرییەکەی دەرچووی ئامۆژگەیەکی کۆنی ئەندازیاری بەغدا بوو، زووتر رووپێوی لە بەغدا، وەک زانست و پراکتیک خوێندبوو، ئەویش بەرپرســی قوتابییەکانی پراکتیکیان دەکــرد. ئەو پیاوێکی ســادە، بە کوردییەکی شــڕ، بەڵام دڵپاک و شــیرین، رەفتــاری لەگەڵ دەکردین. ئەگەرچــی ئێمە زۆر کەم ئەو پیاوەمــان بینــی. دوایی پیاوە مانگێشــییەکەی لە بەغدا کۆرســی رووپێــوی خوێندبــوو، دەبێتە بــرادەر و هاوڕێمــان. لەگەڵ ئەو بە عەرەبی قســەمان دەکرد! ئەویان زۆر لەگەڵ من، لەسەر چەپبوون و خوێندنەوە و رەفتارەکانم ئاشنام دەبێت. بۆیە ئەو زۆر و زووش پێی دەگوتم وەرە لە شــارەوانی دامەزرێ!

لەبیرمــە زوو پێــی گوتــم، ئەگەر لــەلای ئێمە دامەزرێیــت، من وا دەکەم یەکســەر پارچەیەک زەوی لە شــارەوانی بە نرخی کەم و لە شوێنی باشیش وەربگریت.
مــن ببمە خــاوەن پارچەیــەک زەوی، بەنــاوی خــۆم _نەمدەزانی بەنــاو دەکــرێ و بەناوکردن چییە_ ســەیرە! رەنگە زۆرتر بیرم لە ژن کردبێتــەوە، یــان زۆرتــر بیرم لە کتێب و نووســین دەکردەوە. دووریش نییە، مێشــکم کەمێک سەرقاڵی پێشمەرگایەتی و خەباتە سەرکەشــییەکەی بەرپابووە کردبێتەوە، بــەڵام زۆر نا. ئەگەرچی پاش نسکۆکە، پاش گریانە زۆرەکەی لە مهاباد، لە کاتی گەڕانەوە و تەســلیمبوونەوەمان بەڵێنم دابوو، جاریکی تر باســی سیاسەت و کوردایەتی نەکەم! شکانەکە گەورە بوو، سام و تاسەکە مەزن بوو. ئاسان نەبوو، بۆ گەنجێکی وەک من، نزیک لە دۆخەکە وا بەئاسانی دووبارە بکەوێتە ناو ئەو بازنەیە!
قســە و گفتــی ئــەوەی دەبمــە خــاوەن زەوی، بۆ من زۆر ســەیر و نــوێ بــوو! بــەڵام خۆم وەک کەســایەتی و رەفتار و خەســڵەتە تایبەتییەکانم، حەزم بە ئاکار و دەرچوون و ســیمای نوێ بوو. لە جلوبەرگ و هەڵسوکەوت و رۆژانەشم، نوێکار بووم. دەمویست یان بیرم لەوە دەکردەوە، لە شــوێنێک دامەزرێم ئاســایی نەبێت، نوێ بێت، ئیتر بیرم لەوانە دەکردەوە!
بــەڵام زۆرتــر پەرۆش بووم زوو موچەیــەک وەربگرم! یەکەم موچە و چەنــد دینارێــک وەربگرم! نــاوم ببێتە فەرمانبــەر! چونکە یەک یــەک لــە هاوتەمەنەکانــم، دامەزرابوون. بەتایبەتــی ئەوانەی پاش نســکۆ گەڕابوونەوە، پۆلی چوار و پێنجی ئامادەیی بوون. هەر بە بڕوانامــەی ناوەندی وەک فەرمانبــەر دادەمەزران! ببوون بە ئەمین ســەندوق، نووســەر، نووســەری چاپ، چاودێری هونــەری، کاتبی

**حیســابات، تۆماری لیســت و دەفتەردار و نووســەر و ناونیشــانی لەو جۆرە.**

**ببــوون بــە فەرمانبــەر، بە موچــەی مانگانەی هــەژدە دینار. ئیتر بــۆ خۆیان، دەبوونە ئەفەندی، مێز و کورســییان دەبوو، پێڵاویان بۆیە دەکرد، ســەریان جوان دادەهێنا. شــەوانەش دەچوونە یانەی فەرمانبــەران. ئەوانیــش حەقی خۆیان بوو بچنــە یانەکە، چونکە، ئەودەمانە مانگانەی بەشداربوونی یانەی فەرمانبەرانیان، لە هەموو فەرمانبەرێک دەگێڕایەوە. ئەوەی پێی خۆش بوایە، یان نا! ئەوەی دەچووە یانەکە، یان ئەوانەی تا نادییەکەش روخێنرا، ســەریان بە نادییەکــە دانەگرت. هەموو مانگانە پارەیان دەدا.**

## ئیشغاڵی هەولێر

**لەســەر راســپاردەی برادەرێک زووتر لە زانکۆ ســلێمانی خوێندنی تەواو کردبوو. بەمندالّیش لە سەیداوە یەکترمان دەناسی. دوو سێ مانگ بوو لە ئیشغاڵی هەولێر وەک ئەندازیار دامەزرابوو. گوتی وەرە بەیانــی وەک کارمەندێکــی کاتی لەلای خۆمــان داتدەمەزرێنم، تا بڕوانامە و بەڵگەنامەکانت تەواو دەبێت، با مانگانەیەک وەربگریت! دیــارە بیرۆکەکەم زۆر پێ باش بــوو. بەیانییەکەی بەپێیان چووم. باڵەخانــەی ئیشــغاڵ لەنزیــک منــارەی چۆڵــی لەناو مــاڵان بوو. دائیرەیەکی کپ و هێمن. بە رەنگێکی هەناری دیوی ســەر شەقامە ســەرەکییەکەی بۆیەکرابوو. بەڵام رووی پێشەوەی لەناو گەراجەکە بوو. تەنیشــتی کەوتبووە سەر شەقامەکە. لەناو گەراجەکەی، دوو ســێ ئۆتۆمبێل و قەلابێک، تایبەت بە گواســتنەوەی کرێکارەکانی رێگا ســەرەکییەکانیان پینە دەکرد دەگواســتەوە، وەستابوون. لە**

دەرگا دارە بەرینەکــە چوومــە ژوورەوە، لــە فەراشــی بەردەرگای ژوورێکم پرسی:

مامە زەحمەت نەبێت، ئەندازیار رەشــید ئەبوبکرم دەوێ. «دەستە جلێکــی خاوێنــی لەبەردا بوو، روو شــیرین، بەڵام بە ســەروپرچ و پانتۆڵە بەرینەکەم، سەرســامیش بوو». دوایی زانیم، ئەو فەراشی بــەردەرگای ژمێریــاری بەڕێوەبەرایەتییەکــە بوو. ئــەوەی ئاکار و مۆراڵی زۆر تایبەتی هەبوو. دەیگوت لە سۆڤیەت خوێندومە. لەوێ زۆریــش ژیاوم. ئەو پیاوە ســەربردە و حیکایەتــی رۆژانەی دەوام و پــاش دەوامیشــی زۆر بوو. بەڵام لە هەموویان ســەیر و نامۆتر، جانتــا گەورەکەی بوو. جانتایەکی پێ بوو چەرمی قاوەیی گەورەی زۆر کــۆن بوو. بــەردەوام لەگەڵ خۆی دەبردەوەماڵەوەش. بەزمی ئــەو جانتایــە زۆر بوو، زۆر لە رێنمایی و کتێبــە تایبەتییەکانی بە یاســا و رێنماییەکانی ژمێریاری و فایلی بەڵێندەرەکانی لەناو دەنا. دەیانگــوت لەماڵەوەش، لەبەر ئیشــوکاری ناوماڵ، ناپرژێتە ســەر کردنەوەی جانتا گەورەکەی.

دیــارە برادەرەکانی دەیانزانی جانتاکــەی ناکاتەوە، بۆیە رۆژێکیان بــۆ خۆشــی، کتێــب و فایلــەکان دەردێنــن. لەجیاتــی ئەوانــە، تەلەفۆنــە رەشــەکەی ژوورەکەی، بۆ لەناو دادەنێــن! ئەو جانتاکە بــە تەلەفۆنەکەوە دەباتــەوە. بەیانی برادەرەکانــی، تەلەفۆنی ناو جانتاکــەی بــە هێڵەکە دەبەســتنەوە، لــە دەرەوەش تەلەفۆنی بۆ دەکــەن. کــە دەزانێت تەلەفۆنەکــەی لەنــاو جانتاکەیەتی، ئەویش پێدەکەنێــت. ئیتر چیتر فایــل و کتێب و رێنماییەکان لەگەڵ خۆی ناباتەوە ماڵەوە. ئەو پیاوێکی بەســتەزمان و بێ دەسەڵاتیش بوو. کەمتر ئیشەکانی لەبن دەستی دەردەچوو، زۆرتر دوو فەرمانبەرەکەی بن دەســتی، کارەکانی ژمێریاری هۆبەکەیان بەڕێدەکرد.

کابــرا پێــم دەڵێت: ئەندازیارەکان هەموو لە نهۆمی ســەرەوەن! لە دوو ژوورەکــەی بنەبانێ دادەنیشــن، بــەڵام هەندێکیــان چوونەتە دەرەوە.

چوومــە ژوورەکە، چەنــد ئەندازیارێکی خاوێن لەســەر مێزەکانیان دانیشــتبوون. رەشیدم بە چاویلکە ئەســتوورەکانی چاوەکانی زوو و بەئاســانی دۆزیــەوە. منــی لەســەر کورســی ئەندازیارێک لەوێ نەبــوو، دانا. لەســەر لاپەڕەیەکی ســپی بەناوی مــن، داوایەکی بۆ بەڕێوەبەرەکەیان نووسی و ئیمزای پێکردم!

هــەر ئــەو رۆژە نووســراوێکیان بــۆ ئەمانەتــی عامەی ئیشــغاڵ و ئیســکان بۆ کردم. بەیەکەوە چووین. لەوێ فەرمانەکەیان، بەناوی چاودێری کاتی لەســەر پرۆژەی شــەقامی ســەرەوەی شەقلاوە بۆ دەکردم. ئێســتاش، ئەو فەرمانەم ماوە، لەســەر چاپە رۆنیوەکەی ئیمزایەکی جوانی شــاعیری ناســک «ئەکرەم خامۆش»ی پێوەیە. ئەگەرچی ئەو دەرچووی بەشــی کوردی بوو، بەڵام لەوێ بەرپرسی خۆیەتــی بوو. پاش ماوەیــەک دەڕوات و روو لە هەندەران دەکات. پــاش مانەوەی زۆر لە وڵاتانی ئیشــتراکی، لــە ئەڵمانیای خۆرئاوا دەگیرسێتەوە.

پاش ئەوەندە ســاڵە، شەوێکیان لەساڵی ١٩٩٨ لە بەرلین، لەماڵە جوانە بەزەوقە هونەرییەکەی مامەوە. باســی ئیمزاکەم لەگەڵ کرد. دیارە زەمەن و ماندووبوونی ئەو، بە دەست رۆژگارەکانی دەرەوەی جیهانی شــیوعیەت و خوێندن و بارە کۆمەڵایەتییەکەی، زۆر شــتی لەبیر بردبووەوە. بەڵام، شیعر و ئاواز و گۆرانی لەبیر نەبردبووەوە، بۆیەش شــەوێکی جوانمان بەیەکەوە بەڕێکرد.

ئیتــر دوو مانگەکە لە ئیشــغاڵ وەک چاودێــر دەمینێمەوە، رۆژانە دەچووم، بەڵام زوو هەســتم کرد رۆژانە و ئیشــکردنم لەو دائیرەیە

بەرنامە و هیواکانم تێر ناکات. بە هیچ شـێوەیەک مورتاح نەبووم. بۆیــە گەڕابوومــەوە ســەر بیرۆکــەی دامەزراندنــم بەرەســمی لــە شــارەوانی. ئەوەش لەسەر دوو بناخە بوو، یەکەمیان:

دوو ســاڵ لــەوێ پراکتیکــم کردبوو. کەشــەکەم زۆر پــێ ئاوەدان و گەرموگوڕتــر بــوو. دووەمیشــیان، زوو باوکــم پێــی گوتبــووم: کوڕم شــارەوانی باشــە. ســەیری بکە هەموو کوڕە ئاغاکان، پیاو و کەســایەتییەکانی قــەڵات و ئەو شــارە، لــەوێ فەرمانبەر بوون. موحســین ئاغــا زاوای مــەلا فەنــدی بوو، چەندین ســاڵ ســەرۆک شــارەوانی بوو. دوایی زاتێکی وەک هاشــم عەبــدوڵا، ئەندازیارێکی زیــرەک، ئەویــش لەوێ بووە، چیت داوە لەو دائیرانە. بە گوێی من دەکەیت لە شارەوانی دابمەزرێ.

## شارەوانییەکانی هەولێر

دوو ســاڵ وەک مەســاح لە شــارەوانییەکانی دەرەوەی شــار ئیشم کرد. زوو حەزم بە ســەفەر و ســەردان و دیتنی شارۆچکەکان بوو. بۆیە، پێم خۆش بوو، لەناو شــار دووربکەومەوە! دەچوومە حاجی ئۆمەران، مەخمور، شــەقڵاوە و شارۆچکەکانی تریش.

لــەو ماوەیــەدا، یەکجار بۆ دانانــی شــوێنی دواناوەندییەکە، لەناو گەڕەکی جەمعیە چوومە شاری کۆیە. بەڵێندەرەکە هات و بەیەکەوە چووین. لەوێ لەگەڵ مەســاحەکەیان شــوێنەکەی بــۆ دیار بکەین! لــەوێ پیاوێکی ســوورە، قەڵــەوی دەنگ گەورەی خوێن شــیرینی دەموزار گەرمم ناسی.

ئــەو نیوەڕۆکەی منی بردەوە ماڵەوەیــان. ماڵێکی گەورە، باخێکی جوانی لەبەردەم بوو. خواردنێکی باشم لە ماڵەکەی خوارد. لەکاتی

دەرچوونمان، بینیم پیاوێکی لاوازی سەر بەجەمەدانی، نەرم نەرم خەریکی دار و باخەکەیان بوو. ئەوان بەیەکەوە دەمەتەقێیەکی خۆشیان کرد. کە رۆیشتین، گوتی ئەوەش مامە پوترسە. چەندین ساڵە پاش دەوام، هاتوچۆمان دەکات و سەرپەرشتی باخەکەمان بۆ دەکات. بەو پەنجە وردانەی خۆی، لە بەرد گوڵ دەردەکات، مەسیحی گوندی «هەرمۆتە»یە! ئیتر زۆرم پێ سەیر بوو، ئەو پیاوە مەسیحییە، چەند جوان کوردی قسە دەکات. خۆ مەسیحییەکانی خۆمان، ئەوانەی لەناو دائیرە بەیەکەوەین، زۆرتر بە عەرەبی قسە دەکەن و کوردییەکەیان شڕە!

دیارە حەزم دەکرد بگەڕێمەوە کۆیە، ببینم قوتابخانەکە تەواو بووە. شاناز بڵێم من شیشەکانم کوتاوە. من شەقامەکانی بەردەمی ئەو بینایەم، لەگەڵ «شەفیق ئاغا»ی مەساحی شارەوانییەکەیان داناوە. بەڵام! بەداخەوە قوتابخانەکە، ئەگەرچی درابووە مقاولات و پارە و نەخشەشی بۆ دانرابوو، جێبەجێ نەکرا. ئیتر لەو رۆژەوە شاری کۆیە، وەک شارەکانی مێرگەسوور و رواندز و شێروان مەزن و چۆمان و گەڵاڵە دەکەوێتە ناو سنووری «مەحزووری ئیداری»، نەیاندەویست پارەی لێ سەرف بکەن!

## پۆستاڵێك بۆ ئیشکردن دەکڕم

رۆژێکیان منیان ناردە چۆمان. نازانم بۆ چی بوو. لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبێلی دائیرەم پێبوو. واتە شوفێریشم لەگەڵدا بوو. ئاسایی بوو دووریش بڕۆین. لە رۆژانی ئیشکردنم، زوو لەگەڵ شوفێرەکان دەبوومە برادەر. نانمان بەیەکەوە دەخوارد. گاڵتە و قسەکردن و مانەوەمان بەیەکەوە دەبوو. هەرگیز ئەوانەم بە چاوی کەمتر سەیری

نەدەکرد، وەک هاوڕێ بووین. ئەوانیش پیاوی بەرێز و دونیادیدەش بـوون. بۆ منی گەنج ڕێنیشـاندەریش بـوون! هەر یەکێک لەوانەش بوو، یەکەمجار پیکابە داتسـنە نوێیەکەی دائیرەی، لە نشـێوەکەی سـەری ڕەش بەرەو مەسـیفم دەداتە دەست، لێدەخورم و ترسم لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دەشکێت.

ئـەو ڕۆژە بـە ئۆتۆمبێلەکە گوتم بچین سـەرێک لە حاجی ئۆمەران بدەیـن. بەیـادی ڕۆژانی شۆڕشـی ئەیلـول، سـەیری هەوارەکانی «ئەمانە عامە»کانی شۆڕش بکەین. کە بە خشت و قوور و کاریتە و حەسـیر، بینایەی جوان و نەوی و چەند ژووریيان، لە دەربەندی رایات و ئازادی و بابەکراوە، بەدرێژایی ڕێگای نێوان چۆمان حاجی ئۆمەران، دروستکردبوو.

لـەوێ، دیاربـوو بە خێـزان و کۆمـەڵ کۆمەڵ، خێزانـی بێ چەک و پیاوانـی مانـدوو و بـاری کەرەسـتە و کەلوپـەی زۆری ئیرانی، ئاودیوی ئەو دیوە ببوون. تازە شۆڕشـی گەلانی ئیران بەرپاببوو. نازانم ئەوانە نەیاری شـۆڕش بوون، یان کاروانی قاچاخچی بوون. ماندوو و سـەرگەردان دەبینران. لەوێ جووتێک پۆسـتاڵی نەرمی درێـژی پوختم، بە پارەیەکی باش کڕی.

ئەگـەر لەبیـرم بێت پێنج دینـارم، بەو جووتە پێـڵاوە دابوو. ئەو جووتە پێڵاوە، چەند سـاڵ بۆ ئیشـکردنم لەناو داروبەرد، لە باران و زسـتانە سەختەکان لەپێ دەکرد. بەڵام لە ڕۆژانی تر، ئەودەمانە ئۆتۆمبێلـم هەبـوو، پێڵاوەکانم پـاک دەکردەوە، لەناو سـەندوقی ئۆتۆمبێلەکەم دادەنایەوە! زۆرتر لە شـەش حەوت ساڵ، لە هەموو ڕۆژانی ئیشکردنم وەک مەساح، پێڵاوەکە، بەکەڵکم هات و هەرگیز نەدەدڕا. زۆریش بەڕاسـتی و بەگاڵتەش پێیان دەگوتم:

بەسـە ئـەو جووتە پێـڵاوە فڕێ بدە. ئـەوە چەند سـاڵە لەپێیان

دەکەیت. بەڵام پێیەکانم لەناویان دەرنەهێنا، تا نەدڕان فڕێم نەدان.

***

فەرمانبەرەکانی ناو شارەوانییەکان، ژمارەمان کەم بوو. بۆیەش هەموومان وەک یەک خێزان بووین. زۆربەمان بەتایبەتی گەنجەکان، ئێوارانیش لەناو شار لە چواردەورەی قەڵات و بەردەم ئۆرزدی باک بەیەکەوە دەبووین. چامان لە گازینۆکانیش دەخواردەوە! دوایی، ژمارەیەکمان سەبر سەبر فێرە نادی و خواردنەوەش بووین. دەچووینە مامۆستایان، فەرمانبەران، ئازادی، هەورامان، نادی سکەک. دەچووینە خانووە گەشتیارییەکانی مەسیف سەڵاحەدین و سەری رەش! شەوانی هەینی دەماینەوە. بەتایبەتی ئەو خانووانەی سەر بە گەشتیاری خۆمان بوون، نەک ئەوانەی سەر بە گەشتیاری بەغدا بوون.

بەیانییان، زۆربەمان لەبەر دەرگا گەورەکەی دائیرەکەمان دەوەستاین. چاوەڕوانی گەیشتنی یەکترمان دەکرد. هەبوو بەپێیان دەهات. پاسێکیش لەبەر دەرگای شارەوانی دەوەستا، چەند فەرمانبەر و هاوڵاتیانی ئیشیان لە شارەوانی هەبوو، لێی دادەبەزین. زۆریان ئەوانەی ماڵیان دوور بوو، تا بەردەم یانەی فەرمانبەران بە پاسە سوورەکانی حکومی دەهاتن. لەوێش سەردەکەوتن و بەپێیان دەهاتن. ئیتر کە دەبووە سەعات هەشت، بەیەکەوە دەچووینە ژوورەوە. دیارە لەو راوەستانە، سەیری کیژەکانی دەچوونە ئامادەیی گەلاوێژمان دەکرد. بەڵام توانج و قسەمان نەدەکرد، چونکە فەرمانبەر بووین!

بە ئیشکردنم لە شارەوانییەکان شاری کۆیەم بینی. زووتر لەبەر پێگە ئەدەبی و سیاسییەکەی زۆر حەزم دەکرد کۆیە ببینم.

مەخمــوورم بینی. چوومە گوندی هیران، لــەوێ بۆ یەکەمجار برنج بەســرکەم خــوارد. لەبن ســاباتێک، جۆگەیەک ئاوی بــە ناوەندی دادەهات، نانەکەمان خوارد. من چووبووم، شــوێنی دروســتکردنی قوتابخانەیــەک دابنێــم، بــەڵام دوایــی ئەویــش لەبــەر مەحزووری ئیدارەیی دروست نەکرا!

## وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری حوکمی زاتی

لــەو دائیرەیــە، ئــەوەم بینــی، چــۆن بەڕێوەبەرەکەمان، «شــێخ عەدنــان» هەرگیز نەدەچووە پارێزگا. نەدەچــووە ئەمانەی عامە. بۆیــەش پــاش ماوەیــەک، کە مــن لەوێ بــووم خانەنشــین بوو و ڕۆیشــت. تا ئــەو بەڕێوەبەر بوو، هیــچ فەرمانبەرێک لە ژوورەکەی دانەدەنیشت، ئەویش میوانی نەدەهات! چاخواردنەوە لە ژوورەکەی ئــەو هەر نەبوو، ئەســڵەن دائیرەکە چایەچــی نەبوو! لەگەڵ دەوام تەواوبــوون، خــۆی دەرگا ژوورەکــەی دادەخســت. ئەگــەر پیکابە ســپییەکە، یان ستێشــنەکەی بە ئەرکێکی دائیرە لە دەرەوەی شار بوایــە، لەو دوو ســێ فەرمانبــەری ئۆتۆمبێلیان هەبــوو، یەکێکیان دەیانبردەوە ماڵەوە.

ئەویش بۆ دامەزراندنم، وەک مەساح، لەبەر بوونی دەرەجەیەک بەو ناونیشانە لەســەر میلاکی خۆیان. نووسراوێکی لە شارەوانییەکان، بەڵام بە ئیمزای پارێزگار بۆ کردم. ئەودەمانە «ئیسماعیل ڕەسوڵ ئەحمــەد» پارێــزگاری هەولێر بوو. نووســراوەکەی بــۆ وەزارەتی دەوڵــەت بۆ کاروباری حوکمی زاتی ـــدوایــی ئەو وەزارەتە نەماـــ لە بەغدا، بۆ کردم. ئەو نووسەر و کوڕە هەژارێکی ئەو شارە بوو. زۆرتر لە بەغدا ژیابوو. وەک چیرۆکنووســیش لە مەیدانی نووســین

و یەکێتــی نووســەرانیش دەناســرا. دەبێتــە ئەندامــی ئەنجومەتی تەشریعی. دواییش بۆ ماوەیەکی کورت تەنیا یەک ساڵ لە پۆستی پارێزگاری دەمینێتەوە.

چوومــە بەغــدا، نووســراوە رەســمییەکەم بــۆ وەزارەتەکــە بــرد. بەیانییەکەی لەناو باڵەخانەیەکی بازرگانی سەر شەقامی جمهوری، نزیــک بازاڕی شــوریجە. لــە نهۆمێکــی باڵەخانەکــە وەزارەتەکەم دۆزیــەوە. کــە لەناو نهۆمێکی باڵەخانەکە بــوو، ژوورەکانی روو لە شــەقامە جەنجاڵەکە، بەریــز هەڵکەوتبــوون. ژوورەکان بێدەنگ و خامۆش دیار بوون. لەبەر ئەوەی هیچ کاریان نەبوو، هاموشۆکەریان نەبــوو. زوو و هــەر بە دوو ســەعات و کەمتریش، نووســراوەکەی من گەیشــتە وەزیرەکەی دوایی سەدام حوســێن کوشتی. هەر ئەو رۆژە، رەزامەندی دامەزراندنم بە ئیمزای ئەو، تەواو بوو! بەپەلەش گەڕامەوە هەولێر، تا زوو دەســتبەکاربوونم بنووسن.

ئەوەی شایانی باسە، ئەو کارەی بۆ من کرا، بۆ کەم کەس کرابوو، وەک ئەوەی برازای بەڕێوەبەرەکە بم. یان پشــتیوانییەکی گەورەم هەبووبێــت. بەڕێوەبەرەکە، بێ ئەوەی رەزامەندی ئەمانەی عامە و مەجلســی خدمەی بەغدا و ئەمانەتی دارایی وەربگرێت، نووســراوم بۆ دەکات.

بەڵــێ، بــێ ئــەوەی دەموچــاوی بەڕێوەبەرەکە ببینــم. یان رۆژی پێشتر ئەو ناوی خۆم و باوکم بزانێت. یان بیەوێ من ببینێت. ئەو لەســەر راسپاردەی بەشی خۆیەتی، ئەوەم بۆ دەکات. ئەوانیش کە بڕوانامە و تەســریحی دەفتەر خدمەکەم دەبینن، داوای دامەزراندن و پڕکردنــەوەی دەرەجەکــەم قبووڵ دەکــەن. ئەویش، داوا دەکات نووســراوم بە ئیمزای پارێزگار و بەپەلە، بۆ وەزارەتی دەوڵەت بۆ بکەن.

## ئۆتۆمبێلەکەی ئیسماعیل مەساح

کە چوومە شـارەوانییەکان و دەسـتبەکار بووم، دوو پیاوی جوان. دوو کەسـایەتی شـیرین و بەرێز لەوێ مەساح بوون. هەردووکیان، لـە بەغدا بە بڕوانامەی ئامادەیی کۆرسـی یەک سـاڵی رووپێویان تـەواو کردبوو. یەکێکیان هەولێری بوو، پیاوێکی ئاوەدان و چالاک و کۆنـە ئۆتۆمبێلێکـی هەبوو، لە خۆشـی و تەنگانـەش بە هەموو فەرمانبەرەکان رادەگەیشت. «ئیسماعیل حاجی عەلی» ئێوارانیش خزمەتی دەکردن! ئەو، چەند باسی دائیرە و سیاسەت و کوردایەتی و باوک و براکەی دەکرد، زۆرتر لەوانە باسـی ژنی دەکرد.

دووەمیـان پیاوێکـی کریسـتیانی دهـۆک بـوو. ژن و منداڵەکانی نەهێنابـووە هەولێر. لە عەنکاوە دوو سـێ سـاڵ بوو وەک میوان، لە ماڵی برادەرێکی دەژیا و دەمایەوە. بەڵام هەموو پێنجشـەمموان دەچووە موسڵ. لەوێش بۆ دهۆک، شەممونیش زوو لە دەوام بوو! پیاوێکی سـادە، زیرەک، بەتوانا، یەک سـەعات حەزی بە مانەوەی نـاو دائیـرەی نەدەکرد. بەردەوام لە دەرەوە بـوو. مانگ مانگ بە ئیفاد دەڕۆیشـت. لە ئەمانە عامەوە بانگیان دەکرد، پیوانی قەزا و ناحیەکانیان بۆ دادەنا. ئەویش شەیدای تەختە و مەستەرە بوو. بە قەڵەمی رەسـاس ئیشـی دەکرد. منی خۆشدەویست، ئەویش چەپ بوو، بەڵام هەرگیز، هەست و نەست و وشەیەکی لەو بارەوە، لەلای مـن، یـان هیچ کەسـێک دەرنەدەبڕی. یان من رۆژێـک پارچەیەک کاغـەز و نووسـینێک، کتێبێکی لـەو جۆرەم لە دەسـتی نەبینی، ئاماژە بە شـیوعیەتی ئەو بدات! لە عەنکاوە لەگەڵی دانیشـتبووم، شـەوانە زۆرتر لـە چارەگێک عەرەقی دەخواردەوە. ئێسـتا دەزانم

چەند جوان دەیخواردەوە. چەند بەتام و جوان پێکەکانی هەڵدەدا! قوومــی گچکە، بــەڵام زوو زوو دەیخواردەوە، جگەرە و عەرەق لەو دەوەشــایەوە! بەیەکەوە چووینە مەخموور، تا نیوەڕۆ ئیشمانکرد، کە گەڕاینەوە تا نزیک کەندێناوە و کەنداڵ لاوکی بۆ گوتم، دەنگی خــۆش بــوو! درود بــۆ گیانــت «یۆخنا زیــا گۆرگیــس»، لەمێژە زانیومــە لــە دهــۆک کۆچی دوایی کــردووە! یۆخنا، لە ئیشــکردن مانــدوو نەدەبوو. زوو دەیزانی، پیوانەکانی کرێکارەکان دەیانهێنایە سەر تەختەکە راستە، یان هەڵەیە.

لــە ئیشــەکەی بــەزەوق و زیــرەک بــوو. زۆر بەئاســایی دووبــارە بەســەر خاڵــی پیوانەکان، دادەڕۆیشــتەوە. ئەگــەر دوو خاڵ، دوو سەرەگۆشــەی کارەکەمــان، پیوانەکەمــان، وەڵامــی نەدەدایــەوە، خــۆی بۆ دۆزینــەوەی هەڵــە و پیوانەکە پەرۆش ئیشــی دەکرد و دەیدۆزیەوە، هەرگیزیش تووڕە نەدەبوو.

## ناوکوخانی مەسیف

یەکەم مەســح و ئیشــکردن لەســەر تەختە و پیوانی راستەقینەییم وەک مەســاح، لەگــەڵ یۆخنــا بــوو. ئێمــە بەیەکــەوە بەرەســمی ئیفادبووین بۆ پیوانی گەڕەکی کوخەکانی ناو مەسیف سەلاحەدین! مەســیف نەخشــەی بنەڕەتی نەبوو. دەبوایە نەخشــەیەکی بۆ ساز بکەن، ئــەوەش پیوانێکی وردی دەویســت. بەتایبەتی کوخەکانی، چونکە خانوو و کۆڵان و گەڕەکەکەی، ببووە راستییەک و هەڵگرتنی ئاسان نەبوو.

ناوکوخان تەواوی شــاری مەســیف بوو. دانیشــتوانی شارەکە لەو گەڕەکە بوون. کوخان، واتە شــاری مەســیف، پیرمام، ســەربەن.

زووتر بەپێی نەخشــە و ناســین، شــارەکە هاوینەهەوار بوو. چەند کابینــە و خانــوو و گازینــو و هوتێــل و خانووی گەشــتیاری بوو. بــۆ ئەوانــەش، پۆلیــس و قوتابخانــە و خانــووی فەرمانبــەران و دائیرەی کشــتوکاڵ و کەشناســی تێدا دانرابوو. لەســەر شــەقامە ســەرەکییەکەش مزگەوتێــک و دوو ســێ دووکان و کەبابخانەیەک و دوو بارپیشــی هەبوو. ئەوەی تری و لەپشــت ئەوانە، بە تەجاوز و ســوودوەرگرتن، لە دۆخە سیاســییەکانی پاش شۆڕشی ١٩٥٨ و شۆڕشــی ئەیلول و یازدەی ئازار و شۆڕشــی نوێ و گەشەســەندنی هــەوارە گەشــتیارییەکانی نــاو ســەری رەش، خانــووی زۆر لەناو مەسیف بە تەجاوز دروست دەکرێت.

خانــووەکان، بەرەمەکــی و دوور لــە بنەماکانی نەخشەســازی، بە کۆڵانــی تەســک و نەبوونــی کەرتی خزمەتگــوزاری پەیــدا دەبن. بۆیــە هەموولایــەک، دەزگا حکومییــەکان دەیانویســت چارەیــەک بــۆ ناشــیرینی و پیســی و ناڕێکی نــاو کوخانی مەســیف دابنێن. پێویستیان بە پیوان و نەخشەی مەیدانی خانووەکان، بە رووبەر و کۆڵان و ســەربان و رووبەند و حەوشەکانیشیان هەبوو.

بــۆ ئەو کارە، ئەمانە عامە کارەکەی بە یۆخنا ســپاردبوو. ئەویش منــی داواکردبــوو وەک گەنجێکی تازە دەرچوو هاوشــانی بم. ئەو منی خۆشدەویســت، ویســتبووی لە ئیفادەکەش ســوود ببینم. لە ئیشــەکەش فێربــم. چونکــە زۆرتر ئــەو بیری لە گواســتنەوەی بۆ دهــۆک دەکرد. دەیویســت بچێتەوە ناو مــاڵ و منداڵەکانی، بەڵام زۆر حەزیشــی نەدەکرد. دەستیشی لە قازانج و دەسکەوتەکانی ناو هەولێریــش بەرنەدەبوو. بەڵام کە داوای دەکرد دەیانگوت:

کــەس نییە جێگات بگرێتــەوە. دووریش نییە منی بۆ ئەوە دەبرد، تا منیان بەبیربێنێتەوە و رەزامەندی گواســتنەوەکەی بکەن. بەڵام

ئەو زۆر مایەوە.
کە مەساح و دەرچووانی ئامۆژگەکانی ناو عێراق، ژمارەیان زۆر بوو، مەساحی زۆر دەردەچوون. شوێن و پیشەکەش خێریشی کەم ببوو، بۆیە ئەو بەئاسانی دەگوازێتەوە و دەچێتەوە دهۆک!

***

لە شارەوانی مەسیف دوو کرێکاریان، بۆ هەڵگرتنی تەختە و راکێشانی فیتەکە بۆمان دانابوو. بوونی ئەوان بۆ ئێمە باش بوو، وەڵامی خەڵکەکەیان دەدایەوە. دەرگایماڵەکانیان دەکردەوە. ئەوان ناسیار بوون، دەچوونە ژوورەوە و ئاوی ساردیشیان بۆمان دەهێنا! هەندێجار ئەگەر کرێکارەکان دوور دەبوون، یان درەنگ دەگەیشتن، یۆخنا خۆی تەختەکەی هەڵدەگرت. بۆیە منیش لەوە راهاتم، ئاساییە تەختەکەی بۆ بگوازمەوە سەر خاڵێکی نوێ، سەرە کۆڵانێکی نوێ، یان سەربانێکی نەویش.
ئێمە رۆژانە بەیانییان سەعات نۆ و زووتریش لەوێ دەبووین! کۆڵان بە کۆڵان، سەربان بە سەربان، خانووەکانی بە دەست و بەرد و قوور و خەم و نەبوونی لەسەر یەک کەلەکە کرابوون دەپیوا و لەسەر کارتۆنە تایبەتییەکە، سەبر سەبر دەبوونە کۆڵان و گەڕەک، بەڵام بە قەڵەمی رەساس! ناوکوخان شارێکی گەورە بوو، گەڕەکێکی گەورە بوو، بەڵام دوور بوو لە هەموو مەرجەکانی ژیان و مانەوە و پاکوخاوێنی و بۆشایی و ئاوبەڕێکردن. خانووەکان بە بەرد و قوور بوون. خانووی وا چۆن بەرگەی تەمەن و زستان و بەفریش دەگرێت؟
چۆن کاریتە ئەوەندە بەرگەی باران دەگرێت؟ چۆن رووی لەبەردەم خانووە گەشتیارییەکانی ناو شارەکە هەڵدێت!؟ شار نەبوو، گوندێکی خۆشناوەتی گەورە بوو! ماڵەکان، خێزانەکان، پیاوەکانیان لە

**ده‌زگاكانی مه‌سیف و سه‌ری ره‌ش كرێكار و باخچه‌چی و پاسه‌وان بــوون. دڵیان بــه‌و پێوانه خۆش بــوو. وایانده‌زانــی ئیتر ده‌توانن مۆڵه‌تــی چاككردنه‌وه و نۆژه‌نكردنــه‌وه وه‌ربگرن، خانووه‌كانیان بۆ تاپۆ ده‌كرێن، ده‌توانن كڕین و فرۆشــتنیان پێ بكه‌ن.**

**خانووه‌كانی ئه‌و گه‌ڕه‌كه، رزیو و ته‌پیو و زۆریش شڕ بوون. به‌ڵام خۆشــناوه‌كان، هاوڵاتیانــی ئه‌و گه‌ڕه‌كــه، داری هه‌نجیر و هه‌نار و گوێــز و مورتــك و گوڵزاریــان له حه‌وشــه گچكــه و گه‌وره‌كانیان چاندبوو. سێبه‌ر و هێڵانه و جۆلانه‌یان هه‌بوو! زۆر له خانووه شڕه لاره‌كان، له‌به‌ر ســێبه‌ر و باوه‌شی لقی داره‌كان دیار نه‌بوون.**

**رۆژانــه ژنه‌كان، پیاوه‌كان چاوه‌ڕوانــی گه‌ڕانه‌وه‌ی ئێمه‌یان ده‌كرد. تــا بپرســن ئــه‌و پیوانه بۆ چییــه. حكومه‌ت چییمــان لێ ده‌كات. بــه‌ڵام ســه‌ره‌تا نه‌ده‌وێــران بڵێن چی مــاوه! ئه‌وه‌نده‌مان به‌ســه! هه‌ڵمانده‌گرن، كه‌پر و كوخه‌كانمان هه‌ڵده‌گرن، ده‌ســووتێنن، به‌ڵام دوایی شه‌رمیان ده‌شكێت، ناترسن ده‌پرسن!**

**منیش له‌جیاتی هاوڕێییه‌كه‌م، كه زۆر كه‌م به زمانی كوردی قســه‌ی ده‌كــرد. ئــه‌و به‌س به كــوردی لاوكی ده‌گوت، ســترانی به كوردی ده‌زانی! من وه‌ڵامم ده‌دانه‌وه، مه‌ترســن، نه‌خشــه‌تان بۆ داده‌نێن، كۆڵانه‌كان گــه‌وره ده‌كه‌ین، تا ئۆتۆمبێل و پیكاب بێته كۆڵانه‌كان. تراكتۆر بۆ كۆكردنــه‌وه‌ی زه‌بڵه‌كانتان بێته پێش ده‌رگاتان. ئه‌گه‌ر ســه‌لاجه‌یه‌كتان كــڕی، ئه‌گه‌ر بــووك و زاوایه‌ك، خێزانێك له‌ســه‌ر داوای بووكێكیان، یان كچێكیان ته‌باخێكی عه‌شــتارت كڕی. ئه‌گه‌ر ده‌رگایه‌كــی ئاســن بكــڕن، چۆن ده‌یبه‌نــه‌وه؟ بــا كۆڵانه‌كانی ئه‌و گه‌ڕه‌كه، به‌رخانووه‌كانتان به‌رین بكه‌ن!**

**لــه پیوانه‌كه‌ی ناوكوخانی مه‌ســیف ســه‌لاحه‌دین، زانیم و فێربووم پیــوان بۆ چییه. نه‌خشــه‌ی شــار چی ده‌ویت، نه‌خشه‌ســازییه‌كان**

سەرەتا بە پیوانی مەساح دەستپێدەکات! زانیم پارەمان بۆ سەرف دەکـەن، بـەڵام باش مانـدوو دەبووین، ئیشـەکە زۆرە، پیوانەکان تەواو نابن، هەموو دیوار و سـەربان و گۆشـە و پێچێک پیوانێکی تایبەتی بە فیتە دەویسـت! هەموو پیوانەکان بەزەحمەتی دەهاتنە بەرهەم، دەبوونە خەت و نەخشـە و چوارچێوە!

***

ئیتر بە ئیشـکردنم لە مەسـیف، ئیشـکردن و وردکاری و هونەری پیـوان و مەسـیف و خەڵـک و کرێکارەکانـی هاوکارمـان بـوو، خۆشویسـت. لەو کارە هاوڕێم یۆخنا زیا گۆرگیسـم خۆشویسـت. فێربـووم، چـۆن ببمە بـرا گەورە و مامۆسـتای خەڵکی تر و نەرم و لەسـەرخۆ بم! چۆن مەسـتەرە و قەڵەم ڕەساسـی نووک تیژ و لاسـتیک سـڕینەوە بەکاربهێنم. تووڕە بم، ئەگەر یەکێک تەختەکە بجووڵێنێت. ئەگەر جووڵانەکە بە باڵی مێشێکیش بوایە، چونکە جووڵەی تەختە بەسـتراوەکە، هەمـوو پیوانەکان دەرناچن و هەڵە دەبـن، دەبێ تـەواوی پیوانەکە، هەموو کارەکـەی ڕۆژەکە کرابوو، دووبارە بکرێتەوە.

لـە یۆخنـا تێگەیشـتم پیاوێکی عاشـق، چـۆن لاوک بە سـووتان و عیشـقەوە دەڵێـت. زانیـم، بـۆ ئـەو شـیرین و پیـرۆز، عەرەق دەخواتەوە. گۆڕت پڕ نوور.

دوایـی لەسـەر ماندووبوون و ئیشـەکەی ئێمە. نەخشەسـازییەکی گونجاو بۆ گەڕەکێکی مەسـیف دانرا! ئەوانیش دەسـت دەکەن، بە نۆژەنکردنەوە و کڕین و فرۆشـتنی خانووەکانیان.

## دێرە حەریر

**فەرمانبەرانی ئەو زەمانە چەند بەستەزمان و تێکۆشەریش بوون. چەند ماندوو و بەتوانا و ئازاش بوون! بەو موچە کەمە، شاناز و سەرپشک بوون. لە داخوازی ژن و ئۆتۆمبێل کڕین و خانوو دروستکردنیش بەختیار بوون. ئەوان، ساڵ دوازدەی مانگ، هاوین و زستان بەیەک قات و بۆینباخ دەوامیان دەکرد.**

**پێڵاویان دوو سێ جاریش پینە دەکرد. ئەو پێڵاوانەیان هەر بەنوێیەتی، بۆ خۆراگری ژێرەوەیان بزمارێژ دەکرد. ئەوانەی خانووی نوێیان دەکرد، دوو سێ ساڵ لە گەڕەکە نوێیەکان بۆ دەرچوون و گەڕانەوەی خۆیان و منداڵەکانیان دەبوایە، چەندین ساڵ قووڕ و چڵپاو بشێلن. بەخۆرایی ناویان لە گەڕەکێکی ئەو شارە نەنابوو «پۆتیناوە»، واتە خەڵکەکە لەبەر قووڕ و چڵپاو، بەردەوام بە پۆتین هاتوچۆیان کردووە!**

**سێ مانگ بەردەوام، ڕۆژانە من لە گەڕەکی سەیداوە. بەپێیان دەچوومە پێش پارێزگا و ناو شار. لەوێ سواری پاسەکەی حەریر دەبووم. زوو سەعات حەوتی بەیانی سوار دەبووم. زووش لەماڵەوە نان و چا و ماستێکم خواردبوو. سواری پاسە شڕە درێژەکە دەبووم. سەعات نۆی بەیانی، پاسەکە لە چەند وێستگەیەک، لە مەلا ئۆمەر و بەستۆرە و مەسیف و شەقڵاوە دەوەستا، بە لارلار سەردەکەوت و دەگەیشتە بەردەم ناحیەی حەریر.**

**لەوێ تەختە و فیتە و کارتۆنەکانمان هەڵدەگرت، دەچووینە ناو دێرە حەریر. ماوەیەک لەوێ و دوایی ناو باخچەکان، سەر کانییەکە، ناو بازاڕەکەی، کە بریتی بوو لە چەند دووکانێکی شڕ و کەپر و سابات! پیوانمان دەکرد، تا سەعات دوازدە و نیو، یان**

تا سـەعات یەک ئیشـمان دەکرد. دروسـت دووبارە سـواری پاسە شڕە کۆنەکە دەبووینەوە، بێ ئەوەی هیچ بخۆین. پشووێک بدەین. دەموچاو و قاچمان بشـۆرین، بچینە تەواڵێت دەگەڕاینەوە.

دووبارە بەو ڕێگایە سـەختە، بەسـەر ئەو هەموو تاسە و هەوراز و سـەیتەرە و راوەسـتان و سـتۆپی زۆرەوە، دەگەیشتینەوە بەردەم پارێزگا. ئینجا لەوێ، بە سـکی برسی، ماندوو و ئارەقەی زۆرەوە، من دەچوومەوە سـەیداوە. سـاوەر بەتەماتە، یان نیسـک و شلەی باینجانێکـم، بە دوو نانی تیری و پیاز دەخوارد!

ئێوارەکەی، بۆ دیداری برادەران، بۆ هەناسەیەکی ناو شار. دووبارە دەهاتمـەوە بـن قەڵات. بـەردەم کتێبفرۆشـەکان، چاخانەیەک، تا ئێوارەیەکـی درەنـگ دەمامـەوە. دیسـان بەپێیـان دەگەڕامـەوە ماڵەوە، لە بەستەکەی سەیداوەش دەپەڕیمەوە و بەیانیش دووبارە دەچوومەوە ناحیەی حەریر!

هەمووش بۆ ئەوە بوو، ڕۆژانە ئیفاد دەبووم، سێ دینارم لەسەرووی موچەکەمـە بـۆ ئەژمـار دەکـرا! پارەکەشـمان، لەسـەر بودجەی شـارەوانییەکەی ئیشـمان تێدا دەکرد وەردەگـرت. ئەوەش بڕیاری ئەنجومەنی شـارەوانییەکەی دەویست، ئەگەر قەزا بوایە.

ژیـان و ئیشـکردن زەحمەت بوو، یان مـرۆڤ ئازاتر بوو! یان تازە لەناو ئەشکەوت و بەردەڵانەکان، هاتبوونە ناو شار و ئاوەدانییەکان، بەرگـەی هەمـوو ئـازار و تێکوشـانێکمان دەگـرت! ئەوەمان باش دەزانـی، ژیـان و خۆپێگەیاندن، بە قوناخ و پایە بە پایە، شـیرین و شەریفانەیە.

## بەعسییەکان

لەورۆژانــەی مەســحی حەریرمان دەکرد، هێشــتا مــن نەمدەتوانی بەتەنیــا ئیــش بکەم. بەتەنیا نەبــووم. منیان لەگەڵ مەســاحێکی عەرەبی موســڵاوی ناردبوو. ئەو مەســاحی عەنکاوە بوو. موسڵاوی بوو، خەڵکی عەنکاوەی، بە هەڵسوکەوت و چاوچنۆکی و حزبایەتی باش گوشیبوو. بەخۆڕایی ئیشی بۆیان نەدەکرد. پیاوەکە بەعسیش بوو، نەدەوێران قســەی لەگەڵ بکــەن. ئەویش بە ئارەزووی خۆی، نەخشــەی خانــووی قبــوڵ دەکرد، خــۆی رەنگرێــژی خانووەکانی دەکرد. بە دەســتەخەتە شڕەکەشی نەخشەی پێ دەفرۆشتن!

بەڕێوەبەرەکەمــان باش دەرەقەتی هاتبوو. ئیفادی ســێ مانگی بۆ پیوانــی حەریــر بۆ دەرکردبوو. بەوەش لە شــوێنی خۆی دابڕابوو، نەدەکرا ئیشی ناو شارەوانی عەنکاوە بکات! بەڵام ئەو ئیفادەکەشی پــێ ناخــۆش نەبوو. بەڵام ئیشــکردنی لەگەڵ مــن و لە حەریر پێ ناخــۆش بوو. دەترســا، رۆژانە هاتوچۆکەی بــەدڵ نەبوو. نەدەکرا شــەویش وەک بەعســییەکی عەرەب، لەناو حەریر بمینێتەوە. بۆیە مورتــاح نەبوو. لەوەش دیار بــوو کە من جارێکیان خۆم لێ تووڕە کــرد. دوو کرێــکارە گەنجــە لاوازەکەی ئیشــیان لەگەڵمان دەکرد، گوتیــان کاک شــێرزاد لێــی بدەین! منیش لە ترســی خــۆم، گوتم نەخێــر هیچ نەبوو، ئێوە عەرەبی نازانن، نازانن ئەو چی گوت!

ئەوان گوتیان راستە زمانی عەرەبی نازانین، بەڵام تێگەیشتین تۆی زۆر تــووڕە کرد، تۆش بەتووڕەیی وەڵامت دایەوە!

هــەردوو کرێکارەکە، لە تەختە دارەکەی مەســاحەکە نزیکبوونەوە، چاویان سوورکردەوە. ئەویش دەیزانی مەبەستیان چییە، تێگەیشت مــن چۆن وەڵامم دەدایەوە، بۆیە بێدەنگ، رووی شــیرین دەکات و

**پێیان دەڵێت:**

**برایان هیچ نییە!**

**دیــارە منیش دڵنیام کردنەوە هیچ نەبووە!**

**ئەو لەگەرمەی ئیشــکردن، لەبەر هەتاوە گەرمەکە، خوێنی عروبەی هەڵسابوو، لە من دەپرسێت:**

**کاکە شــێرزاد تۆ کە لە بەغدا بوویت، لە ئامۆژگەیەک بوویت ناوی مەعهــەد بەعــس بوو. بێگومــان تۆش ئەندامی حــزب، یان ئیتحاد ئەلوەتەنی قوتابیان بوویت. دەتوانیت بلانکێتی گواســتنەوەت داوا بکەیــت و پەیوەندی بە من بکەیتەوە!**

**نەخێــر حزبی نەبــووم و نابمە حزبیش! قبووڵیــش ناکەم جارێکی تریــش ئەوەم لەگەڵ دووبارە بکەیتەوە! «من وەڵامی دەدەمەوە».**

**دیــارە ئەویــش زوو و بە دیتنی دوو کرێکارەکــە. چیایە بەرزەکەی بەنــی حەریــری بەرامبەرمان، باخچەکانی دەوری شــارەکە و چڕی رەزەکانــی باتاس، دەترســێت. بۆیە بێدەنــگ دەبێت، تا تەواویش بووین، ئیشی تریشمان بەیەکەوە کرد، جارێکی تر «وەعد جاسم» ئەوەی دووبارە نەکردەوە.**

*******

**نەک من نەبوومە بەعســی و هەڕەشەشــم لەو مەساحە بەعسییەش کــرد. کەس لە شــارەوانی بەعســیایەتی نەدەکرد. کــەس ئەندامی حزب نەبوو. ئەگەرچی چەندین جار پلەداری حزبییان دەگواستەوە ناو شارەوانی و ئیشی باڵایان دەبوو. بەڵام داوایان لە فەرمانبەران نەدەکرد ببنە بەعســی! هەر لە شارەوانیش، ماوەیەک بەعسییەکی پایــەداری یەکێــک لــە فرقەکانی حزبیــان، کردبــووە بەڕێوەبەری خۆیەتــی، ئەو رۆژانە بە پیکابە ســپییەکەی شــارەوانی هاتوچۆی دەکرد، بەیانییان کەمێک دەوامی دەکرد و زووش دەڕۆیشــت.**

ماوه‌ماوه‌ش ون ده‌بوو، ده‌وامی نه‌ده‌کرد. که‌سیش لێی نه‌ده‌پرسی، ئه‌ویش پرسی به که‌س نه‌ده‌کرد که نه‌ده‌هات. پیاوێک بوو که‌مدوو، له‌ناو دائیره نه‌ده‌گه‌ڕا، قسه‌ی له‌گه‌ڵ که‌س نه‌ده‌کرد. هه‌موو داوایه‌کی بۆ سه‌رۆک شاره‌وانی به‌رزده‌کرده‌وه، له رۆژانی گرتنی فه‌رمانبه‌ران بۆ جه‌یشی شه‌عبی تێکه‌ڵ نه‌ده‌بوو. له‌کاتی گرتن و بردنی یه‌کێکیش قسه‌ی تێدا نه‌ده‌کرد!

به‌یانییه‌کی له چوارڕیانه‌که‌ی کوران ئه‌لبان ته‌قه‌یان لێکرد و کوشتیان! دوایی گوتیان ئه‌و پیاوه، زۆرتر کاروباری ئیستخباراتی ده‌کرد. که‌متر ئیشی حزبی ده‌کرد. پاش ئه‌وه‌ی شاره‌وانییان ئاگادارکردنه‌وه، که ره‌فیق «زیدان خلف» کوژراوه، دوو سێ کرێکار و شوفێری گه‌راج، چوون پیکابه‌که‌یان به راکێشان برده‌وه ناو گه‌راجی شاره‌وانی!

***

دوای ئه‌و. ئه‌و جاره یه‌کێکی تر به گواستنه‌وه هاته شاره‌وانی. ئه‌ویش پله‌دارێکی حزبی بوو. به‌ڵام خۆی ده‌یگوت، من لێدراوم. په‌یوه‌ندییم نه‌ماوه، ماستاوچی نییم و قسه له‌رووم و جێگام نابێته‌وه.

بۆیه، منیان فڕێداوه‌ته هه‌ولێر و ئه‌و شوێنه. ئه‌گه‌رنا من زووتر قائیمقام بووم. یاسام ته‌واو کردووه. چه‌ندین پۆستی باڵام له‌ناو حزبدا هه‌بووه! به‌ڵام ده‌یانگوت مورزی «مر×ی» راسته قائیمقام بووه، له قه‌زاکانی ناوه‌ڕاست، حزبیش بووه. به‌ڵام، پیاوێکی عاقڵ نه‌بووه، سه‌رشێت. رۆژێکیان به ده‌مانچه‌که‌ی قه‌دی، گوێدرێژێکی له‌ناو شه‌قام، له‌به‌رده‌م خه‌ڵکه‌که کوشتووه. گوتوویه‌تی رێگای سوپه‌ره‌که‌م به‌رنادات.

شانسی فه‌رمانبه‌رانی شاره‌وانی له هه‌ڕه‌شه و چاوسوورکردنه‌وه‌ی

بەعسییەکان باش بوو. هەرگیز بەعسییەکی توندڕەو و چالاک، نەهاتبووە شارەوانی و فەرمانبەر و کرێکارەکان ڕاپێچ بکات، دەرگایان لەسەر دابخات، هەڕەشەی بوونە بەعسییان لێ بکات!

ماوەیەک ڕەفیقێکی ناشیرین، قەڵەو، دەمشڕ، بەجووڵە، نەوسن، پیس و چڵکن. ئەو خەڵکی گوندەکانی سەرووی حەویجە و ئەو ناوە بوو. باش لە زمانی کوردیش تێدەگەیشت، دەست و زمان و ڕەوشتی پیس بوو. بەڵام، چاوچنۆک و چڵێس بوو. دێتە شارەوانی. ئەو هەموو شتەکان، داواکانی بەیەک خواردن تەواو دەبوو. بە دەعوتێکی عەرەقخواردنەوە، دوو شیش کەباب حیز دەبوو. بە دە دینار هەموو ئیشێکی بۆ دەکردی. لەلای بەڕێوەبەر و بەرپرسەکانی خۆشی قسەی باش نەدەڕۆیشت، کەسمان ترسمان لە ڕەفیق «تاریق عاشور» نەبوو. لە سەرەتاکانی ڕاپەڕین زوو ون دەبێت، بەڵام پاش ڕووداوەکانی ٣١ ئابی جارێکی تر، کەساس و ڕەزیل و نەخۆش بینیم. زوو دەستی پانکردەوە، داوای پێنج دیناری لێکردم! منیش هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە، گوتم ئەو زەمانە ڕۆیشت! پارە نەما! جەیش شەعبی نەما.

کوڕێکی خۆمانیش هەبوو، کەمێک دەشەلی، خەڵکی شارۆچکەکانی سەرەوە بوو. بەعسی و ڕەفیقیش بوو. لەبەر ئەوەی کەمئەندام بوو، کەمترە دەچووە جیش شەعبی، زۆریش دەستی لە کاروباری شارەوانی و حزبایەتی وەرنەدەدا. ئەوەندەی هەبوو، بەردەوام فایلی خەڵکی لەدەست بوو، بە پارە کاروباری خەڵکی رادەپەڕاند و ئازاری کەسیشی نەدەدا. بەڵام بە پلە ڕەفیق بوو.

## دوو میسرییه‌که‌

لــه‌ شــاره‌وانییه‌کان، بــه‌وه‌ش راگه‌یشــتم فه‌رمانبــه‌ری میســری ببینین. دوو که‌ســی میســریان بۆمان ناردبــوو. هه‌ردووکیان گوایه‌ نه‌خشه‌سازن. به‌ڵام، بۆمان ده‌رکه‌وت هه‌ردووکیان هه‌رگیز ده‌ستیان بــه‌ قه‌ڵه‌می رۆترینگی ره‌ســم نه‌که‌وتبــوو! حکومه‌تی به‌عس، وه‌ک هاندانــی عه‌ره‌بی میســری ئه‌وانه‌یان داده‌مه‌زرانــد. یه‌کێکیان پیاو بــوو، ئیســلامێکی توندڕه‌و بوو، دوایی ژنه‌که‌شــی هــات و ئه‌ویش دامه‌زرا، ئه‌و بووه‌ یه‌که‌م ژن به‌ حیجاب و جوبه‌ی درێژه‌وه‌ بێته‌ ناو دائیره‌که‌مــان. ژنێک بوو، بالای وه‌ک دارخورما درێژ بوو. شــیرین و به‌لوتف بوو.

دووه‌م که‌ســی میســریش، ژنێکــی مه‌ســیحی بــوو. دیــاره‌ ئێمــه‌ وامانده‌زانــی مه‌ســیحی به‌س لــه‌ عه‌نکاوه‌ و شــه‌قڵاوه‌ و هه‌رمۆته‌ هه‌یه‌!

هه‌ردووکیان که‌ســانی به‌ســته‌زمان و پاک بوون. براده‌رمان بوون. بــه‌ڵام هیــچ خزمه‌تی دائیره‌که‌یان نه‌ده‌کــرد. پیاوه‌که‌ی زۆر حه‌زی لــه‌ چاخواردنــه‌وه‌ بــوو. به‌رده‌وام چــای گه‌رمی هه‌بــوو. ژنه‌که‌ش نه‌وســن بوو، زوو زوو دوو ســێ کولیچه‌ و شــیرینه‌مه‌نی له‌ جانتا گه‌وره‌کــه‌ی ده‌رده‌هێنــا. هه‌ردووکیان قســه‌یان بۆمــان ده‌کرد، بۆ میسر ده‌سووتان و ده‌نوزانه‌وه‌، به‌ڵام موچه‌که‌یان به‌ دۆلار زۆر بوو، بۆیه‌ رازی بوون. هه‌ردووکیان ده‌وڵه‌تی عێراقیان خۆشنده‌ویســت. پیاوه‌کــه‌، له‌به‌ر عیلمانیه‌تی یاســا و خه‌ڵکه‌که‌ بــوو که‌ حکومه‌تی به‌عســی عێراقی نه‌ده‌ویســت. ره‌نگه‌ ئێســتا ئه‌و له‌ میســر یه‌کێک بێت له‌ ســه‌رکرده‌کانی حزبه‌ ئیســلامییه‌کانی ناو قاهیره‌. ژنه‌که‌ش لــه‌ رقی مێرده‌ دکتۆره‌که‌ی، که‌ ره‌گه‌زنامه‌ی عێراقی قبووڵکردبوو،

کــە زۆری پێ ناخۆش بــوو. مێردەکەی ببــووە عێراقی، بەڵام ئەو قبووڵــی نەبوو، بە رەگەزنامە ببێتە عێراقی.

## بوومە ٢٨ی ئەسلی

پــاش تەواوبوونــی یــەک ســاڵ لــە خزمەتــی دائیرەکــەم. شــێخ بەڕێوەبــەری خۆیەتــی. پیاوەکــەی بەردەوام ســاقۆیەکی گەورەی رەشــی لەبــەردا بــوو. ئەو لــە شــێخەکانی گونــدی هەڵەجە بوو. پێنەدەکەنــی، ســەردانی هیچ ژوورێکی نەدەکــرد. حەزی نەدەکرد کەســیش بچێتە ژوورەکەی. کەســیش بۆی نەبوو سەیری دۆسیەی کەســایەتی خۆی بکات. پیاوێکی راســت و زیــرەک و بەتوانا بوو. رۆژێکیــان بانگــی کردم، بلانکێتــی چەســپاندنم وەک فەرمانبەر و زیادبوونــی موچەکــەم لە ٢٤ دینار بۆ ٢٨ دینــاری پێ ئیمزاکردم! ئیتــر بەو بۆنەیە، دەعوەتێکی ســادەم کــردووە، بەڵام نازانم چۆن بــووە. ئێمە دوو ســێ هەفتە جارێــک ئێــواران دەچووینە هوتێلی هەورامانــی بەرامبەرمان. لەوێ زۆر کۆششــمان کــرد برادەرێکمان یەکەم بیرە بخواتەوە. بێگومان، ئێستا جورئەتی ئەوە ناکەم ناوی ببــەم، چونکە زۆر بەتوندی لایەنی ئاینــی گرتووە. بیرەیەکمان بۆ بانگکرد، بەمەرجێک بە ئاو بیخواتەوە، قبووڵمان کرد. دەمانویست فێــری بکەیــن! ئیتر لە بیرەی بە ئاوەوە، فێــر بوو. کە دەچووینە مەســیف و ســەری رەش، شــەوانە نیــو کارتۆن بیــرەی هۆلەندی دەخواردەوە. کە لە ســوپەرمارکێتەکەی ســەری رەش دەمانکڕی، بیــرەی زۆر هەرزان و باش و بەتامیش بوو!

# ئۆردوگاکان

حکومەت بۆ بەربەست و ڕێگاگرتن، بە چالاکییەکانی شۆڕشی نوێ. بۆ دابڕینی پێشمەرگەکان، گوندەکانی سەر سنوور خاپوور دەکەن. ڕەزەکان دەسووتێنن. کانییەکان دەتەقێنەوە. گوندنشینەکانیش دەگوازنەوە. چەند ئۆردوگایەکی نزیک شارەکان. لەوانە گۆڕەتوو، دیانا، حەریر، مەلا ئۆمەر و کەسنەزان و شوێنی تر ئاوادەکەنەوە. لیژنەی سەرپەرشتیاری ئۆردوگاکانی سەر بە پارێزگا، خۆیان بۆ راپەڕاندنی دروستکردنی سەفەری و خێرای خانووەکان دادەمەزرێنن. نەخشەکان ساز دەکەن و شەقامەکان دەبڕن، شوێنە گشتییەکانیش دیار دەکەن. خانووەکان، بە بەرد و قسڵ بوو. سەری بە دار و کاریتە و حەسیر دەگرن. خانووەکان حەوشەیان نەبوو، ئاو و کارەبایان بۆ رانەکێشرابوو. ئێمە بەپەلە، وەک تیمی شارەوانی بۆ هەڵگرتنەوە و وێناکردنی دروستکراوەکان دەنێرن.

من و ئیسماعیل حاجی عەلی، بەیەک ڕۆژ هەموو ئۆردوگاکانمان بەسەرکردەوە، نەخشەکانمان وەک خۆی دانا، بۆ ئەمانەی عامەی شارەوانیمان نارد! ئەوە جاری یەکەم بوو، وەک مەساح بچمە ئۆردوگاکانی پێش ساڵی ١٩٨٠ دروستکرابوون. جاری دووەم، پاش شەش حەوت مانگێک، لەگەڵ تیمێکی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی بەغدا، دەستەی گەشەپێدانی مرۆیی و شارستانی، بریتی بوون لە دوو ئەندازیاری پسپۆر لە نەخشەسازی و گەشەپێدانی مرۆیی. ئەوانە هاتبوون بیرۆکەی بوژانەوە و شوێن و چۆنیەتی نەخشەسازی لەناو ئۆردوگاکان بکەن.

کە چوومەوە بینیم ئۆردوگاکان. خەڵکەکە خۆیان شوورەیان کردووە. کارەبایان راکێشاوە. دەستیان بە سەربان و دیوار و

ژوورەکانیـــان داهێناوە. ئـــەوەی زۆر باڵکێش بوو، داریان چاندبوو. مریشـــک و قـــاز و گاوگوڵکیـــان هەبـــوو. منداڵەکانیـــان دەچوونـــە قوتابخانە. ژنەکانیان دەچوونە بنکەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری! پیاوەکانیـــش زۆریان، ئەوانەی ســـەرباز نەبوون، لە دائیرەی زراعە و شـــارەوانی و ئەوقـــاف و خەســـتەخانەکان، بـــە موچـــەی کەم و مەبەستی خافلاّندنیان، دامەزرابوون.

## کیژە کوردە بەغدایيەکە

هاوســـەرگیریم نەکردبوو، هیچ کیژێـــک لەناو خەیاڵما نەبوو. نامەی دڵدارییم بۆ هیچ کیژێک نەنووسیبوو. قسەم بەناوی مێبازی لەگەڵ هیـــچ مێنیەک نەکردبوو. بەڵام پەرۆش بووم، دۆســـتێک برادەرێک، دڵدارێک بدۆزمەوە. بەڵام ئەوەی راســـتی بێت، کۆششم بۆ ئەوەش نەدەکـــرد، چونکە دەمزانی دۆخی ماڵ و خێزانەکەم، خانووە کۆنە قوورەکەمـــان، باوکـــە ماندووەکـــەم، خێزانە گەورەکەمـــان، هەموو فاکتـــەر بـــوون، بیر لـــەوە نەکەمـــەوە، ئیش بکـــەم و کەمێک پارە پەیدا بکەم. موچە وەربگرم و کتێب بکڕم. کاســـێتی گۆرانی بکڕم. ســـەردانی شـــارو شـــارۆچکەکان بکەم. لەودەمانە زۆرتـــر خەریکی کتێب و سەیران و خوێندنەوە بووم. جاروباریش باسی سیاسەتیشم دەکرد، بەڵام بڕیارم دابوو، بە ئیشـــکردن و رێکخستن تێکەڵ نەبم. ساڵێک بەسەر دامەزراندنم تێپەڕی نەکردبوو. هاوینەکەی دوو سێ قوتابـــی بەشـــی رووپێوی و نەخشەســـازی ئامۆژگەکـــەی خۆم، بۆ پراکتیـــک هاتنە دائیرەکەمان. هۆبەکەی ئێمە، بلانکێت وەرگرتنیان بە من سپارد. یەکێک لەوانە، کچێکی کوردی بەغدا بوو. بەڵام خزم و کەســـوکاری لە هەولێر و کۆیە بوون. دیار بوو باوکی پۆســـتێکی

وەزیفـی باڵای لـە بەغدا هەبوو. کیژەکە، بـە جلوبەرگ و مکیاژ و هەڵسوکەوتی بە کیژە دەوڵەمەندێک دەچوو!
ڕۆژانـە جلی نوێی نازدار لەبەر دەکرد. بەڵام هەموو قەمیسـەکانی بەری تەسـک بوون، سـەرووی سـینگی کراوە بوون. تەنوورەکانی لەبەری دەکردن، کورت و نەرم و بەشـەوق بوون! چاوڕەش، کوڵم تەڕ و لێو ئەسـتوور. بەڵام خوێن شـیرین، نەرم و ناسک، بەرێز و ئـاوەدان. کەمێک لە چاوەکانی ناز و شـەرمیان دەنواند! کیژەکە، بەیانییـان کەمێـک درەنـگ دەهات، بۆیـە نەمدەزانی چـۆن دێتە دەوام. مـن زۆرتـر دەردەچـووم و نەمدەزانی چـۆن دەگەڕێتەوە، بەرەو کام گەڕەک و شـەقامی شـارەکە دەڕوات. بـەڵام دەمزانی، وەک کۆتر دەهاتەوە ناو هێڵانەکە.
ژووره شـڕەکەمان، سێ مێزی کۆن و کەرەوێتە و دوو سێ کورسی کـۆن و سـەدان نەخشـە و فایـل و جیهازێـک بۆ کۆپی نەخشـە ترێسـەکانی لەخۆگرتبوو! لەوەتی ئەو کیـژە هاتبووە هۆبەکەمان، زۆر لە پیاوەکان بەبیانووی جیاوازەوە دەهاتن، دەمانەوە، قسەیان دەکرد، نەخشەیان دەویست! ئەویش لوتفی هەبوو، نازیشی دەنواند، بۆیـە شـیرینی دەم و ڕووناکـی چاوی و سـێبەری بەژنی، خەڵکی لێمان کۆکردبووە. کیژەکە، شـیرین بوو. لە بەغداش گەورە ببوو. چاوکراوە. چەند جوان بوو، ئەوەندە بۆنی جوانیشی لە یەخە نیمچە کراوەکەی دەدا. چەند قەڵەو بوو، ئەوەندەش نەرم بوو. ئەوەندەی لـە بەغداش قوتابی بـووم، لەناو هەموو قوتابییەکانی سـەردەمی من، کیژی وا شیرین و خاوێن و پۆشتەم نەدیبوو. جاروبار قسەمان دەکرد، دووجاریش بەئەنقەست بۆ ئیشکردن بردمە بەر هەتاو. من، بە پێڵاوە پاشـنبەرزەکانی پێوانی زۆرم پێی کرد. چووینە کۆڵانی میللی، ناو قەڕەباڵغی، دوور ڕۆیشتین، کیژەکە هەر جوانتر دەبوو،

ناســک و بەستەزمان و خاکی دەردەکەوت!
کیژەکــە، وەک کتێــب دەهاتــە نــاو دەســتم. وەک ئارەزووەکانــم بەرجەستە دەبوو، برادەرەکانم دەیانگوت:
شــێرزاد، ئازابە ئەوە دەرباز مەکە. خۆی هاتووتە بەردەســتت. لە چاوەکانــی ئەوە دەبینین. هیچ قســە و ئاماژەیەکی بۆم نەدەکرد، بــەڵام بە دڵ هــاواری دەکرد. دەیانگوت: ئەو ناوی تۆی نەبردووە، بــەڵام نــاوی تۆ نەخشــاندووە، مەهێڵە بگەڕێتەوە بەغدا، دەســتی بگرە! منیش هیچ قســەم نەدەکرد، نەدەوێرام بڵێم ناکرێ! نەدەکرا بڵێم نابێت!
یەکێکیان دەیگوت: دەی کوڕە ترســنۆک ئەوە مەجبوورت بووە! من لەدڵەوە مەجبووری ببووم، بەڵام بە هەموو پێوەرەکان، وامدەزانی هێشــتا زۆرم ماوە. ئەو ســروەیە بەر هەناســەی من ناکەوێت. ئەو ناوە، ناگاتە ســەر نفووس و ناوەکەم! کۆترەکە هات و نەنیشــت. هەورەکــە پەیدابوو و نەباری. چونکە من، هیچ ئامادەییەکم نەبوو، بۆی دەسووتام، پەرۆشیش بووم، دیارە چارەنووسم بۆ یەکێکی تر هەڵگیرابوو. کیژەکە، دوو ســێ جار ســەیری کردم، نزیک بووەوە، پەنجەکانی لەســەر نەخشــەکانی بەردەمم دەلەرزین. تەقەی بازنە سادەکەی لەسەر تەختەکە دەهات. دەڕۆیشت و دەهاتەوە. قەڵەمە رۆترینگەکــەی لێ وەردەگرتم. هێڵی راســتی و جوانی رادەکێشــا. نووسینی کوفی جوانی دەنووسی. چوارچێوەی پانی بۆ ناونیشانی پیوانەکە دیار دەکرد. بە هەموو ناز و بۆنی ئەو، نەخشەکە دەبووە نەخش و نیگار و دیوانێک شــیعر! من دەسووتام، زووش ئاگرەکەم خامــۆش دەبــووەوە. نزیــک دەبوومەوە، بەڵام دەســت و پەنجە و چاوەکانم، کورت و ســیس و شــەرمن، بەرامبەر جوانی و نازەکانی دەچەمینەوە!

بـــەڵام، هـــەر چەندە بیرم لە کۆنە خانووەکـــە و دۆخی خێزانەکەم، دەلاقـــەی کتێبـــەکان و دەستنووســـەکانم دەکـــردەوە. بـــڕوام بەوە نەدەکـــردەوە، ئەوە بۆ من گونجاو بێت!

ئیتـــر چوومـــە ئیفادێکی یەک مانگی و دووری شـــار. کە گەڕامەوە، ئـــەوان پراکتیکەکەیـــان تەواو ببوو. کیژەکە، بە هەموو ناز و جوان و هیواکانـــی بـــۆ مـــن، یان بۆ خەڵکـــی تـــر، دەڕوات و جارێکی تر نەمدیتەوە! بەڵام ناو و بۆنی تا ماوەیەک زۆر لە ژوورەکە، لەســـەر نەخشـــەکان و ناو دۆلابەکان هـــەر مابوو. ئەوەش یەکەم ئەزموونی لێدانـــی دڵم بـــوو. یەکەم بۆن بوو، ماوەیەک مەســـتی کردم. بەڵام نەمتوانی دەســـتەمۆی بکەم و پەشیمانیش نییم، دیارە چارەنووس باشتری بۆم هەڵگرتبوو.

## پێشمەرگە ئۆتۆمبێلەکەمان دەسووتێنن

لە ڕۆژانی کارکردنم وەک مەساح، خۆم داوای کار و ئیشی دەرەوەی شـــارم دەکـــرد. بەتایبەتی شـــوێنە دوورەکان، ناو چیـــا و هەرد و بەرزاییەکان. حەزم لە چۆمان دەکرد. لۆفەکانی مەسیفم پێ خۆش بـــوو. لـــە ســـپیلک، ئەگەرچی ســـەیتەرەیەکی توند و بەدرەوشـــتی هەبـــوو، حەزم بە ســـەرکەوتنی پێچەکانی دەکـــرد. دوور بەدووری ســـەیری گوندی «ئامۆکان»م دەکرد، پێم جوان بوو. ئەگەرچی نە گوندەکـــەم دیبوو، نە کەسیشـــم لەو گوندە جوانە دەناســـی، بگرە ناوەکەشم نەدەزانی!

لەدوورەوە بۆنی گوندی باتاس و باخچەکانی سەرسامیان دەکردم، پێیان مەســـت دەبووم! ئای کە لە شـــەقڵاوە دڵـــم دەکرایەوە. دوو ســـێ بارەکـــەی ناو مەســـیفم پـــێ جوان. بۆنـــی تەشـــریب و بیرە

ساردەکانی مەسیف، تامیان ئێستاش لەناودەمم ماوە. کە ئێوارانیش دەگەڕامەوە هەولێر، رەنگ و دەنگ و مۆراڵم خۆشتر و شیرینتر بوو.
شەوێکیان، بەپەلە، ئێوارانیش دەوامممان هەبوو. لەسەر داوای بەڕێوەبەرەکەمان نووسەرێکی چاپیش ئێواران سەعاتێک دەهات و دەگەڕایەوە. فەرمانێکیان لەسەر داوای» بەهائەدین ئەحمەد» بۆم دەرکرد. ئەودەمانە ئەو پارێزگاری هەولێر بوو، خەڵکی سلێمانی بوو. پیاوێکی سوورەی نەرمی لەسەرخۆ بوو. منیان ناردە گوندێکی مێرگەسوور. لەوێ لەسەر ئاو و بەلوعەکانی تۆڕی ئاوی ناو گوندەکە، کێشەیان پەیداکردبوو. ویستیان بزانن، بەڵێندەرەکە تۆڕەکەی عادیلانە دابەشکردووە!
بەیانی زوو، لەگەڵ فەرمانبەرێکی پسپۆر لە تۆڕەکانی ئاو. بە تۆیۆتایەکی پیکابی نوێ لە هەولێر بەڕێکەوتین. زووش گەیشتین و کارەکانمان تەواو کرد. بۆ وێنەگرتن و کاتبەسەربردن، ماوەیەک لە دۆڵی ئالانە و چواردەورەی خەلیفان ماینەوە. لەوێش دوورتر رۆیشتین. ئێوارە بوو، کەوتینە ناو کەمینی دەستەیەک پێشمەرگە. رۆژ بەدەرەوە بوو. چواردەورەمان رەبیە و مۆڵگەی سەربازی بوو. ئەوان سێ چوار پێشمەرگەی باریکی چەکداری چالاک، لێمان هاتنە سەر رێگاکە. هاتنە بەردەممان، بەچەکەوە ئێمەیان راگرت! دوای ئێمە لاندکرۆزێکی تری سپی حکومی، دوایی قەڵابێکی ئیشغاڵی سلێمانی. لەگەڵ دەیان ئۆتۆمبێلی خەڵک و رێبواران و خەڵکێکی زۆریان راگرت. دوای پشکنینی ناو و ناسنامەکانمان، ئۆتۆمبێلە حکومییەکانیان دوورخستەوە. قەرەباڵغییەکە زۆر بوو. دەنگەدەنگ پەیدا بوو. لەناکاو بووە تەقە، سەربازەکان لە ترسی خۆیان، دەستریژی گوللەیان بەناو خەڵک و کۆبوونەوەکە کرد.

بەڵام کەس زامدار نەبوو.

هەموولایەک خۆمان کردە داوودەرزی. بەڵام پێشمەرگەکان، خەریکی دوورخستنەوەی ئۆتۆمبێلەکان بوون. بەپەلە ئاگریان تێبەردان و سوتان! ئاگر بەرپابوو، دووکەڵ گەیشتە بەری ئاسمان. ئاگری سێ ئۆتۆمبێل و سووتانی بەنزینی ناو تەنکییەکانیان، ناوچەکەی کردەوە رۆژی رووناک. لەگەڵ کڵپە و رووناکی ئاگرەکە. تەقەکان زۆرتر بوون. سەرما و ترس و پەشیمانی و هاتن و نەخشە و کامیرا و دەفتەر و کتێبەکەی بۆ خوێندنەوەم هێنابوو، هەموویان سووتان.

شەوەکەی بە کۆشش و مەترسییەکی زۆر، گەیشتینە شوێنێکی ئارام. شەو بەترس و پەشیمانماینەوە. بەیانی زوو گەیشتینەوە دائیرە، سەربردەکەمان گێڕایەوە، ئیتر هەموو هەولێر لێمان کۆدەبێتەوە:

«پێشمەرگەتان دی!».

«چەند کەس بوون، چییان پێ بوو، چییان دەگوت!».

«لەکوێ رووبەڕوویان بوونەوە! چۆن بە رۆژ هاتن، ئەدی سوپا و رەبیە سەربازییەکان!».

«سوپاس بۆ خودا دەربازتان بوو».

بۆیە دەزانم بەهائەدین ئەحمەد پیاوێکی سوورەی باڵابەرزی نەرمی لەسەرخۆ بوو، چونکە پێشوازیکردین و دڵی داینەوە و گوتی:

ئۆتۆمبێل هیچ نییە، هەموو بە قوربانی ئێوە بێت. دەزانین، ئێمەش زانیارییمان هەبوو، دەمانزانی دەستەیەک چەکدار لەوێ بوونیان هەیە. ئێمە قەرەبووتان دەکەینەوە «بێگومان هیچ قەرەبوو نەکراینەوە».

دادگایی سووتاندن و فەوتاندنی ئۆتۆمبێلە حکومییەکە، کەوتە

دادگای ســلێمانی. بۆ ئەوەش، زووتر لــە ناحیەی خەلەکان. لەوێ ـ ئەودەمانە خەلەکان گوندێکی ئاســایی بووـ مفەوەزێکی عەرەبی رەشــتاڵەی رەقەلەی بەتەمەن، لێکۆڵینەوەکەی لەگەڵ کردین. ئەو گوتــی قســەکانتان بکەن «ئێمە هەرســێکمان هەموو قســەکانمان وەک یــەک دەگوتــەوە. یەک وشــە، یەک دەقە لــە کاتەکان، یەک دەربڕینمــان نەدەگــۆڕی» مــن دەینووســمەوە و دەیبەمە بەردەم حاکمی سلێمانی.

ئێمــەش، بەوردی ســەربردەکەمان گێڕایەوە، بــەڵام وەک چۆن لە قازانجی خۆمان بوو. شوێنی دەرچوون و مانەومان دەگۆڕی. چونکە لە ســنووری ئیدارەی پارێزگای هەولێر دەرچووبووین. شوێنەکەش زۆر دوور بوو لە شــوێنی ئیفاد و ئیشەکەمان! قسەمانکرد، ئەویش هەمووی نووســی، بەر لەوەی ئیمزای لەسەر بکەین، ئەو گوتی:

دەزانــم، زۆری وا نییــە، بــەڵام مــن ئیفادەکەتــان وەک خــۆی دەنووسمەوە.

بــە ئیفــادە و فایــل و نەجمە وردەکانی ســەر یەخــەی، کابرامان لەگەڵمــان خۆمــان بــردە ســلێمانی. چووینــە دادگا، لەودەمانــە حاکمەکەی ئێمەی بینی لەناو بینای ســەرای ســلێمانی بوو. ئینجا نازانــم دادگای ســلێمانی، هەمــوو لەناو ئەو ســەرایە بوو، یان نا! پاش سەعات یەکی نیوەڕۆ «بە مفەوەزەکەمان گوتبوو، تۆ نیوەڕۆ لەگەڵ ئێمە و لەسەر حیسابی ئێمە نان دەخۆیت» لەبەردەم ژووری حاکمەکــە وەســتابووین. یەکەم نــاو منی بانگکرد. لــە دەرگاکەی پەردەیەکــی لەبەردەم بوو، لە حاکمەکــە چوومە ژوورەوە. دڵنیام لــە ژیانــدا نەماوە. ئەگــەر لە ژیــان مابێت دەیناســمەوە. قەڵەو، ســەر گەورە، عەبایەکی رەشــی بەرینی لەبەردا بوو. سەرمێزەکەی چەندیــن فایلی کۆنی تۆزاوی لەبەردەم بوو.

مفەوەزەکـــە، بەپێوە لەتەنیشـــتی وەســـتابوو. فایلەکەی ئێمەی بۆ کردبـــووەوە. چاویلکە ئەســـتوورەکەی هاتبووە ســـەر لووتی. چەند دانەیـــەک لـــە مـــووی رەش و ســـپی برۆکانـــی، لـــە چوارچێوەکەی هاتبوونە دەرەوە. داوداو برژانگە دڕە زۆرەکانیشی، بەشێکی زۆری رووبەندی ئاوێنەی چاویلکە ئەســـتوورەکەی گرتبوو. لێو ئەستوور، دەموچـــاو گەورە. بۆینباخە باریکەکەی ملی، هیچ لە ریزە قوچیەی قەمیســـە ســـپییەکەی دانەپۆشـــیبوو. بە دەنگێکـــی کەرخی توندی ناساز گوتی:

ســـوێند بخۆ بڵێ راست دەڵێم. دەست لەسەر ئەو قورئانە دابنێ. دەســـتم لەســـەر کتێبێک دانـــا، دیـــارە قورئان بـــوو. چونکە لەناو پەڕۆیەکـــی کۆنـــی ســـەوز پێچرابوو. دیـــار بوو زۆریـــش کۆن بوو. هەزارەهـــا کەســـی وەک مـــن، لـــە ترســـانا و بـــۆ مەســـڵەحەت و دەربازبوونـــی، ســـوێندی درۆی پێ خواردبوو. ســـوێندەکەم خوارد ئینجا ئەو پرسی:

تۆ شێرزاد قادر هەینی، مەساحی شارەوانییەکانی هەولێر مەوالیدی ١٩٥٥ و دانیشـــتووی گەڕەکی سەیداوەی هەولێری؟

منیش بەنەرمی، بەڵام نەدەترسام، گەنج بووم، کەمێک بێ منەتیش وەڵامم گوتم:

بەڵێ من شێرزاد قادرم.

ئـــەو ســـەیری نەدەکـــردم. تەنیـــا دەســـتێکی، یـــان دوو پەنجـــەی دەجووڵایەوە، لاپەڕەکانی فایلەکەی هەڵدەدایەوە، پرســـی:

بـــۆ ئۆتۆمبێلەکەتـــان بۆیـــان راگـــرت! خێـــرا بەناویانـــدا گوزەرتان کردبوایـــە. تاوانی ئێوەیـــە، نەدەبوایە بە هیچ شـــێوەیەک رابگرن! بەوەش ئۆتۆمبێلەکەیان نەدەسووتاند.

مـــن نازانـــم ئەو قســـەیەم چۆن بۆ هات، قســـەکەم لەنـــاکاو لەدەم

دەرچوو. چونکە لــە ڕۆژی ڕووداوەکەوە، تا ئەودەمانەی لەبەردەم حاکمە زەبەڵاحەکە دەوەستم، کەس ئەو قسەیەی پێ نەگوتبووین. هەمــوو خەڵکەکــە دڵیــان دەدایـنــەوە، دەیانگــوت هــەر باش بوو ســەلامەت دەرچوون، ســوپاس بۆ خودا! لەنــاکاو و توندیش، زۆر بــاش نەمدەزانی حاکم هەیبەتی زۆر گەورەیە، من گوتم:

ئینجــا ئۆتۆمبێل چییە، بە پارەی فرۆشــتنی یــەک تەنەکە خورما کــڕاوە. ئۆتۆمبێــل چییــە، باش نەبــوو خۆمان ســەلامەت بووین.

«بێگومان تۆیۆتایەکی نوێ بە پارەی دە لۆری خورماش نەدەکڕا».

سەری بەرزکردەوە، چاوەکانی وەک پولەکەی سەرپشتی دوو وردە ماســییە دەبریســکایەوە. بەهەڕەشە، بە دەســتی ڕاستی ئاماژەی چوونە دەرەوەی دەکرد و گوتی:

بڕۆ دەرەوە، بێ ئەدەب.

ملکــەچ دەرچــووم. برادەرەکانم ئەوانیش ئیفــادەی خۆیاندا، وەک ئــەوەی لەســەری ڕێکەوتبوویــن. هەرســێکمان یــەک جۆرە قســە بکەیــن. مفەوەزەکــەش هاتــە دەرەوە و پرســیمان چــی بوو، ئەو ڕووشیرین گوتی:

فایلەکــەی داخســت و تەواو هیچتان لەســەر نەمــا، بابچین نانەکە بخۆین.

***

پاش ســێ چوار ساڵ بەسەر ڕووداوەکە، ڕۆژێکیان لە هەورازەکەی پێش ڕێســتورانتە ئاوەدانەکانی کانی وەتمان وەســتام. بەر لەوەی بچمــە نــاو ڕێســتورانتەکە، کەمێک بەنەرمــی، وەک ئەوەی بمەوێ بچمە تواڵێتەکەیان، دوورکەوتمەوە. پەنجا مەترێک ڕۆیشــتم، بۆدی ژەنــگاوی پیــکاب و لاندکــرۆزەر و قەڵابەکەم بینــی، لەبن دەوەن و پەرژینــی باخێک، ســەری شــکاو و جەســتەی ڕزیویــان بەیەک

کردبوو. بینیم، بێ ئەوەی قسەیەک بکەم، شتێک بدرکێنم، نەوەک دۆسیەکەمان هەڵبدرێتەوە، نهێنی گیرانمان، نهێنی چوونمان بۆ ئەو شـوێنە مایەوە تا رۆژی یەکەمی راپەڕین. لەو رۆژە، سەرکەشـانە، ئینجا ئاشـکرا دەکەین، قسە دەکەین، دەڵێین:
ئێمە بۆ پیاسە و وێنەگرتن و شادی چووبووینە ئەو دەڤەرە! ئێمە لــە خەلیفــان نەگیرابووین، لــەوێ ئێمەیان نەفڕاندبــوو، خۆمان بۆ سەیران دوورکەوتبووینەوە.

## کاریتان ناروخێنم

تاریق عاشــور پێش ئەوەی وەک کارمەندی ئیدارە و رەفیق حزبی، بێتە شــارەوانی هەولێر. ئەو زووتر، بەڕێوەبەری شارەوانی دیبەگە بــوو. وابزانــم ناوە رەســمییەکەی شــارەوانی کەندێنــاوە بوو. بە هەڵوەشانەوەی پۆســتی بەڕێوەبەری شارەوانی ناحیەکان، ئەویش لەوێ نامینێت. تاریق وەک فەرمانبەرێکی ئاســایی دێتە شــارەوانی هەولێــر. کە لە دیبەگە بوو، بەپەلە داوای کردبوو مەســاحێکی بۆ بنێرن. ئیشــی بەپەلە و پێویســتی پێی هەیە. لە دائیرەش منیان نارد.
بەیانی زوو گەیشتمە شارەوانییەکە. کە چووم، ئەو لەناو حەوشەکە وەستابوو. جلە زەیتونییەکەی لەبەردا بوو، دەمانچەیەکی لە قەدی بەســتابوو. جەمەدانییەکی ســووری لەملی ئاڵاندبوو. تووڕە و توند دەردەکــەوت. شــوفلێکیش لەبــەردەم دائیرەکە نــەڕەی مەکینەی دەهات، بەقەد کوورەیەکی کەرپووچ، دووکەڵی رەشی لە گزۆزەکەی دەردەچــوو. دیارە پاتری نەبوو، بۆیە نەدەبوایە بکوژێتەوە!
ئــەو منــی نەبــردە ژوورەکــەی. چایەکــی بــۆ بانــگ نەکــردم.

بەخێرهاتنیشـی نەکـردم. وەک ئـەوەی بیەوێ دەسـتەمۆم بکات. سـەیری ئەمری ئیفادەکەشـی نەکردم. من هەرگیز ئەوم نەمدیبوو، نەمدەناسـی. ئەویـش نەیدەزانی ناوم چییە، قسـەیەکمان نەکرد، یەکسەر بە عەرەبی گوتی:

«مەسـاحەکە وەرە دوام!» سـواری پیکابە حکومییـە نوێیەکەی بوو، خۆی لێیدەخوڕی.

منیش سـوری پیکابەکەمان بووم و بە شوفێرەکەم گوت:

باژۆ، بزانین کێوەمان دەبات. «من یەکەمجاریش بوو شـارۆچکەی دیبەگە ببینم».

لەنـاو دیبەگـە دوورکەوتەوە. چـووە ناو گونـدی کاریتان «دوایی دەزانـم گوندەکە ناوی کاریتانە». ناو خانووە قووڕەکان، حەوشـە گەورەکان، سـتارە جوانەکان، کاول و ئاخوڕ و کادین و عەمبار و دیوەخان و قەمتەرە و لەودە سـەرکراوەکان. چووە ناو کۆڵانەکان. لەبەردەم حەوشـە و حەسـارێک راوەسـتا. تەنگاو دابەزی، بانگی کردم، گوتی:

وەرە بۆمان دیاری بکە، کێندەرێ تەجاوزە. زێدەڕۆییەکە لە نەخشە دیار بکە، با بە شـۆفڵەکە بیروخێنین، با فێرە یاسـایان بکەین!

منیش گوتم، ئەوە گوندە، نەخشەی نییە، ناتوانم هیچ دیار بکەم، بۆم نییە و نابێت! تووڕە بوو، دەموچاوی رەشتر دەرکەوت. ئاکارە ناشـیرینەکەی، دەموچاوە سـووتاوەکەی هەڵاوسـا، تف لە دەمی دەردەچـوو. قاچـی لە زەوییەکە دەدا، شـەقی لە دیـوارە نەوییە خۆڵەکە دەدا. بە دەستی دیوارەکی پاڵدەدا. ئەوە تەجاوزە، ئەوانە هەمووی تەجـاوزە! دەچوونە پەنا دیوارەکە. بەر هەیوانەکە، توند دەسـتی لـە دیوارەکە، لـە کۆتەرەکـە دەدا. دەینەڕاند و دەیگوت هەموو تەجاوزن! تۆ بۆچی هاتووی، کێی تۆی ناردووە، قسە بکە،

شۆفلّم هێناوە، دەسەڵاتی تەواوم هەیە.
ئەوەی لەسەر موڵکی شارەوانی تەجاوز بکات دەیروخێنم، خاپووری دەکەم. دەستی لە دەمانچەکەی قەدیشی دەدا. جەمەدانییە سوورەکەی ملی شل دەکردەوە، توندی دەکردوە. وەک مریشکی سەربڕاو هەڵدەبەزی. دەچووە بەردەم شۆفلّەکە، هاواری دەکردە سەر شوفێرەکە، دەیقیژاند:
مەساحیان بۆم ناردووە! بڕۆ بگەڕێوە من دەزانم چیت لێ دەکەم. دەستی لە شوفێری شۆفلّەکەش هەڵدەشەقاند، بڕۆ تۆش لەو باشتر نیت.
کابرا بەروونی دەریکردم. هەڕەشەی زۆریشی لێ کردم. بەڕاستی ترسام، بەتەنگاوی گەڕامەوە. بە شوفێرەکەم گوت، با بە دەوام رابگەین. نازانم چۆن گردەکانمان بڕی، چۆن دەشتەکەمان بڕی، بەپەلە بگەینەوە و دەمویست زوو، حاڵی دەردم بۆ بەڕێوەبەرەکەمان دەرببڕم. زوو پێش ئەوەی بۆمان تێبکۆشێت، قسەی خۆمان بکەین! بازۆ!
پێش کۆتایی دەوام. بەڕێوەبەرەکەمان «خسرۆ حەمید عوسمان» تا درەنگیش دەمایەوە، شەوانەش زۆر دەمایەوە. کە گەڕامەوە بەختی من لە ژوورەکەی مابوو، خەڵکێکی زۆریش میوانی بوون. هەموو کەس لێی دەچوونە ژوورەوە. بەپێچەوانەی کۆنە بەڕێوەبەرەکەمان.
ئەو کابرایەکی گەرم بوو، لە هەموو ژوورەکان پەیدا دەبوو. دەستی لە کاروباری ناو شارەوانی هەولێریش وەردەدا. دەیویست سیستەمی زۆری دائیرەکان بگۆڕێت. بەڵام دوایی ئەوانەی بۆ نەچووە سەر، لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکان تەمەنی درێژ نەبوو. لە بەڕێوەبەرایەتییەکە نەما. لەگەڵ بەڵێندەرێکی

بەرەچەڵەک عەرەب، لەســەر کۆنە زێرابێک و پارە و ســولفەکانی. دەیویســت ملکەچــی بکات و حەقی شــارەوانی لــێ وەربگرێتەوە. بــەڵام ئەو، داوا و بابەتەکە دەباتە بەغدا. لەوێ هەموو پشــتیوانی بەڵێندەرەکە دەکەن.

وەزارەت و دادگا و ژمێریاریــش. ئەویــش قــەرزار دەکەنەوە. پاش ئەوە دۆســیەیە دەیگۆڕن. زۆر نامینێتــەوە، هەر بەگەنجی لەداخی ڕۆژگارەکە خانەنشــین دەبێت. پاش چەندین ساڵ بینیم، بەگەرمی باســی کتێب و خوێندنــەوە و بیرەوەرییەکانــی باوکی دەکرد. ئەو گوتــی ڕۆژانەش ســەلاجە و ســاردکەرەوە و ئامێــرەکان بۆ خەڵک چاک دەکەمەوە.

❋❋❋

بــا بگەڕێینەوە نــاو بابەتەکەمان، بەتەنگاوی لێی چوومە ژوورەوە. ترســاو و حەپەســاو، حاڵی دەردی خۆم و ترس و هەڕەشەکەم بۆ گێڕایەوە. گوتم:

کاک خەســرۆ ئــەو پیــاوە هاتــووە بە مــن دەڵــێ وەرە گوندەکە، دیوارەکان، خانووەکانی گوندی کاریتانم بۆ ســوور بکە، دیار بکە، منیش بە شۆفڵ دەیانروخێنم!

ئەو جلێکی ســادەی ئیشــکردنی لەبەردا بوو، بەپێــوە بوو. نازانم زووتر زانیاری لەســەر ئەو بەڕێوەبەرە هەبوو، یان نا! دەیناســی و زانیاری لەســەر بەدرەوشــتی ئەو هەبوو، یان سۆزی بۆ من جووڵا. ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و تووڕە بوو. یەکسەر تەلەفۆنی بۆ پارێزگار کرد. بەجوانی باســی دەردی منی بۆ کرد. ئیتر پاش تەلەفۆنەکە، بابەتەکــە داخرا و خانووەکانی گوندەکەش نەروخێنران.

## قبووڵ ناکەین بێتە دەڤەرەکەمان

پێش بوونی سەدام حوسێن بە سەرۆک کۆماری عێراق، وڵاتەکە دۆخێکی تری هەبوو، ئارامتر بوو. حزبایەتی و بوونە بەعسی و بوونە سەرباز و هێرش و شەڕەکانی دەرەکی نەبوو. سامانی وڵاتەکە زۆر بۆ بێگانە و شەڕ و ململانێیەکان نەبوو. یەکەم و دوا شەڕی ئەو دەوڵەتە شەڕی کورد و شۆڕشەکەی بوو! کوردەکە، بەکۆی دەنگ، هەموویان پشتیوانی شۆڕش بوون. هێشتا ژان و کەسەرەکانی نسکۆی ١٩٧٥ بە دڵ و چاو و چارەنووسیانەوە دیار بوو. هەموومان باسی کوردایەتی و پەیدابوونی پێشمەرگەمان دەکرد. شەوانە گوێمان لە هەواڵەکان دەگرت، بۆ ئەوەی موژدەیەک، هەواڵێک ببیستین، گۆڕانێک، وەرچەرخانێک لە وڵات پەیدا بکات. لە بەرێوەبەرایەتییەکەمان کەس بەعسی نەبوو. کەس حزبی نەبوو. یەک شوفێر هەبوو، زۆر لە بەغدا ژیابوو. خەڵکی هەولێر بوو، بە کوردییەکی جوان و تورکمانیش قسەی دەکرد. دەیانگوت لە سالانی دانوستانەکەی حکومەت و شۆڕشی حەفتاکان، وەک شوفێری تاکسی لە هێڵی هەولێر گەلاڵە ئیشیکردووە. چەندین جار لەسەر مێبازی و بەدرەوشتی و حیزی ئاگاداریان کردوتەوە، هەڕەشەیان لێی کردووە، بەڵام تەمبێ نەبووە. بۆیە دەریانکردووە، پێیان گوتووە چیتر ناکرێ هاتوچۆی ئەو دەڤەرە بکەیت. ریسوایان کردووە، ئەویش ترساوە و روو لە بەغدا دەکات. لەوێ دژ بە کورد و خەڵکی کوردستان دەجووڵێتەوە.

ئەو پاش نسکۆ، وەک شوفێری حکومی دەگەڕێتەوە شارەوانییەکان. ئەو لاندکرۆزێکی خاوێنی رەساسی پێ بوو. پیاو و خزمەتکار و

بەردەستی ئەندازیارەکان بوو. دەیزانی لەگەڵ ئەوان، پارووێکی چەوری دەستدەکەوێت. بەڕاستی دژی شۆڕشی کورد بوو، بەڵام قسەی نەدەکرد، هیچیشی لەدەست نەدەهات، بەس زمانەکەی هەبوو. ئێمەش، کە لەگەڵ ئەو سەفەرمان دەکرد، زۆر رەچاوی ئەو بابەتەمان نەدەکرد، لێی نەدەترساین، بەڵام هەموو قسەیەکمان نەدەکرد! بەڵام ئیسماعیل مەساح، زۆر گوێی نەدەدایێ، قسەی خۆی هەر دەکرد، بەڵام کەسمان بە دەست ئەو پیاوە، ئازارمان نەخوارد، زۆریش بە هاوڕێیەتی ئێمەش شاناز بوو.

مام رەحمان، قەڵەو و سەری سپی بوو. شرە پانتۆڵ و چاکێتێکی گەورەی لەبەر دەکرد. دەستکورت و هەژاریش نەبوو. خانووێکی باشی گەورەی نزیک شاری هەبوو. بەڵام لە کارەکەی خۆی دڵسۆز بوو، باش خزمەتی لاندکرۆزەکەی دەکرد، خاوین و باش چاودێری دەکرد. بەپێی کات و بەرنامەکانی بەڕێوەبەر و ئەندازیارەکان دەجووڵایەوە. ئەو رۆژەی دەرچوونی هەبوایە، زوو بلانکێتی وەرگرتنی بەنزینی دەبردە لای ژمێریار و بەڕێوەبەر، دانەی خۆی لە دەفتەرە درێژەکە دەکردەوە و قەد دەکرد، تا لە بەنزینخانەکەی شۆڕش بەنزینی پێ وەربگرێت. لە تەواوکردنی فەرمان و وردەکارییەکانی ئیفادی خۆی، ئەوەی لەگەڵی چووبوو، ئازا بوو. نەرم و شیرین دەجووڵایەوە تا پارەکەی وەردەگرت.

مام رەحمان زماندرێژی و بەدناوییەکەی، تەنیا بۆ ئەوە باش بوو. لاندکرۆزەکەی نەدەدایە دەست کەس. زوو و باش پارەی ئیفادە و سەفەرەکانیشی وەردەگرت! لە هەموو دەرچوونی ئەندازیارەکانیش، ئەو لەگەڵیان دەردەچوو. لە سەفەرە دوورەکانیش دەستبەتاڵ نەدەگەڕایەوە. هەر هیچ نەبوایە، لە ئۆرزدی ناو قەزاکان، شتی باش و هەرزانی وەردەگرت و دەیفرۆشتەوە.

## بەڕێوەبەرە لادراوەکان

دائیرەکەمـــان، لەبەر ئەوەی زۆر ســـتراتیژی نەبـــوو. پەیوەندی بە ئاسایش و ناوخۆ و کاروباری سیاسی نەبوو. لە زۆر بابەتی سوود و نـــاو و بەرژەوەندییـــەکان دوورەپەرێـــز بوو. کاروباری شـــارەوانی و نەخشەســـازی و ئـــاو و زێرابەکانـــی دەکـــرد، زۆر بەرچاو نەبوو، لاچەپیـــش بوو. کـــەم بەعســـییەکان، چاوچنۆک و مشـــەخۆرەکان چاویان تێیدەبڕی.

بۆیەش کوردەکانی لە باشـــوور دەهاتنەوە . ئەوانەی پۆستی باڵایان هەبـــوو. ئەوانـــەی عائیدون بوون. کۆنە مودیـــر ناحیە و قائیمقام و بەڕێوەبـــەرەکان. کـــە دەهاتنەوە ناو هەولێر، دەیانگواســـتنەوە ئەو دائیرەیە .

دائیرەکـــەش هیچـــی نەبـــوو، بریتـــی بـــوو، لـــە کۆڵانێکـــی درێژ و چەنـــد ژوورێـــک و دوو توالێـــت و تانکییەک ئاو. تێـــدا ژوورێک بۆ خۆیەتـــی و شـــێخ و دوو فەرمانبەرەکـــەی دانرابـــوو. ژوورێـــک بـــۆ نەخشـــە و مەســـاحەکان. لەبەر بۆرد و جیهازەکەی کۆپی و دولابە شڕەکانی نەخشەکان. شـــوێنی هەناسە و هەتاویشی تێدا نەمابوو. ئەندازیارەکان ژوورێکی گەورەیان هەبوو. ئەوانە، کەرەوێتێکیان بۆ میوان و بەڵێندەرەکان دانابوو.

***

کۆنـــە بەڕێوەبەرێکـــی شـــارەوانییان، کردبـــووە بەرپرســـی فایل و هەڵگرتـــن و دانانـــەوەی فایلـــەکان. قائیمقامێـــک، بەنـــاو کرابـــووە بەرپرســـی پلادانـــان و هیـــچ کارێکـــی دیـــار و بەرچـــاوی نەبـــوو. تەنیـــا فەرمـــان و ڕێنماییەکانی دووبـــارە، وەک خۆی، بێ گۆڕان و

دەســتکاری دەنارده هەموو شارەوانییەکان و دەینووسی:
هاوپێچ دەقی رێنمایی و راسپاردەکانی وەزارەت و سەرووی خۆمان دەنێریــن، بــۆ جێبەجێکــردن و پەیڕەوکردن. وێنەیــەک بۆ هەموو شارەوانییەکان.
کۆنــە قائیمقامەکــە، زووتریــش دوو نەجمــەی هەبــوو. دەرچووی کۆلێژی ئەفســەری بەغداش بوو. هەفتەی دوو سێ نووسراوی وای دەنووســی، ئیتر ئیشــەکانی تەواو دەبوو. بە هەندامە ســەربازییە نازدارەکــەی، پێــڵاوە بەشــەوق و بۆیەکانــی تــەق تــەق، هەموو ژوورەکانــی دەکرد. هەموو فەرمانبەرەکان تەقەی پێیەکانی ئەویان دەناســیەوە. ئەو ژوور بە ژوور، بۆ کاتبەســەربردن و دەمەتەقێ و چاخواردنەوە دەسووڕایەوە.
کۆنــە بەڕێوەبەرێکــی شــارەوانی کرابــووە، بەرپرســی وەرگرتــن و دەرچوونــی نووســراوە رەســمییەکان. رۆژانــە ژمارەیەکــی کەم نووســراوی دەنارد، کەمیشی وەردەگرت، بۆیە زۆرتر بێ ئیش بوو. ئیتــر گەنجەکان، فەرمانبەرەکانی دڵیان تەڕ و بەجۆش بوون، لێی کۆدەبوونەوە.
منیــش، دەچوومــە ژوورەکــەی. ئەویــش، کۆنــە بەڕێوەبەرەکەی بــەردەوام بۆنــی لێ دەهات، رووشــیرین. بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ دەگێڕاینــەوە. هەمــوو ماچەکانی ســەردەمی هــەرزەکاری دووبارە دەکــردەوە. هەمــوو ژن و کیــژەکان دیســان بــە نیــگا و بــزە و شــرینییەکانی دەســووتاند، ئێمەش لەناو ژوورەکەی پەنجەرەکەی بەســەربانێکەوە دەکرایەوە، هەســتمان بــە دووکەڵەکەش دەکرد. ئەو هەموو نامەکانی دووبارە دەنووســیەوە. پەرۆش و دڵســۆزیش چاوەڕوانــی وەڵامیشــی دەکــرد! ژوورەکــەی ئەو، ببــووە ژووان و شیعرســتان و هەواری حەسرەت و پەرۆشی!

پیاوێـک تازە لە باشـوور گەڕابووەوە. زووتـر ئەویش بەڕێوەبەری ناحیـە بوو. زووش لە بەغدا یاسـای تـەواو کردبوو! لەو دائیرەیە، دائیرەی لانـەوازەکان، بەڕێوەبـەری دوورخـراوەکان، لادراوەکان، هەواری ئەفەندییە پاکوخاوێنە بێ ئیشـوکارەکان، ببووە بەرپرسی گەراج و میکانیک و چاککردنەوە. ئەو بەرپرسی هۆبەیەک بوو، تەنیا دوو ئۆتۆمبێلـی هەبوو. دوو شـوفێر و دوو دەفتەری سـەرفکردنی بەنزین، مانگانە یەک سـولفە و یەکجار پارەی بۆ سەرف دەکرا.
ئیتـر دوایی ژوورەکەی دادەخرا. هۆبەکە نەدەکرایەوە، نووسـراوی بۆ نەدەهات. ئەویش، هیچی نەدەنووسی، راسپاردەی نەبوو، داوای نەدەکـرد. دەیزانی کەی ئیشـیان بـەو دەبێت، پەیـدا دەبوو. کە ئـەو دەهات، دوو شـوفێرەکە بەدوای دەچوونـە ژوورەکە، ئەویش ئیشـەکانی بۆ تەواو دەکردن و دەرگاکەی داخست و دەڕۆیشتەوە.

***

ئـەوان، هەموویـان «عائیدون ـــ دەسـتەواژەیەک بـوو، حکومەت ناوی لەو کەسـانە نابوو لەپاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ گەڕابوونەوە، ژمارەیەکی کەم لەوانە گەڕابوونەوە سـەر ئیشی پێشوویان، ئەوەی پۆستی هەستیار و دیاری هەبوو، بە پۆستی نزمتر لە دائیرەکان لە شوێنی لاچەپی دانابوون» بوون. زۆریان لە باشووره گەڕابوونەوە. هەبوو ئەندام ناوچە و ئەندام لق و بەرپرسـی پێشـمەرگەش بوون. هەبـوو پیـر و دەرچووی سـەرەتایی بوو. هەبوو گەنجی شـانازی دەرچـووی ئامادەیی بـوو. لەوانـە دەرچووی کۆلێژی پۆلیسـیش بوون. لەوانە هەبوو، قسـەیان دەکرد و شـاناز باسـی رابردوویان دەگێڕایـەوە. کەسـایەتی واشـمان هەبوو، هەرگیز باسـی رابردوو و رۆژانـی شۆڕشـی نەدەگێڕایـەوە! زۆریش لەوانە پـاش راپەڕین،

دووبارە گەرم دەبنەوە و پۆستی دیاریش وەردەگرن.

***

من دەچوومە لای کۆنە بەڕێوەبەرەکەی باسی ژن و گەنجی و مێبازییەکانی خۆی دەکرد. ماوەیەک گەرمم دەکرد و برینەکانم دەکولاندەوە. دەچوومە لای کۆنە قائیمقامەکە چام دەخواردەوە، لەسەر دۆخەکە دەمەتەقێمان دەکرد. هەواڵەکانمان شرۆڤە دەکرد. یەکێک لەوانە، کۆنە کتێب و گۆڤاری شێستەکانی هەبوو. هەفتانە، یەک دانەی بۆم دەهێنا، بە هێنانەوە و بردنەوەی ژمارەیەک، ژمارەیەکی تری بۆم دەهێنا!

ئەوەندەی لەسەر ئیش نەدەبووم، لەناو دائیرە دەبووم. لەگەڵ ئەو جیهانە سەیرە دەخافڵام. ئەوانەم هەموو خۆشدەویست. هەمووش منیان خۆشدەویست. منیش وەک ئەوان عائیدون بووم. بەڵام وەک ئەوان نەبووم. من کە دەرچووم و دەچمە ناو شۆڕش، پۆلی شەشی ئامادەیی بووم، کە دەگەڕێمەوە ئامادەیی تەواو دەکەم.

کە دەگەڕێمەوە چل دینارێکم هەبوو. تفەنگەکەم، برنۆیە چیکییە وەسەتەکەم، بە بیست و پێنج دینار تەسلیمکردبووەوە، دوو نیوە موچەی پێشمەرگایەتیشم مابوو. بەو پارەیە، بە مانگانەکەی قوتابییان، دە دینارەکەی وەرماندەگرت، یەک ساڵی خوێندنی بەغدا بەڕێکرد. بەڵام ساڵی دووەم، لە یەکەم هەفتەی دەواما، پارەی رۆژانەی پراکتیکی هاوینیان بۆ سەرفکردین. ئەوەش ماوەیەک بەشی کردم، راستە پارەکە زۆر نەبوو، بەڵام شتەکان هەرزان بوون. من فەرمانبەرێک بووم، بێ دەستمایە و پارە هاتبومە دەوام. بەڵام جلی باش و مۆدیلی جوانم لەبەردەکرد، ئاکار و مۆراڵم سەردەمییانە بوو.

بەڵام ئەوان کە دەچنە ناو شۆڕش، زووتر پۆستیان هەبووە، ناویان

هەبووە. یەکێکیان لە بەغدا بەڕێوەبەری گشتی بوو. کەسی تر لەو شـارە، لە هەموو دائیرەکان ئەو پۆستەی نەبووە. کێ بەڕێوەبەری گشـتی بـوو؟ ئـەو گواسـترابووە دائیرەکەمـان، لەبەر پۆسـت و ناوەکـەی ژوورێکی گەورەیان بۆی دانابـوو. مێزێکی گەورەی دار، سـەری بەجام داپۆشرابوو. دوو سێ کورسی، دوو تەبلەی جگەرە، تەلەفۆنێکی بەسـتراو بە دوو ژوور، بەڵام زۆرتر ئەو بەکاریدەهێنا. هەر ئەویش، بەپێی ناو و کەسـایەتی خۆی، خەتەکەی راکێشابوو، بەڵام لەسـەر ئەرک و پارەی دائیرە بوو.

ئـەو هیـچ کار و کۆبوونـەوە و نووسـین و ئیمزاکردنـی نەبـوو. رۆژانـە پێشـوازی لـە میوانەکانی دەکرد. جگەرەی زۆر دەکێشـا، میوانەکانـی بەڕێدەکرد. یەک خەسـڵەتی تایبەتـی هەبوو، لەگەڵ تەواوبوونی دەوام، بەردەستەکەی خزمەتی دەکرد، چای بۆ دەهێنا و ریـزی دەگرت و مێزەکەی بۆ پاکدەکـردوە. لەناو ئۆتۆمبێلەکەی و لەپێشـەوە سـواری دەکـرد و دەڕۆیشـت. دەیانگوت تا سـەری کۆڵانەکەیـان دەیباتەوە. چونکـە کۆڵانەکەیان قیرتاو نەبوو، بۆیە، ئەگەرنا تا بەردەگاشی دەبردەوە!

## شەرمم دەکرد

ئیتر من ببوومە مەسـاح، موچەیەکی باشـم هەبوو. بە جلوبەرگ و قـژ و لاجانگ و بوکلم گەنجێک لەنـاو گەڕەک و کۆڵانەکە، کەمێک نامۆ بووم. رۆژانە بەپێیان دەچوومە دەوام، نیوەڕۆیانیش، دووبارە هەر بەپێیان بەناو کۆڵانە تەسکەکانی سەیداوە قەدبڕ دەگەڕامەوە. بـەڵام ئـەو رۆژانەی دەچوومـە دەرەوەی شـار، زوو دەڕۆیشـتم. سـەرەتا شـەرمم دەکرد بە شـوفێری ئۆتۆمبێلەکانـی دائیرە، یان

بەڵێندەرەکانی دەهاتن بمبەنە سـەرکارەکە، شـەرمم دەکرد، بێنە بـەر دەرگامـان. بێـن و خانووە قـووڕە کۆنە شـڕەکەمان، دەرگا یەکدەرییـە کۆنـە ژەنگاوییەکەمـان، سـتارە نەوییەکەمان، دیوارە بلۆکە لەبخنەکراوەکەی بەر حەوشـەکەمان ببینن، شـەرمم دەکرد! بۆیە زۆرجار، من دەچوومە سـەر شێسـتمەتری. لەوێ چاوەڕوانی ئەوانم دەکرد. بۆیەش ئاگاداری قۆناخەکانی دروستکردنی خانووی ئەمین عامەکان بووم، ئەوەی دەکەوتە دیوی دووەمی شەقامەکەی بەیانییان لێی دەوەسـتام. شوێنەکەش لەماڵەکەمان زۆریش دوور نەبوو.

***

ئـەو شـوێنەی ئێسـتا تابلۆیەکی شـینیان لێی چەقانـدووە، تێدا نووسـراوە گەڕەکی سەیداوە. یان تابلۆکەی لێ نووسراوە شەقامی «جەلال سەعید». بۆیەش، وێنەی پرۆفایلەکەی فەیسبووکم، چەند سـاڵە تابلۆ شـینەکەی گەڕەکی سەیداوەی لەسـەرە. کە «جەلال سـەعید» هونەرمەندە هێمن و شیرینەکەی گەڕەکەکەمان دەمرێت، شـەقامەکەی بەنـاو دەکـەن. لـەو رۆژە، من نووسـیم، ئەو پێش مـن مرد. رەوانشـاد، ناوی شـەقامە بەرینـە قیرتاوەکەی ناوەندی سەیداوەی بۆ خۆی برد!

لـەوێ دەوەسـتام و چاوەڕوانم دەکـرد. ئەوان دەهاتنـە دوام، تا خانووە خراپەکەمان بەوان نیشان نەدەم. چونکە زۆر لە فەرمانبەر و ئەندازیارەکانـی هاوڕێـم، خانـووی گەورەیـان هەبـوو، دەرگای گەورەیـان هەبـوو، رووبەنـدی خانووەکانیـان رەنگیـن و فـراوان بـوو. گەراجیان هەبوو، داری حەوشـەکانیان، لـە دەرەوە چەندین میـوەی پێوە بوو. کۆڵانەکەی ئێمـەش، ئەگەرچی قیرتاویش بوو، بەڵام خانووە نەوییە کۆنەکان، نیوەیان قووڕ و خشـت، کەشـێکی

خۆڵەمێشیان دەنواند. نەمدەویست بزانن من لەوێ دەژیم. ئێستاش سۆزی زۆرم بۆ ئەو کۆڵانە هەیە.
بەڵام دوو ساڵی نەبرد، بە پارەی ئارەقەی خۆم، ئیفادەکانم، بەرنامە و کابانی هاوسەرەکەم، ئۆتۆمبێلێکی جۆری لادای رووسییم بە سێ هەزار و دوو سەد دینار کڕی. لەبیرمە، ئەو پارچەیەک زێڕی فرۆشت، منیش پارەم پاشکەوت کردبوو. خانووەکەشمان نۆژەنکردبووەوە، دەرگایەکی گەورەشمان تێیگرتبوو. شەوانەش ئۆتۆمبێلە لادا سپییە مۆدیل ١٩٧٥ەکەم، دەبردە حەوشە چیمەنتۆکە. دیارە ئەودەمانە مەعاونی هاتوچۆی هەولێر، ئەفسەرێکی موسڵاوی بوو، دەیانگوت رقی لە هەولێر و کوردە، بۆیە دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری زۆر زەحمەتکردبوو، ماوەیەکی زۆریش ئۆتۆمبێلمان هەبوو، مۆڵەتی لێخوڕینم نەبوو! بۆیە ئۆتۆمبێلەکە زۆرتر لەناو گەراجەکە رادەگیرا، حەوشە تەسکەکەی لەو خێزانە گەورەیە، نەفەسبڕ کردبوو.

## یەکەم فێڵ

ئەندازیار «رەشید رەئوف نەقشبەندی»، پیاوە باڵابەرزەکەی دەڤەری بادینان بە گواستنەوە هاتبووە هەولێر. زووتر لە موسڵ و دهۆک ئیشی کردبووە. ئەو دەرچووی زانکۆی موسڵ بوو. بەیانییان زوو دەهات، بەتەنیا لە ژوورەکەی خەریکی ئیشوکارەکانی دەبوو. کەشەکە هێمن بوو، تەنیا خشەخشی دەست و نووسین و نەخشەی سەر ترێسە رەقەکانی بن دەستی دەنگیان دەهات. لەگەڵ زۆر لە خەڵکەکە کەمدوو و بێدەنگ بوو. جاروباریش، لەگەڵ هەندێ کەسیش دەنگی دەهات و پێدەکەنی.

ئـەو ماڵـی لـە گەڕەکـی مەنتـکاوە بـوو. دوو سـاڵ بـوو لەگەڵ فەرمانبەرەکانـی دائیرەکـە، پارچەیەک زەویی لـەوێ وەرگرتبوو. خانووێکـی باشـی لەو گەڕەکـە میللییە دروسـتکردبوو. دیارە ئەو دەیزانی نەخۆشی دڵی هەیە، بۆیە زۆرجار بەپێیان دەهاتە دەوام، بۆیەش زوو کۆچیدوایی دەکات.

ئەو منی خۆشدەویسـت. رێزی دەگرتـم. منیش هەموو بەیانییەک، سـەردانم دەکـرد و بەدیـار نووسـین و پەراوێـزە وردەکانـی بـە قەڵەمە جافەکە دەینووسـین دەوەستام. زۆریش منی دەبردە سەر پرۆژەکانـی، قـەزا و ناحیـەکان. ئەگەرچی ئەو هیـچ کاری بە من نەبوو، بەڵام بەیانییان بە موحەمەدی شـوفێری داتسـنە سپییەکە دەگوت، برۆ با شێرزاد هەڵگرین!

دەهاتـن. ئـەو لـە ئۆتۆمبێلەکە دادەبـەزی. مـن دەکەوتمە نێوان کێڕ و سـوکان و باسـک و ورگی شـوفێرە قەڵەوەکە و تەنیشـتی کاک رەشـید. دەچووینە شـەقڵاوە. ئەو پیاوێکی ئیماندار و کوڕە شـێخ بوو، بەڵام حەزی لە بەزمەکانی سـەعید شـیوعی شـەقڵاوە بوو. لەگەڵ خواردنی تەشـریبی بەیانییانی رێسـتورانتە قەڕەباڵغە گەورەکەی گاڵتەیان دەکرد.

بەردەوامیـش پـارەی خـۆی و مـن و شوفێرەکەشـی دەدا! ئـەو ئەندازیاریکی راسـت و پیشەیی، نەفسبەرز، بەویقار، کەمدوو بوو. رێـزی ئیمـزا و قسـە و بەڵێنی خۆی دەگرت! سـوێندی بەسـەری باوکی کەریم «موحمەد عارف جەزراوی» دەخوارد. کوردێکی پاک و دڵسۆزیش بوو. بەڵام کەم باسی سیاسەتی دەکرد، زۆرتر حەزی دەکـرد بەسـەر پرۆژەکانەوە بێت. لەگەڵ بەڵێنـدەرەکان برادەر و دۆسـت نەبوو، بەڵام بە دڵسۆزی ئیشـوکارەکانی بۆ رادەپەڕاندن. بەڕێوەبەرەکەشـمان، ئەویـش کۆنـە ئەندازیارێکـی ناسـراو و بە

ئەزموون بوو، ڕێزی دەگرت و قســەی لەســەر کەشــف و سولفە و نەخشــە و دەرچوون و بەرنامەکانی نەدەکرد.
یەکســەر ئیشــەکانی بۆ جێبەجێ دەکــرد. پرۆژەکانی ئەویش باش دەردەچــوون، زووش تــەواو دەبــوون. لــە قــەزا و ناحیەکانیــش ڕێزیــان دەگــرت. کەم مودیــر ناحیە یــان قائیمقــام و بەڕێوبەری شــارەوانییەکان تێکەڵــی دەبوون! بــەڵام ئەویــش، دەیزانی چۆن هەڵســەوکەتیان لەگــەڵ دەکات. ســەری لــێ دەدان، پرســی پــێ دەکردن، ڕێزی دەگرتن! هەندێجاریش بە قســەی دەکردن.
ڕۆژێکیان فیتەکەی دایە دەســتم و گوتی:
شــێرزاد بڕۆ زەرعەی قیری شەقامە ســەرەکییەکەی ناو ڕەواندوزم بۆ بکە. بەیانی بەڵێندەرەکە دێت، پێم گوتووە تاکســییەک بێنێتە بــەر دەرگای دائیــرە، ســوار بە و بڕۆ! پیوانەکــەم بۆ بکەم و بۆم بێنەوە، با ســولفەکەی بڕوێنم! درێژییەکەی بپیوە و تەواو.
دیــارە، منیــش ڕێــزی قســەکانی ئــەوم دەگرت. پێم خــۆش بوو. ســەردانی ڕواندزیــش بــۆ مــن دەرفەتێکــی زێڕین بــوو. لەمێژبوو دەمویست دووبارە شارەکە ببینمەوە، پاش نسکۆکەی ساڵی ١٩٧٥ نەمدیبــوو. پــەرۆش بووم بەیادی ئەو مانگەی ســاڵی ١٩٧٤ لەوێ بووم، ســەردانی بکەمەوە. بەڕاســتی من هەســتم دەکرد، ڕەواندوز بۆن و شــێوازێکی جوانی هەیە. شــارێکە، بە دیمەنی ناو فیلمێکی ســیحراوی دەچێت. خەرەند و کۆڕەک و هندرێن و زۆزک و رووبار و خانووبەرە و خەڵکی، نمونەی بەرزی شــیرینی و جوانی بوون.
چوویــن و زوو گەیشــتین. کابرا بــرای بەڵێندەرەکە بــوو. کەمێک قەڵــەو، دەســتە جلێکــی کــوردی گرانی ڕەنــگ قاوەیــی خاوێنی لەبەردابــوو. جەمەدانییەکــی باریکی توندی لەســەری بەســتابوو. پشــدێنێکی باریکی گوڵزاری بەســتابوو. ئەو جگەرەی دەکێشــا و

پێشکەشی منیشی کرد، منیش ئەودەمانە جگەرەم نەدەکێشا. هەر ئەوانەش بوون منیان دوایی فێرە جگەرەکێشان کرد. ماوەیەکی زۆر بە بەردەوامی و پچڕپچڕ دەمکێشا. تا گەیشتمە ئەوروپا، ئیتر بەیەکجاری دەستبەرداری بووم. ئێستاش بێزی زۆرم لە دووکەڵ و شێوە و قونکە سووتاوەکانی سەر شەقام و ناو تەپڵەکانیشی دەبێتەوە.

من و ئەو، بەتەنیا دەستمان بە کارەکە کرد. من سەری فیتە سی مەترییەکەم دایە دەست ئەو، ئەویش ئەلقە مسەکەی لەناو پەنجەیەکی دانا.

من فیتەکەم راکێشا، تا لەسەر سی مەترییەکە یەک دوو وردە بەرد و شوختێک، لەسەر قیرەکە دیار بکەم، ئەویش دووبارە ئەلقە و سەری فیتەکە لەسەر شوختەکە دابنێت. دووبارە من بڕۆم و بنووسم. بەو حاڵەوە رۆیشتین. سی مەتر، سی مەتر بەسەر قیرەکە دەڕۆیشتین. قیرەکە نوێ بوو، بنی پێڵاوەکانمان بەباشی پێوە دەنووسا. بۆیەش پێڵاوەکانمان بەسەر قیرەکە زیکە و جیرەیان دەهات! دوو سێ فیتەمان راکێشا. من لەپێشەوە، ئەویش دەست بەجگەرە لەدواوەم دەهات.

لەناکاو ئاوڕم دایەوە. کابرا بیری لەوە نەدەکردوە، من ئاوڕی پشتەوە دەدەمەوە. منیش، هیچ مەبەستێکم لەو نیگایە نەبوو. بەڵام سەیرم کرد و بینیم، کابرا دوو سێ مەتری فیتە تەنکەکەی، لەناو دەستی لوول داوە. واتە من سی مەتر دەپیوم و دەنووسم و دەژمێرم، بەڵام بیست و هەشت مەتر دەڕۆین. ئەگەر وا بڕوات، دە فیتەی سی مەتری بڕۆین، دە جار بەو شێوەیە بپیوین، درێژایی بیست مەتر و زۆرتری بۆ دەنووسم. بە تەواوکردنی پیوانەکە، رەنگ بوو، سەد مەتر درێژی بۆ زیاد بکەم!

لـە شـوێنی خـۆم چەقیـم. هەناسـە سـارد، حەپەسـاو. بوومـە داربەڕووێکـی ئـەو شـاخانە. رەق و وشـکبوومەوە! گەڕامەوە لای ئەو، هێشـتا فیتەکەی لەناو لەپی لوولدرابوو، بیری لەوە نەکردەوە زوو فرێـی بدات. دیارە گومانی نەکـرد من فێڵەکەم دیوە، نەیزانی هەستم بەوە کردووە. توند دەستی کابرام گرت. ئەو چەند ساڵێک لە من بەتەمەنتر و قەڵەو و بەتواناتریش بوو، بەڵام من! دەسەڵات و یاسـا و ئەخلاقم لەپشـت بوو. من لەسەر حەق و راست، ئەویش شـەرمەزار و فێڵباز. فیتەکەم لەناو دەستی دەرهێنا و پێم گوت: پەنجەت لەناو ئەلقەکە دەنێت، لەسـەر قیرەکەی دایدەنێت، باشە! ئەویش شـەرمی کرد، بەڵام هەسـتم بەوە نەکرد رەنگی بگۆڕێت و بشـلەژێت. گوتم گرتنی سـەری فیتە وایە، نەک وەک تۆ! ئەویش بێ ئەوەی زۆر شەرم بکات، گوتی:

ویسـتم فیتەکەی موهندیس رەشـید بە قیر و پیس نەبێت! منیش گوتم:

نا کاک رەشـید دەیەوێ فیتەکەی باش لە قیرەکە وەربدرێت!

ئیتـر سـەرلەنوێ، لەسـەرەوە دووبـارە دەسـتمان بـە پیوانەکـە کردەوە. بەردەوامیش چاوم لەسـەر دەسـت و فێڵ و سـاختەکانی بوو. تا تەواوی شـەقامە سـەرەکییەکەی نـاو رەواندوزمان پێوا و تەواومانکرد و گەڕاینەوە.

بەیانـی زەرعـە و پیوانەکەم لەبەر دەسـتی کاک رەشـید بامەڕنی دانـا. ئەویش سـەیری ژمـارەی مەتر و پێوانەکە کـرد، بەلوتفەوە فەرمووی:

ئافەریـن، شـێرزاد، وەک کەشـفەکەی ئێمـە دەرچـووە. منیـش گوتـم لە خزمەتم یا شـێخ. بەڵام سـەربردەی فێـڵ و فیتەگرتن و قیرەکەم بۆ نەگێڕایەوە. ئەوە یەکەمجاریشـە باسـی دەکەم. بەڵام

ناوی بەڵێندەرەکەم لەبیرنەماوە، ئەگەرنا ناوەکەم دەنووسی. بەڵام، باش دەزانم خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری هەولێر بوو. لە وەستاییەوە ببووە بەڵێندەر. لە دەستوپەنجەکانی دیار بوو، رەنجی زۆری کێشابوو. بەرد و چیمەنتۆی درڕ، کاری زۆریان لەناو لەپ و سەرە پەنجەکانی کردبوو.

## ناوفیتەرانی شێخەڵا

یەکەم چالاکی و ئیشوکاری ناو سنووری شارەوانیم، پاش هەڵگیرسانی شەڕەکە و پەلاماردانی سەدام بوو بۆ سەر سنوورە دوورو درێژەکەی ئیران عێراق بوو. شارەکە زۆر ئارام نەبوو. تازە «یەحیا جاف» ببووە پارێزگار. ئەو کەسێکی توند بوو، بە زمانی عەرەبی قسەی دەکرد. ئەگەرچی دەیانگوت خانەقینییە، ژنەکەشی خەڵکی سلێمانییە. ئەو بڕیار دەدات، شارەوانی فیتەرەکانی شێخەڵا بگوازێتەوە ناوچەی پیشەسازی باکوور. بڕیارێکی ترسناک و زەحمەت بوو. منیان لەو پرۆژەیە دانا. من، زەوییەکانیان بەپێی لیست و ناوەکانی سەندیکای کرێکارانی میکانیک، بەسەر فیتەرەکان دابەش بکەم!

ناوفیتەران، شەقامێکی درێژی شێخەڵا بوو. لە دووکانەکانی نزیک مزگەوتەکە، تا دەگەیشتە سەر شەقامی هیلالی، فیتەر بوون. هەموو پیشەگەرێکی ئۆتۆمبێلی تێدا بوو. هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلی گچکە و گەورە، تایبەتی و گشتی، ئەهلی و حکومییەکانی لێ چاک دەکرایەوە، بۆیە دەکرایەوە. وایەرمان و رادێتەرو مەکینە و پەنجەرچی و بائیع و وەکیلەکانی هەموو هەولێر لەوێ بوون. هەموو ئەوانەی، دەستیان بە دووکەڵ و ئاسن و گریز و روون

و سووتان و بورغی ڕەش ببوو، لەوێ کاسبییان دەکرد. هەموو ئەوانەی ئۆتۆمبێلەکانیشیان، پەکی دەکەوت دەچوونە ئەو شەقامە و لەوێ چاک دەکرانەوە.

ئەوان لەو شەقامە کۆببوونەوە. ژمارەیەکیشیان، گەیشتبووە کۆڵانە باریک و کورتەکانی سەر شەقامە سەرەکییەکە. بەڵام چەقی ناوفیتەران ناوەندی ئەو شەقامە بوو.

بەکورتی، سەندیکا و شارەوانی دەرەقەتی خەڵکەکە نەدەهاتن، ئەوانیش بیانوویان زۆر بوو. چۆن بگوازینەوە؟ چۆن بار بکەین؟ بە چی دووکان، لەو دەشتە دوورە دروست بکەین؟ باشە ئەوە دروستمان کرد، کێ دێتە ئەو شوێنە دوورە! کێ دەڵێ ژمارەیەک خۆیان نادزنەوە، لەناو شار نامینێنەوە؟ ئیتر قسەی زۆریان دەکرد! بەڵام لەسەر فەرمانی پارێزگار، کارەبایان لەسەر دەبڕن. ئیتر پەکیان دەکەوێت و فزە ناکەن. یەک فیتەر، یەک دووکاندار قسەیەک ناکات. بەلێشاو هاتن، دوو دوو سێ دەهاتن. بە ئۆتۆمبێلە شڕەکانیان، بە تاکسی دەهاتنە شوێنەکە! ناوی خۆیان لەناو لیستە درێژەکە دەدۆزیەوە.

سەیری نەخشەکەیان دەکرد. لەسەر کیربستۆنی شەقامەکانی کە قیرتاو نەبوون، دەپەڕینەوە. دەهاتن و داوایان زۆر بوو، دە کەس بەیەکەوە. دە دەرنافیس، چەندین چەکوچ و پلایس و گزۆز و وایەر لەو ناوە پەیدابوون!

یەکێک داوای دەکرد، دەیگوت ڕووبەرەکەم تەسکە. زەوییەکەم کەمە، لە براکەم دوورم، کوڕەکەشم فیتەرە! ئەویش زەوی دەوێ! ڕووی ئەرزەکەم باش نییە، پشتی تەسکە، دوورە ڕێگایە، نامەوێ لە بائیع و فرۆشیارەکان دووربم! فیتەرەکان قسە و داوایان زۆر بوو، منیش بەتەنیا! لەبەر ناوەکەم، زۆر هەولێرییانە بوو، بە

تورکمانیــش قســەیان لەگــەڵ دەکــردم. بەڵام بە شــیرینی وەڵامم دەدانــەوە، ببــوورە تورکمانی نازانم. راســتە منداڵی ئەو شــارەم، بەڵام بەداخەوە فێر نەبووم!

بــەڵام بۆ من ئاســان نەبوو، ئەوانە هەمــوو رازی بکەم. بۆیە زۆرم دەناردەوە لای بەرپرســی نەقابەکەیان، کەمال فەخری. بەهەرحاڵ دەستمان بە دابەشکردنی زەوی دووکانەکان کرد، کۆششی زۆرمان دەکرد، هەموویان رازی بکەین!

کە نەخشە و گواستنەوەکە دەبێتە راستی. فیتەرەکان ناچار دەبن بگوازنــەوە و بچنــە شــوێنە دوورەکان. بچنــە نــاو درک و خۆڵ و چۆڵەوانییەکــە، وەک خۆیــان دەیانگوت. بلۆکــی نوێمان بۆ دانان. شوێنی گەورەترمان بۆیان دیارکردن. گەراجمان بۆیان تەرخانکرد. رووبەرو شــوێنەکە، دوو و سێ هەندی نەخشە کۆنەکەی لێ هات. لەگەڵ دابەشــکردنی زەوییەکان. دووکان دروســتکردن شــەڕەکانی سەرسنوور گــەرم دەبوو. تەجنیــد مەوالیدی نوێــی بانگ دەکرد. خەڵکەکە بەوە دەســتیان لەســەر دروستکردن ســارد ببوو، بەڵام نەدەکــرا بوەســتن. هەبــوو بە جلی ســەربازی و لەکاتــی مۆڵەتی هەفتانــە، ماندووبوونــی مەشــق و گەرمــە و تەقەتەقــی بەرەکان دەهاتن. ئەوان فیتەرەکانی ســەربازی موکەلەف و ئیحتیات بوون، دەهاتــن. بــە خۆیان سەرپەرشــتی دروســتکردن و گواســتنەوە و دیارکردنی زەوییەکانیان دەبوون.

لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکان، ماندووبوون و قسەی تاڵ و هەندێجار هەڕەشــەش، خەڵکێکی نوێم ناسی. هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە رۆژێک بێت، من خەڵکی ئەو توێژە بناســم. ببینم، ببەنە برادەرم! دیارە دۆستایەتی و ناسینی ئەوانەش باش بوو، لە داهاتوو سوودی باشــم لەوانە دەبینی. چونکە بەردەوام ئۆتۆمبێلم هەبووە. ئەوەش

بۆ من ده‌ستکه‌وتێکی گه‌وره‌ بوو.

خه‌ڵک هه‌بوو به‌سیفه‌ت و پێزان بوون. له‌بیریان مابوو، یان ئه‌وانیش حه‌زیان ده‌کرد، مه‌ساحێکی شاره‌وانی بناسن، دۆستایه‌تییان خۆش بێت! فیته‌رم ده‌ناسی، خۆی به‌ته‌نیا شه‌ڕه‌ دووکانێکی هه‌بوو. پاش چه‌ندین ساڵ، دووکانه‌که‌ی ده‌بێته‌ چوار پێنج دووکان. برا بچووکه‌کانی، کوڕه‌ خه‌زوورانی، یان باوکیان ببووه‌ فرۆشیار، له‌په‌نایه‌ک دووکانێکی سه‌رپێیان بۆی کردبووه‌وه.

هێشتا دووکانه‌کان ته‌واو نه‌بوون. منیش بوومه‌ سه‌رباز، کاره‌که‌م له‌بن ده‌ستی نه‌ما. که‌ تسریح بووم، گه‌ڕامه‌وه‌ فیته‌ره‌کان هه‌موویان له‌ پیشه‌سازی باکوور، دووکان و گه‌راج و ده‌زگایان دامه‌زراندبوو. هه‌موویان له‌گه‌ڵ ئه‌ملاکی شاره‌وانی گرێبه‌ستی درێژخایه‌نیان به‌نرخی زۆرکه‌م کردبوو. به‌مه‌رجێک موڵکه‌که‌ نه‌فرۆشنه‌وه. پارچه‌ پارچه‌ی نه‌که‌ن. یان به‌ ده‌ستی دوو به‌کرێی نه‌ده‌نه‌وه. که‌ زۆریان ئه‌وه‌یان ده‌کرد. ده‌رکه‌وت بێجگه‌ له‌ فیته‌ره‌کان، پیشه‌وه‌ره‌کان، خه‌ڵکی زۆری فه‌رمانبه‌ر و جووتیار و کرێکار و وه‌ستای له‌بخ و زۆری تریش ئه‌رزیان وه‌رگرتبوو، دووکانیان دانابوو. ناوفیته‌ران ببووه‌، مایه‌ی کاسبی و کڕین و فرۆشتن و به‌کرێدان و قازانجی باشیش.

## سه‌ماوه‌ره‌که‌ی گوندی زینوێ

له‌و ماوه‌یه‌ی سه‌ربازی ئیحتیات بووم. زۆر خه‌می ئه‌وه‌م ده‌خوارد، وه‌ک مه‌ساح ئیشم نه‌ده‌کرد. منیش وه‌ک هه‌ندێ له‌ مه‌ساحه‌کان له‌ رێگاوبان ئینتداب نه‌بووم. وه‌ک سه‌ربازی مه‌ساح، له‌ ئیشغاڵی عه‌سکه‌ری نه‌بووم. من سه‌ربازێکی زۆر ئاسایی بووم، ره‌وانه‌ی

دەورەیەکیش نەکرام، نەبوومە موخابری بێتەل، یان رەسەدی تۆپە قورسـەکان، وەک سەربازێکی مەشاتی ئاسایی بووم.
ژنەکـەم، لەگەڵ براکەی بە پێناوی ناسـیارێکیان، بەپەلە دەچێتە ماڵـی ئەفسـەرێکی ئەندازیار و بەرپرس لە ئیشـغاڵی سـەربازی، تـا لەنـاو بەغدا بمباتە لای خۆی. لەناو سـەربازگەی تاجی دوورم بخاتەوە. سەماوەرێک و دوو کیلۆ هەنگوین و دەستەیەک پلاسکۆ و پێنج مەتری قوماشی ئەنگۆڵەی ئیرانی، بە دیاری بۆ خێزانەکەیان بردبـوو. بەدیارییە نایاب و جوانەکان کابرایان شـەرمەزار کردبوو. ئەویش بەدڵسـۆزی ناو و ژمارەی وەحدەکەم دەنووسێت. بەسەری سـپی و شـەوقی نەجمەکانی شـانی بەڵێنیش دەدات. بەڵام هیچی نەکـرد و هیچـم نەبیسـت. منیش ئـاگام لە هیچ نەبـوو. بەڵام من زووتر بڕیاری خۆشم دابوو. بە دوو سێ سەربازی عەرەبم گوتبوو. ئەگـەر لێـرە، بگوازرێنـەوە، زیـل و کاروانەکەمان بەرەو باشـوور بـڕوات. بـەرەو کـوت و عیمارە و بەسـرە بڕوات، مـن نایەم. من چیتر سـەربازی ناکەم. خۆم بە کوشـتن نـادەم. تکایە بە پیاوانە کلاشـینکۆفەکەم تەسـلیم بکەنەوە. بڵێن، ئەوە چەکی سـەربازی مەشـات شێرزاد قادر هەینییە. با لەسەرم نەبێتە ماڵ.
بـەردەوام ئـەوەم بەبیردێتـەوە، چـاوم لـە سـەماوەرە سـپییە ئیرانییەکەیە، چونکە یادگار و دیاری بوو. لە گوندی زینوێی نزیک حاجـی ئۆمەران کڕابوو. خۆمان بەکارمـان نەهێنابوو، ئاومان پێی گەرم نەکردبوو. دڵنیام ئەوانیش ئاویان پێی گەرم نەکرد. ئەوانیش بواریـان نەبـووە. ژن و مێردەکـە، بەیەکەوە لەدیار سـەماوەرەکە دانەنیشتن. قادسیە و شەڕەکە بواری نەدەدا، کەس، هیچ خێزانێک پشـوو بـدەن و تـام لە ژیـان و شـەوە پەمبەکانی ببینـن. بەڵام دڵنیـام هەنگوینەکەیان خواردووە. ژنەکەش قوماشـەکەی کردووە

بــە عەزیەکــی جوانیش. لەبەر رەنگ و باشــی قوماشــەکە، زووش خوشــک و دەستەخوشکەکانی پێیان گوتووە:

دادە، ئەو قوماشــە جوانەت لەکوێ بووە!

ئەویش گوتوویەتی:

لە شــیمال، لە کۆنە ناسیارێکی کوردمان بۆمان هاتووە.

## سەربازگەی تاجی

چل شــەو، لە ســەربازگەی تاجی، بەئاســوودەیی مامــەوە. بەرۆژ زۆر ماندوویــان دەکردین. بەڵام ئێــواران بۆ خۆم تۆڵەم دەکردەوە و دەچوومــە نــاو بەغدا. هەندێ شــەوان لە هوتێلەکانی ســەعدون دەمامــەوە. لەبیرمــە هوتێلەکــەی دڵم لێی دەکرایــەوە ناوی کانی بوو. لە ســەرەتای شــەقام ســەعدون، بەرامبەر گەڕەکی بەتاوینی مەســیحییەکان، واتــە لەدیــوی ئەبو نەواس بــوو. هێمن و خاوێن، بەڵام کەمێک گرانتر بوو.

لــە رۆژانــی مانــەوەم لە ســەربازگەی تاجــی، زۆرم حــەز دەکرد، بەنیازیش بووم. رۆژێکیان بڵێن کێ شەهادەی هەیە، کێ خەریجە. چاوەڕوان بووم. منیش بە جلە سەربازییە شڕە گەورەکەم، پۆستاڵە جوان بۆیەکراوەکەم، بێمە دەرەوە، بڵێم:

گەورەم من بڕوانامەم هەیە، دبلۆمم لە مەســاحە هەیە!

ئەفســەرەکەش بڵێت باشــە. لە مەساحەی عەســکەری ئێشیان بە تۆیــە. وەرە بــا بتنێرین. منیش بەپەلە، بــە دوو دەقە یاتاخەکەم بپێچمــەوە. کلاشــینکۆفە بــێ فیشــەکەکەم بدەمــەوە مەئمــوری مەشــجەبەکە. بچمــە نــاو بەغــدا، لەوێ دیســان لــە هوتێلی کانی دابــەزم، ئێوارەکــەی بــەو بۆنەیە، بەو دەســکەوتە مەزنــە، بچمە

بارەکەی ئەلسواح، لەبەر پەنجەرەکەی کە دەیڕوانییە پەیکەرەکەی «موحسین ئەلسەعدون» دابنیشم. کە نەمدەزانی پەیکەرەکەی بەرامبەرم، یاد و شانازییەکە بۆ کێیە! بۆ ئەو پەیکەرە بەرزەی بۆ دانراوە!؟

پاش چەندین ساڵ، هەر بەیادی ئەو پەیکەرە، کتێبێکی موحسین ئەلسەعدونم لە بەغدا کڕی. ئەودەمانەش حەزم بە یادنووس و سەربردەکان هەبوو، زوو خوێندمەوە، ئیتر زانیم، ئەو پیاوە لە حکومەتەکانی پێشووی مەملەکەتی عێراق سەرۆک وەزیران بووە. بەڵام لە ڕووداوێکی نادیار، دوو گوللەی بەسەری دەکەوێت و دەکوژرێت، یان خۆی دەکوژێت. گرینگ نییە، کابرا کێیە، گرینگ ئەوەیە من بەڕووی ئەو پەیکەرەی سەربردەی زۆرە، لەساڵی ١٩٣٣ بە برونز لەلایەن پەیکەرتاشی ئیتاڵی ناوداری ئەو زمانە «بیاترو کانونیکا» دروستکرابوو. زووتر هەر ئەویش پەیکەرێک بۆ کەمال ئەتاتورک دەکات.

بەڵام ئەو پەیکەرە، لە ڕۆژانی هاتنی سوپای ئەمریکی ساڵی ٢٠٠٣ ون دەبێت. یان دەدزرێت. یان بەئەنقەست لادەبردرێت. ئەوەشیان، وەک راستی کوشتن و مردنەکەی روون نییە. ئەوەی من بە دیار پەیکەرەکەی ناو بەغدا دەمخواردەوە، پەیکەرەکەی سەرکەش وەستابوو. سیدارەکەی سەری و لاپەڕەکانی ناو دەستی زۆری دەگەیاند. بەڵام نەمدەزانی کێیە، بۆ پەیکەریان لەو مەیدانە ناودارەی بەغدا _ساحە النصر_ بۆ داناوە.

پاش چەند ڕۆژێک لە مەشقی ئاسایی، منی خاوەن بڕوانامەی ناو سریەکە، بوومە سەربازی هاونی شێست ملیمەتری. نە دەچمە ئیشغاڵی عەسکەری. نە سەربازی مشاتی پیادەییم لەکۆڵ دەبێتەوە. دوو هەفتە، ڕۆژانە چوار پێنج سەعات، نائیب عەریفێکی

معێدی دەرچووی دوو ناوەندی. لەناو نامیلکەیەکی شــڕی سەربازی پێکهاتــە و کاریگــەری و چۆنیەتی بەکارهێنان و جۆری گوللەتۆپی هاونــی بــۆ دەخوێندینەوە. دەبوایە منیش، پــاش ئەو، بێ ئەوەی نامیلکەکــە ببینــم. دووبــارە قســەکانی ئــەو، بــۆ ســەربازەکانی فەســیلەکە، هەشت سەربازەکەی وەک عاموود وەستابوون، شرۆڤە بکەمەوە، ســادە و جوان تێیانبگەیەنێم.
کەمتر لە ساڵێک یان زۆرتر سەربازی دەکەم. بەڵام زۆر بەختیارم، نەچوومــە بەرەکانــی شــەڕە ســەختەکانی ســەربازی زۆری وەک مێرووله تێدا هەڵدەوەرا. شاری بەسرام بە سەربازی نەبینی. لەناو هۆرەکانی عیمارە، رووبەڕووی هێرشــەکانی بەردەوامی ئیرانییەکان نەبوومــەوە. لەگــەڵ ســەربازە کوردەکانــی بەلێشــاو فیراریــان دەکــرد، فیــرار دەکــەم. حکومەت بە هەموو جەبــەروت و دەزگای جاسووســی و ســەربازی و حزبییەکانــی، دەرەقەتی لێشــاوەکەی نەگــرت. دەرئەنجــام، بڕیاردەدەن هەموو ســەربازە کــوردەکان لە ســوپا تەســریح بکات! منیش تەسریح دەبم، لە دەفتەر خدمەکەم، لاپەڕەی تەسریحبوونم بۆ دەنووسن! ئەوەش لەگەرمەی شەڕەکانا، خەونێکی زۆر موستەحیل بوو.

## تەسریح دەبم

دووبارە دەگەڕێمەوە شــارەوانی. خانــووم هەیە، دوو منداڵم هەیە. بەڵام ئۆتۆمبێلەکەم فرۆشتووە، پاش ماوەیەک بە پارەی کۆکراوەی کرێــی خانووەکەمان. فرۆشــتنی یــەک دوو پارچە زێــڕ، لادایەکی کەســکی مۆدیلی ١٩٧٧ی خاوێن دەکڕیــن. ئەگەرچی لادا خاوێنی و باشــی نەبوو. دەبوایە بەردەوام پێیەکت، تایەکی لاداکەت لەکن

فیتەر بوایە. زوو زوو یان ڤۆڵتی پێشەوەی دەشکا، یان پرتەپرتی دەکرد و دەکوژایەوە.
دیارە من سوودم لە ئەرز دابەشکردن و گواستنەوەی فیتەرەکان بینیبوو، فیتەرێکی مەکینە و وایەرمن و پەنجەرچی و روونگۆڕی زۆر تایبەتی برادەرم پەیداکردبوو، ئەگەرنا لاداکەم بەیەکجاری هیلاکی دەکردم. لادا سۆڤیەتییەکەم بۆ چوونە دەوام و رۆژانەی ناو شار، چوونە مەسیف و شەقڵاوەش زۆر باش بوو.
بەڵام لە دەوام و ئیشکردنم ناگەڕێمەوە، سەر کاروباری ناوفیتەران. کە زەوی و دووکان و ئیشەکەش زۆر بەنرخ ببوو. ئیشی زۆری تێکەوتبوو. گەراجەکان نەخشە و لیڤڵیان دەویست. مەساحەکەی پاش من، سەرپەرشتی ئیشەکانی دەکرد بەرنەدەکەوت. ئیشی باش ببوو، وەک من نەبوو. کە من لەوێ بووم، خەڵک بەزۆر دەهاتن. زۆریان سەربازبوون، تووڕە و دڵگران دەهاتن. بڕوایان بە پرۆژەکەش نەبوو، دەیانگوت فشەیە، دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، ئەوە هەرگیز سەرناگرێت. با حکومەت هەر وا بڵێت.

## ئیفرازکردنی زەوی نیشتەجێی

حکومەت بە چەندین بەرنامە، دەیویست خەڵکەکە رازی بکات. خەڵکەکە، بەڵام هەموو خەڵک نا. توێژێک، دوو سێ چین و دەستە، سوودیان لە زەوییەکانی شارەوانی دەبینی. پۆلیسەکان، پیاوانی ئەمن و موخابەرات و ئیستخبارات و هەموو سەرباز و ئەفسەرەکانی سوپای عێراقی. مەلا و کارمەندەکانی مزگەوت و شەهیدەکانی قادسیە. ئەوانەی لەو شەڕانە ونبوو و بێسەروشوێن بوون! مامۆستایانی زانکۆ، زانا و پسپۆرەکانی لە دەرەوە

بڕوانامەیـــان هێنابـــووەوە. ســـەندیکا و ژمارەیـــەک لـــە ئەندامانـــی کۆمەڵـــە نیشـــتەجێبوونەکان. ماوەماوەش ژمارەیـــەک فەرمانبەر و کرێکاریش بەر ئەو لێشاوە دەکەوتن!

ئیتـــر ئێمە لە شـــارەوانی وەک مەســـاح، بۆ پیـــوان و ئیفرازکردنی زەوییەکان و تۆمارکردنی لە دائیرەی تاپۆ، کە ئیشـــوکارەکانی زۆر ورد و بەگێچـــەڵ و زۆریـــش بوو، ئیشـــمان دەکـــرد! ئەوەش کات و فەرمانبـــەر و فایـــل و بلانکێتی زۆری دەویســـت. زووتریش دەبوایە شـــارەوانی زەوییە کشـــتوکاڵییەکانی ناو سنووری شارەوانی، بەناو کوژاندنـــەوەی مافـــی بەکارهێنـــان «ا×فاء حق الت×ـــرف» بەپێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش، بە ئیمزای ســـەدام حوســـێن بە پارەیەکی رەمزی زۆر کەم، بەناوی شارەوانی بکات!

بیگومـــان کەس لەو خاوەن زەوییانـــە، ئەوەیان بەدڵ نەبوو. بەڵام دەســـەڵاتیان نەبـــوو. ئەوانـــە، لە زەوییـــە کشـــتوکاڵییانەی مافی بەکارهێنانیان هەبوو، «وزارە المالیە تحت ت×رف» ئەوەیان لەسەر قۆچانەکانیان نووســـرابوو. تێدا دەنووسرا کێ بەکاریهێناوە. دیارە ئەوانـــەش بنەماڵـــە گەورە و ناودارەکانی شـــارەکە بوون. ژمارەیان زۆر بـــوو. ئەوانـــە، ئەو مافەیان لە بـــاب و باپیرانیان، ئەوانیش لە سەردەمی عوسمانییەوە بۆ مابووەوە.

ئەگەرچـــی بەپێی قانوونی ئیســـلاحی زراعی ســـەردەمی شۆڕشـــی چواردەی گەلاوێژی ســـاڵی ١٩٥٨ بـــە فەرمانی زەعیم عەبدولکەریم قاسم، زۆریان لێ وەرگیرابووەوە، بەسەر جووتیارەکانی ناوچەکەیان دابەشـــکردبوو. بـــەڵام هێشـــتا موڵکی زۆریـــان مابـــوو! ئەوانە، بە فەرمانـــی ســـەدام و بـــۆ جێبەجێکردنـــی بەرنامـــە و نەخشـــەکانی شـــارەوانییەکان، یەکســـەر، بەپێی بەندەکانی بڕیارەکان، بە نرخی رەمزی و زۆر کەمیش، بەناوی شـــارەوانی دەکران! ئەو ئیشـــە ورد

و دڕوارە، زۆر دووروردرێژە، کە ڕەزامەندی بەغداشــی دەویست، من زۆرم لەوانە تەواو دەکرد.

## ئیفرازی پارچە زەوی ١١٥ی کەرتی ٤٥ وارش

فشــارێکی زۆر لەســەر شــارەوانی بۆ دابەشــکردنی زەوی هەبوو. خەڵکێکی زۆر نووسراویان هێنابوو. ڕەزامەندی سەرەوەیان هەبوو. زۆربەیــان زەوییەکانیان بە نرخی یەک دینار وەردەگرت!

یەکێــک لــەو پارچــە زەوییانەی ئیفرازمان کرد. پشــت ســێتاقانی ســەرەوە بوو. خەندەقی چواردەورەی شــار، کە بە پانی و قووڵی لێدرابــوو، تا بــە ئۆتۆمبێل و دوور لە چاوی ســەیتەرەکان، کەس نەگەنــە نــاو شــار. خەندەقەکە دەکەوتــە ناو زەوییەکــە. بۆیە بۆ پەڕینەوەمــان بەشــێکمان بــە شــارەوانی پڕکــردەوە! یەکێــک لە کێشەکانی تری ئەو پارچە زەوییە، بە گەنم یان بە جۆ چاندرابوو. لــە زۆر شــوێنی هەولێر، خەڵــک هەبوو، من نازانم کێ پشــتیوانی دەکــردن، یان ئەو خەڵکانــە کێ بوون. زەوییەکانی شــارەوانییان تــۆ دەکــرد. بەئاشــکرا دەیانکــردە گەنــم و جــۆ، بەئاشــکراش دەیاندووریــەوە. ئەو پارچە زەوییە، نزیکەی شــەش ســەد حەوت ســەد پارچە زەوی ســێ سەد و دوو ســەد و پەنجا مەتری بوون. نیــوەی لەنــاو بازنەی شــەقامی ســەد مەتــری و نیوەکــەی تری، دەکەوتە دەرەوەی شــەقامەکە. شــوێنەکەش بەشــێکی بە شــۆفڵ هەڵکۆڵرابــوو. شــوێنەکەش بەردڵ و خاوێنیــش نەبوو، کەم کەس ئارەزووی وەرگرتنی پارچە زەوییەکانیان دەکرد.

***

زووتر باســی ئــەوەم کردبوو، کە لە شــارەوانی پراکتیک دەکەین، پارچە زەوییەکی گەورەی بەرامبەر شــۆڕش و پشــت بەنزینخانەکە ئیفراز دەکەین. دوایی دەدرێتە فەرمانبەرانی ناوشــار. هەمووی بە خــاڵ و ریزبەنــدی دابەشــکرابوو. حکومەتیش ناوی دەنێت ســبعە نیســان _٧ نیســان_، ناوەکەش یاد و پیرۆزی رۆژی دامەزراندنی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بوو! دوای راپەڕین، ناوی دەبێتە گەڕەکی راپەڕین.

لــەوێ چەنــد رۆژێک بەردەســتی مەســاحەکانمان دەکــرد. بۆمان دەپیوان، شیشمان دەکوتا و گێچمان روو دەکرد! بەڵام بۆشاییەکی گــەورەش دەمینێتــەوە، دوایی درەنگ ئیفراز دەکرێت، شــارەوانی دابەشــیدەکات، ئێستا خەڵک ناوی لەو بەشە ناوە دۆلاراوە.

هەر لەو بەشــەی شــار و نزیک رێگای شــەقڵاوە. تەنیشت گەڕەکی ســبعە نیســان، کە شــەقامێکی بەرین نێوانیان دەکات، ئێســتا بە بــازاڕی حــەی شــورتە ناســراوە. گەڕەکەکــەش هەر بــە گەڕەکی شــورتاوە ناســراوە. لــە یەکــەم رۆژی ئیفرازکردنــی ئــەو گەڕەکە بەشــدار بوویــن. لەوێش، پێشــەوەی پارچە زەوییەکــە چاڵ بوو. دیارە بــۆ پڕکردنەوەی بادلۆی خانووەکانــی بەرامبەریان، خۆڵیان لــەو بۆشــاییە بردبــوو، بۆیە بووە چاڵی گەورە گــەورە و پڕ ئاوی بارانیش بوو.

لە ئیفرازکردنی ئەو بەشــە و ناو چاڵەکان، زۆر زەحمەتمان کێشــا، بۆیە لەکاتی دابەشکردنی بەر کەس نەکەوت. دوایی زەوییەکە لەبەر ئەوەی لەســەر شەقامە ســەرەکییە بوو، بەقیمەت دەبێت و دەبێتە بەکارهێنانــی بازرگانــی. هەموو زەوییەکان، دەدەنە پۆلیســەکانی ناوشــار، ناوی دەبێتە، حی الشــر×ە، بەڵام خۆی بەشــێک بوو لە ٧ نیسان.

ئەو پارچە زەوییانە، کڕین و فرۆشــتنی ســارد بــوو. بەڵام چونکە پۆلیسەکان مەتری بە یەک دینار وەردەگرن، ئەوەی دەیفرۆشتەوە، چەندی دەکرد، هەر قازانجی بوو. کەمێکیش لەوانە دەیکەنە خانوو، بۆ دروســتکردنیش هەموویان سوود لە قەرزی عەقاری وەردەگرن.

## حەی سەدام

گەڕەکەکــە بەرەســمی بــە نــاوی ســەدام بــوو. «عەبدولموئمــن دەشــتی» وەک مــن لــە شــارەوانی مەســاح بوو. بــەڵام پاش من دامەزرابــوو. ئەویــش دەرچووی ئامۆژگەکەی بەغــدا و عائیدونیش بوو. بەبێ ئەوەی ببێتە ســەرباز و چاوەڕوانی تەسریحبوون بکات، دادەمەزرێــت. رەنگە هاتنی بۆ شــارەوانیش، لەژێــر کاریگەری من بووبێت، چونکە رەحمەتی «عەبدولســلام دەشتی» برا گەورەکەی، کــە زۆر بەگەنجی، بە نەخۆشــی کۆچیدوایــی کرد. برادەری نزیکی مــن بوو. لــە ئامۆژگەش بەیەکەوە بوویــن، هاوتەمەن و هاوبیریش بوویــن. بــەڵام ئــەو خوێنــدکاری بەشــی کارەبــا بوو. لــە هەموو بوارەکانــی ژیــان کەســێکی بەتوانــا و زیرەکیش بــوو. هاتوچۆی گەرممــان لەگــەڵ یەکتری هەبوو. بەر لــەوەی کۆچیدواییش بکات، بــە چەنــد رۆژێک، من و عەبدولموئمین لەســەر قەرەوێڵەکەی ئەو، لــە نەخۆشــخانە گەورەکەی موســڵ، باســی ژیــان و بەرنامەکانی دوارۆژمان کردبوو. هەروەها لەگەڵ براکەی تری شاعیری ناودارمان «کەریم دەشــتی»یش هاوڕێیەتییمان هەبووە و هەیە.

ئەو ماوەیەک دەکرێتە بەرپرسی نیشاندانی زەوییەکان و چەقاندنی تابلۆیەک بە ژمارە و ناوەکان لەســەر پارچــە زەوییەکانی گەڕەکە نوێیەکــە. رۆژێکیــان، کابرایــەک لەســەر رووی ژمــارە و ناوەکەی

له‌سه‌ر تابلۆ ته‌نکه‌که‌، ده‌نووسێت حه‌ی سه‌دام. ده‌شتی مه‌ساح زۆر لێی تووڕه‌ ده‌بێت و تابلۆکه‌ی لێ فڕێ ده‌دات، جنێووش ده‌دات. به‌ڵام باش بوو، که‌س کێشه‌که‌ی لێ گه‌وره‌ نه‌کرد، باسیان نه‌کرد و نه‌بووه‌ هه‌واڵ و شکایه‌ت، ئاسان به‌سه‌ری تێپه‌ڕی. ئه‌و زۆر له‌و پیشه‌یه‌ نامینێته‌وه‌، روو له‌ شاخ ده‌کات. له‌وێش ده‌ڕواته‌ ده‌ره‌وه‌، به‌ ماڵ و منداڵه‌وه‌ ده‌گاته‌ به‌رلین.

***

پارێزگا و شاره‌وانی هه‌ولێر، هاتنی سه‌دام حوسێن بۆ هه‌ولێر، دیمانه‌ی له‌گه‌ڵ به‌رپرسه‌کان به‌ دره‌فه‌ت ده‌زانن، باسی بوونی «ته‌جاوزات»ی زۆری ناو شاره‌که‌ی بۆ بکه‌ن! پێشنیاریش ده‌که‌ن چاره‌سه‌ری بکه‌ن. ئه‌ویش، واته‌ سه‌دام حوسێن، به‌ گه‌ڕانه‌وه‌ی بۆ به‌غدا، یه‌کسه‌ر و زووش بڕیار ده‌دات، خانووه‌کان هه‌ڵبگرێن، خه‌ڵکه‌که‌ به‌ پاره‌ و پارچه‌یه‌ک زه‌وی قه‌ره‌بوو بکرێنه‌وه‌! بڕیاره‌که‌ زۆر به‌په‌له‌ ده‌که‌وێته‌ بواری جێبه‌جێکردن.

بڕیاره‌که‌ له‌ قازانجی خه‌ڵکه‌ داماو و ماندوو و هه‌ژاره‌که‌ی ئه‌و شاره‌ بوو. ئه‌گه‌ر له‌ترسی فه‌رمانه‌که‌ی سه‌دام نه‌بوایه‌، هه‌رگیز ده‌زگا حکومییه‌کان به‌یه‌که‌وه‌، نه‌ده‌که‌وتنه‌خۆ و خه‌می زۆری خه‌ڵکه‌که‌یان نه‌ده‌خوارد! به‌ڕاستی ئه‌وان ژیانیان ناخۆش بوو. خانووه‌کانیان پیس و ناخۆش و ناته‌ندروست بوو. له‌ناو گه‌ڕه‌کی «ناچاری» شوێنی کۆلێژی ئه‌ندازیاری و ده‌وروبه‌ره‌که‌ی، بیریان بۆ ئاوڕاکێشان به‌ گوێدرێژ لێدابوو. گه‌ڕابوونه‌وه‌ گونده‌کان، سه‌رده‌می زۆر کۆن. هه‌موو ئه‌و خه‌ڵکه‌ی قه‌ره‌بوو و بڕیاره‌که‌ ده‌یانگرێته‌وه‌، هه‌ژار و ناچار و بێده‌سه‌ڵات بوون!

***

زوو نه‌خشه‌که‌ سه‌رپێی ئاماده‌کرا. تیمێکی به‌په‌له‌، له‌ناو شاره‌وانی

بـۆ ڕاپەڕاندنـــی ئیفرازەکـــەی پێکدەهێنـــن. ئۆتۆمبێلیـــان بۆ پەیدا دەکەن. لە هۆبەی ژمێریاری پارەی قەرەبووەکە وەردەگرن، لە بانک دایدەنێن، دەســـت دەکەن بە ســـەرفکردنی پارەکەش. زەوییەکانی بەســـەر خەڵکەکە دابەشـــدەکەن، ڕووبـــەری ١٥٠م٢ بوو. پارەکەش دوو هـــەزار دینـــار بوو، بەڵام بە ســـێ قیســـت دابەشـــدەکرا! پێنج ســـەد دیناری یەکەم، لەگەڵ وەرگرتنی زەوییەکە بوو. هەزارەکەش لەگەڵ تەواوبوونی دیوار و سەبکردنی سەری خانووەکە بوو. بەڵام پێنج ســـەدەکەی دوایی، لە کۆتایی تەواوبوونی دەدرایە خەڵکەکە! هەمـــوو خێزانێکی ناو لیســـتی زێدەڕۆییـــەکان، پارچەیەک زەوی و دوو هەزار دیناریان بەخۆڕایی وەردەگرت.

پیاوانی پیر، بەڵام شـــڕ و ماندوو! گەنج، ژمارەیان کەم بوو، بەڵام ژنانـــی بەتەمەن و ڕەشـــپۆش، زۆر دەهاتن. ئەوانـــە ناویان هەبوو. زەوییەکەیان وەردەگرت، قیســـتی یەکەمیان وەردەگرت!

ئەوانە، یەکەمجاریان بوو بچنە ناو بانک. چەکی کەســـکی بەبریقە، بە مۆر و ناو و ئیمزای زۆرەوە وەربگرن! پارە گرینگە، بۆ وەرگرتنی یـــەک دیناریـــش، ســـەفەرێکی زۆری دەوێـــت. لیســـت و بلانکێت و چـــەک و وردبینـــی و تۆمارکـــردن و ئامـــاژەدان بە ژمـــارەی بەند و بڕگەی میزانیەی دەویســـت. چەندین دەســـت و سەرمێز و بەرچاو و دیتنی بە چاویلکە و بێ چاویلکەی دەویســـت. هەر هیچ نەبێت، دە فەرمانبەری ناو دائیرەکە، دوایی لەناو بانکیش، ئیمزا و سەیرکردن و وردبینی چەند کەســـی تری دەویست، ئینجا پارەکە وەردەگیرا.

چەکـــی پارەکـــە، ئەوانە و زۆرتریش، تا دەچیتـــە بانک، لەوێ دوو ســـێ دەســـت دەکات، چەکـــە لاکێشـــە ڕەق و شـــیرینە جوانەکـــە، ئینجـــا دەبێتـــە پارە. ئەوانیـــش پارەکەیان، دەدا بـــە بلۆکی ڕەقی گرانـــی تیـــژ. پارەکەیان دەدا بە چیمەنتۆی فـــەل و چیمەنتۆی ناو

کیسەی تورکی، کە زۆر بەزەحمەتیش پەیدا دەبوو. دەیدەنە کرێی تراکتۆرەکان. کە زۆربەیان شڕ و کۆن و عارەبانەی خراپیان رادەکێشا. زۆریش لەو رێگایە لەناو قووڕدا دەچەقین. تراکتۆرەکانی باریان دەگەیاندە گەڕەکە نوێیەکە، بە تایە گەورەکانیان، هەموو دەشتەکەیان شێلابوو.

ئەوان پارەکە، دەدەنە دەستحەقی کرێکار و وەستاکانی، لەو گەڕەکە زۆریان فێرە دیوار و بلۆکدانان و چیمەنتۆ گرتنەوە و لەبخ و سەبکردن ببوون! بەس پارەکە، بە جلوبەرگ و خواردن و کەرەستەی ناوماڵ نەدەدرا. ئەوانەیان بۆ چییە، خۆ ئەوان خانوویان نەبوو، تا کەرەستە و ناوماڵی بۆ بکڕن. کەساس زەوقیان نەبوو، تا خۆیان و ماڵەکەیان برازێننەوە.

***

لێرە، لەو گەڕەکە ئەگەرچی بە ناوی سەدامیش کرابوو. بەڵام خەڵکەکە، ئەوانەی زەوییان وەردەگرت بۆیان هەبوو، «وەک سەردەمی بەشی ناوخۆییەکەی ئێمە لە بەغدا نەبوو، کە بۆمان نەبوو دوو کورد، دوو هاوشاری بەیەکەوە لەیەک ژوور بین» ئاسایی بوو داوا بکەن، بەیەکەوە زەوی وەربگرن، زەوییەکانیان لەیەک ریز بێت، لەیەک بلۆک، لەیەک کۆڵانیش بێت.

ئەوانیش لیستی دە کەسیان دەهێنا، ناوی خزم و برا و کەسوکاریان لەگەڵ یەکتری ریز دەکرد. خۆیان داوای یەک بلۆکە زەوییان دەکرد. مەبەستیان بوو، هەموو یەک ریز بن. تەنیشت یەکتری بن. نزیک بن، تا بەیەکەوە دیوارەکان بکەن، بەیەکەوە بلۆکە وشکە گەرمەکان، بە ئاوە کەمەکەی بەردەستیان ئاو بدەن! کەرەستەیان بەفیڕۆ نەڕوات. ئیتر لەبەر هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، خەڵکەکە بەیەکەوە دەبوون. بەیەکەوەش دەهاتنە شارەوانی، بۆ

وەرگرتنی قیستی پارەکانیان. کۆدەبوونەوە و قسە تەواونەکراو و هەواڵە دوور و ساردەکانیان، بەیەکتری دەگوتەوە. کە هەڵدەستان، خۆیان جوان دادەوەشاند و دەڕۆیشتن.
ئەوان لەبەردەم ژوورەکان، سالۆنەکە، بەر سێبەرەکان، بن دارەکان، ناو گەراجەکە کۆدەبوونەوە. چاوەڕوانی ئیمزا و دەوام و هاتن و دەرچوونی فەرمانبەرەکانیان دەکرد. چاوەڕوانی تاکسییەکانی مەساحەکانیان دەبردە سەر زەوییەکان. چاوەڕوانیان دەکرد و یادگارییەکانیان دەگێڕایەوە. باسی هەواڵەکانی شەویان دەکرد، کە لە تەلەڤزیۆنەکەی بەردەوام، دەهۆڵی سەرکەوتنی بەسەر ئیرانییە مەجووسەکانی دەگوتەوە. دەستە دەستە دادەنیشتن. لەگەڵ هەتاو شوێنیان دەگۆڕی، زۆریش دەمینێنەوە. بۆیە رۆژێکیان مەساحێکمان هەبوو، لە زراعەی مەخموور بۆمان هاتبوو، بەزەیی بە خەڵکەکە دێتەوە. لێیان نزیک دەبێتەوە. دەپرسێت ئەوە بۆ لێرەن؟ چیتان ماوە؟ ئەوانیش، چەک و کتێبی رەسمی و داواکانیان نیشاندەدەن، پێی دەڵێن: چاوەڕوانی بەڕێوەبەر دەکەین. لەمێژە دانیشتووین. دڵی پێیان دەسووتێت، لە شوێنی ناوی بەڕێوەبەرەکە ئیمزایان بۆ دەکات. ئیمزای گەورە و درێژیان بە حوبری رەش بۆ دەکات، پێدەکەنیت و دەڵێت:
منیش پیاوی حکومەتم. منیش ئیمزام هەیە. قەڵەمی کەسک نییە، خۆ قەڵەمی رەش هەیە!
باش بوو زوو برادەران دەگەنە فریای، ئەگەرنا لەسەر ئیمزای چەکی پارەکان، رووبەرووی بەرپرسیاریەتی زۆر گەورەش دەبووەوە.

***

لیستی ناوەکان بەپەلە، بەدزی، بەشەو، بەفشە، بەزۆری لەلایەن چەند فەرمانبەرێکی شارەوانی کرابوو، نووسرابوو. بۆیە هەڵەی

زۆری تێدا کرابوو. ناوەکانیان، زۆریان ئاڵۆزییان تێدا بوو. لێکچوون و دووبارە و ناڕوونیان تێدا بوو. ئەوەش زوو چارەسەر دەکرا، ئاسایی بوو، یان هەندێجاریش دەبووە کێشە! ناو هەبوو نەنووسرابوو، لەبیرکرابوو، پەڕیبوو، لە نووسینەوە نەمابوو. هەبوو درۆ و فێڵیش بوو. خانووەکە بوونی نەبوو، ماڵەکە لەوێش نەبوون. خانووە تەجاوزەکە دیواری بەرز نەکرابووەوە، میچی نەگیرابوو، دەرگای تێنەخرابوو، هەیوانەکە رانەگیرابوو، بۆیە ئەوانە ناویان لە لیستە درێژەکە نەبوو. یان ناویان هەبوو و لەسەر هەموویان تێدەپەڕی. خاوەنی ناوەکە، دەبوونە خاوەن زەوی و خانووش.

ئەوانە هەموویان دەهاتن. زەوی وەربگرن. قەرەبوو وەربگرن. لەو کەساسییە دەربازیان بێت. زۆر لە کێشەکانیان چارەسەر دەکرا. زەوییەکان زۆر بوون، بۆشاییەکان زۆر بوون، دەکرا پڕبکرێنەوە. بیانووەکان زۆر بوون دەیانگوت: من سەرباز بووم! لەماڵ نەبووین! وامانزانی باش نییە ناومان بنووسین. کوڕە راستت دەوێ فیرار بووین، قاچاخ بووین. ئیتر زۆر لە ناوەکان چارەسەر دەکران. شارەوانی دەیتوانی تا دوو هەزار خێزان، دوو هەزار ناو بنووسێت. بۆیە دەستمان شل دەکرد، ئاسانکارییمان دەکرد. خەڵکەکەش داماو و ماندوو و کەساس بوون!

***

پاش ناوەکان، ئینجا ژمارەی زەوییەکان، بەردەوام کێشەی بۆ دروست دەکرین. ژمارەکان زۆر بوون. ژمارەکان درێژ بوون. لە دەیەکان تا چوار هەزار ژمارە بوون! ئەوانیش کارتەکانیان ون دەکرد. ئێمەش کێشەمان هەبوو. دووبارەبوونەوە و سەرلێشێوانمان هەبوو! زەوییەکان تاپۆ نەبوون، نەخشەکە لە دەزگا پەیوەندییەکان پەسند نەکرابوو.

نەخشــەکە لــە ئەمانە عامە و نەخشەســازی بەغــداش بەڕەمەکی، بەپەلە دانرابوو. ئەوان دەینرێن و دەڵێن: ئیشــی لەســەر بکەن، لە هەر بلۆک و شەقامێک کێشەیەک هەبوو، خۆتان چارەسەری بکەن! هێشــتا زەوییەکان بەگشتی بەناوی شارەوانیش نەکرابوون. هێشتا تەسرفی خاوەنەکانیان پێوە مابوو، بەڵام بەناوی وەزارەتی مالیەی حکومەتی عێراقی بوون!

ئەوانــەی دەهاتن زۆریان بەتەمەن بوون. تەمەن و ســاڵ و ڕۆژگار پەریشــانی کردبــوون. ئەگــەر پەریشــانی نەبێت، چــۆن لەناو ئەو خانووانە ژیابوون؟ چۆن خانووەکەیان بە شــەوێک دروســتکردبوو. زۆریان نەخوێندەوار بوون. کەسیان جانتایەکی پێ نەبوو، کارت و داوا و پێویســتییەکانی لەناو دابنێــت. هەموو داواکانیان لوولدەدا، لەناو گیرفانی شەرواڵیان دەپەستا.

کاغــەزەکان، پســولەکان لەســەر مێــزەکان، لەبەردەم مەســاح و ژمێریــاری بەئاســانی پــان نەدەبوونەوە، بەتایبەتــی کە لەدەرەوە دەبوویــن، کاتــی کەشــف و پشــکنین و داواکردنــی پســولەکان. ئەوانەیــان زۆر قەد کردبوو، شــەوانە پێی خەوتبــوون، هەندێکیان بۆیان شــووڕابوو، ببوونە هەویر و عەریج!

***

زەوییەکانــی ناوچەکــە نەوی بوون، شــل و نەرم و قووڕاوی بوون، بە یەک باران، بە لێزمەیەک، بە ناز و خەوی خوناوی شــەوان، بە جۆگەڵەی پیســاییماڵەکانی کوران و نەسیج و شەهیدانی کوران. ناوچەکــە دەبــووە زەڵکاو، چڵپــاو و گۆم! ئیتــر ئۆتۆمبێلەکانمان دەچەقیــن. خۆشــمان دەچەقین. گیانمــان دەبووە قــوڕ و لیتە. دەســتمان، جلوبەرگمــان نەدەما، ئەوەندەی پاڵ بــە پیکابە نوێیە دوو چاوەکەمان وەبنێن. خاکەناســمان پێ بــوو، خەڵکمان لەگەڵ

بـوو، خه‌ڵکـی تریـش ده‌هاتنـه هانامـان. خه‌ڵکه‌که لـه قووڕێک ده‌ریانده‌هێنایـن و ده‌رده‌چووین، دووبـاره ده‌که‌وتینه ناو چڵکاو و جۆگه و به‌نداوێکی تر! که‌مێک ده‌ڕۆیشتین و زۆر ده‌ماینه‌وه. به‌ڵام تا ئیشـه‌کانمان هه‌مـوو ته‌واو نه‌کردبوایـه، نه‌ده‌گه‌ڕاینه‌وه. ڕۆژانه که‌سـمان دڵسارد و په‌ریشان جێنه‌ده‌هێشت.

***

له‌و ڕۆژانه شـوفێری پیکابه‌که‌مان، نـاوی «واحید» بوو. له‌بیرمه ده‌یگـوت خه‌ڵکی گوندی بێراوه‌ی خۆشـناوه‌تییم. پیاوێکی نه‌رم و به‌ڕێـز و گوێڕایـه‌ل. تا له‌گـه‌ڵ ئێمه بوو، ده‌سـته جلێکی قاوه‌یی موورادخانـی کـوردی له‌بـه‌ردا بوو. پشـدێنێکی باریکی ده‌به‌سـتا، جه‌مه‌دانییه‌کـه‌ی ئه‌گه‌رچـی زۆریـش تونـد نه‌ده‌به‌سـتا، بـه‌ڵام نه‌ده‌کـه‌وت، شـلیش نه‌ده‌بـووه‌وه. ڕه‌نگـه له‌به‌ر ئێمـه و دوور له چاوی ئێمه، توندی ده‌کرده‌وه.

دوایـی زانیمان، ئه‌و پیاوه بۆ به‌رده‌وام جه‌مه‌دانی له‌سـه‌ره، که‌س قـژی نه‌بینووه. ده‌رچوو، سـه‌ری رووتاوه‌ته‌وه، سـه‌ر گوێیه‌کان و پشـته‌ملی چه‌ند داوه موویێکی پێوه بوو، ئه‌گه‌رنا سـه‌ری رووت و هه‌سـانێکی به‌بریقه بـوو. که ده‌زانین ئه‌و تـووڕه ده‌بێت، زۆریش تووڕه ده‌بوو، که ده‌سـتمان بـۆ جه‌مه‌دانییه‌که‌ی ده‌برد، تووڕه‌مان ده‌کـرد، به‌غاریش بوو، زۆر به‌دوای غارمان ده‌دا، بۆمان نه‌ده‌گیرا، ئیتر هه‌رگیز سـه‌ری رووتی ئه‌ومان نه‌بینی!

ماوه‌یه‌کـی باش له‌گه‌ڵمـان مایه‌وه، هه‌ردوولا به‌یه‌که‌وه ئاسـووده بوویـن، به‌ڵام ڕۆژێکیان له‌ناکاو ده‌یگـۆڕن. به‌یانییه‌کیان پیکابه‌که له ده‌سـت شوفێرێکی نوێ، هاته ناو گه‌راجه‌که. پێمان سه‌یر بوو، بـۆ واحیدیـان گۆڕیوه، که‌سـمان گله‌ییمان له‌و نه‌بـوو، ئه‌ویش له پیشه‌که‌ی ئاسووده بوو. دوایی پاش چه‌ندین مانگ، من زانیم، گوایه

لەســەر ئەوەی سەلاجەیەکی بۆ من گواستیتەوە . ئۆتۆمبێلەکەی بۆ کاری تایبــەت بەکارهێناوە، بەرپرســانی گەراجەکە دەیگۆڕن. زۆر پێــم ناخــۆش بوو، ئێســتاش نە ئەو، نــە منیش باســمان نەکرد! دۆســتایەتییمان هەر گەرم و خۆش بوو، منی خۆشدەویست، بەڵام هەرگیــز قبووڵی نەبوو، دەســت لە جەمەدانییەکەی ســەری بدەم! دڵنیام، بێجگە لە ژنەکەی کەســی تر، منداڵەکانیشی سەری رووتی بێ جەمەدانی ئەویان نەدیبوو.

## ناو و وردە راز

کەمێک لە مەساحە و پیوان و نەخشەکانی شارەوانی دووربکەومەوە . بــەڵام هــەر لەنــاو بینانــەی شــارەوانی دەمینێمــەوە . بینایە دوو نهۆمەکــە . رووێکــی دەیڕوانییــە هوتێلی هەورامــان و باخە جوانە گەورە زۆر سەوزەکەی. دیوی پشتەوەی دەیڕوانییە کۆنە ئاشەکەی ئەحمــەد چەلەبی. کە ماوەیەک ببــووە، کۆگایەکی گەورە دائیرەی دابینکردنی کەلوپەل و خواردەمەنی! باڵەخانەی شارەوانی هەولێر، بــە بەرد دروســتکرابوو. کە دروســت دەکرێت، دوورە شــار بووە . حەوشــەیەکی گەورەشــی لە پشــتەوە هەبــوو. بەڵام لەو بەشــە، گۆشەیەکی رووبەرەکە، بە دەسەڵاتی چەند فەرمانبەرێکی نزیک لە حــزب و بەعــس و پارێزگار، بەناوی «نــادی ئیعلام» وەریدەگرن. دەیکەنــە نادییەکی لاچەپی بچووک، بەڵام ئــاوەدان و باخچەیەکی باشیش. خۆم و برادەر و میوانەکانیشم شەوانە زۆر لەوێ دەبووین! گەراجی پێشــەوەی ریزێک جەمەلۆنیان بۆ ســێبەری ئۆتۆمبێلەکان دانابــوو. کە بەشــی ئۆتۆمبێلە تایبەتــی و حکومی و میوانەکانیش دەکرد .

***

پیاوێکــی باڵابــەرزی خانەنشــین، مێزێکی بچووک و دوو کورســی شڕی، بەیەک دوو درهەم بۆ عەریزەنووسی، لەناو گەراجەکە، لەبەر ســێبەری جەمەلۆنەکە دانابوو. ئەوەندەی ئیشی نەبوایە، جگەرەی دەکێشــا، یان وەڵامی سڵاو و پرسیاری خەڵکی دەدایەوە.

زوو، جــاران پیاوێکــی پیریــش، بــە پــارە، بەناوی وەســتایەتی، ئیمزایەکی ناشیرینی لەژێرەوەی نەخشەکانی بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دروســتکردنی خانووبەرە پێشکەشدەکران، دەکرد. نازانم بە پیری و نەخۆشــی، یان لە داخی نەمانی ئەو پیشــەیە بوو، مرد. بەڵام! بەر لەوەی بمرێت، بە ناسین و دۆستەکانی ناو شارەوانی، کیژێکی لە شارەوانی دامەزراندبوو.

نازانم و باشــم لەبیر نییە. یەکێکیان، پیاوەکەی ئاسنی بەردەرگای گەراجەکــەی بەرزدەکردەوە، یان عەریزەنووســەکە، یان وەســتاکە بــوو، پولــی مالیــەی حکومییــان بــە قازانجێکی کەم دەفرۆشــتە هاوڵاتیان.

***

شــارەوانی، بــۆ من هەوارێکی پیرۆز بوو. مــن زۆر کەم، لە ڕۆژانی ئیشــکردنم مۆڵەتــم وەرگرتــووە. بەیانییــان زوو دەچوومە دەوام. بــەڵام زووش دەردەچــووم. کــە ئۆتۆمبێلــم هەبووە، ئێــواران بۆم هەبــوو ئۆتۆمبێلەکەم، ببەمە شــوێنی تایبەتــی بەڕێوەبەریش. کە جێگای ئۆتۆمبێلی زۆری دەبووەوە. هەموو پاســەوانەکانی شەوانە بــێ چەکیــش دەمانەوە، پیاوی شــیرین و باش بــوون، چونکە کە خەفارەتی بەرگری شارســتانی، چل ڕۆژێک جارێک نۆرەم دەهات.

زوو ئێزنیان دەدام و دەیانگوت:

برۆ هیچ نییە ئەگەر پشکێنەرەکانی دیفاع مەدەنی هاتن ئیقناعیان

**دەکەم!**

**من هەرگیــز تەلەفۆنی ماڵەوەم نەبووە، نەمدەتوانی پەیدای بکەم. بۆیە، بە بەدالەکەی کە زۆریان کچ سەرپەرشــتییان دەکرد، قســەم پێیکردووە.**

**زووش پارچە زەوییەکی دوو ســەد و چل مەترییم، بە ســێ ســەد دینار وەرگرتووە.**

**ئەگەرچی شــوێنەکەی باشــیش نەبــوو، ناو چڵکاو و پیســاییەکی ناوەندی گەڕەکی بســتەپیازەش بوو. بەڵام بۆ من زۆر گرینگ بوو! پارچــە زەوییەکەم وشــک کردەوە، کردمە خانووێکی باش و ســێ منداڵیشــم لەو خانــووە لەدایکبووە! دوایی ســەربردەی وەرگرتنی زەوییەکەش دەنووسمەوە.**

*******

**شارەوانی دڵ و گوڵاڵە و تەمەن و ئارەزووەکانی، بەجۆش دەکردم. بــەردەوام جوان ســەیری ژیان و ژن و تەمــەن و مەزاجم کردووە! لــەوێ بۆنم لــە خۆم دەدا، بۆنیــش دەکرام. لــەوێ بوومە خاوەن ئۆتۆمبێل و پارەش. لەوێ رۆژێکیان هونەرمەند «ناسری رەزازی» لــە قەندیل دابەزیبوو، هاتبووە ناو شــارەوانی، بەیەکەوەش لەگەڵ داوای گۆرانــی «ئای چەندم خۆشــدەویت» وێنەمان لەگەڵ گرت. وێنەکەشم ماوە.**

**ماوەیەک شەوانە لەسەر پارچەیەک کلینکس، پارچە شیعری کورتم دەنووســی و دەمبەخشــییەوە. بەداخەوە، هیچم لەوانە هەڵنەگرت! رەنگە ســۆز و هەســتی جوانیشــم نووسیبێت. پاش ســی و پێنج ساڵ، لەو پارچە کلینکسە شیعرییانەم پرسی، گوتیان نەماوە، زوو فڕیــن و بوونە باڵی پەپولە، بە هەتاوی تەمەن توانەوە.**

**لە شــارەوانی هاوکار و هاوڕێی جوان و شــەریف و دڵسۆزم ناسی.**

زۆریش بەیەکەوە بووین، یەک ماڵ و یەک هەڵوێستیش بووین. قسەی دڵی خۆمان بۆ یەکتری دەکرد، نهێنییەکانم بۆ یەکتری ئاشکرا دەکرد. کەسمان لە زار و دەست و بوختانی ئەوی ترمان نەدەترسان. هەموو هەواڵەکانی شاخ و پێشمەرگەمان بەپەلە دەگێڕایەوە. بەیەکەوەش، خێزانیش گەشتی دەرەوەی شاریشمان دەکرد.

ئەگەر یەکێک بە ئیجازەی یەک سەعاتی، بۆ کارێکی تایبەتی دەچووە ناو شار. پارەی پێنج شەش لەفەی گۆشتمان _ئەودەمانە تەنیا لەفەی گۆشتی حەیوان هەبوو_ دەدایێ، بۆیان بکڕێت و بێنێتەوە.

فەرمانبەران، هاوڕێیان دەیانزانی لە ئۆرزدی، ئەجهزە دەقیقە، وەکیلەکانی هێلکە، کارتۆنی مریشکی بەرزایلی، جەمعیەی ئیستهلاکی، چی نۆییان بۆ هاتووە! ئیتر دەچوون و وەریاندەگرت و ئاسوودەش پارەیان دەدا.

***

زۆر خەڵکی شارم لەو دائیرەیە ناسی. چیرۆکنووس «موحەمەد مەولوود مەم»، خانەنشین بوو. چەندین جار، پاش وەرگرتنی موچەکەی لە بانکەکەی پشتمان، دەهات، کەمێک دادەنیشت و قسەی دڵی خۆی دەکرد. منیش لەماڵەوە سەردانم دەکرد. ڕۆژێکیان دەستنووسی ڕۆمانی ڕێگای دامێ، گوتی تەنیا ئەو دانەم هەیە بیخوێنەوە و بیهێنەوە و ئاگات لێی بێت.

هەروەها بەر لەوەی دەستنووسەکە ببەم، ئەو گوتی: تۆ دووەم کەسی دەیخوێنیتەوە. پێش تۆ مامۆستا هێمن، ئەو بێتە هەولێر میوانی من دەبێت. شەوێکیان لە ماڵمان مایەوە، بەیانی بینیم چاوی سوور بووە. گوتم خێرە چ بووە نەخەوتی؟

چاوت تەواو نییە؟ ئەو گوتی _هێمنی شاعیر_ وایە نەخەوتووم، لەبـن ئەو کەرەوێتە، ئەو دەفتەرە گەورەیەم دۆزیەوە، رامکێشـا و خوێندمـەوە و تـەواوم کـرد! ژانی ئەو رۆمانە بـواری نەدا بخەوم! دەستخۆش.

دوایی بۆ پشـتیوانی کتێبی هەولێر، یادی سـەد ساڵەی شارەوانی هەولێریـش سـەردانم دەکرد. لە باخچـە گەورەکەیان دانیشـتین، رۆژێکیان گوتی:

ئافەریـن _هاوسـەرەکەی_ بـڕۆ ترێیەکـەی لـە شـەقڵاوە بۆمان هاتـووە، بێنـە با بیخۆیـن. بەیەکەوە دانیشـتین، لەگەڵ خواردنی ترێیـە نازدارەکـە، گوتـی نۆڤلێتێکم نووسـیوە بـۆ وەڵامدانەوەی نۆڤلێتەکەی «موحمەد موکری» سـەگوەڕ، هیوادارم چاپ بکرێت. ئەویشـم برد و بە دەستنووسی خوێندمەوە.

***

شـاعیری تەنزنووسی هەولێری مەلا مەسـعود بێبەش، «بەداخەوە تەنزەکانـی تـا ئیمڕۆش کـەم بڵاوکراونەتـەوە» نووسـراوێکی لە پارێـزگای هەولێـر هێنابـوو، وەک یارمەتیـدان پارچـە زەوییەکی بدەنـێ! بەڵام بە پـارە. دیارە ئەویش دەیویسـت نرخی زەوییەکە زۆرتـر بێـت لەو پـارەی دەیدات! ئـەو پیاوێکی ئاوەدان، دەسـتە جلێکـی کـوردی جـوان و پۆشـتەی لەبەردابـوو. جەمەدانییەکی دزەییانەی جوانی بەسـتابوو، سادە و قسەخۆش، گوتی:

شـێرزاد پارچـە ئەرزێکم بۆ بـدۆزەرەوە، دوور بێت لـە مزگەوت. راسـتە من مەلام، لە کۆڵانەکەی تەنیشـت بانکی رافیدینی ناوبازاڕ مزگەوتـم هەیـە. بەڵام دەمەوێ پارچـە زەوییەکەم دوورە مزگەوت بێت.

هـەر ئەو رۆژە سـواری ئۆتۆمبێلەکـەم کرد و گەیاندمـەوە کۆڵانە

باریکەکـە، لەبـەردەم مزگەوتەکـەی وەسـتاین و ڕێگاکەشـمان داخسـت، گوتم ڕێگاکە نەما، گوتی گرینگ نییە، کەس تێناپەڕێت. لەوێ منی بردە ژوورێکی سـەرەوە. ژوورەکە، تا بنمیچەکەی کتێب و دۆڵاب و کارتۆن بوو، گوتی:

ئـەو کتێبانـە هی مەحمودی برامە. ئەو لـە بەغدایە. دەتوانی دوو سـێ دەقە وەک دیاری، چەند کتێبێک بۆ خۆت هەڵبژێریت، بەڵام بەمەرجێـک لە پێنج کتێب زۆرتر نەبێت.

پاش چەندین سـاڵ، قسـەکەم بۆ «مەحمود زامدار»ی ڕەوانشـاد گێڕایـەوە. پێکەنـی گوتـی: کاکـم زۆر لـە کتێبەکانی بـەو جۆرە فەوتاندم.

❊❊❊

پیاوێکی سەرسـپی، باڵابەرز، تەمـەن مووی دەموچاوی بە ریش و سـمێڵەوە بردبوو، کۆستەمێکی کۆن و بۆینباخێکی باریکی سووری لـە ملدا بوو، دیـار بوو جلەکانـی مارکە بوون، بۆیـە کۆنییەکەی ڕەنـگ و بریقەکـەی نەبردبـوو. نەرم و لەسـەرخۆ دەهاتە بەشـی ئەملاک، بەدوای موڵکە زۆرەکانییەوە بوو.

شـارەوانی لەجیاتـی قەرەبـووی موڵکەکانی ئـەو، هەموو خاوەن زەوییەکانی بەر سنووری شارەوانی کەوتبوو، لەجیاتی پارەکانیان، سەرپشـکی کردبوون لە کڕینی زەوی بە موزایدەی ئاشکرا! ئەویش هاتبـوو، بـەڵام زۆر نەدەهاتـە پێـش و پرسـیاری نەدەکرد، وەک ئەوەی شـەرم بکات، یان وابزانێت غەدریان لێیکردووە، دەسەڵاتی نییە، ڕەفتاری دەکرد. ئەو پیاوە دوایی زانیم «عەونی یوسف»ە. دیارە لەمێژبوو، حەزم دەکرد ئەو کەسـایەتییە ببینم.

دەیانگـوت لە بەغـدا دەژیت. ئەو لەدوای زۆربەی دانوسـتانەکانی شۆڕشـی ئەیلول بە سـەرۆکایەتی مەلا مەسـتەفای بارزانی لەگەڵ

بەغدا، لەسەر پشکی کورد دەبووە وەزیر.
بەوەش ناسرابوو، زوو لە چلەکانی سەدەی رابردوو، بەرگری لە بارزانییەکان کردووە. یەکێک بووە لە مەشخەڵ و دینەمۆی پارتی و کوردایەتی چلەکان و پەنجاکانی ناو شاری هەولێر. هاتبوو لەبری قەرزەکانی چەند پارچە زەوییەک بکڕێتەوە.
منیش خۆم پێناساند و گوتم من کوڕی خوشکی «عەریف عوسمان»م. زۆری پێ خۆش بوو. چەند جارێک هات، لە راپەڕاندنی کارەکانی یارمەتیم دەدا، جارێکیان گوتی فەرمووی لەماڵەوە سەردانێکم بکە!
دیارە منیش پێم خۆش بوو، وامزانی ئەرشیف و کتێبخانەی گەورەی هەیە. کۆشکە گەورە سپییەکەی چوارڕیانی نزیک پەروەردەی هەولێر، خانووەکەی ئەو بوو. هەر ئەو رۆژە، ئێوارەکەی چووم، دوانەکەوتم، بەگەرمی پێشوازی کردم، ریزی زۆری گرتم. بەڵام لەناو سالۆنە گەورەکەی، لەناو حەوشەکە گەورەکەی، خانووەکەی تەنیا دوو سێ کورسی سپی، دانرابوو.
گوتی فەرموو، دانیشە. دوایی تێگەیشتم ئەو لەناو هەولێر، هەوار و ماڵی نییە، زۆرتر لە بەغدا دەژیت! بۆیە دانەنیشتم، هیچ ئەرشیف و کتێبێکیشم نەبینی.

***

هونەرمەند موحەمەد عارف، تابلۆ و مۆتیڤ و هێڵکاری و بەرگ و تابلۆی ئەوم زۆر دیبوو. لە بەغداش، رۆژێکیان لە ناوچەی سەرووی سەعدون و مەسبح پیاسەم دەکرد. رووبەڕوو گەلەرییەکم بینی، لەسەری نووسرابوو قاعە الرواق. لێی نزیک بوومەوە، بینیم پێشانگایەکی هونەری شێوەکاری تێدا نمایش دەکرێت.
کە چوومە ژوورەوە، پیاوێکی گەنج، خاوێن و کۆستەمێکی مارکە

و بۆینباخێکی سووری ئەستووری بەستابوو. نەرم نەرم لەگەڵ میوانەکانی قسەی دەکرد. ژنەکەشی لەوێ بوو. کوڕێکی خۆیان زۆر داوای گەمە و دەرچوونی دەکرد. منداڵ بوو، ئەویش سەرلەخۆ پێی دەگوت: دوایی، دەچینە دەرەوە.

من کە چوومە ناو پێشانگاکە، بەتەنیا بووم، کاتم نەبوو یان ئەو کاتی نەبوو، میوانی زۆر بوو، قسەم لەگەڵ نەکرد. بەڵام پاش چەند ساڵێک، خۆی بەهەمان هەیبەت و جوانی و ویقارەوە، هاتە ناو ژوورەکەم لەناو شارەوانی هەولێر. زوو بانگم کرد، دانیشت. جانتا گەورە قاوەییەکەی لەبەر پێیەکانی دانا. زۆر بەئاسانی دەستی لێ بەرنەدەدا. توند دەسکە کانزاییە تاریکەکەی گرتبوو، دیاربوو جانتاکە گرانیش بوو.

لەسەر کەرەوێتە بەرینەکەی ژوورەکەمان، بەرامبەرم دانیشت. زوو خۆی نەناساند، نەیگوت بۆچی هاتووم. سەیرێکی ناو ژوورەکەی کرد. نەرم و لەسەرخۆ چاوی لە میوانەکان دەکرد، گوێی لە قسەکان راگرت. کە زانی ژوورەکە، کەسی تێدا نەما. ئەو لەودەمانە تەمەنی پەنجا ساڵێک دەبوو، بەڵام دیار بوو لە ژیانی بەغدا و مامۆستایەتی بێزار ببوو، خانەنشین دەبێت. دەیەوێ بگەڕێتەوە هەولێر، ناو خزم و کەس و برادەرەکانی!

پاداشتی کارکردنی وەک مامۆستایەک لە دەزگا هونەرییەکان، بڕیاردەدەن لە هەولێر، پارچە زەوییەکی باشی بە نرخی هەرزان بۆ تەرخان بکەن! نووسراوەکەی دەرهێنا، نووسراوێکی کورتی پوخت بوو. نووسراو بوو، زۆرتر لە سێ سەد مەتری بۆ دابنێن. لەگەڵ دەرهێنانی نووسراوەکەی، چەند دانەیەک کەتەلۆک و پۆستکارد و نامیلکەی کار و تابلۆکانی بەدیاری پێشکەشکردم.

چەند رۆژێک هاتوچۆی کرد. ئیشەکانمان بۆ تەواوکرد. بەڵام

برادەرایەتیمـــان زۆر دەخایەنێت. بەردەوام ســـەردانم دەکرد. لەناو ژووری ئیشــکردن و کتێبخانەکــەی زۆر دەمامــەوە. ئــەو هەمــوو کارەکانی نیشان دەدام. بەڵام، کە لە وڵات دەرچووم گەلەرییەکەی ئەوم نەبینی. بەڵام، لە ســەرەتای دروســتکردنی، بناخە و دیواری ژێرزەمینەکــەم دیبــوو، زۆر کەیفــی بــەو گەلەرییە دەهــات. بەڵام مەرگ بواری نەدا، زۆر تێدا کار بکات و نمایشــی تابلۆکانی بکات. ئەو زوو، هێشــتا زۆری مابوو لەســاڵی ٢٠٠٩ دەمرێت. ماوەماوەش کە دەچمە ســەر گــۆڕی باوکم، کێڵ و نــاو و چێورمەکەی ئەویش لەناو گۆڕســتانی باکوور «شێخ ئەحمەد» دەبینم!

## یادی سەد ساڵە دامەزراندنی شارەوانی هەولێر

لەســاڵی ١٩٨٥، بێگومان بیرۆکەی خۆم بووە. یادی ســەد ساڵەی دامەزراندنــی شــارەوانی بکەینــەوە! هــەر بــە خۆم، بــەڵام لەبەر ســەرفکردنی پــارە، لیژنەیەکیان بــۆ بەرنامەکــە پێکهێنا! چوومە ســتۆدیۆیە کۆنەکانی شــار، وێنە کۆنەکانم دۆزیەوە، کۆپیم کردن، گــەورەم کردن، چوارچێوارەی شــیاو و جوانم بۆیــان دانا. وێنەی ســەرۆک شــارەوانییەکان، وێنەی پرۆژەکانم دەستکەوت و گەورەم کــردن. چەنــد بەرنامەی ترمان ســازکرد و رۆژەکەمان دیاری کرد. بۆیــەش یادەکە لــە دەزگاکانی راگەیاندنیش باســکرا. بەڵام زووتر بیرۆکەی کتێبی هەولێر یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانییم کردبووە راســتی و ئیشم بۆی دەکرد، بەردەوام سەرقاڵی بووم.

***

کتێبەکــە بــە زمانی کوردی و بە قەوارەی ٢٤ـ١٧ســم و بە ٣٨٥ لاپــەڕە، لە چاپخانــەی ئەلعەلاء بەغــدا چاپکرا. تــەواوم کردبوو،

**بـۆ ره‌قابه و ره‌زامه‌ندییه‌کان سـه‌ردانی یه‌حیا جافم کرد. ئه‌و له‌و رۆژه، له‌ناو شـاره‌وانی هه‌ولێر مه‌عایه‌شـه‌ی هه‌بوو _به‌رپرسه‌کان داده‌به‌زینه شـوێنی ئاسـتی نزمتر له پۆسـته‌کانیان، تا راسته‌وخۆ به‌رهـه‌م و به‌رنامـه و چالاکییه‌کانی دائیره‌یـه‌ک ببینن_ به‌یانییان به‌ناو، یه‌ک دوو سـه‌عات له شـوێنی به‌ڕێوه‌به‌ره‌که‌مان داده‌نیشت، ئیتر ده‌گه‌ڕایه‌وه به‌رنامه‌کانی خۆی. به‌ڵام له‌و هه‌فته‌یه به‌ڕێوه‌به‌ره‌که هیچ ده‌سـه‌ڵاتی ره‌سـمی نه‌بوو. ئیمزای له‌سه‌ر هیچ نه‌کرد. هه‌موو پۆسـته‌کانیان ده‌نـارده بـه‌رده‌م پارێزگار، که به‌ره‌سـمی بۆ یه‌ک هه‌فته ببووه به‌ڕێوه‌به‌ری شاره‌وانی.**

**کتێبه‌که، به وێنه و نه‌خشـه و نووسـینه‌کان له‌ناو فایلێکی گه‌وره بـوو. داوایه‌کـم بۆی نووسـیبوو. ئه‌ویش خوێندیـه‌وه، گوتی ئه‌وه چییـه _بێگومـان بـه زمانی عه‌ره‌بی قسـه‌ی ده‌کرد_ ئـه‌و فایله گه‌وره چییه؟**

**منیـش له‌دیـاری وه‌سـتابووم. به‌ڕێوه‌به‌ریش له‌سـه‌ر کورسـییه‌ک له‌ته‌نیشـتی دانیشـتبوو، ئه‌گه‌رچـی نـاوی ئه‌ویشـم له‌گـه‌ڵ خۆم دانابـوو، قسـه‌ی نه‌کرد، دوودڵـیـش بوو. حه‌قی بوو پۆسـته‌که‌ی ناسک بوو.**

**من گوتم مامۆستا _ئوستاز_ ئه‌وه کتێبێکه بۆ یادی سه‌د ساڵه‌ی شـاره‌وانی هه‌ولێـر ئامـاده‌م کـردووه، ده‌مه‌وێ بۆ رقابـه‌ی به‌غدا بینێرین و چاپی بکه‌ین. له لاپه‌ڕه‌ی پێشه‌وه‌ش وتارێکم به‌ناوی تۆ وه‌ک پارێزگاری هه‌ولێر نووسـیوه! سـه‌ری به‌رزنه‌کرده‌وه، خه‌یاڵی دوور رۆیشـتبوو، گوتی باشـه! کارێکی جوانه. به‌ڵام که فایله‌که‌ی کرده‌وه، بینی به زمانی کوردییه و یه‌ک دێری پێ ناخوێندرێته‌وه، سه‌ری به‌رزکردوه و گوتی:**

**باشـه بۆ به زمانی کوردییه، بۆ به عه‌ره‌بی نه‌بوو!؟**

ئیتر بەو قسـەیە، یەکسەر هەڵوەشانەوەی پرۆژەکەم هاتە بەرچاو. ماندووبوونـی خۆم و خەڵکەکە. نووسـەرەکان. دەسـت و قەڵەمی مامۆسـتا عەزیـز گـەردی و هاوڕێـم عەبدولکەریم قـادر و مەغدید حاجـی و برادەرانـی تـرم هاتەوە یـاد. بەو رەوشـە ناڵەبارە هیچ نەشێوام، تێکنەچووم، زوو گوتم:

مامۆسـتا _دیسـان بە زمانی عەرەبی_ هەموو کتێبەکانی زووتر، لەسـەر هەولێـر و قـەڵات و بەرنامـە و پرۆژەکانـی چاپکراون، بە زمانی عەرەبی بوون، با ئەوەیان بە کوردی بێت و نووسینی تۆش هەر بە کوردی بێت!

بـە قسـەکەم دڵی نەرم بوو، گوتی من چی بکـەم. منیش پەنجەم لەسـەر گۆشەیەکی داواکەم دانا و گوتم ئەلێرە بنووسە موافق.

ئەویش، ئەبو نوفل _قەیدی نییە خۆی بەعسی بوو، بەڵام چۆن ژنە کوردەکـەی ئەو ناوە زۆر عەرەبییـەی بۆ کوڕەکەی قبووڵکردبوو_ بە قەڵەمە حوبرە کەسکەکەی نووسی موافق. ئینجا نووسراوەکەی بـۆ رقابـە بەغدا ئامادەم کردبوو، ئەویشـم پـێ ئیمزاکرد و تەواو! سوپاسـم کرد و دەرچووم. یەکسـەر بیر لەوە دەکەمەوە، ئیفادێک بدۆزمەوە و بچمە بەغدا. بچمە شوێنێک، دائیرەیەک، هەرگیز لەناو بەغـدا کارم پێی نەبـووە، نەدەمزانی لەکوێیـە، چۆن بۆی دەچم! بەرنامەیـان چۆنـە! ئایـا ئـەوان زوو دەربازم دەکـەن، یان لەوێ کتێبەکەم هەر ونیش دەبێت، زۆر دەمبیسـت دەیانگوت، لە رقابە، دەستنووسی کوردی، زۆرجار بەئەنقەست ون دەکەن. یان ئەوەندە دوادەکەوێت، تۆ خۆت لەبیری دەکەیت.

تـازە مەحمـود زامـدار وەک بەرپرسـی نووسـینگەی هەولێـری رۆشـنبیری کوردی گەڕابووەوە هەولێر. لەناو باڵەخانەکەی جەلیل خەیـات، ئۆفیسـێکیان دانابـوو. ئـەو جۆش و خرۆشـێکی زۆری،

بــە چالاکــی رۆشــنبیری و ئەدەبــی شــارەکە دابــوو. گەنجەکانی کۆدەکردەوە. گەورەکانی بە قســە گەورە و شــیرینەکانی سەرسام دەکرد. شــەوانەش مێزی خواردنەوەی گــەرم دەکرد. چوومە لای، دوور بــەدووری ئــەوم دیبــوو، بــەڵام بــاش بــوو، ئەو نــاوی منی بیســتبوو. قســەکەم بۆ کرد، یان زووتر ئاگاداری بەرنامەکەی من ببوو، پرۆژەکەی پێ جوان بوو، نامەیەکی بۆم نووسی، تەنیا ناوی «سمین»ەکەی ئەوەم لەبیرماوە.

ئیتر دەســت بە دەســتنووس و نامەکە، چوومە دەزگای رۆشنبیری و رۆژنامــەی هاوکاری ئەوم دۆزیەوە. پیاوێکی شــیرین و مەردانە، گوتــی بەچاوان کاکە «خولە» فەرمانمان پێ دەکات، بەچاوان.

هــەر ئەودەمــە، بەیەکەوە بــە لاندکرۆزی دائیرەکەیان، رۆیشــتین، زۆریش دوور رۆیشتین. من هەرگیز ئەو ناوچەیەی بەغدام نەدیبوو. چووینە رقابەکە. لەوێ فایلی کتێبەکەی دایە دەســت کچێک، باش یەکتریــان دەناســی، گوتی ئــەوە برادەرمە. دەمەوێ یەکســەر بۆ خۆشم بینێریتەوە. واتە ببمە خەبیری کتێبەکە، ئەویش ئیمزایەکی لێ وەرگرت، کتێبەکەی هەڵگرتەوە و گەڕایەوە دائیرەکەی ئەو. من بــۆ هەولێــر، ئەویش گوتی هەفتەیەکی تر وەرەوە لای من. وەرەوە تەواو بووە و بەچاوان.

❋❋❋

زووتــر، لە رۆژی ١٩٨٤/٦/٦ نووســراوێکمان بــە ئیمزای و داوای ســەرۆکایەتی شــارەوانی هەولێر، ئاراســتەی بەرێــزان زوبیر بیلال ئیســماعیل و موحمــەد مەلــوود مــەم و موحەمەد شــهاب دباغ و کەنعان رەشاد موفتی کردبوو، ئەوانەم وەک پشتیوان و شارەزا لە ئامادەکردنی کتێبەکە پێشــنیار کردبوو. هەر خۆشــم نووسراوەکەم گەیاندە دەستیان. لە دەرچوونی کتێبەکە، بە یارمەتی و ئەرشیف

و هاوکاری نووسین، پشتیوانم بوون.
کتێبەکە، چیرۆکێکی دوورودرێژی هەیە. بیرۆکەکە لەسالّی ١٩٨٤ لام گەڵاڵە دەبێت. دوایی دەبێتە راستییەک و خۆی لەسەرم فەرز دەکات! دەمەوێ کتێبێک بنووسم، ئامادە بکەم، خەڵکێکی زۆر بەشدار و هاوکارم بن! کتێبێک بە کوردی بێت و ببێتە سەرچاوەی چەندین نووسین و توێژینەوە! کتێبێک بێت، تیراژی زۆر بێت، بۆیەش ئێستاش دانەی زۆری ماوە و ئاسانیش دەستدەکەوێت. خۆم دوو دانەم ماوە، یەکێکیان لە هەولێرە، دانەیەکیشم لە سوید هەیە!

***

ئەودەمانە ئۆتۆمبێلێکی باشم لەژێردا بوو. گەنج و بە ئارەزوو بووم. تاقەتم هەبوو. خەڵکیش وەک مەساح لاریان نەبوو هاوکارم بن. میوانداریيم بکەن. قسەم بۆ بکەن. ئەرشیف و وێنەکانیان لەبن دەستم دابنێن. ئێوارەیەکیان، چوومە خزمەت رەشاد موفتی. پیاوەکەی ئێواران دیوەخان و کتێبخانە و باخچەکەی جمەی دەهات. پیاوەکەی، قسە و شیعر و بابەت و سەربردەکانی تەواو نەدەبوون. دیوەخانەکەی قاوەی لێ دەخورایەوە، میوانی بەردەوام و لایدەشی هەبوو! ئەوەی باش بوو، ماڵ و دیوەخانەکەی لە ناوەندی شار بوو. دۆزینەوەی و چوونی زۆر ئاسان بوو.
جەنابی قازی لەیەک دانیشتن، لە یەکەم سەردانم. بابەتی زۆر پێویستی بۆم روونکردەوە. زۆری گێڕایەوە. زۆری باسکرد. هەمووم نووسیەوە. ئەوەندە بەڕێز و هاوکار بوو، چەند وێنەیەکی سەر دیواری دیوەخانەکەی لەناو چوارچێوەکان بۆم دەرهێنا. گوتی بیبە و لەسەریان بگرەوە و بڵاویانبکەوە! وێنەی دەگمەن، هەرگیز بەنیازی بڵاوکردنەوەیان نەبوو! چوار وێنەی دەگمەنی

**که‌سایه‌تییه‌کانی هه‌ولێر و شاره‌که‌م له کتێبه‌که بڵاوکرده‌وه، که بۆ یه‌کجار بڵاده‌بوونه‌وه!**

*******

**زۆربوون ئه‌وانه‌ی پێشوازیان کردم، قسه‌ی باش و فاکتی نوێیان بۆ باسکردم! چوومه ماڵی پیاوێکی نه‌خۆشی سه‌رجێگای ناو ماڵێکی قه‌ڕه‌باڵغی، ناو کۆڵانێکی ته‌سکی گه‌ڕه‌کی خانه‌قا.**
**مام زۆراب، سه‌ربرده‌ی زۆری هه‌بوو. به‌ڵام له هه‌موویان گرینگتر و باڵکێشتر بابه‌ت و سه‌ربرده‌ی ده‌زانی. ئه‌و نووسه‌ری بڕیاره‌کانی ئه‌نجومه‌نی شاره‌وانی چله‌کان و په‌نجاکانی سه‌ده‌ی رابردوو بوو، به زمانی کوردی!**
**ئه‌و به داماوی و که‌ساسی خۆی فێری خوێنده‌واری ده‌کات. ده‌بێته نووسه‌ری شاره‌وانی. یه‌کێک له ناوه دیاره‌کانی شاره‌که. به‌ڕێوه‌به‌ری ژمێریاری و باڵاده‌ستی شاره‌وانی، گله‌یی له من کرد، چۆن بۆ زانیاری له‌سه‌ر شاره‌وانی و شاره‌که، چوویته ماڵی کۆنه که‌ناسێکی شاره‌وانی! منیش گوتم، پیاوێکه شایسته‌ی زۆره، زانیارییه‌کانی، ناوه‌کانی، سه‌ربرده‌کانی بۆ من زۆر گرینگتر و زۆرتر بوو، له‌وانه‌ی چه‌ندین ساڵ سه‌رۆک شاره‌وانیش بوون!**

*******

**چوومه ناو ستۆدیۆی جیهان، کوڕه‌کانی «عه‌ریف خدر». ئه‌وانیش چه‌ندین وێنه‌ی کۆنی هه‌ولێریان بۆ بڵاوکردنه‌وه پێشکه‌شکردم. که له‌لایه‌ن باوکیان گیرابوون. عه‌ریف خدر که‌سایه‌تییه‌کی باڵکێش و به‌رچاو بوو. به زۆرشت له‌و شاره ده‌ناسرا. له هه‌موویان باشتر بۆ من، وێنه‌گری و ستۆدیۆیه کۆنه‌که‌ی بوو.**

*******

**چوومه ناو کۆشکی عه‌تۆڵا ئاغا. هێشتا وێران و خاپوور نه‌ببوو.**

دیـوار و دەرگا و پەنجەرەکانـی مابـوو. نەخشـەی بنمیچەکانـی ڕەنگیـن و ڕەوشـن دیار بـوون. لەودەمانە ئەو کۆشـکە گەورەیە، چەنـد ژوورێکـی بەپێوە مابـوو، لەژێر سـاپیتەکانی چەند خێزانی کەساسـی تێـدا دەژیا. ئەوانیـش چاویان لە موڵکەکـە بوو، بەڵام دوایی خاوەنەکانی دەیروخێنن، ئێسـتاش بوویتە دووکان و ئۆفیس و پیشەگەری بازاڕ.

***

لـە هەموویـان زۆرتـر و دیارتـر، پیاوێـک بەڕێکـەوت ناسـیم. نووسـەرێک، خەریکـی مێـژووی شـانۆ و ڕەخنەی شـانۆیی بوو. مامۆسـتای سـەرەتایی بوو، ئێسـتاش دکتۆری مێژووە لە زانکۆی سۆران. «مەغدید حاجی»، پیاوێکی وردی نەرم و دڵسۆز. ڕۆژانە کـە دەهـات، نامیلکە و نووسـین و دەفتەری پێ بـوو. ئەودەمانە جانتا کەم بوو، ئەوانەی لەناو زەرفێکی ئەسـمەری گەورە دەنا.
پاش دەوامی قوتابخانەکەی دەهات. تازەش پارچە زەوییەکی وەک مامۆسـتا وەرگرتبوو «یان کڕیبوو باش نازانم، بەڵام دەزانم لەبەر ئەو پارچە زەوییە بوو، زوو ناسیم»، بە هەموو جۆرێک دەیویست خانووەکەی تەواوی بکات. لە خانووی کرێ دەربازی بیت. بۆیەش پێش تەواوبوونی خانووەکەی، بێ لەبخ و سـپی و تەواوبوون، ژن و منداڵەکانـی دەگوازێتەوە ناو کەلاوەکە. لـەوێ تاکە ماڵیش بوو لەنـاو یەک بلـۆک. ئەو دڵسـۆزانە حەزی دەکرد، لـەو کتێبە زۆر هاوکارم بێت. گوتی من وتار و توێژینەوەیەکی درێژ و بەسـوودت، لەسەر ئاوی هەولێر بۆ دەنووسم. ئیتر پاش ماندووبوون و سەردان و سـەرچاوەی زۆر، وتارێکی مێژوویی گرینگی لەسەر ئاوی هەولێر نووسـی. زۆریش لە بابەتەکانی تریش هاوکارم بوو.
بەیەکـەوەش ڕۆژێکیـان چووینـە سـەر منـارەی چۆلـی. لەوێش،

لــە بەرزاییەکــە، لــە بەرامبەرمان قەڵات و شــارمان بــاش و نزیک لێــوە دیاربوو. لەســەر بەرزاییەکە وێنــەی یەکترمان بە کامیراکەی ئەو گرت! ئێســتاش من وێنەکەی خۆم ماوە، بەڵام رەنگە ئێســتا جورئەتی ئەوە نەکەم بچمەوە سەر منارەکە و خۆم بەرزبکەمەوە و وێنەیەک بگرم. ئەگەرچی ئێستا منارەکە نۆژەنکراوەتەوە. باشیش چاودێریش دەکرێت. ئەودەمانەی ئێمە چووین، بەسەر پایە شڕە و رزیوەکە سەرکەوتین، منارەکە وەک قامیشێک، با دەیهەژاند، تەنیا و بێ شــووره و دەرگەوان، لە بۆشاییەک لە ترسانا دەلەرییەوە.

❋❋❋

پیاوێکــی تریــش زۆر هــاوکارم بوو، هــەر لەو پرۆژەیەش ناســیم، موحەمــەد تەیمــور. ئەویــش مامۆســتا بــوو، کۆنە شــیوعی بوو. زۆرباش، شار و خەڵک و رۆژانەی شارەکەی دەزانی. لە بابەتەکانی من کارم لەسەر دەکرد، زانیاری زۆری بۆ زیاد دەکردم. لە مەچکۆ دەمبینــی، دەهاتە لام. منیش دوایی، لەلایەن خۆمەوە و بۆ بژێوی ژیــان و پــەروەردەی منداڵە زۆرەکانی. هانــام دا، بچێتە لای کۆنە برادەرێکــی لە ئەمانــە عامەی دارایی رەزامەندی و مۆڵەتی فڕنێکی ســەموون وەربگرێــت. پێمگــوت منیــش، بــە هەمــوو جۆرێک بۆ زەوییەکە لە شــارەوانی و ئەمانە عامە یارمەتیت دەدەم. فڕنەکەی کــردوە، بەناوی کاروانی کوڕی کرد. جارێکیش کە ئارد کەم ببوو، لە بەشی فڕنەکەی، یەک فەردە ئاردی سفری خاوێنی بۆم دانابوو.

❋❋❋

چوومە خزمەت مامۆســتا «حەمە کەریم هەورامی»، ئەو بابەتێکی ئامادەکراوی لەسەر شانۆ بۆمان دانا. چوومە سەردانی مێژوونووس «زوبیر بلال ئیســماعیل» لە گەڕەکی شــۆڕش، بابەتێکی لەســەر مێژووی میرنشــینی حەدیاب، بە زمانی عەرەبی بۆمان تەرخانکرد.

منیـش بە چاکم زانی، بابەتەکە بدەمە شـاعیر و نووسـەر «نەژاد عەزیز سـورمێ»، بۆمان بکاتە کـوردی. چونکە ئەودەمانە قوتابی بەشی شوێنەوارناسی بەغدا بوو.

هەمـوو وتارەکانـی کتێبەکـە، دوو سـێ وتـار نەبیـت، دەبوایـە بینووسـینەوە. هاوڕێـم عەبدولکەریـم قادر حەسـەن، لـە هۆبەی ژمێریـاری بوو. کوردییەکەی باش، دەسـتخەتی زۆر جوان. لەوانە لـە هەموویـان باشـتر، کوڕێکـی بـاش و هێمن و بەسـەلیقە بوو. زۆر لـە ئێـوارەکان بۆ نووسـینەوەی بابەتـەکان دەهاتەوە دەوام. بەیەکەوە لە ژوورەکەی من، خەریکی نووسـینەوە و داڕشـتنەوەی بابەتـەکان دەبووین. یان من دەمنووسـی، ئەو دووبارە بە خەت و داڕشتنی خۆی دەینووسیەوە. زۆر لە بابەت و وتارەکانی دەبردەوە ماڵەوەش.

دیارە ئەودەمانە مێز و کورسی لە ماڵەکانا نەبوو. بۆیە ئەو لەسەر سـک و بالیفێکی لەبن سینگی دەنا، شـەوانە خەریکی نووسینەوە دەبـوو. نووسـینەکان ماندووبوونی زۆری هەبـوو، چونکە بە یەک دوو وشـەی هەڵە و ڕەشـکردنەوەی زۆر، دەبوایە تەواوی لاپەڕەکە دووبارە بنووسیتەوە!

مانـدوو دەبوو، بۆیە دایکی ڕەحمەتی جارێکیان بە منی گوت:

کوڕم ئەوە چ بە کەریم دەنووسـیتەوە، ملی شـکا، شـەوانە خەوی نییە.

***

هەمـوو بابەتەکانمـان نووسـیەوە. زووتـر مەغدید حاجـی وتاری بـۆ ڕۆژنامـەکان نووسـیبوو، دەیزانـی دەبوایە هەموو وشـەیەکی نووسینەکان، بە هێڵی سوور لەیەک جیابکرێنەوە. هەموو وشەکان جیادەکرانەوە، چونکە تایپێستەکان، هەموو عەرەب بوون. هیچیان

**زمانــی کوردییــان نەدەزانی. ئەوان وشــەکانیان نەدەنووســینەوە، وێنەیــان دەگرت. بۆیە دەبوایە، وشــە بە وشــە دیار بێت. بۆیەش ئەو ئێمەی فێرکردبوو، وشەکان بە هێڵی سوور لەیەکتری دابڕین.**

*******

**بەڕێکــەوت مامۆســتا «عەزیــز گەردی» دەناســم. زووتــر زۆر لە کتێبەکانی ئەوم دیبوو. بەڵام نەمدەناســی! لەودەمانە مامۆســتای ئامادەیــی گەلاوێــژی کچــان بــوو. لە ڕێــگای هاتــن و گەڕانەوەی قوتابخانەکەی بینیبووم، بێگومان بەردەوام ئەو پیادە بوو! ناســیم و پارچە زەوییەکی بە پارەی خۆی، لە شارەوانی کڕی. بۆ نەخشە و مۆڵەتی دروستکردنیش هاوکاری بووم.**

**ئیتــر یەکترمان باش ناســی، ماڵە بچووکەکــەی و کتێبە زۆرەکانی ئــەوم، لە خانــووە کۆنەکەی تەیــراوە دیبوو. زۆرتر بەســادەیی و هێمنــی و وردبینــی و تاقەتی سەرســام بــووم. لەو هاموشــۆیەدا نووســینەکانی بەنیازبووین چاپی بکەین نیشــاندەدەم. ئەو سەیری لاپەڕەکان دەکات، زۆر لە وتارەکانی لەرووی نووســین و داڕشــتن و ڕێنووســەکانی بەدڵ نەبوو. حەقی بوو، من شــارەزاییم کەم بوو. هیــچ وتارێکم لە ڕۆژنامە و گۆڤــارەکان بڵاونەکردبووەوە. بۆیە ئەو دڵســۆزانە، هەموو وتارەکانی پێویســتیان بە دووبارە نووســینەوە هەبوو، دەنووســێتەوە و هێڵە ســوورەکانیش لــێ دەدات. لەکاتی هێنانەوەی بابەتەکان، پێم گوت:**

**مامۆســتا دەتوانیــن بنووســم پێداچوونەوەی زمــان لەلایەن عەزیز گەردی کراوە. گوتی نامەوێ و پێویســت ناکات! ئیتر بابەتەکانمان لــەرووی نووســین و ڕێنــووس کێشــەیان نەما، بــەڵام چۆن چاپی بکەین، چۆن پارەکەی دابین بکەم!**

*******

ئەگەرچـی کتێبەکـە بەنـاوی یـادی سـەد سـاڵەی دامەزراندنـی شـارەوانیش بوو، بەڵام گوتیان نازانین تۆ چیت نووسـیوە. ئیشی ئێمەش نییە. دەترسـێن رۆژیک رووبەڕووی لێپرسـینەوە ببینەوە. ئەوە ناکەین، پارەمان نییە، لە میزانیەی شارەوانیش پارەی چاپی کتێـب نییە! ئیتـر، بەڕێوەبـەر و ژمێریاری لە پـارەی چاپکردنی کتێبەکـە بەیەکجاری نائومێدیان کـردم! بابەتەکە زۆرتر ترس بوو لە چاپکردنەکەی، ئەگەرنا پارە لە شـارەوانی هەر قیمەتی نەبوو، بەئاسـانی دەیانتوانی لە بەند و بڕگەیەک، هەزارەها دیناری شین، بەیـەک بڕیـاری ئەنجومەنـی شـارەوانی بگوازنەوە، سـەر بڕگە و بەندێکی تری بودجە و مەسرەفەکانی. هەفتانەش ئەوەیان دەکرد. بەڵام بۆ کتێبێکی کوردی لەسەر شارەوانی، بۆ من ئەوەیان نەکرد!

***

دەمزانـی ئەمانە عامەی رۆشـنبیری و لاوانی حوکمی زاتی، کتێبی کـوردی زۆر چاپ دەکەن. یان یارمەتـی چاپکردنی کتێب دەدەن. پارەیـان هەبـوو، پرۆژەکەیـان بەردەوام بـوو. بۆ ئەو مەبەسـتە و رزگارکردنـی مردنـی کۆشـش و خەونەکـەم، چوومە سـەردانی «محەمەد محیەدین»ی جێگری ئەمین عامی رۆشـنبیری. بەئاسانی دیدارەکەم بۆ سـازبوو، چام خواردەوە، ریزیشـی زۆر گرتم. لەوێ گوتـم: هاتوومەتە لای تۆ وەک هەولێرییەک. هاتووم، چونکە وەک ئەوەی تۆ بە گەنجی لە شـارەوانی بە کاتی ئیشـتکردووە. هاتووم وەک ئـەوەی هاوڕێیەکـی خاڵـم بوویـت، لە هەولێر ئاشـنابوون و زوو بەیەکـەوە حزبایەتییان کـردووە. بۆیەش هاتووم، دەمەوێ لە چاپکردنـی ئەو کتێبە هـاوکارم بیت. ئەو گوتی بەچاوان! کتێبەکە لەسـەر هەولێرە، خۆم دەبمە خەبیـری کتێبەکە، پارەی چاپەکەت بۆ دابیندەکەم و ئامادەم خزمەتی هەر وشـەیەک بکەم بۆ شـاری

**هەولێر بێت!**

**هەنـدێ لـە کاربەدەسـتانی ئەمانەتەکـە، گوتبوویـان ئـەو کتێبە ئەدەبی و ڕۆشـنبیری نییـە، پەیوەندی بە ئێمە نییـە! ئەو کتێبە تایبەتـە بە شـارەوانی، بـا خۆیان چاپـی بکەن. بـەڵام گلەیی و ناڕەزاییەکانیـان سـەرناگرێت. مـن ڕەزامەندییەکە تـەواو دەکەم. بەشـی یەکەمی پارەکەش وەردەگرم، دەچمە چاپخانەی ئەلعەلاء، لەسەر شەقامە سەرەکییەکەی گەڕەکی وەزیرییەی بەغدا. دەمزانی ئەوان، لەگەڵ چاپی کتێبەکانی ئەمانەت ئیشدەکەن. ڕێنماییەکانی ئـەوان بۆ پارەکە و پێشـەکییەکە دەزانن، بـەڵام دەبوایە من ٣٠٪ پارەی چاپەکە بە خۆم بدەم، گوتم ئەوەش کێشـە نییە!**

*******

**من مەسـاحێکی لاسـارم، سەرکێش، مەسـاحە و کتێب، ڕووپێوی و ثیودولایـت و پێـوان چ پەیوەنـدی بـە چاپخانـە و ئەمانەتـی ڕۆشـنبیرییەوە هەیە. چۆن سـولفە بەقەرز بەناوی پیوان و ئیفراز وەردەگـرم و پارەی ٣٠٪ ی چاپەکەی پێ دەدەم! چۆن کتێبەکان سـەرف دەکـەم. دەبوایە بەپێی ڕێنماییەکان زۆرتر لە سـێ هەزار دانـە چاپ نەکـەم، من پێنج هەزار دانە چـاپ دەکەم! یەک لۆری کتێبـم لە بەغداوە هێنایەوە هەولێر!**

*******

**لەودەمانەی ئیشـم لە نووسـین و کۆکردنـەوەی بابەت و دیمانە و توێژینـەوەکان دەکرد. ڕۆژانـەش کاروباری خۆم لەناو شـارەوانی وەک ڕووپێوێـک ڕادەپەڕاند. هەموو دەرماڵەکانم وەک مەسـاحێک هەبـوو. دەرماڵەی ئیشـکردنی پاش دەوام. دەرماڵەی مەترسـی. دەرماڵـەی پیشـەیی. دەرماڵـەی هونـەری کـە هەمـوو بەیەکەوە دەیکـرد ٧٠٪ موچەکەم. لەودەمانە ئەندازیارەکان دەرماڵەی زۆرتر**

لە ١٠٠٪ یان هەبوو.

چوونــە بەغــدا، سەرپەرشــتی چاپــی کتێبێــک، چەندیــن وێنەی هەمەرەنگــی بــە قەبارە و شــێوە تێدا بیت. کتێبێــک وتاری زۆر، بابەتــی هەمەڕەنگــی تێــدا بێــت. کتێبێــک جیــاواز بــوو، لەگەڵ چاپکردنی دیوانێکی شــیعر، یان کۆمەڵــە چیرۆکێکی کورت، بۆیە چاپکردنی کتێبەکەم ئاسان نەبوو!

چوونــە بەغداش بــۆ من، بە هەر بیانوو و کارێک بوایە خۆش بوو. بەغدام پێ خۆش بوو. لەبەر شــەوانی دیسکۆکان نەبوو. کە حەزم لەنــاو بەغــدا دەکرد. پارەشــم هەبوو، زمانم باش بــوو، گەنجێکی جوان و جلی زۆر نایابیشــم لەبەردەکرد، بەڵام حەزم لە شــەوانەی سەما و خواردنەوەی تیاترۆکانی سەعدون و ئەبو نەواس و مەسبح نەبوو! دەمتوانی بچم، شــەوانە لەوێ بمینێمەوە. بەرەبەری بەیانی نانێکی باشــیش بخــۆم و بە دەوامیش رادەگەیشــتم. بەڵام، حەزم لەو کەشــە ســۆزانییە بەڕەڵاییانە نەدەکرد. حەزم لە بەغدا دەکرد، لە بــەر کتێبخانەکان، لەبەر گەلەرییە هونەرییەکان! لەبەر پیاســە جوانەکانــی ئەبــو نەواس، باڕەکانــی، ئاوەدانی بــەر کۆلێژەکانی. لەبەر کوردەکانی لەوێ دەمناســین، حەزم لە بەغدا دەکرد، چونکە بەغدا شــارێکی گەورە و رەنگین بوو.

مانــای ئــەوەش نییە بە کاروباری مەســاحی و نەخشەســازییەکان نەدەچووم بۆ بەغدا! زۆر دەچووم، زۆریش پێم خۆش بوو. دڵم لە بەغدا دەکرایەوە. دەمامەوە، دەمخواردەوە، پیاسەی درێژم دەکرد. درێژایی شەقامی رەشیدم دەبڕی. هەموو شەقامی سەعدونم بەپێیان تەواو دەکرد. لەوێ _لە بەشــێکی شــەقامی سەعدون_ جیهانێکی نوێــی جیهانییــم دەبینی، کە هیچ پەیوەنــدی رۆحی و رۆژانەی بە منــەوە نەبــوو. زۆریش نەمدەزانی ناو و شــوێن و ئۆفیســەکان بۆ

چییە و چ کارێک دەکەن. هەر لە بەتاوینەوە تا ساحە ئەلنەسر و ئەربعین حەرامی و جوندی مەجهول ـ ئەودەمانە لە شەقامی سەعدون بوو ـ و مەسبەح و کەڕادە. حەزم بە شەوانەی ئەو شوێنانە بوو.

***

پێش ڕاپەڕین، کە دەچووینە بەغدا هوتێلێکمان دۆزیبووە، بەیادی ناوی دیانا. لەوێ دەماینەوە. لەسەر ڕووباری دیجلە، ئارام و لاچەپ بوو. وەنەبی مانەوەمان لە هوتێلەکانی شەقامی ڕەشید، هوتێلە کۆنە هەرزانەکان، بەتایبەتی هوتێل ئەربیل خۆش نەبووبن. ناڵێم هوتێلە کوردییەکانی بەتاوین خۆش نەبوون. شەوانە، کوردەکان بەدیار تکەفرۆشەکان کۆدەبوونەوە. شەوانەش، دەچوونە هوتێلەکانی لەیەک ناوچە بوون، هەمووش کورد بوون! هەر شارە و هوتێلی تایبەتی خۆی هەبوو. هەموو شارەکانی عێراق وابوون، عەشیرەتەکان وابوون، تەمەن و زەوقەکانیش وابوون.

دەچوومە بەغدا زۆریش دەچووم. بەڵام هەرگیز بەیەک ڕۆژ و یەک شەو تینوویەتی بەغدام نەشکاوە! بۆ هەموو ئیشوکارەکانی شارەوانی دەچووم، ئیفاد دەبووم. پارەکەی کەم بوو، بەڵام من گوێم لێ نەبوو. بەشی دەکردم، سێ ڕۆژم دەنووسی یەک ڕۆژ دەمامەوە. چوار ڕۆژم دەنووسی دوو ڕۆژ دەمامەوە. بەوەیان پارەکە بەشی دەکردم! چوومە ئۆرزدی بەشی ئامێرە کارەبایی و میکانیکییەکانی ناوی ئەجهیزە دەقیقە بوو. بوتیکە سەرەکییەکەی لە حافیز قازی شەقامی ڕەشید بوو. لەوێ یەکەم ئامێری «ئەلیدایدە»ی پێوانم بۆ شارەوانی کڕی! زووتر داوامان کردبوو، لە دەرەوە بۆمان هاتبوو. نرخەکەی زۆر بوو، بۆیە هەموو دەزگایەک نەیدەویست ئەو جیهازە گرانە بکڕێت. چووم و چەکی پارەکەم

بردبـوو. نەمدەزانی جیهازەکـە چۆن کاردەکات، چەنـد پارچەیە، ڕەنگـی چۆنە، قورسـایی چەندە. بەڵام حـەزم دەکرد، پێم خۆش بوو بچمە بەغدا، با بارەکەم گرانیش بێت، با ئیشـەکەم قورسـیش بێـت! ئەگەر ئیشـەکە تایبەتیـش نەبووبێت، بە پیشـە و زەوق و شارەزاییشم.

کـە چـووم، جیهازەکە لە سویسـرا، لە کارگەکـەوە بەناوی من و شـارەوانی هەولێـر هاتبوو. گوتیـان لە کۆگایە، لـەوێ وەریبگرە! چووم سێ پارچەی قورس، سێ کارتۆن، نازانم چی تێدایە، تەواوە یـان نا! جیهازەکـە وەردەگرم، دەهێنمەوە، فێـری دەبین، نیوەی شـارەکە، زۆر لە گەڕەکەکانی پێ دەپیوین.

بـەو جیهـازە زۆر لە رووپێوە گەنجەکانی دوای ئێمە هاتن، ئیشـی پێدەکەن. «ئازاد عەزیز تەها»، کوڕە قۆشمە شیرینەکە. ئازایانە، لەنـاو ئاپـووڕە و زۆری عەبا ڕەشـەکانی ژنان، پاڵدانـی عارەبانە دەسـتییەکان و دەستفرۆشـەکان تەواوی کۆڵانە زۆر تەسـکەکانی قەیسـەری پێ پێوا! «جەمال رەحمان» کوڕە ڕەشـتاڵەکەی، پێی ناخۆش نەبوو، کە پێیان دەگوت بە «راغب عەلامە» هونەرمەندی لوبنانـی دەچیـت. ئەویـش زۆر لە گـەڕەک و شـارۆچکەکانی پێ پیـوا. «سەربەسـت مەولود»، ئەو کوڕێکی نـەرم و بێدەنگ بوو. ئەویـش ئیشـی لەسـەر جیهازە کردبـوو. ئێمە پێمان سـەیر بوو، چونکـە بەیانییـان لەناو گەڕەکی مەنتکاوە، لـە کۆڵانە دوورەکانی سـەر ڕێگای کەرکووک، دەگاتە شـوێنی پاسـەکان، لەوێش بۆ ناو شـارەوانی، بەدرێژایی رۆژەکەش ئیشـی دەکرد، ئینجا پێڵاوەکانی بەردەوام دەبریقایەوە، پیس نەدەبوو. پەیوەندی من و ئەو، بێجگە لـەوەی هەندێجـار دەمگەیاندەوە بـۆ ماڵەوە، زۆریـش وتارەکانی ئەودەمانە لەسـەر بیناسـازی دەمنووسـین، یان ئەوانەی لە زمانی

عەرەبـی ئامادەم دەکردن، بە دەسـتخەتە خۆشـەکەی جوان بۆی دەنووسیمەوە.
ئەوانە گەنجتر بوون، تاقەتی خوێندنەوەی ژمارەی سـەر مەستەرە و سـتاڤەکەیان هەبوو، زیرەکتریش بـوون. ئێمەش، من بەتەمەنی زۆرەوە بەناونیشانی دیار و ناوی گەورەوە ستاڤە چوار مەترییە دوو رەنگەکەم بۆیان دەگرت. جوان خاڵەکانی پێویستم بۆیان دەدۆزیەوە و ئیشەکانمان دەکرد! زووتر، پێش پەیدابوون و کڕینی ئەلیدادەکە. ثیودولایتـی زۆرمـان هەبوو، زۆریان من لە بەغدا دەمکڕی. زۆربەی ئیشـەکانی ئیفرازکردنی زەوییەکانمان بەو جیهازانە بوو، لەوەشیان زۆر شـارەزا بووم، زۆربـەی گەڕەکە نوێیەکانی ناو شـارەکە، بەو جیهازانـە ئیفـراز دەبوون. ئاسـان و بـاش و بەپەلـە جیهازەکەم دادەنایـەوە. بـواری یـەک داوە مـووە جیاوازییمان نەدەهێشـت، هەمـوو گۆشـە نۆهـەد پلەکانمان دەردەچـوو. شـارەزاییمان لەو جیهـازە زۆر بوو، دەمانزانـی جیاوازی یەک موو، دەکاتە دوو ملم، بـەڵام بەدرێـژی زۆر و دوورکەوتنـەوە، جیاوازییەکـە دەبووە دوو مەتر، ئیتر کێشـە دروست دەبوو، دەمانگوت ئیفرازەکەمان زەحفی تێدایە، هەڵکشـاوە. بەڵام ئێمە زۆر شارەزاببووین، بوارمان نەدەدا هەرگیز، درێژی کشـانەکە بگاتە بیست سانتیمەتریش.

***

بـۆ چاپکردنـی کتێبەکـەی هەولێـر، منی مەسـاح، کوڕەکەی قژم درێـژە و زمانـی عەرەبییەکەم باشـە. بەغداش شـارەزام، دەزانم چۆن بە مینی بوسـە بچووکەکان، بچمە هەموو گەڕەک و شـەقام و بازاڕەکانـی شـارەکە. دەچمـە وەزیرییە، بەئاسـانی چاپخانەکە دەدۆزمەوە. لەسـەر شـەقامە سـەرەکییەکە، لەنـاو جامخانەیەکی چوارگۆشـە، ئەفەندییـەک قاتیکی قاوەیی هێڵداری چوارگۆشـەیی

خەتپانــی لەبەردابــوو، دانیشــتبوو. رووتــاڵ، ناشــیرین، کەمدوو، توورە، هەموو ئازاری مەکینە و کرێکار و سانسۆر و خەمی قەرزی نووســەران و تەمەن و قەڵەوییەکەی، پێوە دیابوو!
پیاوەکــە گوتــی: ئەوەش ئیشــی ئەمانە عامەیە، باشــە جێیبهێڵە بەچــاوان! بــواری ئەوەی نەدا بپرســم کەی بێمــەوە! چەندت پارە دەوێ! بەخێرهاتنــی نەکردم، لەوێ بەرامبەرم تابلۆی یەکێتی ژنانم لێوە دیاربوو. دەستە دەستە ژنان بەتەنوورەی کورتەوە دەچوون و دەهاتنە دەرەوە! وامدەزانی سەیری ئەوان دەکات، نەک من. لەناو ئۆفیســە شــڕەکەی، دەرینەکردم بەڵام زۆر لوتفی نەبوو! نەدەکرا، وازبێنم رەنجی ماندووبوونی یەک ســاڵم بەفیڕۆ بڕوات.
گوتم بەرێز «شــێخ جەعفەر»ی گۆڤاری کاروانی ئەمانە عامە منی ناردووە. سڵاوی هەبوو. ئەویش دیارە هەستی کەمێک جوڵا، گوتی باشــە کتێبەکە جێبهێڵە هەفتەیەکی تر وەرەوە، یان تەلەفۆن بکە!
گەڕامــەوە تەلەفۆنــم کــرد. تەلەفۆنەکەیــان دایە دەســت پیاوێک گوتیــان ئــەوە کتێبەکەت چــاپ دەکات! لە وەڵامدا گوتی هێشــتا نۆرەی نەهاتووە، لەلای منە، بەچاوان کاکە. منیش یەکســەر گوتم من هەفتەی داهاتوو دێم، دەمەوێ دەســتەیەک تاخمی پلاســکۆی ئیرانــی ســفرەی ماڵەوەتان بەدیــاری بۆ بێنم! بەو قســەیە ریتمی دەنگی گۆڕا، دەنگی گەرمتر و بەسۆزتر بوو! گوتی کاکە، سوپاس، وەرە خەمت نەبێت.
کە گەڕامەوە دەســتەیەک پلاســکۆی گوڵزاری ناســکی سفرەم، بۆ تەباعــە لاوازە رەشــتاڵەکەی دیار بــوو بەیانییــان دەوامێکی تری هەبوو، ئێواران دەهاتە چاپخانەکە، بردبوو. ئیتر پاش ئەو دیارییە ئیرانییــە ناوازەیــە، کــە خێزانــە عەرەبەکان زۆر پەرۆشــی بوون، ئیشەکەمان باش دەڕوات.

چاپکردن و تایپکردنەکە لەسەر مسی نەرم بوو. ئیشێکی زەحمەت و قوورسیش بوو. پیتەکان لەسەر مسەکە دەردەچوون. ئیتر، وشەکان، رستەکان قالب قالب، لەیەکتری دەبەستران و دەبوونە بلۆک. ئیتر ئەوەیان، بە حوبری رەش، لەسەر پارچە کاغەزێک کۆپی دەکرد.

ئەوەش نمونەیەک بوو، دەبوایە نووسەرەکە هەڵەبڕی لەسەر بکات و دەیگەڕاندەوە. دووبارە تایپ دەکرایەوە، دیسان بە قاڵب کۆپی دەبوو، نووسەرەکە بۆ جاری دووەم هەڵەبڕی بۆ دەکرد، ئەوانیش چاکیان دەکردەوە و دەبووە قالبی تەواو.

بەپێی قەوارەی لاپەڕەکان قاڵبە مسەکان دیزاین دەکران، ئامادەی چاپ دەبوو. چاپکردن، بە مس و بە تایپێستێکی عەرەب، زۆر زەحمەت بوو، بۆ هەردوولا، بەو ئازار و ماندووبوونەش، کتێب جوانیش دەردەچوو.

من هەڵەبڕی هەموو کتێبەکانم، بە سێ سەفەری بەغدا تەواو کرد. کە کتێبەکەش بووە فیلم، بۆ وێنەگرەکەش زوو دەستەیەک پلاسکۆم بەدیاری برد. ئەویش جوان و دروست فیلمەکانی تەواوکرد و کتێبەکە چووە بەر چاپ!

***

بۆ بەرگەکەی داوام لە هونەرمەند موحەمەد عارف کرد، دوو فیلمی بچووکی دوو تابلۆی تایبەت بە هەولێرم پێشکەش بکات. ئەو بەخۆشییەوە، دوو کەرتە فیلمی بچووکی لەناو پارچە زەرفێکی بچووک بۆم هێنا. ئەو دیارییە نازدارەم بردە بەغدا، لەوێ فیلمەکان دەکەنە بەرگ، لەسەر کارتۆن چاپی دەکەن!

ئیتر بۆ بردن و هێنانەوەی کتێبی هەولێر، شەش جار چوومە بەغدا. دوو سێ شەو دەمامەوە، لە هوتێل هەڵەبڕییەکانم دەکرد.

**بەشـێکم لەوانە هێنایەوە هەولێر مامۆسـتا مەغدید حاجی یارمەتی دەدام. سـەردانەکانی بەغدا لە دائیـرە دەکردەوە ئیفاد. دەچوومە لای ژمێریـار، بەرپرسـی بەشـەکەمان و بەڕێوەبەریـش، کە ناوی ئەوم لەسـەر بەرگی کتێبەکە دانابوو. ئەوانیش، کارێکی رەسمییان بۆم دەدۆزیەوە، تا ئیفاد بم، لەسـەر ئەرک و گیرفانی خۆم نەچم. ئەلحـەق ئیفاد دەبووم، بەڵام زۆریش ماندوو دەبووم.**
**ئەگـەر لەبەر چاپـی هەولێرەکە نەبوایە، مەجبـوور نەبووم، بچمە کـۆگای گـەورەی شـارەوانییەکان لـە «تـەل محمد»، دوو سـێ بەسـتە ئیسـتمارەی گەورە و قوورسـی حیسـابات بێنمە هوتێل، بەیانییەکـەی ئەوانـە هەڵگـرم و بیانبەمـە نەقلیاتـی «نەهزە». لەوێـش بۆ هەولێر. لە نەقلیاتیش دووبارە بۆ ماڵەوە. لە ماڵەوەش بەیانـی، بـەڵام ئەوجارە بـە ئۆتۆمبێلی خۆم، بیبەمـە ناو دائیرە، ئەوانیـش لێـم وەربگرن. ئەوە بە قسـە خۆش بـوو! ئەگەر لەبەر کتێبەکـە نەبوایـە، نەدەچوومـە کارگە و گەراجی شـارەوانییەکان ژمـارەی نوێی ئۆتۆمبێلێکی گەراج بێنم!**
**لەبـەر کتێبەکە بوو، دەچووم، لە بەغـدا کتێبم دەکڕی، بۆینباخی نوێـی تایبەتـم لە بوتیکەکانی شـەقامی رەشـید، بەیـەک دینار و زۆرتریـش دەکڕی. دەچوومـە بەغدا خۆم و بەتەنیا سەرپەرشـتی چاپی کتێبەکەم کرد. کە تەواویش بوو. پرسـیم و گەڕام گومرگی میـوە و سـەوزەی جەمیلـەی بەغدام دۆزیـەوە. لـەوێ لۆرییەکی بـاری هەولێرم دۆزیەوە. شـوفێرەکە بارەکەی فرۆشـتبوو، بەتاڵی دەگەڕایەوە. هـەردووڵا مەمنون، کتێبەکانم لەبەردەم چاپخانەکە و لەسـەر شەقامە سەرەکییەکە، لەترسـی پۆلیسی هاتوچۆ، بە شەو بارکرد، بەرەبەری بەیانی گەیشـتمەوە هەولێر.**
**کتێبەکـە چاپکرا و زۆریش دابەشـکرا. زۆریـش ماوەتەوە. زۆریش**

بووە بە سەرچاوە! لە لیستی کتێبە چاپکراوەکانم ژمارەی یەکەمی بەرکەوتووە! زۆر پێوەی ماندوو بووم. چونکە، لە نووسین و دیمانە و هەڵەبــڕی و دارشــتنەکان ئەزموونم نەبــوو، ماندووبووم. چونکە چاپکــردن لەلایــەن کرێکاری عەرەب بوو، بۆیــە ماندووبووم. بەڵام شــانازم، یەکەم کتێبم بە زمانی کوردی لەسەر هەولێر چاپکرد.

## حەی عەسکەری

ســەرەتای شــەڕەکانی عێــراق ئیرانــە، خەڵکێکی زۆر ســەربازە، گەنجــەکان موکەلەفــن و گەورەکانیش ئیحتیاتــن. حکومەتیش بۆ رازیکردنی ســەربازە مەتەوعەکان، ئەوانەی پیشــەیان سەرباز بوو، واتە تا خانەنشــینی بە موچەی باش، ســەربازن. زەوی نیشتەجێی لە هەموو شارەکانی عێراق بەخۆڕایی دابەشدەکرد. قەرزی عەقاری و بە پارەش پشــتیوانی دەکردن. چیمەنتۆ و شیشیان وەردەگرت. بــەڵام لــە هەولێر هیــچ نەکرابوو، تــا بڕیاری دابەشــکردنی پارچە زەوی بۆ ســەربازەکانی ناو هەولێریش دەردەچێت. ئەگەرچی کورد ســەربازی مەتەوعــی کەم بوو. بەڵام ئامریەی ســەربازگەی هەولێر «امریە موقع اربیل» کۆشــش دەکات، چەندین پارچە زەوییان بۆ ئامــادە بکات. بۆ ئــەوەش بەرنامەیەکی باش و پوخت دادەرێژن و جێبەجێی دەکەن، حەی عەســکەری لێ دەکەوێتەوە.

نوێنەریــان نائیب زابتێکی هەولێری بوو، پارچەیەک زەوی بەرامبەر گەڕەکی حەی ســەدام و پشــت کوران و نزیک باخچەکانی گوندی تــوورەق و ماجیــداوە، دابیندەکــەن. ئیتــر بۆشــاییەکی گەورە بۆ نەخشــەیەک دادەبــڕن، نەخشــەکەی زوو لــە بەغدا بــە دوو جۆرە رووبەر، دوو ســەد مەتری و سێ سەد مەتری تەواو دەکەن!

زوو بۆ ئیفرازکردنی نەخشـــەکە، دەســـتەیەک ســـەربازی موکەلەفی گەنجمان بۆ دەهێنن. هەموویان خەڵکی هەولێر بوون، گەنج بوون. لەبـــەر ئەوەی لەدەســـت مەشـــق و ناخۆشـــییەکانی ناو ســـەربازگە دەربازیـــان ببـــوو، دڵیـــان خـــۆش بـــوو. بـــە ئیشـــکردنەکە ماندوو نەدەبوون. قســـەی خۆشـــیان دەکرد، هەڵدەپەڕیـــن. ئێمەش چوار پێنج سەعات ئیشمان پێیان دەکرد، پاش نیوەڕۆ دەچوونە ماڵەوە. ســـەرەتا بەجلی ســـەربازی هاتن، دوایی کە شـــارەزامان دەبن و لە رەوشـــەکە تێدەگـــەن، ئیتر بەجلی ئاســـایی دەهاتن. دوو ســـێیەک لەوانـــە بەزمیـــان خۆش بـــوو. دڵی خۆیـــان دەکـــردەوە. کە «فزۆ فەتاح» ژنە مەســـاحەکەی هاوڕێمان، لێمان دووردەکەوتەوە، بەزم و نوکتـــە و رەفتـــاری گەنجـــی خۆیـــان دەگێڕایەوە. باســـی هەموو شتێکیان دەکرد!

فزۆ، مەساحێکی زۆر ورد بوو. لەسەرخۆ و ئارام ئیشی دەکرد. ئەو پیـــوان و ئاراســـتەکانی دیار دەکرد! ژنێکی چـــالاک بوو، ماندووش نەدەبـــوو. کەس نەیدەزانـــی دوو منداڵی هەیە. راســـتە دایک بوو، منداڵەکانیشـــی گەورە بوون. هەموو سەربازەکان، بۆ خۆشەویستی و دۆســـتایەتی ســـەلامی عەســـکەرییان بۆی دەکرد، پێیان دەگوت گەورەم.

ئیشـــکردنی ئەو دەمانەی ئیفرازکردنمان، هێشـــتا لەسەر سیستەمی کۆن بوو. ئەزموونمان زۆر پەیدا نەکردبوو. چوار شیشی بلۆکانمان دەکوتـــا. بـــە پیـــوان دیاریمان دەکـــرد. دەبوایە، نێـــوان هەر چوار گۆشەکە رەنگرێژ بکەین. گوریسی نایلۆمان لێیان دەبەستا. بە دوو سێ کەس، راماندەکێشا، توندمان دەکرد، لەناوەندی گوریسەکەمان بەرز دەکردەوە و راستمان دەکردەوە. نەدەبوایە هیچ لارییەکی تێدا بێت. ئینجا بە دەســـتی. ســـەبر ســـەبر، گێچمان بەسەر گوریسەکە

دادەکـرد. ئەوەش زۆرزانی دەویســت، گێــچ رووکردنەکە، دەبوایە راست و یەکسان بوایە.

رۆژانــە دوو ســێ بلـۆک بــەو بەزمــە تەواو دەبــوو. ئینجـا نێوان پارچــە زەوییەکانیــش بــەو جۆرە، بە گوریــس و رەنگرێژی و گێچ دیــار دەکرد. دەســتەیەک کرێکار، ژێــر گێچەکەیــان هەڵدەکۆڵی، خۆڵەکەیان لادەدا. شیشــەکانی چوارگۆشەی پارچە زەوییەکانمان چیمەنتۆرێــژ دەکرد. چیمەنتۆکــەش ئــاودەدرا، تــا چیمەنتۆکــە هەڵنەوەرێــت. دەبوایە ســەری شیشــەکان لەنــاو چیمەنتۆکە باش دیــار بێت، زۆریــش بەرز نەبێت. زۆرجار ئەوەیــان بە پارە بەکرێ دەدا. بــەڵام خۆمان زوو سەرپەرشــتیمان دەکــرد. دەبوایە زووش هەڵکۆڵن، نەوەک گیچەکە، بە با و هاتوچۆ و مانەوەی بســڕێنەوە! بە دوو مانگ زەوییەکانمان ئیفراز کرد، ســەربازەکان پێیان خۆش بوو، کاتی زۆرتر بخایەنێت، ماوەماوەش ســەربازەکانیان دەگۆڕی، ئێســتا یەکێک لەوانە زۆر لە شــەقامەکانی ناوبازاڕ دەبینم و سڵاوم لێدەکات و پێم دەڵێت، فەرموو شــەربەتێک بخۆرەوە.

بە تەواوبوونی ئیفرازی حەی عەســکەری، بەشێکی زۆری سەوزایی باخچەکانی ناوچەکەمان وشــک و وێرانکــرد. ناعورمان پڕکردەوە، شــوێنی باخچەکانیــش بــۆ ئیــش و پیوانی ئێمــەش ناخۆش بوو. چونکە زۆر فیتەکانمان لە کەســتەکەکان گیردەبوو، دەپســا، ئاڵۆز دەبوو. فیتە و گوریسەکانی رەنگرێژییمان لەسەر دەکرد، لە پنچک و رەگ و قەد و باسکی پاشماوەی سەوزە و کەستەک و جۆگەکان دەئاڵا.

***

ئــازار و ناڕەحەتییەکانــی مەســاح لەکاتــی ئیشــکردنا زۆر بــوو. زۆرجار ئیشــەکانیان دووبارە دەکرایەوە. دەچووە بەغدا و ئەمانەی

عامە بەشـــی نەخشـــەدانان و دەگەڕایەوە، داوای زۆرتریان دەکرد! وردەکاری زۆرتریان دەویسـت. بەئاسـانی دەیاننووسـی، پیوانەکە لەگـەڵ کۆنـە پیوانەکانی تر، یەک ناگرنـەوە، دووبارەی بکەنەوە. یان داوایان دەکرد، سکێلی پیوانەکەمان بۆ گەورەتر، یان بچووکتر بکەن. لە هەموویان ناخۆشـتر، داوای بەشـی سـەربان و بنمیچی خانووەکانیـان دەکرد. واتە حەوشـەکان دیار بکرێـت، تا بتوانن، لـە بڕینی شـەقام و کۆڵانەکانـا، زیان بە خانـووەکان نەگەیەنێن. شـارەوانی و خەڵکەکە ماندوو نەکەن و نەخشـە کەرتییەکە ئاسان جێبەجێ بکرێت.

یان ماندووو دەبووین و تەواو دەبووین، ئینجا دەیانگوت: ئیشـەکە ناکرێت، پیوانەکەمان ناوێت. مەساح کە بە _تەختە_کەی لەسەر سێپایەک توند دەبەسترا و _مەستەرە_کەی سەرێکی بۆ تێڕوانین، سەرێکی بۆ نیشانەگرتن بوو، ئیشی دەکرد. لەوەیان زۆر کێشەمان بۆ دروسـت دەبوو، ئەگەر: یەک پیوان بەهەڵە کرابوایە. خاڵەکان بەرامبەر و هاوسەنگ نەدەبوون.

دەبوایـە لـە هێنانـی پیوانەکە، لە سـەر تەختەکە بۆ گۆشـەکەی دەپیورا، زۆر راسـت و دروسـت بێـت! دەبوایـە تەختەکە بە هیچ شـێوەیەک نەجوڵێـت. بـە جوڵانـی تەختەکە، خاڵەکـە دەگۆڕا و ئیشـەکە دەخزی! کاغەزەکەش بە گەرما و سـەرماش هەڵدەکشا و دەگەچرا. پیوان بەو تەختانە، بۆ نەخشـە و پیوانی کەم و سـادە خـۆش و ئاسـان بوو، بەڵام بۆ پیوانی گـەورە و گەڕەک و کۆڵانی زۆر زەحمەت بوو.

من زۆر ئیشم لەسەر ثیودولایت کردووە. لەوەش جووڵانی پێیەکانی ئـەو جیهازە، ئاراسـتەی پیوان و ڕێڕەوەکەی بۆ ئاراسـتەیەکی تر دەبـرد. ئیشـەکە هەڵە دەردەچـوو. هەروەهـا پیوانێکی هەڵەش،

گۆشـە و لایەکـی هاوسـەنگ نەدەکـرد، لەنیـوەی ئیشـەکەی دەردەکـەوت هەڵەیەک بووە، دەبوایە دووبـارە بکرێتەوە. ناخۆش ئـەوە بوو، ئەگەر لەسـەر هێڵە هەڵـەکان، هەڵکۆڵینی ئیفرازەکان کرابوایە. بۆیە پڕکردنەوەکەیان بە دەسـت و پێ و خاکەناسـیش، زۆر زەحمەت بوو.

***

مەسـاح بەوەش سـەخڵەت دەبوو، کە فیتەکەی، بە گەرما و ئالان و دڕک و بەرد و هەوراز و نشـێوێک ئاڵۆز دەبوو. سـی مەترییەکە تێدەئـالا، دوایـی پەنجا مەتریـیش پەیدا بوو، ئـەوان زۆرتر ئاڵۆز دەبـوون. کردنـەوەی گرێـی ئالۆزییەکانـی ئاسـان نەبـوو، کاتی دەویسـت! کە دەپسـا، فیتە چینییەکان، کەتانەکان، لاسـتیکییە سـپییەکان دەپسـان، یان باریـک دەبوون، دەکەوتنـە بەر ددانی هەڵکردنـەوە، یـان ون دەبوون. من بەردەوام فیتـەی زیادم لەناو سەندوقی ئۆتۆمبێلەکەم هەبووە.

لـە سـەرەتای هەموو ئیشـێک، لە ئیفـرازی نوێ، فیتـەی نوێمان دەکـڕی! ناوی خۆمان لەسـەر دەنووسـی. هەڵکردنـەوەی فیتەش لێزانینـی دەویسـت، زۆرجـار لەکاتـی هەڵکردنـەوە، بەگەچراوی هەڵدەکرایـەوە و دوایـی نەدەهاتە دەرەوە، دەبوایـە بورغییەکەی پشـتی بکەینەوە، هەردوو دیوی فیتەکە بکەیتەوە، سـی مەترەکە، قایـش و کەتانەکـە دەربهێنین و لوولـدران و گیرانەکە بکەینەوە. ئەوەش کاتی دەویست و کاتمان بەفیرۆ دەچوو. کرێکاری زیرەک و خەمخۆرم بۆ پیوان و ئیشەکە، لە لێزانی و لێهاتوویی هەڵکردنەوەی فیتە هەڵدەسەنگاند.

مـن زۆرجـار لـە دوورەوە دەمبینـی، سـەیرم دەکرد، چـاوم لەو کرێـکارە دەبـوو، کـە فیتەکـەم هەڵدەکاتـەوە. زووش، لـە بـن

دەســتی ئەوانەم دەردەهێنا، ئەگەر لە هەڵکردنەوەی چاوی لەسەر نەبوایــە. پەلەی کردبوایە. لەگەڵ دەنگــی هەڵکردنەوەکە دەمزانی لەنــاوەوە لوولدراوە، زوو دەرمدەهێنایەوە. زوو هاوارم دەکرد، پێم دەگوتــن بۆ هەڵکردنەوە، فیتەکــە بخەینە نێوان دوو پەنجەتان، با بەلووسی و راستی هەڵکرێتەوە. ئیتر فیتە دەست و پێ و رۆژانەی مەســاح بــوو. دەبوایە بــاش چاودێری بکەیــت و خزمەتی بکەیت، تــا ئەویــش خزمەتت بکات. لە مەیدانی ئیشــکردن لــە بێ فیتەیی ناچار دەگەڕاینەوە. لە تووڕەیی پســان و ونبوونی فیتە، دەستمان لە ئیشــکردن هەڵگرتووە، زۆریش فیتەی پســاومان دووریوەتەوە. بــە قەرزیــش لەیەکترمان وەرگرتووە، لەســەر فیتــەش لەیەکتری تووڕەش بووین. فیتەشــمان لەیەکتری دزیوە، شاردیتەوە و ناومان لەسەر سڕیوەتەوە.

## مودیرەکان

بەڕێوەبەرەکانی شــارەوانی، ئەودەمانە ناویان سەرۆک نەبوو، پاش راپەڕین ناویان دەبێتە ســەرۆک. رەنگە بەعس، وشــەی سەرۆکیان تەنیــا بە ســەدام بەڕەوا زانیوە. بۆیە ســەردەمی ئــەوان، نازناوی سەرۆکی شارەوانی، دەکەنە بەڕێوەبەری شارەوانی!

کــە من دامــەزرام، تازە کوڕە گەنجەکەی زولفێکی درێژی رەشــی بەردابــووەوە، لــە بریتانیــا ئەنــدازەی ترافیکی خوێندبــوو، لــە بەڕێوەبەرایەتییەکــە نەمابــوو. «رەمــزی عەلی شــێخیل» خەڵکی هەولێــر بــوو. ئــەو زۆر نامینێتــەوە، پیاوێکــی لاچــەپ و هێمن و بێدەنگ بوو. ئاســان نییــە پیاوێکی وا بتوانێت هاوســەنگییەکانی ناو شــارەوانی و دەرەوە و پارێزگا و ویســتی خەڵکەکە رابگرێت،

بۆیە نەمابوو.

***

ئیتر پاش ئەو ئەندازیارە هەولێرییە، بۆ ماوەیەکی زۆر مامۆستایەکی خانەنشین، ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی و سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتەجێی شۆڕشیش بوو. ئەگەرچی کۆمەڵەکە موڵک و بەرنامەشی نەمابوو، بەڵام بارەگایەکی دیاری لەسەر شەقامی شەقلاوە هەبوو. فەرمانبەران بەرامبەر بە پارەیەکی کەم تێدا دەبوونە ئەندام! «عەبدوڵا حەمشین»، خەڵکی هەولێر بوو، بە وەکالەت ببووە بەڕێوەبەر! بێگومان ئەندازیار نەبوو، بەڵام لە راگرتنی هاوسەنگییەکان، رازیکردنی بەرپرسەکان، بەتوانا بوو. بە کۆستەمی شیک و بۆینباخی جوان و زۆریش بە لادا سپییەکەی خۆی دەهاتە دەوام!

کە ئێمە پارچەیەک زەوییمان وەرگرت، مەرجی ئەوە بوو، ببینە ئەندامی کۆمەڵەکە، ئابونەی بەشداربوون بدەین. ئەگەرچی کۆمەڵەکە، هیچ پەیوەندییەکەی بە دابەشکردنی زەوییەکانەوە نەبوو! من چووم و پارەکەم دا، وەسڵەکەم پێشکەش بە ئەملاک کرد.

لەدوای ئەو، ئەندازیارێکی کەرکووکی کورد، «نەوزاد سابیر حەکیم» دەکەنە سەرۆک شارەوانی! بەگەرمی و چالاکی رۆژانی رێگاوبان و پرۆژە زۆرەکانی ئەو دەزگا گەورەیە، دێتە شارەوانی. بەردەوام حەزی بە دەرچوون و سەردانی پرۆژەکان بوو، ئەو لەو مەیدانە راهاتبوو. گەنجێکی جوان، جلی پۆشتەی مارکەی جوانی لەبەر دەکرد. کەمیش بۆینباخی دەبەستا، بەردەوام پێڵاوەکانی دەبریقایەوە.

بە ئازایەتی ئەو، چەندین پرۆژە لەناو شار جێبەجێکرا. لەوانە

گەڕەکــی حەی ســەدام. لەبیرمــە، بــۆ هۆگربوونی شــوفێرەکانی شارەوانی، بەتایبەتی شوفێری مەکینە گەورەکان. ئەو فەرماندەدات، «ئەوەش لە دائیرەی ڕێگاوبان فێرببوو، هانی شــوفێرەکان بدات» زەوی نیشــتەجێبوونیان بەســەر دابەشــبکرێت. لەپشــتی گەڕەکی موفتــی، بۆشــاییەک دەدۆزنــەوە، بۆیان ئیفراز دەکەیــن، ئیفراز و دابەشــکردنەکەی بەزووترین کات دەکرێــت و تەواو دەبێت. وابزانم مەرجیش بۆ شــوفێرەکان دادەنێــن، بەرامبەر ئەو پارچە زەوییانە، کار و شوفێری شارەوانی جێنەهێڵن.

***

ماوەیــەک ئەندازیارێکیــان هێنابــوو، خەڵکی هەولێــر نەبوو، بەڵام لەو شــارە ژیابوو، وەرگرتنــی لە کۆلێژی ئەندازیاری ســلێمانیش، بــە کورســی قوتابییانــی اتحــاد الو×نــی بەعســییەکان بــووە. «سەیفەدین»، لە زانکۆش لەبەر حزبایەتی و کاری بەڕەڵایی، کەم دەرســی خوێندبوو، بۆیــەش ئەندازیارێکی فاشــیلیش بوو. ئەوەی ڕەوشــت و لێزانی و چالاکی بوو، ئەو پیاوە نەیبوو. ژنەکەشــی لە دائیرەیەکی تر ئەندازیار بوو. دەیگوت من باوکم زوو لە شــارەوانی هەولێر چاودێر بووە! زۆرتریش لەسەر حیسابی ژنەکەی پۆستەکەی وەرگرتبوو. ئەو بەرەسمی فەرمانی بوونە بەڕێوەبەری شارەوانی بۆ دەرچووبوو. چەند کەسێکی وەک خۆی، نەفسنزمی ناو شارەوانی، دەڵاڵیان بۆی دەکرد، شەوانە تا درەنگ خەریکی دەعوەت و بەزمی بەڕەڵایــی دەبــوون! بەڵام تەمەنی درێژ نەبوو، سەرشــۆر و شــکاو دەیگۆڕن.

***

ماوەیەک شارەوانی هەولێر، لەلایەن ئەندازیار «تەحسین ئیسماعیل چیچــۆ» بەوەکالەت بەڕێوە دەبرێت. زۆریــش دەمینێتەوە. لەگەڵ

مـن زۆر هـاوڕێ بـوو، زوو زوو پـاش دەوام، یان کـە ژوورەکەی چۆڵ دەبوو، سـەردانم دەکرد. باسی ڕەوشی سیاسییشمان دەکرد. کەسێکی وڵاتپارێز بوو. بەڵام کەم خۆی دەردەخست. ئەندازیارێکی زیرەکیش بوو. زووتر لە شارەوانییەکان بەیەکەوە بووین. بە کوردی و تورکی قسـەی دەکرد. لە بنەماڵەیەکی هەژاری ناسراوی شارەکە بوو. لە کتێبەکەی هەولێر ناوی ئەویشـم، لەسەر بەرگەکە داناوە. خزمێکـی پێـش ئەویـش لە شـارەوانی بـوو، «سـەلاح چیچۆ»، بەرپرسـی چاککردنەوە و خزمەتگوازری شـەقامەکانی ناوشار بوو. ئەو، بەیەک تراکتۆری شـڕ و دوو سـێ کرێکار و چەند کەرەستەی سـادەی ئاسـایی. ڕۆژانە بە قیر و قووم و چیمەنتۆ، شەقامەکانی نـاو شـاری پینە دەکـرد. بەیانییـان زوو دەهاتە شـارەوانی، داوا و کارنامـە و پێشـنیارەکانیان پـێ دەگـوت، بە بیجۆیە شـڕە زۆر خراپەکـەی بۆی دەردەچوو. نیوەڕۆیـان تەواو دەبوو. بەو کارەش هەموولایەکی ڕازی دەکرد. پیاوێکی خۆش و دڵساف و شیرین بوو. زۆریـش لەناو دائیرە، بۆ وەرگرتنی سـولفە و کڕینی کەرەسـتە و پێویسـتییەکانی، بەجووڵە و چـالاک هاتوچۆی بوو، لە ژوورەکانی حیسـابات دەنگـی دەهات و پێدەکەنی و بەزمی خۆشـی دەنواند. بەڵام بە جلوبەرگ و ئاکاری دەرەوەی شـپرزە بوو.

***

دوای ئـەو پیاوێکـی تورکمانـی خەڵکـی دەڤەری داقـوق بەناوی «یەلمـاز کازم مەسـتەفا» دەکەنـە بەڕێوەبەر. ژنەکەشـی دکتۆر بـوو، ئامـۆزای خۆی بـوو! پیاوێکی نـەرم و بەرێز بوو، سـادە و خاوێن، بەڵام جگەرەی زۆر دەکێشا. سمێڵی بەردەوام بە دووکەڵی جگەرەکانـی زەرد ببـوون! کوردییەکەی باش نەبوو، بەڵام ڕقی لە کەس نەبوو! نەرم نەرم پێدەکەنی و درێغی نەکرد، لە کاری چاکە

و خزمەتکــردن. خوێندنی لــە تورکیا تەواو کردبوو. بۆیەش لەگەڵ ژنەکەی بە قاچاخ بەرەو تورکیا رادەکات و دەڕوات. پاش راپەڕین، پــاش پازدە ســاڵ، بەیەکەوە لــە کافتریا یان ســالۆنە گەورەکەی هوتێل شیراتۆن _هوتێلەکە ناوی هەولێرە بەڵام لەکۆنەوە بەو ناوە دەناسرێت_ قاوەیەکمان خواردەوە.

ئــەو لەگــەڵ کۆمپانیایەکی گــەورەی تورکی هاتبــووەوە هەولێر و ئیشــی دەکــرد. گوتی لەو ماوەیــە لە زۆر شــوێن، وەک ئەندازیار کارمکــردووە. لە ســودان بووم، لە دارفور. لــەوێ بە چەکدارەکان دەڵێــن پێشــمەرگە. ئــەو قســەیەم کــردە وتارێــک لــە رۆژنامەی ئاســۆ بڵاومکردەوە. تێدا باســی رۆژانەی ئەویشــم کردبوو. پاشان بــۆ راپەڕاندنــی کارەکانــی، وتارەکــەی داواکردبوو، بــۆ ئەوەی لە دەزگاکانی هەرێم بیناســن. وتارەکەی من، بۆ ئەو ببێتە شــاهیدی پاکی و رۆژانی هەشــتاکان و ئیشــکردنی لە شــارەوانی و هەولێر، رۆژانی بەر لەوەی عێراق جێبهێڵێت. منیش شــاناز بووم ستایشتی بکەم، چونکە دەمزانی پیاوێکی پاک و دڵســۆز بوو.

نامەوێ چیتر بابەتەکەم بەو بەرێزانە درێژبکەمەوە، بەڵام نەدەکرا، باســیان نەکەم. زۆریان کەســایەتی جوان بــوون. ئەندازیار بوون. دڵســۆزی شــارەکە بوون. ماندووش بوون، پۆستەکەش باڵکێش و بەرچاویــش بوو. تەنیا یەکێکیــان، ئەگەرنا هیچیان حزبی نەبوون. بەجلــی زەیتونــی دەوامیــان نەدەکــرد. بەڵام یەک مــوو لاریان لە ئیشــەکانی حکومەت نەدەکرد، نەدەکرا سەرپێچی بکەن.

## چەند ناوێکی ناو شارەوانی

پیاوێکــی باڵابــەرزی پاکوخاوێنــی زەردی موو باریکی ناســک. لە

**به‌شی مۆڵه‌تی خانووبه‌ره به‌رده‌ستی ده‌کرد. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی دوو سێ په‌نجه‌ی به منداڵی له گونده‌کانی وڵاتی کۆیه، به‌ر مه‌کینه و چه‌رخ و شـتی وا که‌وتبوو، سه‌ربازی نه‌کردبوو. له هه‌ولێر به ته‌جاوز، له گه‌ڕه‌کـی باداوه خانووێک په‌یدا ده‌کات و داده‌مه‌زرێت. شـه‌وانه‌ش ده‌چێتـه به‌ر خوێندنی گـه‌وران، خوێنده‌وارییه‌کی بـاش فێرببوو. سـه‌ره‌تا وه‌ک به‌رده‌سـت له‌نـاو شـاره‌وانی هه‌ولێـر داده‌مه‌زرێت. له‌گـه‌ڵ ئیشـه‌کانی پاکوخاوێنـی، دۆسـیه‌کانی رێکده‌خسـت و پۆسته‌کانی دابه‌شده‌کرد، بۆیه، باش شاره‌زای دۆسیه‌کانی مۆڵه‌تی خانووبه‌ره‌کانـی هه‌موو هه‌ولێر ببوو. ئه‌وه‌ی داوای دانه‌یه‌کی کۆپی نه‌خشـه‌ی خانووه‌که‌ی، سـه‌نده‌که‌ی، مۆڵه‌ته‌کـه‌ی کردبوایه، کۆن و زۆریـش کۆن بوایه. به‌و پیاوه شـیرینه ده‌دۆزرایه‌وه. به‌ئارامی، ناوی که‌سه‌که و ناوی گه‌ڕه‌ک و ژماره‌ی مۆڵه‌ته‌که‌ی وه‌رده‌گرت. به کابـرای ده‌گوت به‌یانی وه‌ره‌وه به‌چاوان بۆت ده‌دۆزمه‌وه.**

**ئیتر ئـه‌و ده‌چووه ناو ئیزباره کۆنـه‌کان. جه‌مه‌دانییه‌که‌ی داده‌نا، پشـدێنه‌که‌ی شـل ده‌کرده‌وه. له‌وێ، له‌ناو مه‌خزه‌نه تاریکه گه‌وره تۆزاوییه‌کـه، فایله‌کانـی جیاکردبـووه‌وه، لیسـت و پێڕیسـتی بۆ سـاڵ و گه‌ڕه‌ک و جۆری مۆڵه‌تـه‌کان کردبوو، ده‌یدۆزیه‌وه. به‌یانی کابـرا ده‌هات، له‌به‌رده‌م به‌رپرسـی مۆڵه‌تی خانووبـه‌ره، فایلێکی گه‌وره، به پارچه کاغه‌زێک، شـوێنی پسوله داواکراوه‌که‌ی جوان و دروسـت بۆ دیارکرابوو، بۆیان ده‌رده‌هێنا و کۆپی ده‌کرد و زۆریش سوپاسـگوزار ده‌ڕۆیشته‌وه. «ته‌یب»، ده‌سـتی نووسینی هه‌بوو. جوان، به ده‌سـتخه‌ته شڕه‌که‌ی شتی باشی ده‌نووسی.**

**پـاش سـاڵی ١٩٩٢ که رۆژنامـه‌ی هه‌ولێرم له شـاره‌وانی ده‌کرد. وتـاری ئـه‌وه‌م بڵاوکردیتـه‌وه. به‌تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی له‌سـه‌ر ئامار و ژمـاره و چۆنیه‌تی مۆڵه‌تـی خانووبه‌ره‌ی ناو شـار بوون. ئه‌وه‌ش**

دیارە ئیشــی بەشــی پلاندانان بوو، کە ئەندازیارێکی بەئەزموون و چەند فەرمانبەرێک ئیشــیان تێدا دەکــرد. لەگەڵ ئەوانەش بابەتی فۆلکلۆریشــی بــۆ رۆژنامەکــەم ئامــادە دەکرد. بــە بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، سەرۆک شارەوانی بەوە دەزانێت، سوپاس و پێزانین و پاداشتیشی دەکات.

***

ژنێکی هەولێری بەتەمەن. لە مێردەکەی کە لەگەڵ مەلا مەستەفای رەحمەتــی لە ســۆڤیەت گەڕابووەوە، یەک دوو منداڵیشــی هەبوو. زۆر بــرادەر بووین باســی کوردایەتی و جارانــی هەولێرمان دەکرد. چونکــە هیــچ پەیوەندییەکــی کاروبــاری شــارەوانییمان بەیەکەوە نەبــوو. بەوەیــان ببووینــە بــرادەر. هەمــوو قســەیەکمان دەکرد. رێــزی یەکترمــان دەگــرت. بــەڵام هەرگیز تەمەنی دروســتی خۆی نەدەگــوت. زۆریــش تــووڕە دەبــوو، کە پێــم دەگوت: تــۆ لە من گەورەتــری. بەڕاســتی زۆریــش لە مــن گەورەتر بــوو. گەورەیی و تەمــەن و ماندووبوونــی «نەزاهەت» بە رووکار و چاو و قژ و بەژن و رۆیشتنیەوە دیار بوو. بەڵام ئەوەی قبووڵی نەبوو. بەڵام ئەو بە بەڵگە تەمەنی گەنجی خۆی ســەلماندبوو، چونکە زوو، دەســتکاری ســاڵی لەدایکبوونی خۆی، بەرەسمی لە نفووس کردبوو.

***

ئێمە شــەش حەوت فەرمانبەر لە هۆبــەی ئەملاک بووین. «عومەر فەرهادی» بەرپرســی هۆبەکەمان بوو. برایانە، دۆستانە بەیەکەوە ئیشــمان دەکــرد. گلەییمــان نەبوو، قســەمان دەرنەدەچوو. ســێ ژوورمان هەبوو. ژوورێکی بچووکی خاوێن بۆ بەرپرســەکەمان بوو، ژوورێکیــش تایبــەت بــوو بە دۆســیە و فایــل و نووســین. منیش ژوورێکم لەگەڵ فەرمانبەرێکی تر هەبوو.

له‌وانه سێ چوار کچی تێدا بوو. من و سێ له‌و کچانه «سه‌بیحه، رووناک، زوله‌یخا» باوکمان کۆنه پۆلیس بوو. به‌ڵام باسمان نه‌ده‌کرد، نه‌مانده‌گوت باوکمان پۆلیس بووه. وه‌ک ئه‌وه‌ی شه‌رم بکه‌ین. یه‌کێک له‌وانه، له کچه‌کان، تا رۆژه‌کانی راپه‌ڕین نه‌یگوت دایکم خه‌ڵکی ده‌ڤه‌ری بارزان بووه. باوکم له شاره‌زووره‌وه هاتووه و له‌وێ پۆلیس بووه و بوون به هاوسه‌ر، به‌ڵام باوکی زوو مردبوو. ئیتر خاڵه‌کانی په‌یدا ده‌بێت و شوو به کوڕێکیان ده‌کات. ئه‌و چیتر ده‌وامی نه‌کرد، یان ره‌نگه، له‌به‌ر نزیکیان له ده‌سه‌ڵاته‌وه، خزمه‌تی ئیشکردنه‌که‌یان بۆ گواستبێته‌وه شوێنێکی هه‌ستیاری حکومه‌تی هه‌رێم.

# چاوت سوور بووه!

«ئیبراهیم خانه‌قینی»، فه‌رمانبه‌رێکی شه‌ڕی قه‌ره‌باڵغ بوو. ئێوارانیش زۆر له‌ناو شاریش ده‌مبینی، به‌رده‌وام کۆنه چاکێتێکی ئه‌ستووری ئۆرزدی له‌به‌ردابوو. ئه‌و که له به‌غدا گه‌نج بووه، ژنێکی خه‌ڵکی کۆیه ده‌هێنێت. پاش ئه‌و دۆخه‌ی له کۆتایی شێسته‌کان و سه‌ره‌تای حه‌فتاکان به‌غدا بۆ کورد دێته ئاراوه، ئه‌و ده‌گوێڕێت زوو ده‌بێته به‌عسی. له‌سه‌ر زماندرێژی و نه‌گونجان له‌گه‌ڵ به‌رپرسه‌کان له حزب نامینێت. ده‌یگوت من به‌عسی چه‌پم. کتێبی ده‌خوێنده‌وه، له‌گه‌ڵ من باش بوو. باسی کتێبمان ده‌کرد. زۆریش قسه‌ی توندم پێی ده‌گوت، هه‌رگیز له من تووڕه نه‌ده‌بوو.

به ناسینی یه‌حیا جاف له شاره‌وانی ده‌یکه‌نه به‌رپرسی ئه‌ملاک. ئیتر به‌شه‌که ده‌شێوێنێت و هه‌ڵه‌ی زۆر زه‌ق ده‌کات، مه‌به‌ستم له به‌ڕێوه‌بردن و نه‌زانین و نه‌شاره‌زایی بوو. بۆیه زوو ده‌یگۆڕن

و دەبێتە بەرپرسـی بەشـێکی خزمەتگوزاری شارەوانی. لەوێ ئیتر دەسـتی دەکرێتـەوە و دەسـت دەکات بـە خراپـەکاری، ئەزیەتی دەستفرۆشـەکانی نـاو بـازاڕ و شـەقامە گشـتییەکان دەدات و عارەبانەکانیـان دەشـکێنێت و تەرازووەکانیـان دەبـات. ناوی بە خراپـە دەردەکەوێت. چەند ڕۆژێک بەر لـە ڕاپەڕین بە جلی جیش شـەعبی دەچووە سـەر ماڵان، بەتایبەتی لە گەڕەکـی باداوە. من ئێوارەیەکیـان، ئەویش دەوامی ئێوارانی هەبوو بینیم، پێم گوت: ئیبراهیـم، چـاوت سـوور بـووە. ئاگات لـە خۆت بێـت. گوتم تۆ بێکەسی، کەست لەو شارە نییە! دانیشە. لاسارانە بەگوێی نەکردم، بـەڵام ناوی زۆر بە خراپە دەرچووبوو، بۆیە بەیانییەکەی ڕاپەڕین، خەڵـک، خەڵکی تووڕەی شـار و بازاڕەکە لەنـاو فرقەیەکی حزبی بەعـس دەیکـوژن. ژنەکەی لاشـەکەی دەهێنێتەوە ماڵـەوە، لەناو حەوشـەی بچووکەکـەی ماڵەکەی ناو خانـووە حکومییە کۆنەکانی گەڕەکی سەیداوە، خۆی دەینێژێت.

## هاوڕێیەکانم

لە شـارەوانی هاوڕێ و هـاوکاری زۆرم هەبوو. زۆرن، تەمەنەکەش زۆرە. ناکـرێ باسـی هەموویان بکـەم، خۆ هەمـووم لەبیرنەماوە. نـاوی زۆریـان بە جوانیـش نازانم، ئەگەر ناوی خۆیـان بزانم ئەوە نـاوی باوکیانـم لەبیرنەمـاوە. سـەیرە هەندێکیـان نـاوی باوکیان دەزانم، بەڵام ناوی خۆیانم لەبیرنەماوە! ڕۆژانی خۆشمان بەیەکەوە بەسـەربردبوو. ماندووبوویـن و دوورکەوتینـەوە و هاتینەوە! بەڵام ئەوەم لەبیرناچێت، کـە ڕەفیق حزبییەکانی هاتبوون، فەرمانبەران ببەنـە فرقـە و جلـی جەیش شـەعبیان لەبەر بکـەن و بیانێرنەوە

بەرەکانی شەڕ، کیژەکانی هۆبەکەمان، منیان لە توالێتەکەی نزیکمان پەستا، بەدیارم وەستان، تا ماوەیەک ئینجا لە دەرگاکەیاندا گوتیان وەرە دەرەوە ڕەفیقەکان ڕۆیشتن!

زمانزانی و بیرەوەری و بەزمە شیرینەکان و شەوانی یانەی ئیعلام و حقوقییین، لەگەڵ «عومەر فەرهادی»، کە زۆر شیعرەکانی «ئەحمەد فوئاد نەجم « شاعیرە میللییە میسرییەکەی لەساڵی ٢٠١٣ لە تەمەنی ٨٣ ساڵی دەمرێت» بۆ دەگوتینەوە، مانای زۆر لە وشەکانیشی ڕاڤە دەکرد، زۆریش بەزمی ڕۆژانی شاری حیلە و بەغدای دەگێڕایەوە.

بەزم و دەنگە گەورەکەی «شوان عەزیز خاکی»، بەردەوام حەزی دەکرد لە ئیستعلامات بێت. پێدەکەنی و بەزمی لەگەڵ ژن و پیاوەکان، ئەوانەی زۆریش دەهاتنە شارەوانی، لەوانە بەڵێندەرەکان، دەڵاڵەکان، خانەنشینەکانیش خۆش بوو. بەردەوام فایلێکی پێی بوو، ئیشی ناسیارەکانی تەواو دەکرد و جنێووشی دەدا! هەموو جنێووەکانی ئەویان قبووڵ بوو. هەردوولا تووڕە نەدەبوون، بەڵام ئەو هەندێجار بەوە تەنگاو دەبوو، ڕەنگی دەگۆڕا، کە پێیان شوان بۆ ژن ناهێنیت و حەز بە ژنان ناکەیت!

***

لەگەڵ «کاوێس ئیسماعیل» ماوەیەکی زۆر لە بەشی ئەملاک بەیەکەوە بووین. چەند جارێک نیوەڕۆیان دەچووینە ماڵەکەی ئەوان، نانی نیوەڕۆمان دەخوارد. چونکە ئەو پاش نیوەڕۆیان لە دائیرەوە دەچووە مەیدانی کرێکاران، بۆ وەستاکانی ناوشار پیوانی سپی و لەبخ و کاشی و دیواری دەکرد. بە منی دەگوت وەرە بچین نانێک بخۆین، ژنەکەی تۆ لە دەوامە، مامۆستایە سەعات دووش ناگاتەوە ماڵەوە «لە گوندەکان مامۆستا بوو، بەیانییان زوو بە

جێبێکی کۆن دەڕۆیشت، نیوەڕۆیان تا دەگەیشتەوە ماڵەوە، درەنگ دەبـووو». بەردەوام ئەوەم پێ دەگێڕایەوە، چۆن یەکەم ڕۆژ، وەک بەڕێوەبەری شـارەوانی لە ناحیەی بنگرد، پێشوازی لێ کرایەوە.
ئـەو پاش ڕێکەوتنی یازدەی ئازار وەک پاداشـتی پێشـمەرگایەتی و ماندووبوونـی زۆری باوکی، پارتی کوڕە خوێندەوارەکەی دەکاتە بەڕێوەبەری شـارەوانی. بەڵام پاش نسکۆ دووردەخرێتەوە باشوور. پاش مانەوە و کەساسـییەکی زۆر وەک فەرمانبەرێکی ئاسـایی لە باشـووری وڵات دەگوازرێتەوە شـارەوانی. دەیگـوت کە چووم، لە دیوەخانەکەی کوێخا سـمایل دابەزیم. کوێخا پرسـی ناوت چییە؟ منیش گوتم کاوێس.
ئەویـش پێی گوتبوو، کـە ناوت کاوێس بێـت، بێگومان لاوکانیش دەزانیـت. ئەویش لە وەڵامدا بە کوێخاکەی گوتبوو:
کوێخـا، مـن وەک بەڕێوەبـەری شـارەوانی هاتووم نـەک لاوکبێژ. دەتـەوێ بە من و لاوکان دیوەخانەکەت گەرم بکەیت.

***

«ئەنوەر»، فەراش بوو، شـەلەش بوو، دەمیشـی خوار بوو. زمان و دەربڕینی قسـەکانی تەواو نەبوو، لە حیسـابات ئیشـی دەکرد. ئێوارانیش لەناو ئۆفیسـێک بەردەسـتی دەکرد. بەو ڕەوشـە، بەو جەنجاڵییـەش پاکێتـی جگەرەی دەفرۆشـت. گیرفانی شـەرواڵی هەموو جۆرە پاکێتێکی تێدا بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر قەڕەباڵغ و جەنجاڵیـش بـوو، نەیدەزانـی پاکێتـی بـە چەنـد کڕیـوە و بە چەنـد دەیفرۆشـێتەوە. زۆریشـی بـە قەرز دەدا، دڵـی خۆش بوو کـە پاکێتێکی دەفرۆشـت، بەڵام قازانج و سـەرمایەی دیار نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەوانە، ئەنوەر بەم دەموزارە، شەڕی بە خەڵکەکەش دەفرۆشـت، زۆریش بۆ خۆشی تەنگاویان دەکرد.

# ئیفرازکردنی ئۆردوگاکان

## ١

لە شـــارەوانی هەولێر مەســـاحی بەشی ئەملاک بووم. لەدوا ژووری، دوا گۆشەی نهۆمی دووەمی باڵەخانەکە، خۆم ماتکردبوو. ژوورەکەم تەنیـــا دوو باریکە پەنجەرەی بەدەرەوە بـــوو، بەوانەش هیچم لێوە دیـــار نەبوو، بۆیە کە ئـــارەزووی دوورەپەرێزیم دەکـــرد، دەمتوانی بەتـــەواوی لـــە ژاوەژاوی دائیرەکـــە داببڕێم. من وەک مەســـاح، بە هیچ شـــێوەیەک پەیوەندییم بە بەشی نەخشەدانان و مەساحەکانی تـــر نەبـــوو. نیوەڕۆیەکیان هاتـــن گوتیان کاک یەلمـــاز ـــبەڕێوەبەر شـــارەوانیـــ تـــۆی دەوێت. چۆن منیان بەبیرهاتـــەوە، چۆن منیان دۆزیـــەوە!؟ چـــۆن ناتدۆزنەوە! ئەدی تۆ نەخشـــەیەکی شـــارەوانی هەولێر نیت!

کۆتایـــی دەوام بوو، بۆیە بەئاســـایی چوومە ژوورەکەی بەڕێوەبەر. خەڵکی کەمی لەلا مابوو. ئەو گوتی شـــێرزاد بەخۆت دەزانی، دوو مەساحمان ســـەربازن. یەکێکمان جەیش شەعبی گرتوویەتی. بۆیە کەسمان نییە تۆمان لەگەڵ دوو سێ مەساحی تر داناوە بۆ ئیشێکی بەپەلـــە. تۆ و هاوڕێیەکانـــت بڕۆنە پارێزگا، لـــەوێ دەچن ئیفرازی کۆمەڵگایەکـــی نیشـــتەجێی دەکەیت. «دیـــارە هەمووومان ئاگاداری ئـــەوە بوویـــن، حکومـــەت بەنیازە هەمـــوو گونـــد و ئاوەدانییەکانی دەرەوەی شار، بەیەکجاری خاپوور و وێران بکات. بۆ نیشتەجێبوونی خەڵکەکـــەش. دەیەوێ خەڵکی ئەو گوندانە، لە چەندین کۆمەڵگەی نزیک شار و سەربازگاکان کۆبکاتەوە، ناو لەو کۆمەڵگایانەش بنێت شاری هاوچەرخ» ئێستاش فەرمانەکە دەردەچێت، تۆشمان کردووە بە سەرۆکی تیمەکەی شارەوانی، بەیانییش لە پارێزگا دەچیتە لای

عەبدوڵا خەفاف. ئەو ئامادەکارییەکانی ئیشـەکە دەکات.
لەبـەر ئەوەی بیرم لەوە نەدەکـردەوە، ڕۆژێکیان ئەو جۆرە کارەم پێ ڕادەسـپێرن، ئـاگاداری هیچ نەبـووم، بە هیچ شـێوەیەکیش، حەزم لەو کارەش نەبوو، بە هەموو شێوەیەک دەمویست خۆم لەوە بدزمـەوە، بۆیە زوو و بێ بیرکردنەوە گوتم:
کاک یەلماز من ناچم!
دیارە ئەویش چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، بەڵام پرسـی بۆ ناچی!
من زوو و نەرم و بەسـتەزمانانە گوتم:
ناچـم، لەبـەر ئـەوەی یەکـەم، من لە بەشـی نەخشـەدانان نییم. ئەوەش کاری ئەوانە. دووەم، من چاوم تەواو نییە، بۆ ئیشـکردنی پیوان و جیهاز بەکەڵک نایەت.
بـەڵام ئەو زۆرزان بوو، دەیزانـی بیانووەکانم مەعقوڵ نین. کابراش چارەی نەبوو، کەسی تری بەدەستەوە نەبوو، بڕیارەکەش ترسناک بـوو. دواکەوتن و جێبەجێنەکردنی ئاسـان نەبوو. ئەو لەسـەرخۆ و برایانـە گوتـی من ناتوانم ناوت بسـڕمەوە، تـۆم داناوە و ئەگەر نەچیت خۆت بەرپرس دەبیت، ئیتر ئارەزووی خۆتە. بەڵام بەگوێی من دەکەیت دەچیت. منیش لاسـارانە گوتم هەرگیز ناچم!
تـووڕە، بەڵام ترسـاویش لە ژوورەکە هاتمـە دەرەوە. کەس لەناو دائیرە نەمابوو، هەموو ڕۆیشـتبوونەوە، سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم و بـەرەو ماڵەوە ڕۆیشـتم. دەگەمـەوە ماڵەوە، هێشـتا منداڵەکانم بچووکیش بوون، بەڵام تاقەتی دەرگاکردنەوەی دەرەوەی ماڵەوەیان هەبوو، دەرگا ئاسنە نەوییە سپییەکەیان بۆم کردەوە. وەک هەموو ڕۆژێک ئاسـایی ئۆتۆمبێلەکەم بردەوە ژوورەوە. ئەودەمانە، خەڵک ئەوانەی گەراجیان هەبوایە، ئۆتۆمبێلیان دەبردە ژوورەوە. خەڵکیش هەبوو دەیبردە ماڵێکی هاوسـێ، یان خزمێکیان. دەموچاوم لەسەر

مەغسـلەکەی بەردەرگای مەتبەخ و هۆڵەکە شووشت. ئاسایی خۆم گۆڕی، دەستە بێجاماکەم لەبەرکرد. بەپەلەش بووم زوو نان بخۆم، وەک هەمـوو ڕۆژێـک کەمێکیـش بخـەوم. بەڵام بەر لە نووسـتن، چەنـد لاپەڕەی کتێبێـک بخوێنمەوە، گۆڤاری بەیـان، اقلام، افاق عربیە، کورتە چیرۆکێکی غالب هلسـا. ئیتر بێ خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیـەک، خـەوم نەدەهـات و چاوەکانم نەدەکەوتـن. بەڵام ئەو نیوەڕۆیە هەر نەخەوتم!

## ٢

گەڕامـەوە هۆلەکە، هاوسـەرەکەم دۆڵمەکەی لەسـەر سـینییەکی سـپی فافۆن هەڵڕشـت. ژنان، زۆر دەڵێن ئیشێکی قورسە دۆڵمە. دەڵێـن چ بکەین ئـەوە فێربووین. پیاوان کەمتر حەزی لێ دەکەن. هاوسـەرەکەی منیـش، پێی سـەیر بـوو، کە من حـەزم لە دۆڵمە بـوو. هەڵم و ڕەنگ و جوانی دۆڵمەکـە، ئارەزووی خواردنی زۆرتر کردمەوە. چاوەڕوان بووم، کودی و باینجان و تەماتە و پیازەکانی سـەر سـینییەکە، کەمێک ناز بەخۆیانەوە بکەن. سەیری ناوماڵ و دەربازبوونیـان لە مەنجەڵە گەرمەکە بکەن، ئینجا بیانخۆم.

هەموومان دانیشـتبووین، لەسەر کاشییە فێنکەکە. پارچە بەڕەکە، سـەیری دۆڵمەکەمـان دەکرد. لەنـاکاو، تەقەتەقێکی زۆر لە دەرگا ئاسـنەکەی دەرەوەمـان هـات. تـا مـن دەرگای پێشـوازییەکەم کـردەوە، تـا بچم دەرگاکـە بکەمـەوە. بینیم دوو پۆلیـس ئاودیو ببـوون، هاتبوونە ناو حەوشـەکە، نزیک دەرگای پێشـەوەمان، بن هەیوانەکـە. دوایی زانیم فەرمانبەرێکی شـارەوانییان لەگەڵدا بوو، ئەویش هاتە ژوورەوە و زوو گوتی:

کاک شێرزاد گوتیان کێماڵی دەزانی، من گوتم دەزانم، بەڵام بڕوا بکــە نازانم چییە و چییان دەوێ!

پۆلیسەکان کورد بوون، پاسەوانەکانی ئیبراهیم زەنگەنەی پارێزگار بــوون! ئامادە و دەســت بەچەک، بەڵام نەرم و ئاســایی قســەیان دەکرد. گوتیان خۆت دێیت یان بتبەین. دیارە دەمزانی مەبەستیان پارێزگایــە. ئەوان منیان دەناســی، منیش بەناو ئەوانم دەناســی، یەکێکیــان گوتی بەداخەوە بریا تۆ نەدەبوویت!

***

چــووم، گەیشــتمە ژووری ســکرتێرەکەی پارێــزگار. ئەویــش منی خۆشدەویســت، گوتی بەداخەوە شــێرزاد ئەوە لە تۆ ناوەشێتەوە. بچــم بە «ابو نادیــە» بڵێم وا هاتی. تۆش وەرە، بەڵام لە دەرەوە بوەستە.

ئــەو لە ئیبراهیــم زەنگەنە چووە ژوورەوە، وەک ئەوەی چاوەڕوانی من بکات، یان چاوەڕوان بکات تا فەرمان بدات بمگرن. بەڵام! پێش ئەوەی بمبەن تێر جنێوویشــم بکات. هەرچی شــتی پیسی لەدەمی دەردەچێــت پێــم بڵێــت. ئەو بۆ مــن، لە دەوام مابــووەوە. کەس لەناو ژوورەکەی نەبوو. ســەعات نزیک ســێی پاش نیوەڕۆ دەبوو. پاســەوانەکان مابوونــەوە، دوو ســێ فەرمانبــەری بەردەستیشــی مابوونەوە، ئەوان هەموویان چاوەڕوان بوون، بزانن چیم لێ دەکات! بــەڵام من بە ســکرتێرەکەم گوتبوو، من گوتومــە چاوم تەواو نییە و ناتوانم! لەبەر دەرگاکە، نزیک لە دەنگی ئەو، وەســتابووم گوێم لێ بوو. سکرتێرەکە پێی گوت، مەساحەکەی شارەوانی هاتووە. وا لــە دەرەوەیە، گەورەم بێتە ژوورەوە. ئەو گوتی پێی بڵێ دەچێت، بەیانی دەســتبەکار دەبێت یان نا! زوو درەنگە! کابرا هات، لە من دوور نەبوو، ئاســان منی بەســتەزمانی دۆزیەوە. گوێم لە قسەکەی

بـوو. گوتـم به‌چاوان چـۆن ناچم! ئه‌ویش گوێی له قسـه لاوازه و ترسـاوه‌كه‌ی مـن بـوو، گوێم لێ بـوو. گوتی با بـڕوات. ئیتر زوو و به‌ئاسـانی باڵـم كرایـه‌وه، زوو گه‌ڕامـه‌وه، به بیسـت ده‌قه‌یه‌ك گه‌یشتمه‌وه ماڵه‌وه.

هاوسـه‌ره‌كه‌م ره‌نـگ زه‌رد، زۆریش ترسـاو، چاوه‌ڕوانی كردبووم، سینییه دۆڵمه‌كه‌ش ساردببووه‌وه، به‌ڵام دوایی شادمان و به‌ساردی خواردمـان. بـه‌ڵام به‌دڵنیاییـه‌وه تامی دۆڵمه‌یه‌كـی گه‌رمی ده‌دا. چونكه به‌سـه‌لامه‌تی له‌و كاره‌ساته ده‌ربازمان بوو.

## ٣

به‌یانـی به جیهـاز و فیته‌وه، پێش هاتنی عه‌بدوڵا خه‌فافی جێگری پارێزگار له‌وێ بووم. پێش فه‌رمانبه‌ره‌كانی ئیداره‌ی مه‌حه‌لی له‌وێ بـووم. ئۆتۆمبێله‌كه‌م برده ناو گه‌راجه‌كه، پۆلیسـه‌كه‌ی هاتوچۆی به‌رده‌رگه‌كه، زانی من مه‌ساحم، بۆ كاروباری دائیره هاتووم. چوومه ژووره‌وه، له‌گـه‌ڵ ده‌وام، گرووپه‌كه‌مـان تـه‌واو بـوو. دوو پیكابی ستێشـنی فێربوونی لێخوڕینی شـوفێری ئیداره‌ی مه‌حه‌لیش، له‌وێ بۆ ئێمه وه‌سـتابوون. به‌په‌له ئه‌وانه‌یان بۆ گواسـتنه‌وه و ڕۆژانه‌ی كاره‌كـه هێنابوو. ده‌سـته‌یه‌ك ئه‌ندازیاری نه‌خشـه‌دانانی به‌غداش هاتبـوون. به‌ڕێوه‌بـه‌ری شـاره‌وانی و نوێنـه‌ری چه‌ندیـن دائیره‌ی تریش له‌وێ بوون.

له‌به‌رده‌م ده‌رگا، له‌ناو گه‌راجی پارێزگا خه‌ڵكێكی زۆر كۆببوونه‌وه. لـه هه‌مـوو دائیره‌كانـا هاتبـوون. له‌بیرمـه نوێنـه‌ری دائیـره‌ی كاره‌بـاش له‌وێ بـوو، نازانم ئه‌وانـه بۆچی بانگكرابـوون. ئیش و نه‌خشـه و ماندووبوونه‌كـه بۆ من و مه‌سـاحه‌كان بـوو، ئه‌وانه‌یان بـۆ كۆكردبـووه‌وه. زۆری نه‌بـرد دوو جێـب و لاندكرۆزێكی پڕ له

چەکداریـش هاتـن _جاش_ بەیەکـەوە هەموومان بـە کاروانێکی درێژ، بەڕێبەرایەتی پارێزگاریش، دەرچووین.

کەسـمان نازانیـن بـەرەو کـوێ دەڕۆیـن، چووینە ناو بـاداوە. بە شـەقامێکی پیسـی قەڕەباڵغی باداوە، روومان لە دەشـتەکە کرد، چۆڵەوانی، بەسام، بەترس، سەرابێکی دوور دەبینرا، هیچ ئاوەدانی تێـدا نەبـوو. نیـو سـەعاتێک کاروانەکە رۆیشـت، کە گەیشـتینە گوندی بنەسـڵاوە، لەدوورەوە گوندەکە وەک تارماییی، سـامگرتوو، ترسـاو، خانـووە قووڕەکان، مزگەوتە لارەکە، دەلەرینەوە. ئێسـتا باشـم لەبیـرە لەو کاروانە، ئەو گونـدە بۆ ئەوەندە دوور بوو. یەک پشـیلەش بـە دەرەوە نەبـوو. رەنگە هەموو خۆیان شـاردبێتەوە، خۆیان حەشـاردابێت. دەترسـن و دەپرسـن و نازانن چ قەوماوە، چییـان کردووە، کـێ لە خەڵکی گوندی، کام زمان، کام دەسـت، گۆپاڵی کێ، مارە سڕەکە لە خەو و شەڕ هەڵساندووە، بەرازەکەی راپەڕانـدووە! ئەوانیش نەیاندەزانی چ بووە، بۆچی کۆپتەر لەسـەر گوندەکەیان دەسووڕێتەوە. خۆ ئاسمان هەوریشی پێوە نەبوو! دوو مودەرعەکـە، بۆ گوندەکەی لەناو دووکەڵ و تۆز وەرداوە!

ئـەوان، بەرپرسـەکان، سـوپاکە، بەڕێوەبەرەکان، نیو سـەعاتێک مانەوە، پاشان بەپەلە رۆیشتنەوە، دوو مودەرعەکەش رۆیشتنەوە، کۆپتەرەکەش ون بوو. من و شـەش مەسـاح، سـێی شـارەوانی، یەکێکی کشـتوکاڵ، یەکێکی ئاودێری _ئەو شـەوانە تا درەنگ لە یانەی ئازادی قوماری دەکرد، بۆیە تا سەعات دەی بەیانی، چاوی هەر بە خەو بوو_ کچێکی رێگاوبانی شەقلاوەیی کریستیان ماینەوە. ئێمـە و تیمە ئەندازیارەکەی بەغدا. دوو ئەندازیاری نەخشەسـازی بەئەزمـوون، «عجمی» و «عاتیف بەغدادیی» ماینەوە.

## ٤

دوو ئەندازیارەکە، گەنجێکی ناسـکی لاوازی چاویلکە لە چاوی موو نەرمی دەموچاو سـپییان لەگەڵدا بوو، ئەویـش لەگەڵمان مایەوە. ئەوان نەخشەی گەورەی نوێیان لەناو دەست بوو. نەخشەی بنەڕەتی کۆمەڵگەی هاوچەرخی بنەسڵاوەی لەسەر نووسرابوو. شەش دانەی دەقکراو و بەستراو بە قەیتانێکی کەسکی نوێ. نەخشەیەک لەوانە کرابـووەوە، زووتر بە پارێزگار و بە بەرپرسـەکانیان نیشـاندابوو. بـەڵام دووبـارە جوان قەدی دەکەنـەوە، وەک ئـەوەی یەکجاریش نەخشـە گەورە لاکێشەییە کاغەزەکە، نەکرابێتەوە.

ئەندازیـارە بەئەزموونە بەتەمەنەکە، قـژی فش و دڕ، چوار دانەی لە نەخشـەکان دا بە من. یەکێک لە نەخشـەکانی بۆمان کردەوە. گەورە، بەقەد ڕەشـماڵێک دەبوو. ئەگەرچی بە پێوانەی بچووکیش کرابوو، ورد و بچووک بلۆکەکان دەلەرینەوە، نووسـینەکان ببوونە بە مێرووله، شـوێنی ئامادەیی و ناوەندنییەکانی سـەر نەخشەکە، بەقـەد یـەک ڕحلەی دانیشـتنی منداڵێکی سـەرەتایی دەبوو، ئەو گوتی:

ئەوە نەخشەکەیە، ئێوە ئیفرازی دەکەن، بەڵام دەتوانن دەستکاری بکەن. شـوێنە چـاڵ و نشـێوەکانی بەکەڵک دروسـتکردن نایەن، بیکەن بە سـەوزایی، بەڵام لەسەر نەخشـەیەک هەموویان جوان و دروسـت دیار بکەن! ئیشـەکە بەپەلەیە، کۆشـش بکەن، ورد بن، بـەڵام بەپەلە تەواوی بکەن! لە پارێزگا هەموو شـتێکتان بۆ دابین دەکەن!

جیهازەکەمان دانا، مەسـاحەکان بڵاوبوونەوە، پیوان و سەیرکردنی نەخشـە و مەیدانەکـە بەگەرمی دەسـتپێکرا! جاشـەکان دەسـت بەچـەک بەدوامان دەخولانەوە، چەکیان سـوار، دووردەکەوتنەوە،

دەچوونــە پێش و تا بن گوندەکە دەچــوون و دەگەڕانەوە. ببوونە سێبەرمان، بواریان نەدەدا زۆر دووربکەوینەوە. دوو سێ سەعاتێک ئیشــمانکرد، ســنوورەکەمان دیارکــرد، نەخشــەکانمان پێچایەوە، مەســاحەکانی دائیرەکانی تر، خۆیان لە کارەکە نەدەکردە خاوەن، حەقیان بوو، ئیشــی ئیفرازیان نەکردبــوو، ئەوانیش لە دائیرەکانی خۆیانەوە بەناچاری هاتبوون!

ئێمە زۆرتر و بەدڵســۆزی، زۆریش بڕوامان بە کارەکە نەبوو، بەڵام جەنجاڵی و هاتنی ئەندازیارەکانی بەغدا و مانەوەیان، نیشانەی ئەوە بوو، کارەکە بەڕاســتییە. بەڵام ئەو شــارە گەورەیە بۆ کێیە؟ کەی دروست دەکرێت؟ چۆن بنەسڵاوە، ئەو نەخشەیە دەبێتە شار. ئەو چەقێنــە، ئەو رووبەرە فراوانــە، جووتیارەکان، خاوەن زەوییەکان، ئاغــاکان چ دەڵێن؟ بەیانی، شــەو، ئێوارەکەی پێشــمەرگە، چۆن هەواڵەکە دەزانەوە، چ دەکەن، چیمان پێ دەڵێن، بوارمان دەدەن! بــە چ ناومــان دەبەن، بە جــاش و خۆفرۆش، یــان فەرمانبەرین و ناتوانین ئەوە نەکەین.

## ٥

لەبــەر گەرمــای رۆژەکە، ســەرقاڵبوونمان لەگــەڵ ئەندازیارەکان و ترســیش، بواری ئەوەمان نەبوو، بیر لەوە بکەینەوە چۆن شارێکی وا گــەورە تەواو دەبێــت. چۆن بە راکەراکە و ترس و پاســەوانی، دەتوانیــن چوار هەزار پارچــە زەوی ئیفراز بکەیــن. زەوییەکانیش رووبەریان ٢٥٠م٢ بێت، بۆشــایی زۆریشــی بۆ خزمەتگوزارییەکانی تێــدا بێــت. شــارەکە دیــارە کــە رووبەرێکــی زۆر گــەورە داگیــر دەکات. گوندێک بە هەموو زەوییەکانی نامینێت؟ ئەو ئیشــە چۆن

سەردەگرێت؟ باران لەو دەڤەرە قەدەغە دەکات؟ پەڵە و تۆکردن و دوورنە نامینێت؟ شـوان و گاڕان نامینێت؟ داسەکان دەچەمێنەوە، جۆخین و جەنجەرەکان دەفڕن!؟ چیتر گندۆرە، بیسـتان نامینێت؟
ئەندازیارە گەنجەکەی بەغدا، لێم نزیکبووەوە، حەپەسـاو پرسی:
ئەو قەڕەباڵغی و چەکدار و ترسـە بۆچی!؟
منیش گوتم، ناوچەکە ترسـناکە، چەکداری دژ بە حکومەتی لێیە، ئـەوان ناترسـن، لەنـاکاو پەیدا دەبـن، پەلامـاردەدەن، دەتوانن.
چەکدارەکانـی ئێمـەش دەسـت ناکەنـەوە، دەترسـن، بڕوایان بە بەرگری نییە! بۆیە نابینی سەرسـام و شـلەژاون! دوور نییە، ئەو رەشـاییەی لە دوورەوە دیارە، چەکدار بن، سـەیرکە، چ دەبینیت.
ئـەو گوتـی من خۆم چاوم زۆر کزە، هیچ نابینم، نازانم، باشـە من بـۆ هاتم! تازەش لە دەرەوە خوێندنم تەواو کردووە!
ئەو نەیدەزانی ئەگەرنا پێم دەگوت، ئەو ئیشـە فشـەی بنەسـڵاوە نییە!
بەڵام دوو ئەندازیارەکەی تر، نەدەترسـان، ئاسـایی ئیشـی خۆیان دەکرد. دەیانویسـت بزانن نەخشەکە و واقیعی زەوییەکە گونجاوە. ئاراسـتە و رووکارەکانـی نەخشـەکە لەگـەڵ زەوییەکـە لـەرووی بیناسـازییەوە گونجاوە. خەیاڵ و ئیشکردنەکەیان سەرکەوتووە.
شـەقامەکانی ئەوان، بە قەڵەم رایانکێشاوە، بە شوفڵ و گرێدەر و ئەندازیارەکان رادەکێشـرێت. پارچـە زەوییەکانی بۆ خزمەتگوزاری دانراون، دەبن بە خزمەت، یان لە داهاتوو دەبنە زەبڵدان و گوفەک و دڕکەزەردە.

***

رۆژی یەکەم کارەکانمان بۆ دانان و زانینی سنووری شارەکە تەواو نەبـوو، کە چەکدارەکان هاتن، بە منیان گوت:

مامۆستا بەو ئەندازیارە عەرەبانە بڵێ دەست هەڵگرن، تەواو دەبی بڕۆین، ئیتر ناوچەکە ترسناکە، دەبێ بگەڕێینەوە، چیتر دوابکەوین پەلامارمان دەدەن!

ئێمەش دەترسـاین، ئیشـەکە بەترس بوو، ئەگەرنا بۆ زرێپۆشـیان لەگەڵ ئێمە ناردبوو. بابەتەکە گەورە بوو، ئەگەرنا چۆن نەخشەکان وا بەپەلـە سـازکرابوون. چـۆن مەسـاحێکی شـارەوانی، دەتوانی دەسـتکاری نەخشە بنەڕەتییەکانی تەخ×ی× عومرانی بەغدا بکات. گەڕاینـەوە، چووینـە و بەیانـی ژووانمـان بـەر دەرگای گەراجـی پارێـزگا بـوو. ئەندازیـارەکان گوتیـان، ئێمـە شـەو لـە هوتێلی هەورامان دابەزیوین، من هەردوو ئەندازیارە بەتەمەنەکەم دەناسی. ئـەوان لەدڵەوە گوتیان ئەگەر حەز دەکەیت شـەو وەرە بەیەکەوە دەخۆینـەوە. منیـش گوتم سـوپاس و ئێـوەش مانـدوون بەیانی بەرنامەیـەک دادەنێیـن، ئیمڕۆ با بەو جۆرە بێت، ئەگەر ویسـتتان دەچینـە عەنکاوە، یانەی فەرمانبەرانی خـۆش و هەرزانە. گوتیان ئێمەش عەنکاوەمان پێ خۆشـە، بە هیوای دیدار بۆ بەیانی.

بەیانـی سـەعات هەشـت، گەیشـتمە بـەر دەرگای گەراجەکـە و ئۆتۆمبێلەکەم بردە ژوورەوە. قەڕەباڵغییەکە نەمابوو. برادەرەکانی من هاتبوون، بەڵام کەسـی تر دیار نەبوو! کەمێک لەبەر سـێبەری سەرتاشـەکە بەرامبەر مزگەوتەکە راوەستاین. نیو سەعات تێپەڕی، کـەس دیار نەبوو. ئیـش و دەرچوون و گەیشـتنمان وابوو، دەبێ زوو بچیـن و ئیـش بکەیـن و زووش بگەڕێینـەوە. چەکدارەکانیش بەشـێکیان هاتبوون، ئەوانی تریش لەپشـت بـاداوە، چاوەڕوانیان دەکردین!

کە زانیم کەس دیار نییە، چوومە سەرەوە، بینیم عەبدوڵا خەفافیش لـەوێ نییە، چـاوەڕێ بووم. ماوەیەکی باش لەوێ راوەسـتام. کە

**هاتەوە، تەنگاو و پەرۆش گوتی:**

**شـێرزاد ئیمـڕۆ ئیـش نییـە، ئەندازیـارە گەنجەکـە، بەغداییەکە، ئیمشـەو لە هوتێل مردووە، جەڵتەی لێداوە، دیارە دوێنی ترساوە! چووینـە نەخۆشـخانە و جەنازەکەمان بەرەو بەغـدا بەڕێکرد. دوو ئەندازیارەکـەی ترمان بە کەفالەت لە زیندان دەرهێنا و ڕۆیشـتن. بەیانـی خۆتان ئیشـەکان بکـەن و ڕێنماییەکانی ئـەوان جێبەجێ بکەن، باش بزانە ئیشـەکە جدییە، گەورەیە، زوو تەواوی بکەن.**

## ٦

**بە چل ڕۆژێک ئیشـەکانمان لە بنەسڵاوە تەواو کرد. بەڵام زۆر ورد و بەدیقەت ئیشـمان نەدەکـرد. چونکە بەپەلە بوویـن. کرێکارمان نەبـوو. یەک تراکتۆرمان بـۆ هەڵکۆڵینی هێڵەکان هەبوو. هێشـتا ئێمـە لەوێ بوویـن، لێژنەیان بۆ دابەشـکردنی زەوییەکان دانابوو. دەهاتن و خەڵکیان لێ کۆدەبووەوە. گوندنشینەکانیماڵیان خاپوور کرابـوو، مزگەوتیـان نەمابـوو، زەوییەکانیان نەمابـوو، کەلوپەلی خانووەکانیـان نەهێنابـوو، هاتبـوون پارچەیـەک زەوی وەربگرن، نوایـەک بۆ خۆیان دروسـت بکـەن. بەڵام لەبەر ئـەوەی حکومەت قـەرزی عەقـاری دەدا، قبووڵی نەبوو خانووی سـادە و سـەرپێی بکەن، دەبوایە بەپێی ڕێنمایی شـارەوانی و عەقاری خانووەکانیان لەسـەر نەخشەی تایبەتی و کەرەستەی جوان، دروست بکەن.**

## ٧

**بـە تەواوکردنـی ئـۆردوگای بنەسـڵاوە، وامانزانـی تـەواو، ئیتـر**

دەگەڕێنەوە دائیرەکانمان، بەڵام یەکسەر نەخشەیەکی تریان لەناو دەستم نا، گوتیان فەرموون بڕۆنە گوندی دارەتوو. گوندەکە مابوو، زۆریش لە شار دوور نەبوو، بۆیە گوتیان پێویستان بە پاسەوان و چەکدار نییە، بەڵام زووتر بگەڕێنەوە.

ئیتر ئیفرازکردنی ئۆردوگاکان زۆر دەخایەنێت، ئاسان نییە هەزارەها گوند، چەندین شار و شارۆچکە بروخێنیت، بتەوێ ئەوانە دووبارە نیشتەجێ بکەیتەوە. زۆر دەگوترێت، سەرت سپی نابێت تا خانوویک دروست نەکەیت. پشتت ناشکێت تا ماڵت نەگوازیتەوە! بەڵام وڵاتێک خاپوور بکەیت و دووبارە دروستی بکەیتەوە! ئاسان نەبوو.

بە تەواوبوونی ئیفرازی دارەتوو، پەڕینەوە بەڕانەتی. چووینە گوندەکانی تۆبزاوە، جدیدە زاب و کەورگۆسک، ناحیەی خەبات. هەموو ئۆردوگاکانیش نزیکی یەکتری بوون، لە شەقامی موسڵ نەدەپەڕینەوە ناوچەی شەمامک! هەموویان لەسەر یەک دانرابوون، تا ئاسان و خێرا بەیەکەوە ببەسترێنەوە. ئۆردوگای جدیدە زاب، بەتەنیشت ئۆردوگای تۆبزاوە بوو. تۆبزاوەش نزیک ئۆردوگای کەورگۆسک بوو. ئەوانەش لە ئۆردوگاکانی ناوچەی گەردییان نزیک و هاوسنوور بوون.

## ٨

چەندین گۆڕانی سیاسی لە ناوچەکە و کوردستان روودەدەن، بەڵام دروستکردنی ئۆردگاکان ناوەستن! بەردەوام دەبن، ئێمەش بەردەوام دەبین، رۆژانە، ئەگەر باران نەبوایە دەچووین و ئیشی خۆمان دەکرد!

دوایــی هاتینــە ناوچــە و گوندەکانــی گەردییــان. لەوانــە گوندی جەژنیکان، گردەچاڵ و بەرحوشــتر و شــاخۆڵان! دیارە زەوییەکی زۆری ئــەو گوندانەمــان دادەبڕی، گەنم بوایە، یــان جۆ، بەیار یان تەبــارە. دڕکــەزەردە، یــان بیســتان! بەرنامەی خۆمــان جێبەجێ دەکرد! زیانی زۆرمان بە داهات و زەوی و بیرەوەری جووتیارەکانی ناوچەکان دەدا، کەســیان، فزەیان لێوە نەدەهات! کەســیان گلەیی نەدەکرد، بەڵام جارێکیان، گەنم لە پشدێنمان بوو، بە تراکتۆر بەناو دەغڵەکە کەوتبووین، راســت و چەپ هاتوچۆمان بوو، خەتمان لێ دەدا، گەنمەکەمان دەشــێلا، ناوچەیەکی زۆرمان لە دەشــتاییەکانی گوندی «بەرحوشتر» دابڕیبوو، مەساحەکان لەیەکتری دابڕابووین، گوێمــان لــە دەنگی یەکتریــش نەدەبوو! بەڵام دەمانزانی ســەعات دوازدە بۆ گەڕانەوە کۆدەبووینەوە!

لە گەرمەی ئیشــکردنمان بووین، یەکێک لە مەســاحەکان رووبەڕوو پیاوێکی چەکدار_کابرا جاش بوو_ لە داتسۆنەکەی لێی دادەبەزێت، هەڕەشەی لێ دەکات و شەق لە جیهازەکەی هەڵدەدات، جنێوویش بە حوکمەتیش دەدات، ئیتر لەترسانا، کۆدەبینەوە و دەگەڕێینەوە دائیــرە. لــەوێ تیدەگەن، هەڕەشــەمان لێکــراوە. بەیانییەکەی لە ئەفسەری حەرەکاتی فەیلەق بانگم دەکەن، ئەفسەرێکی رەشتاڵەی باریــک، بەدلەیەکــی فرۆکەوانــی بەزنجیری لەبەردابــوو، بە جیهاز و تەلەفۆنێــک قســەی دەکــرد، گوتــی، بۆم بگێــڕەوە چی بوو! چ روویــداوە. تــا زوو فەرمان بکەم، هەر ئێســتا ئــەو چەند گوندەی لــەو دەڤەرە مــاون. ئەوانەش بروخێنیــن، بتەقێنینەوە! من لەگەڵ تەقینەوەکان، روخانا راهاتووم. ئۆقرە ناگرم، ئەگەر رۆژێک بەدیار تەقینەوەی نەوەســتم، بەس قسە بکە، چ بووە!

منیش بەســادەیی مەســەلەکەم بــۆی گێڕایەوە، قســەیەکم نەکرد،

نەمگـوت کابـرا بەچەک هاتـووە، جنێووی داوە. بۆیە مەسـەلەکە بەوەندە بڕایەوە. ئیشـەکانمان تەواو کرد و گوندەکەش مایەوە.
ئیتـر لەوانـە، خەڵکـی دەرەوەی سـنووری هەولێـر، دەربازبووی ئەنفـاڵ و بەجێماوەکانی سەرسـنووری تورکیـا، هەڵەبجەییەکانی لـە ئیران دەگەڕێنەوە، ئاوارەکانی بادینـان، هەورامییەکان، دوایی ئیرانییەکانیـش دەکەونـە ئەو ئوردوگایانـە! هەندێک لەوانە پارچە زەوییەکانیـان بۆ تاپۆنەدەکردن، قـەرزی عەقارییان وەرنەدەگرت، بۆیـە لەسـەر پارچـە زەوی ٢٥٠م٢ کەپـر و کون و ئەشـکەوت و کۆڵیت دروسـت دەکەن و دەمینێنـەوە. زۆر دەهاتن و زۆریش ون دەبوون، زۆر دەبوون و دەڕۆیشـتن و هەڵدەوەرین!

## ٩

پـاش ئەوەی ئـۆردوگاکان بەتایبەتی بنەسـڵاوە و دارەتوو گەورە دەبـن، ئاوەدانی زۆری تـێ دەکەوێت، قوتابخانە و کارەبا و ئاویان بۆ دەچێت. ئیتر خەڵکی تر، خێزانی داماو و بێ سـەرمایە، پەنای بـۆ دەبەن. ناوی گوندەکانی سـەر نفووسـەکانیان بـۆ وەرگرتنی پارچـەی زەوی بەکاردەهێنـن و قەرزیـش وەردەگـرن! زەوییەکان بە دەسـتی دوو دەفرۆشـرێن، پارە باشیش دەکەن. ئەوانەی لەناو شـار، نەیاندەتوانـی ببنـە خـاوەن زەوی و خانوو، ئاسـان لەوێ خەونەکانیان دەهاتەدی! لەسەر رووبەری ٢٥٠ م٢ خانووی ئاسایی دروستدەکەن.

## ماندووبوون و پارە

مەساحەکان پارەیان زۆرە، پارە وەردەگرن! وایاندەگوت. لەکاتی دەوام، بە پارە دەچنە دەرەوەی دائیرە. بە پارەش، شوێنی باش و پارچە زەوی گونجاو بۆ خەڵک دادەنێن. لە ناوچەی پیشەسازی، بۆ کارگەکانی بلۆک و بەرگدووری و دارتاشی، پارە وەردەگرن.

بە قەڵەم و ترێس و بۆردی دائیرە، لەکاتی دەوام نەخشەی خانوو دروست دەکەن. بە مەکینەی بەشەکەیان ترێسەکان کۆپی دەکەن! قسەکان هەندێکیان راست بوون، ئەوەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر زۆر و کەم دەگۆڕا. بەڵام، هەندێ لە ئیشەکان وابوو. بە پارە بوون، پارەی دەویست، بەناڕەواش پارە وەردەگیرا.

بەناحەق زۆرتر داوا دەکرا. زوو تەواوبوون و دەرچوونی پاش دەوام و باشتر و گونجاوتریش هەبوو. بۆ راپەڕاندنی کار و ئیفراز و دەرچوونەکان پارەی شارەوانی وەردەگیرا. زۆریان زیادی دەکرد، ئیتر کەس نەبوو پارەکە بگێڕێتەوە قاسەی دائیرە. زۆر لە ئیشەکانی شارەوانی، کرێکار و بەردەستی دەویست، زۆرمان خۆمان ئەوەمان دەکرد. بە دەستی خۆمان، بە چەکوچی گەرم سەدان شیشمان لە چەقێن و قوڕاویش کوتاوە.

تا بتوانین بلۆکەکان بپوین، ئاگرمان لە دڕکەزەردە بەرداوە. شیشمان دەویست بۆ کوتان و دیاریکردن، پارچە شیشی زۆرمان لەناو ئاسنگەرەکان کۆدەکردەوە، نەماندەکڕی، پارەمان دەنووسی. تاکسیمان دەویست، نەماندەگرت ئۆتۆمبێلی خۆمان بەکاردەهێنا و پارەمان دەنووسی. ئیفاد و دەرچوونمان زۆر بوو! لەبەر ئەو ئیشە، دیاری و پاداشت دەبوو، دەعوەت دەبووین و دەچووینە سەیران. لە زۆر شوێن و بازاڕ و پیشەگەریش پارەیان وەرنەدەگرت!

مەسـاحەکان ئۆتۆمبێلیان هەبوو. شەوانە دەردەچوون، سەفەریان دەکرد، جلی باش و سـەعاتی چاک و بۆنی باشـیان هەبوو. منیش وابووم، راسـتە. زۆریان گەنج بوون، زووش هاوسـەرگیری دەکەن، زوو پارچـە زەوی وەردەگرن! خانووی باش دروسـتدەکەن. منیش زۆر لەوانەم کردووە، پارەی باشـم پەیداکردووە. پارەی ئیفادم بۆ دەمایەوە، پارەی سولفەشم بۆ دەمایەوە!

زوو زوو پارچەیـەک زەوی باشـم، لەناو دائیـرە و لەناو دەڵاڵەکان دەکـڕی، بە قازانج دەمفرۆشـتەوە. لە تاپـۆ و باجی خانووبەرە و داهاتا، زوو کارەکانم تەواو دەبوو.

بەڵام سێ ساڵی تەواو، بێ ئیفاد و سولفە و پارەش لە ئۆردوگاکان، لە بنەسـڵاوە تا ئۆردوگای باسـرمە ئیشی قوورسم کردووە. بۆ من ماندووبوون و خەمیش بوون! ئیشکردنەکە قوورس و بەئازار بوون. زۆریش ماندوو دەبووم، هەڕەشـەمان لەسەر دەبوو، جلمان دەدڕا، ئۆتۆمبێلەکەم دەشـکا! برسـی دەبووین، نـان و تەماتەمان لەپەنا سـێبەری تراکتۆرەکەمـان خـواردووە. ئـاوی گـەرم دەخورایەوە، بەفرمـان زوو دەتوایەوە. فیتەمان ون دەبوو. شـەوانە دەهاتینەوە ماڵـەوە. بەیانییـان زوو لە خەو هەڵدەسـتاین و دەڕۆیشـتین. بە سـەرمای زسـتان و گەرمـاش لـە دەرەوە ئیشـمانکردووە. چاوی حەسـوود و نەیاری زۆریشـمان لەسـەربووە. دوعاشـمان لێکراوە، زۆریش چاکە و خێریشمان کردووە.

جیهازمـان بـە شـان و پیلمـان هەڵدەگـرت! هەڵەمـان دەکـرد، شـەرمەزار و بەرپرسـیش دەبووین. چاومان لێ سـووردەکرایەوە، رۆژانـەی هەینـی دەوامـان کـردووە! هەڕەشـە لەسـەر خۆمـان هەبووە، مەترسـی دزین و بردنی ئۆتۆمبێلمان لەسەر بووە. لەگەڵ بەرپرسـەکان، حزبییەکان، ئەفسـەرەکان، جاروباریش جاشەکان،

رووبەڕووبووینەتـــەوە. با راســتییەکیش بڵێم، سوودیشــمان لەوانە بینیووە و بەکەڵکیشمان هاتوون.

## هێنانی شەبەك

لــەو کارە، لــەو رۆژانــە دیمەنی جەرگبــڕم دەبینی. سەرســامیش دەبووم. لە ئۆردوگای جدیدە زاب ئیشــمان دەکرد. هاتن و گوتیان پارێزگار دێت، بەیانی هەینییە بڕۆن و لەوێ مەجووڵێن. فەرمانە و سەرچاو، بەو گەرمایە، ماینەوە، پەنایەک نەبوو، سێبەرێک نەبوو، ئاو نەبوو، ماینەوە. ســێ مەســاح و ســێ چوار کرێکار و تراکتۆر بە شــوفێرەوە ماینــەوە، چــاوەڕوان بووین. درەنگ، لــەدوورەوە، ئەودەمانــە رێگاکــە خــۆڵ بــوو، کاروانێکی درێــژ، تۆزێکی گەورە دەرکەوت. کاروانێکی زۆر ســەیر، تۆزەکە بەری ئاســمانی گرتبوو، لەبەر زۆری و قەڕەباڵغی هیچمان لێکنەدەکردەوە، هاتن، نەمانزانی چییــە، ئەو تۆز و خۆڵ و گڕەگڕ و نوزانەوە چییە.

هاتن، گەیشتن، سەدان لۆری بەبارەوە، لەدوای کاروانەکەی هەرچی بەرپرســی حکومی و حزبی و پۆلیس و ئەمنەکان، کاروانەکە هات! لۆری گەورە گەورە، بارکرابوون، ژن و منداڵ و پیر و گەنجی کەم، مــەڕ و بــزن و گاوگۆڵــک و بارگە و ســەندوق و بــاول و کارتۆن و لێفی شــڕ و رەشماڵیشــیان پێ بوو، هەمووشــتیان هێنابوو، بەس خۆیان نەهاتبوون، هەموو شتێکیان بارکردبوو، بەس چاو و دڵیان بارنەکردبوو!

لۆرییــەکان بڵاوبوونــەوە. لەو دەشــتە راســتە، پاســەوانەکان، بە هەموو چەک و رەنگ و زمان دەبینران، کورد و عەرەب، موسڵاوی و هەولێــری! هاتــن، تۆزەکە رەویــەوە، تەمەکە نەمــا، مەکینەکان

کوژانــەوە، چەکەکان دانران، پەنجەکان هەڵگیران، بەرپرســەکان، ئەفســەرەکان هاتنە خوارەوە، بەڕێوەبەری شــارەوانی و بەرپرسی بەشەکەمان و ئەندازیارانی ئاو و کارەبا و ئاگرکوژێنەوە و ڕێگاوبان و ئیشــغاڵیان لەگەڵدا بوو، بەڵام مامۆســتا و دکتۆر و فرۆشــتگا و ئاو و خواردنیان لەگەڵ نەبوو!

لــە لۆرییــەکان نزیک بووینــەوە، ئەوان دابەزین، مــەڕەکان خۆیان دەربازکرد، منداڵەکان لە خەو هەڵسان. ژنەکان، تۆزیان داوەشاند. میللەتێک لەو کاروانە دابەزین، سەیربوون، کورد نەبوون، بەڵام بە کوردی قســەیان دەکرد! لەبیرم چوو باســی ئەوە بکەم، لەودەمانە قسە لەسەر هەڵگرتن و تێکدانی شاری کۆیە هەبوو، زوو من گومان لەوە کرد، سێ چوار مانگ بوو ناوچەی پشدر، بە شار و شارۆچکە و گونــد و ئۆردوگاکانــی هەڵگیرابــوو، گوازرابــووەوە، گوتیان ئەو جارە نۆرەی کۆیەیە.

ئیتــر خەڵکەکــە دابەزیــن، بــەڵام دەبوایــە زووتر بچینــە بەردەم بەرپرســەکان، ئەوان دەستخۆشــیان لە ئیشــەکەمان، ئیفرازکردنی زەوییــەکان کردو ڕۆیشــتنەوە. لۆرییــەکان بارەکانیان دانا، بەپەلە و بەتۆز و خۆڵەوە ڕۆیشــتنەوە! ئێمە بۆ هەڵکردنەوەی خەمەکان، بــۆ دۆزینــەوەی ناســنامەی ئەوانە، پــەرۆش دەپرســم. ئەوانیش پیــاوەکان، یەکێــک لیســتی خێزانەکــەی نیشــاندام، گوتــی ئێمە لەنزیک یەک بین، هەموومان خزمی یەکترین! منیش پرسیم، هەموو خێزانەکەت ئەوەندەیە، ئەو گوتی نەخێر برام هەیە نەهاتووە، خاڵم نەهاتــووە، گوتــم ئەوە مانــای چییە، ئەو گوتــی ئەوانەی هاتوون کوردی شــەبەکن. ئەوانە لە نفووســیان بە کورد خۆمان نووسیوە. بــەڵام، ئەوانەی نەهاتوون گوتیــان ئێمە عەرەبین، ئەوان مانەوە و ئێمەشیان دەرکرد! ئیتر بە مەساحی شەبەکی کوردم بینی، زمانی

ئاخاوتنی ئەوانم بیست.
با ئەوەش بۆ مێژوو بنووسمەوە، حکومەت دڵی بەو راگواستنەوەی شــەبەکە کوردەکان خۆش نەبــوو. وایدەزانی لە کۆنە هەوارەکەیان زۆر دوور نەکەوتوونەتــەوە. بۆیــە بۆ جــاری دووەم، بە دوو بەش، لــە ئۆردوگای جدیدە دووریان دەخاتەوە، بەشــێکیان بۆ ئۆردوگای باســرمە، بەشــێکی تریان بــۆ ئۆردوگایەکــی پارێزگای ســلێمانی دەنێــرن. بەڵام ئەوانەی باســرمە، پاش ئەوەی خانووش دروســت دەکــەن، زۆریان دەگەڕێنەوە، بەڵام نازانم چۆن گەڕانەوە.

## گۆڕینی شێوەی ئیفرازکردن

لە بڕگەیەکی ئەو نووســینە باســم کردووە، جــاران بلۆک و پارچە زەوییەکان بــە کرێکار و قازمە هەڵدەکۆڵرا، دادەنرا. هەڵکۆڵینەکە چەند قوڵ و چەند بەرینیش بوایە باشتر بوو، بەڵام دوایی و پاش ئەزموونــی زۆرتر، بەکارهێنانی ثیودۆلایت و وردبینییەکان و دانانی زۆری شاخص ــداره سوور و ســپییە دوو مەترییەکەی سەرێکی تیژ بوو لە زەوی دەچەقی و دەبووە نیشــانــ ئیتر هەڵکۆڵینەکان ببوون بە گاسنی تراکتۆر! لەو ئیشە، بەدرێژایی ئیشکردنم شوفێری تراکتۆر «عەلی سەعید» لێزان و وریا و دروست، هەموو هێڵەکانی راســت و جوان بە گاسنەکە هەڵدەکۆڵی!
مــام عەلی، پیاوە شــیرینە گەرموگوڕەکــە. بەیانییان زوو دەهات، جەمەدانییە گەورەکەی لەسەر سەری دادەنا. کەم ریشی دەتاشی، کەمیش قسەی دەکرد، بەڵام بۆ ئیشەکانی چاپوک بوو. ئەو رۆژانە دەهات و دەیگوت ئیشــمان هەیە، یان نا! ئەگەر ئیشــمان نەبوایە،

دەیگـوت کـەی بێمـەوە، ئێمەش دەمانگوت سـەرمان لـێ مەبڕە! ئەویش کارمەندی شـارەوانی بوو. مام عەلی لەگەڵ من دۆستایەتی و ئیشـکردنی پێ خۆش بوو. بەردەوام کوڕێکی یان دوو کوڕی بە کرێکاری ڕۆژانە ئیشیان بۆ دەکردین.

ئەویش لەو سـولفە و پارەی زیادی دەکرد بەشـم دەدا. خەتەکانی راسـت بوو، هەرگیز خەتەکانی سـکی نەدەدا، زۆر جاریش هەڵەی بـۆ مەسـاحەکانیش راسـت دەکـردەوە. زۆریش چاوی لـەوە بوو گاسـنەکەی نەشـکێت، دەیزانی بەرد گرتوویەتی، شاخ رایگرتووە. ئیتـر ئـەو گاسـنەکەی بەرز دەکـردەوە. گاسـنی زۆری مارکەمان لەو ئیشـە دەشـکا. تا ڕۆژێکیـان، مام عەلی لەلای ئاسـنگەرێک، گاسـنێکی لەسەر داوا و پێشنیاری خۆی بە لەحم، پوخت و باش، بە پۆڵا و ئاسـنی پتەو دروسـت دەکات. ئەوەیان نەدەشکا، بەڵام بەخۆی پشـتی بەوە شـکا، دوو کوڕی بەیەکەوە، وابزانم دەستیان لەگـەڵ پێشـمەرگە شـیوعییەکان هەبـوو، دەگیرێـن، بەداخـەوە لەسێدارە دەدرێن.

کـە مام عەلـی ماندوو دەبوو، جاروبار، جەمـال رەحمان و حەمید عومـەر، دەچوونـە سـەر تراکتۆرەکەی، ئەوانیش بـاش و جوان و راستیش خەتیان لێ دەدا! ئەویش لە دوورەوە، سەیری خەتەکانی دەکـرد، ئیشـەکەی بـەدڵ بـوو. پاش پشـووێک، سـەبر سـەبر دەگەیشـتەوە سەر تراکتۆرەکەی و لێی وەردەگرتنەوە.

## ناسین و دیتن

ئەگەر مەسـاحی شـارەوانی نەدەبووم، سـەردانی زۆر لەو ماڵانەم نەدەکـرد، نیوەڕۆش برنج و شـلەی پەتاتەم لەگەڵیان نەدەخوارد.

زۆرجـار دەچـووم سـەیری نەخشـە کۆنەکانـی خانووەکانـم بـۆ دەکـردن، تـا نەخشـەی نۆژەنکردنەوەیان بۆ دروسـت بکەم. ئیتر دووبارە پیاوەکەم باشـتر دەناسی، ناوی منداڵەکانم دەپرسی، پێم دەگوتن، بخوێنن، با سـەیری دەفتەر و کتێبەکانت بکەم! ژنەکەش دەیپرسـی، هاوسـەرەکەت خزمی خۆتانە، منیش دەمگوت نەخێر، بەرێکەوت ناسـیم، زوو یەکترمان خۆشویسـت و بەیەکەوەماڵمان دانا، ئێسـتاش ماڵ و منداڵمان هەیە!

❊❊❊

ئەگەر لە شارەوانی دانەدەمەزرام، نەدەبوومە مەساح. چ کارم بەوە دەبوو بچمە ناو کۆڵانەکانی ئۆردوگای شاوێس. بەرۆژی هەینی بچم، سەربان و سەربان، بن دیوار و بن دیواری خەریکی پیوان بم. لەوێ پێم ــپۆسـتاڵەکەی لەسـەر سـنوور لە ئێرانییەکانم کڕیبوو لەپێ نەبووــ لەسـەر تەختە دارێکی کۆنی نەجاری دانەدەنا، پێی راستم نەدەکەوتە سەر بزمارێکی ژەنگاوی. بزمارەکە، لەپێم نەدەچەقی و نەدەچوومە نەخۆشـخانەی کۆماری. پاش تیمارکردن و بەستانەوە، درزییەکی دژی نەخۆشییان لێم نەدەدا.

❊❊❊

ئەگەر لە ئەملاکی شارەوانی وەک مەساح نەدەبووم، چۆن دەمزانی کوڕە لاسـارەکەی ناسیارمان. ئەوەی لە شاخ پێشمەرگە دەیکوژن، چ کارەیـە! لـەوێ لـە لیسـتی وەرگرتنـی زەوی کە هاتە پێشـم، دایکیشـی هاتبوو، کە زۆر خۆشمدەویسـت، زانیم کوڕەکەی نائیب عەریفی متەوەع بووە، لە بواری ئیسـتخبارات! سەربازی موکەلەف نەبـووە. یـان پۆلیـس نەبـووە، چونکە ئـەو بە جلی پۆلیسـیش بینرابوو.

❊❊❊

ئەگــەر نەدەبوومــە مەســاح. لەگــەڵ ئەندازیارانــی نەخشەســازی وەزارەتــی حوكمــی مەحەلی نەدەبوومــە برادەر، لە ســەردانەكانا ماســت و پەنیــرم بۆیان نەدەبــرد. ئەوانیش پیاوە مەســیحییەكە، شەو منی نەدەبردە، یانەی ئەندازیارانی ق×ر الابی×. لەوێ، لەگەڵ دەســتەیەک ئەندازیاری ناوداری وەزارەتەكانی بەغدا دانەدەنیشــم، لەگەرمــەی خواردنــەوە و دەمەتەقــێ و جگەرەكێشــان، لەنــاكاو هەموویان، منیش لەگەڵ ئەوان هەڵدەســتینەوە. هەموو پێشــوازی كۆنــە ئەندازیاری و هاوڕێــی زانكۆیان «نەزار حەمدون»ی جێگری وەزیــری دەرەوەی عێــراق، دەكــەن. ئــەو دادەنێــن و دەكەوێتــە بەرامبەرم. منیش بەو دەناســێنن. ئەویش بە دەســتە نەرمەكەی، دەســتە رەقە ترساوەكەی من دەكوشێت. كە دەزانم بەڕاستی، من رووبەڕوو و بەرامبەر جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق دانیشــتووم. بــە برادەرەكەم دەڵێم، دەمەوێ بڕۆیــن، ئەویش مەردانە پیاوەكە، قوتابییەكــەی بەیەكەوە لە كۆلێژی ئەندازیاری بەغدا هاوڕێ بوون، هەردووكیــان چــەپ بوون _دوایــی بۆم دەگێڕێتــەوە_ بەڵام ئەو، واتە نزار، لەبەر شــەیدابوونی بە كیژە بەعسییەک دەبێتە بەعسی. ئیتــر پلە بە پلە پۆســت وەردەگرێت، تا دەبێتــە جێگری وەزیری دەرەوە و نوێنــەری عێراقیــش لــە نەتەوە یەكگرتــووەكان. بەر لە مردنــی لەســاڵی ٢٠٠٣ گلەیــی و پێشــنیار بۆ ریفــۆرم بۆ حكومی عێراق دەنووسێتەوە.

***

ئەگــەر لــە شــارەوانی مەســاح نەدەبــووم، «هادی چاوشــلی»یم نەدەناســی. نەدەچوومــە ماڵــی، لــە دیوەخانەكــەی بــە هەندامە جوانە ناســكەكەی پێشوازی نەدەكردم. من دە دەقە زووتر دەچم.

پیاوه‌که‌ی له‌ناو ماڵه‌که‌یان بوو، ده‌رگام لێ ده‌کاته‌وه‌، ده‌مباته دیوه‌خانه‌که. پاش ده ده‌قه مامۆستا چاوشلی دێته ناو دیوه‌خانه ساده‌که. ئه‌و گوتی:

ببووره به‌ته‌نیا مایته‌وه‌، تۆ زووتر هاتی، من چل ساڵ و زۆرتریشه هاوینان سه‌عات شه‌ش خۆم ده‌گۆڕم! تۆ زووتر هاتی!

به‌یه‌که‌وه دانیشتین، دانه‌یه‌ک له کتێبی هه‌ولێر یادی سه‌د ساڵه‌ی شاره‌وانییم پێشکه‌شکرد. ئه‌ویش دیارییه‌که‌ی به‌خۆشی وه‌رگرت. به‌ڵام دینارێک و دوو روبعی له‌سه‌ر یه‌ک له‌به‌رده‌مم دانا، گوتی فه‌رموو ئه‌و پاره‌که‌ی. دینار و نیوێکی به‌زۆر له گیرفانم دانا. گوتی کتێب نابێ به‌خۆڕایی بێت. قسه‌ی زۆرمانکرد، بیره‌وه‌ری زۆری بۆم گێڕایه‌وه. هه‌موو قسه‌کانی دڵسۆزی و ده‌ستپاکی ده‌گه‌یاند. ئه‌و خانه‌نشین بوو، خه‌ریکی موڵکه‌کانی خۆی و نووسین بوو. سه‌ربه‌رز ژیا و شکۆداریش رۆیشت.

***

من له شاره‌وانی مه‌ساح بووم، به‌ڵام زۆر پێیان ده‌گوتم موهه‌ندیس. چه‌ند ساڵ له شاره‌وانی بووم، دوو جار به سه‌ردان نه‌چوومه ژووری ئه‌ندازیاران. بوارم نه‌ده‌بوو، یان به‌خۆمان به‌ژماره زۆر بووین، به‌زمی گه‌رممان له‌نێو خۆمان ده‌خوڵقاند، کتێبمان ده‌خوێنده‌وه‌، به‌رده‌وام میوانمان هه‌بوو. ئێوارانیش به‌رده‌وام به‌یه‌که‌وه ده‌بووین. هه‌ندێ له شه‌وه‌کانیش، له‌سه‌ر یه‌ک مێز کۆده‌بووینه‌وه. دوو سێ له‌وانه‌شم فێرکردبوو، جاروبار بۆ قازانج، پارچه زه‌وی بکڕن و بفرۆشنه‌وه. زۆریش ئه‌وانه‌م ده‌برده کۆڕی شیعری و شانۆگه‌رییه‌کانی ساڵانه‌، دوو سێ جار نمایش ده‌کران.

***

## کێ زەوی شارەوانی وەردەگرت؟

ماوەیەکی زۆر، وەک مەساح لە بەشی ئەملاک بووم. کەمتر ئیشی پیوان و ئیفرازم دەکرد. بەڵام بەردەوام کارم لەسەر نەخشە و ژمارەی زەوییەکانی شارەوانی و لیستی وەرگرتنی زەوی و پێداچوونەوەم بەسەر موڵکەکانی شارەوانی کردووە. لەورۆژانەش هەموو توێژێکم لە شارەکە ناسیوە. زۆر دەهاتن، داوایان دەکرد و ناویان دەهاتەوە و زەوییان وەردەگرت. ئەگەرنا بە وەرگرتنی زەوییش نەبوایە، لە موزایدە زەوییان دەکڕی. بەشی ئەملاک، زوو زوو زەوییە روکنەکانی دەفرۆشت. چونکە نەدەبوو، زەوییە روکنەکان، بازرگانییەکان دابەشبکرێن. ئەو زەوییانە، پاش راگەیاندن و بڵاوبوونەوەی ژمارەو رووبەرەکانیان لە رۆژنامەیەکی رۆژانە. دەبوایە بە موزایدەی ئاشکرا و رووبەڕوو، بە پارەی باش و بۆ قازانجی شارەوانی، بفرۆشرێن. بێجگە لەوانە، ئیتر زەوییەکانی شارەوانی، بەپێی بڕیار و داواکانی سەرووی خۆی، دابەشدەکران. لەوانە: چواردە پازدە مامۆستا، زۆریان کۆنەبرادەر و ناسیاریش بوون، بەڵام یەکێک لەوانە عەرەب بوو، «×یاء» بەناو بەعسیش بوو، بەڵام کوڕێکی پاک و دڵسۆز و باش بوو. پاش راپەڕینیش، شانازیش دەهاتەوە هەولێر. بەناوی رۆژنامەنووس زەوییان وەرگرت. ئەوانە رۆژنامەنووسی دەزگا حکومییەکان بوون! پارێزگا، ئەمانە عامەی رۆشنبیری، دەزگای هاوکاری نووسینگەی هەولێر، پەیامنێر و وێنەگری تەلەڤزیۆن، ئەوانەی لەناو شارەکە بوون.

ئەوانەو هونەرمەندان، ئەندازیاران، بەناوی پیشەییەکان ئەرزیان وەرگرت. ئەفسەر و پۆلیس بە هەموو پلە و ناونیشانەکانیان. زانایانی ئاینی، بە مەلا بە هەموو ناونیشانەکانیان _دەبوایە داوا بکەن و تەعهد بدەن، مەلایەکی ناسراوی ئەو شارە هەبوو، ئەرز و

خانووشــی نه‌بوو، به‌ڵام داوا و به‌ڵێنی کاتب عه‌دلی نه‌ده‌نووســی، کوڕه‌کانی زۆریش پێویستیان پێی بوو، به‌گاڵته به منیان ده‌گوت: شــێرزاد بزانــه بێ داوای باوکــم بۆمان ناکه‌یت_ و به‌عســییه‌کانی جه‌یشــی شه‌عبی ئه‌رزیان له شاره‌وانی وه‌رده‌گرت.

هه‌روه‌هــا کارمه‌ندانــی ئاگرکوژێنــه‌وه، تــازه ده‌بنــه به‌شــێک لــه ده‌زگایه‌کــی تایبه‌تــی ســه‌ر بــه پۆلیــس. مامۆســتایانی زانکــۆ، ئه‌وده‌مانه ژماره‌یان زۆر که‌م بوو. دکتۆره پســپۆره‌کان. به‌هره‌دار و زانــاکان. ئه‌وانــه‌ی پارێــزگار بژاری ده‌کردن. ئه‌وانــه‌ی له به‌غدا له ئه‌نجومه‌نی ســه‌رکردایه‌تی به ئیمزای ســه‌دام حوسێن و دیوانی سه‌رۆکایه‌تی ناویان ده‌هاته‌وه. ئه‌وانه، به نرخی که‌م و به‌خۆڕایی، بــه نرخــی مه‌رکــه‌زی که مه‌تــری به شــازده دینار بــوو، ئه‌رزیان وه‌رده‌گــرت! ئه‌وانــه‌م هه‌موو ده‌زانی و ئاگاداریش بووم. ئێســتاش ده‌زانم له ســاڵانی هه‌شــتاکانی ســه‌ده‌ی رابردوو، کام توێژی ئه‌و شــاره، ئه‌رزیان له‌کوێی ئه‌و شاره وه‌رگرتووه!

له‌وانــه‌ی ئه‌رزیان له شــاره‌وانی به‌خۆڕایی و بــێ پاره وه‌رده‌گرت، پیاوانــی ئه‌من و ئیســتخبارات بوون. به کوردییه‌که‌ی جاشــه‌کانی مه‌فــره‌زه خاســه‌کان! ئه‌وانــه هه‌موویان ســوودیان لــه وه‌رگرتنی ئه‌رزه‌کانی شــاره‌وانی ده‌بینی. ناویان له ده‌زگا باڵاکانی ســه‌ره‌وه ده‌گه‌ڕایه‌وه. روون و ئاشــکرا ناوه‌کانیان ده‌هات. که‌س بۆی نه‌بوو خۆی بشارێته‌وه، که‌ســیش له‌وانه ناتوانێت ئینکاری ئه‌وانه بکات. هیچ نه‌بێت له‌ناو ئیزباره‌کانی تاپۆ، له‌ناو فایلی پارچه زه‌وییه‌کان، ناو و داوای ره‌ســمی و ورده‌کارییه‌کانی تێدایه.

یه‌کێک له خاوه‌نی گه‌وره‌ترین کۆمپانیا و ســه‌رمایه‌داری ئه‌و وڵاته، چوار برا، چوار ناو، هاتن نووسراوی موخابه‌رات یان ئیستخباراتیان پێبــوو، هاتــن من چوار پارچه زه‌وییم بۆیان دانا، خۆشــم به پێنج

دینار، پاش دەوام بە کرۆنا سـپییەکەم سـوارم کرد، ڕۆیشـتین و چوار پارچە زەوییەکانم لە گەڕەکی مەلایانی شۆڕش پێی نیشاندا. کابرا گوتی کاک شـێرزاد دەبێ ئەوانە بفرۆشـرێنەوە! منیش گوتم دەفرۆشـرێن، شـوێنەکە کەمێک نزیکە، خۆ پارەتان نەداوە، هەزار دینارێک هەر دەکات! ئیتر ڕەنگە بە پەیوەندییان بە ئیسـتخبارات. یـان بەو چـوار هەزار دینارەی چـوار پارچە زەوییەکە کاسـبییان کردبێـت و دەوڵەمەند بوون و تەواو.

کەسـوکاری شـەهیدانی قادسیە و کەسوکاری سەربازە ونبوو و بێ سەروشـوێنەکانی ئەو شەڕە. لە هەموو توێژەکانی زۆرتر و خێراتر زەوییـان وەردەگرت. ئـەوان ناویان لە وەزارەتـی بەرگری یەکەی تایبەتی، ناوەکانیان بە لیسـتەی درێژ درێژ دەگەیشـتە شارەوانی. موختارەکانیـش ئـاگاداری خێزانەکانیان دەکردنـەوە، ئەوانیش بە هەموو پێویسـتییەکان، لە هەموویان زۆرتر پێویسـت، وەفاتنامە و قەسام شەرعییەکەیان بوو، دەهاتن.

لەنـاو شـاری هەولێر، چەندین شـوێنمان بۆیان ئیفـراز کرد. هەر چەنـد ئیفرازمـان دەکـرد و تەواو دەبوو، لیسـتی نوێـی ناوەکان دەگەیشـت! لیسـتەکان، شـوێنی شـەهیدبوون و مێژوو و کاتی و جـۆری برینەکانیشـی تێدا بـوو. ئەسـیرەکانیش دوو بەش بوون، دیلەکانـی ناویـان هەبوو، نامەیـان هەبوو، خاچی سـوور دەیزانی لەکام شـوێن لەناو ئیران گیـراون، پەیوەندییان کەم بەڵام هەبوو. بـەڵام ونبـووەکان، بـێ سەروشـوێنەکان « المفقـودون»، ئـەو سـەربازانە بوون، تەرمیان نەبوو، هەواڵیان نەبوو.

ئیتـر کارەسـاتەکە ئەوەنـدە گـەورە بـوو، ناکـرێ زۆر بریـن و سـەربردەی خەمگینی باس بکەین. بەڵام نووسـەرە عێراقییەکان، بـە نووسـینەوەی ژان و تراژیدیـای میللەتانـی عێـراق ناوبانگیان

دەکردووە، دەینووسنەوە و تەواو نابێت.

***

ئەو پیاوانەم باش دەناسی، _سەرۆک جاش و ئامیر مفرەزەکانی ئەمن و ئیستخبارات_ بەردەوام دەهاتنە ئەملاک، زۆر دەمانەوە، هاتوچۆیان بوو، لیستی نوێیان دەهێنا، تەعهد و ناوەکانیان دەهێنا. خۆیان دەهاتن، سەرۆکەکان دەهاتن، چونکە بەس بەخۆیان دەیانزانی ناوی کێیان نووسیوە، کێ نەنووسراوە، کام لەو زەوییانە بۆ خۆیان و بۆ فرۆشتنەوە و دیاری و پاداشتە! زۆریان ببوونە برادەر، چامان بۆ بانگ دەکردن.
ئەوانیش دڵی خۆیان دەکردەوە، رووداو و بەسەرهاتەکانیان دەگێڕایەوە. یەکێکیان بەرۆژ دەعوەتی کردم، لەتەنیشت هیلال ئەحمەری سێتاقان، بارێک هەبوو، وابزانم ناوی خانزاد بوو. لەوێ ئامیر مەفرەزەکە سەرخۆش بوو، نەرم نەرم گۆرانی شڤان پەروەری بۆم دەگوتەوە. من زۆر ترسام، بەڵام ئەو بێدەنگ نەدەبوو! زوو براکەیم بانگکرد، ئەو لە دەرەوە پاسەوانی بوو، گوتم وەرە کاکت سەرخۆشە! بەگرتنمان دەدات.
هەبوو دەهات، شەو لە کەمین بوو، هێشتا دەستی سوور بوو. هەبوو رق و توورەیی لێ دەباری! لەوانە هەبوون یەک تەقەیان نەکردبوو، لیستی ناوی دوورودرێژیان دەهێنا، ئەرزیان وەردەگرت، بەتایبەتی مەفرەزەکانی شارۆچکەکانی سەر سنوور!

***

## گریانی کیژە مەساحەکە

لەناو مەساحەکانی بەردەوام بەدەرەوە بووین و ئیشمان زۆر بوو،

گوتیان کیژە مەساحەکەی لە هۆبەی مۆڵەتدان دادەنیشێت، ڕۆژانە ئەگەر کارێکی دەستی و نووسینێک بکات، ئەگەرنا ئیسراحەت دانیشتووە، گوتوویەتی:

ئەو مەساحانە باش لێیانداوە، بەکەیفی خۆیان سولفە وەردەگرن، پارە سەرف دەکەن، دەوام ناکەن، کەس لێیان ناپرسێتەوە!

ڕۆژێکیان بەڕێوەبەرەکەمان گوتی، بۆ ئیفرازی ئەو ئۆردوگایە هەموو مەساحەکان ببەن، با زوو تەواو بێت، پێداگریی زۆرمان لەسەرە! ئیتر ئێمەش مەساحەکانمان بە دوو تیم دابەشکرد، ناوی ئەو کیژەش کەوتە ناو تیمێکی ئۆردوگای جدیدە زاب.

ئەو کیژێکی نەرم و ناسک بوو، بێدەنگ و جلی ڕەنگاورەنگ لەبەر دەکرد و قژی درێژی بەردەدایەوە، پێڵاوی ژنانەی بەرزی لەپێدەکرد! بەیانی لەگەڵ دوو کیژەکەی تر، کە بەردەوام هاوکارمان بوون، ئازایانە لە ئیفرازکردن بەشداربوون، سوار دەبێت و دەچینە جدیدە!

سەعات دەی بەیانی ڕۆژێکی مانگی ئاب، لەناو دڕکە زەردە و هەوراز و نشێوێک دادەبەزین و جیهازمان دانا. بەراکەراکە و شیش کوتان و هەڵگرتنی جیهاز و شاخس دەستمان بەئیشکرد! دەبوایە هیچ نەبێت چوار سەعاتێک ئیش بکەین، بۆیە «ڕێزان» ئەوە دەزانێت ئێمە زۆر دەمینێینەوە، زۆریش ماندوو دەبین، بۆیە بەر لەوەی لەبەر هەتاوەکە بتوێتەوە، شپرزە دەبێت و داوا دەکات، چارەسەرییەکی بکەین، ئێمەش پێش ئەوەی گەرما و ترس و دڵەڕاوکی زەفەری پێ ببات، ناردمانە ماڵی ناسیارێکمان لە گوندەکە، گوتمان لەوێ بە، تا ئێمە تەواو دەبین!

لەکاتی گەڕانەوەمان، کە چووین کیژەکەمان لە ماڵەکە هەڵگرت. ژنەکانی ماڵەکە، خزمەتیانکردبوو، نان و ئاویان لەپێش دانابوو.

ئەوان هاتن و گوتیان : گوناحە ئەو کیژە، لەوەتی لێرەیە دەگرێت! ئیتـر ئێمـەش بـێ ئەوەی بەکـەس بڵێیـن، چیتر لەگـەڵ تیمەکە نەمانبردە سـەر ئیشـەکە، بۆ خۆی لەناو دائیرە مایەوە، چیتر بە هیچ شێوەیەک باسی ئێمەشی نەکرد.

## قائیمقامی قەزای سەدیق

چوومـە دیانا، ئەودەمانە ناوی قەزای سـەدیق بـوو. قائیمقامەکە کـوردی بادینی بوو. رقی لە کورد و زمانی کوردی بوو. فەرمانبەر و هاوڵاتـی بـە چـاوی کەم سـەیر دەکرد. بـە منی گـوت بەیانی وەرەوە، گوتـم _بـە زمانی عەرەبـی_ بەو ئێوارەیـە بچمە کوێ! تـوورە، دیسـان بە زمانـی عەرەبی گوتـی: کەیفی خۆتـە! ناچار بـە سـەیتەرەکەی جوندیان، بەرەو دوا گونـد و ئاوەدانی ناوچەکە چوومە میوانی برادەرێک. شەوماینەوە. زووتر ئیشم بۆی کردبوو، یەکترمـان خۆشدەویسـت. بەیانـی کـە گەڕامـەوە، سـەیتەرەکە قبوڵـی نەدەکـرد، من چۆن هاتووم و کێ منی نەناسـی ناوچەکە، دەربازکـردووە. لێـم کۆبوونەوە و ئۆتۆمبێلەکەیان جوان پشـکنی. سـەیری نووسراوە رەسمییەکان و نەخشـەکانی ناو سەندوقەکەیان کـرد. ئینجـا بڕیـار دەدەن دەربچـم، بگەمەوە بـەردەم قائیمقامە رەزاگـران و ناشـیرینەکە. ئەودەمانە بەنیازبـوون، ئۆردوگایەک لە ناوچەکـە، لە دەڤەری سـارداو دابنێن. منیش بـۆ بیرۆکەی دانانی نەخشەکە داواکرابووم.

## رووپێوی پشکێنەر

نازانم پاش چەند سـاڵ بە ناونیشـانی مەسـاح مامەوە، تا بوومە مەسـاح اول _رووپێـوی یەکـەم_ دوای ئەویـش چەنـد سـاڵێک

دەمینێمـــەوە، دەبمـــە مفتـــش مەســـاح ـــرووپێوی پشـــکێنەر ـــ کە خانەنشـــین بـــووم، دەبوایە ناونیشـــانم بەڕێوەبـــەری رووپێو بوایە، بـــەڵام پێم گرنگ نەبوو، ئیتر تەمەنێکمان بەڕێکرد.
لەو پیشـــەیە، دەســـتمان هەبووە لـــە دروســـتکردن و گەورەبوونی شـــارەکە! لـــەو شـــارە دووجار بێجگە لـــە بواری پیشـــەکەی خۆم، خزمەتی بواری نووســـین و رۆژنامەگەرییم کردووە، لەســـاڵی ١٩٨٥ کتێبێکم دەرکردووە و شـــانازی پێوە دەکەم. ئەگەرچی لە لاپەڕەی یەکەمـــی نـــاوەوە کتێبەکـــە، وێنەیەکی ســـەدام حوســـێنم دانابوو، لەژێرەوە وتەیەکی ئەوم نووســـیبوو. کـــە هەولێر دەکاتە پایتەختی هاوینەی عێراق. لەوەش پەشـــیمان نییم، چونکە رەوشـــەکە وابوو، هەموو چاپکراوەکانی لە دەزگا حکومی و ســـەندیکا و زانکۆکانیش دەردەچـــوون، وێنە و ناو و کورتەیەک لە قســـەکانی ئەویان، وەک رووکەش، بڵاودەکردەوە!
مەســـاح بووم هاوســـەرگیری دەکەم، بەیەکەوە هەموو ئامرازەکانی ژیـــان و گـــوزەران بەڕێوەدەبەیـــن. خانوو دروســـت دەکەین، ماڵی جـــوان بە کتێبخانەی گەورە ســـازدەکەین. تا بەشـــی کەرەســـتەی ناوماڵ «اثاث منزلی» لە ئۆرزدی، بە لقێکی ســـەربەخۆ لە نهۆمی دووەمی باڵەخانەیەک، لە شـــەقامی باتا کرابووەوە.
کۆنە فەرمانبەرێکی شـــارەوانیش کرابووە بەرپرســـی پێشـــانگاکە، پێـــی گوتـــم شـــێرزاد ئەگەر ٥٠٠ دینـــارت هەیە، وەرە شـــتی نایاب و هەرزانمـــان بـــۆ هاتـــووە. چەنـــد دانەیـــەک لە کتێبخانـــەی داری دانیماریکـــی و تاخمی نانخواردن، بە شووشـــەبەندی ناســـکمان بۆ هاتـــووە. گوتـــی بەدڵنیاییـــەوە هەموو بەرپرســـەکان دەیکڕن، کەم کەسی پێی دەزانی! چووم دوو دانەم لەوانە کڕی، ماڵەکەم بەوانە رازانـــدەوە! کتێبەکانـــم بەنـــاز و پۆلیـــن تێدا دانا. هاوسەرەکەشـــم

بەشـێکی تایبـەت کرد، بـە شووشـە و وردە کەرەسـتەی جوانی ناوماڵ. بەڵام کە بڕیاری دەرچوون لە وڵات دەدەم، دەیانفرۆشمەوە، پـارەش دەکەن، چونکە هەر نازدار و نوێ دیاربوون، پارەکەش بە پاسپۆرتێکی تەزویر دەدەم.
منداڵـی یەکەمـم ناونا کاژڤان. ناوەکەشـم، لە دوو وشـەی کاژ و ڤـان پێکهێنابوو، خەڵکەکە پێیان خۆش و سـەیر بوو. هاوڕێیەکم لـە شـارەوانی، «نامیق مەجیـد» گوتی ئێمـەش کوڕێکمان ببێت ناوی دەنێم کاژڤان. ئیتر بۆ دۆسـتایەتی و خۆشەویستی نێوانمان، کوڕەکەی ناونا کاژڤان.

## لەتیفاوە

لێژنەی موشـتەریات دوو سـێ قـوودی بۆیاغی سـوور و فڵچەیان بۆمـان کڕی، چووینە لەتیفاوە! بـە دوو ڕۆژ، تەواوی لەتیفاوەمان جـەرد و ڕەقـم کـرد! شـوێنەکە ئاوەدانـی نەبـوو، کەسـی تێدا نەبـوو. دەرگایەکـی دەرەوەی ماڵێک دانەخرابوو. ژوورێکی شـڕی نـاو خانووەکان سـەندوقێکی ڕەنگینـی تێدا نەبـوو. دارێک لەناو حەوشـەیەک نەچاندرابوو، تا سێبەر بۆ خەمە زۆرەکانی گەڕەکەکە بکات! شارێکی گەورە بە قووڕ و کا و خشت و کاریتە دروستکرابوو، سـوێندیش دەخـۆم و پەشـیمانیش نیم، یەک بلۆکـی تێدا نەبوو. شـارێکی گـەورە، دوو کیسـە چیمەنتـۆی تێـدا بەکارنەهاتبـوو. خانـووەکان، هەموویـان یەک ژوور و دوو ژووری بوون. نەخشـەی گەڕەکەکە جوان دانرابوو. شـەقام و کۆڵانی زۆری تێدا بوو.
خاوەن زەوییەکان، دەسەڵاتدارەکان وەک پارچە زەوی گەورەی دوو سـەد و سێ سـەد مەتری دەیفرۆشنە خەڵکی داماو و بەستەزمانی

ناوچەکــە. ئەوانیــش دەیکــڕن، بەڵام بە پارەی کــەم! دڵیان بەوە خۆش بوو، خاوەن زەوییەکە، «شــیخ لەتیف» ڕەزامەندی کارەبا و ئاویان بۆ وەردەگرێت! دەبێتە شــار، لەوێ دەتوانن هەوای گوند و ئاقارەکانیــان هەڵمژن، دوور بەدووریــش کەلاوەکانیان ببینەوە، بۆیە دێنە لەتیفاوە. با ســوێندێکی تریش بخۆم، ســوێند دەخۆم و دڵنیام، ئەو هەموو خانووانە بە دوو ســێ ڕۆژ دروستکرابوون، هەر خۆشــیان، وەک مەساح و نەخشەساز دابەشیانکردبوو.

***

لەتیفاوە، نازانم گەڕەک بوو یان گۆڕستان. شار بوو یان شارۆچکە! بەپەلە ئیشەکەمان تەواو کرد. هەر بەغاردان، وەک ئەوەی ڕاونرابین، ئیشــمان دەکرد، ئیشەکەش ئاســان بوو، ژمارەیەک بوو، بە سوبغ لەســەر دەرگاکان، لەســەر دیوارەکان دەماننووســی. دەترســاین، شوێنەکە ترسناک بوو، هەر بۆیەش کەسمان ئۆتۆمبێلمان نەبردبوو. بە تاکسی دەچووین. شوفێری تاکسییەکان دوور بەدووری ئێمەیان جێدەهێشــت، دوایــی بــۆ بردنەوەمــان دەهاتنەوە ســەر شــەقامە سەرەکییەکەی هەولێر مەخمور! دوو ڕۆژ لەناو ئەو گەڕەکە. هەموو دەرگا و دیــوارە ئەســمەرە دڕەکانمان ڕەقمکرد. ژمارەی ســورمان لەسەر دانان! ئیشێک بوو، نەماندەزانی بۆ چییە! کێ داوایکردووە، کەی ماندووبوونی ئێمە بەرهەمی دەبێت! تەواومان کرد و کەسیش داوای نەکــرد. جەرد و ژمارەکانی بدەینێ!

لەتیفــاوە زۆری نەبــرد، بەر هەڵمەتی ڕوخانی گوندەکانی دەشــتی هەولێــر دەکەوێــت، دوایــی لــە ئۆردوگاکانــی نزیک خەبــات ئەرز وەردەگــرن! لــەوێ پارچــە ئەرزیــان دەدەینــێ. ناویــان بەنــاوی قەرەبووی لەتیفاوە دەنووســین، نەخشــەکانیان بــۆ دیار دەکەین. بەڵام ناپرسین، کە هاتین گەڕەکەکەمان ڕەقم دەکرد، ئێوە لەکوێ

بـوون. چـۆن و بۆ ئەو گەڕەکە گەورەیە بێ خاوەن بەجێمابوو؟ بۆ هەناسەیەکی وشکیشی تێدا نەبوو.
ئـەو شـارە، ئـەو هەموو خۆڵە، چـۆن بێ ئاو، بوون بە خشـت و دیوار و سـەربان و قووڕەپەسـت! نەمانپرسـی چەندتان پارە بەو ئەرزانــە دابــوو، کێ پارەکەی خواردن! لەســەر گفت و بەڵێنی کێ پارەکانتــان لــە ئاو دەکــرد، بە مەتر ئــەرزەکان دەکــڕن، یان بە پارچە، ژمارەتان لەســەر دانابوو، چۆن زەوییەکانتان دەناسییەوە، چـۆن شــەقامەکانتان کێشـابوو؟ لەســەر نەخشــەکە، شـوێنی خزمەتگوزاریتــان بــۆ ژیــان و مانــەوە و بەردەوامــی دانابوو؟ یان چووبــوون لەوێ بمرن، بکوژرێن، یان ئەنفاڵ بکرێن.

## ئیشغاڵ

بەبــێ ئــەوەی بزانین بۆ و لەســەر چییە، چەند مەســاحێکیان، لە شــارەوانی گواســتنەوە ناو چەند دائیرەیەکی تری ناو شــار. ئێمە قســەمان نەکرد. من خۆم نەمپرســی، بۆ و لەســەر چی، یەکســەر چوومە ئیشــغاڵ و دەوامم کرد. ئەوان لە بەڕێوەبەرایەتی ئیشــغاڵ، نزیک چەند کۆلێژێکی زانکۆی ســەلاحەدین، بەیانییان شــەقامەکە، ناوچەکە و بەردەرگای دائیرەکەش بەو گەنجانە، بەو کیژە ناســک و رەنگینانە، دەرازیەوە.
ئەوان، لە دائیرەکە هیچ ئیشیان بە من نەبوو. خۆیان هیچ پرۆژە و کارێکیان نەبوو. رۆژانــە چەند تیمێکی پینەکردن و چاککردنەوەی رێگا ســەرەکییەکان دەردەچــوون، و نیوەڕۆیان دەگەڕانەوە. لەوێ ســەرەتا بە چاوێکی باشــیش ســەیریان نەدەکــردم، وەک ئەوەی لەســەر ســەرپێچییەکی ئەخلاقــی، یــان لاســارییەکی ئیــداری،

داواو راسـپاردەی لێژنەیەکـی لێپرسـینەوە منیـان لە شـارەوانی دوورخسـتووتەوە. ئەگەرچـی لەنـاو فایلەکەم هیچی تێـدا نەبوو. ئـەوان بـەو چـاوە تەماشـایان دەکـردم، وایاندەزانی سـزادراوم، دزییەکم کردووە، دەستی یەکێکم بڕیوە!
بەیانییـان بە ئۆتۆمبێلـە خاوێنەکەی خۆم، دەسـتە جلێکی پاکی مۆدیرن دەچووم. دەمزانی ئیشـیان نییە، ئیتر پێویسـتی نەدەکرد جلـی ئیشـکردن لەبەر بکـەم. ببوومـە ئەفەندییەکی تـر، ڕۆژانە بۆینباخی نوێم دەبەسـتا، بۆنم لەخۆم دەدا. دوایی فێریش ببووم، چەنـد نانـی گەرمیشـم لەگەڵ دەسـتی خـۆم دەبـرد. کیژەکانی ببوونـە هاوڕێم، چای گەرمیان لێ دەنـا، نانی بەیانیمان بەیەکەوە دەخـوارد. ئیتـر بە کتێـب خوێندنـەوە و نانخواردن و سـەردانی ژوورەکان، چەند سـەعاتێک دەمامەوە! بواریان دەدا بڕۆمەوە. یان لەبەر ئۆتۆمبێلەکەم ئیشـێکیان پێم دەکرد، پاش ئەوە بە مۆڵەتی دوو ڕۆژی دەڕۆیشـتم و دائیرەم جێدەهێشت!
چەند مانگێک لەوێ مامەوە، کتێبی زۆرم خوێندەوە. چەند کەسـی نوێـی جوانم ناسـی! لەوانە دوو سـێ کەسـایەتی باڵکێش بوون. یەکیکیـان کچـە ئەندازیارێکی عەنکاوەیی بوو، شـووی نەکردبوو. جـوان و شـیرین بوو. ئەو لـە خێزانێکـی پێشـکەوتووخواز بوو. دوو جار بردمەوە ماڵ، بەئەنقەسـت جامی پشـتەوە ئۆتۆمبێلەکەم دەکردەوە. تا قژە ڕەشـە درێژەکەی، بکەوێتە سەرشـانم. ئەویش پێدەکەنی و گاڵتە بە هەوەسـەکەی من دەهات، بەڵام خوێنەرێکی بـاش و زیـرەک بوو! کتێبی باشـی بۆم دەهێنا، وابزانم ئێسـتاش شووی نەکردووە، لە سوید دەژیت.
دووەمیان، پیاوێکی شیرین و نەرم و نیانیش بەڕێوەبەری خۆیەتی بـوو. زۆر قەڕەباڵغ بـوو. دوو ژنی هەبوو. دووکانێکی تورشـیاتی

**لە شـــەقامێکی ناسراوی شـــارەکە هەبوو. ئێواران تا درەنگ لەوێ دەمایەوە و کاسبی دەکرد. هەفتەی یەک دوو جار کلیلی ژوورەکەی دائیـــرەی لەبیردەکـــرد. من لەگەڵـــی دەچووم کلیلەکانـــی لەماڵەوە بێنێـــت. بۆیـــە پەیوەندییەکانمـــان خـــۆش ببوو. بـــۆ دەوامکردن و مۆڵەتـــەکان زۆر چـــاوی لە من دەپۆشـــی! ناونیشـــانم پشـــکێنەری رووپێو بوو. لەوێ ئیشم ببووە ئەوەی ژوورەکان بپشکنم. هەمووش منیان خۆشدەویســـت و دادەنیشتم، مەجلیسمان گەرم دەکرد!**

**کچێکی ناســـراوی بنەماڵـــەی دزەییەکان، لـــەوێ ژوورێکی تایبەتی هەبـــوو. خاوێـــن و خانەدان، بەرێز، بـــەردەوام چا و قاوەی هەبوو. دانیشـــتنی خـــۆش بوو. بـــەڵام زۆر باســـی دەرمان و نەخۆشـــی و پیربـــوون و مردنـــی خزموکەســـەکانی خـــۆی و ناســـیارەکانی بۆم دەگێڕایەوە! بە چەندین بیانوو و سەردان و نەخۆشی، کەم دەوامی دەکرد.**

**من زۆر لەوێ نەمامەوە، گەڕامەوە شارەوانی. بەڵام لەوێ بووم ئەو رۆژەی راگەیاندنـــی عێراق و بەعس، گوتیان لە کوێت کودەتا بووە و ســـوپاکەمان بۆ پشتیوانی ئەوان چوویتە ناو کوێت. من یەکسەر چوومە بانکی ئاراس. شەش هەزار دینارێکم لەوێ دانابوو. یەکسەر پارەکەم راکێشـــا، بە هاورێییەکانم گوت تکایە با پارەکەم، بیست و پێنجی بن، بۆ هەڵگرتن سووکە!**

## برام پێشمەرگەیە

**لەیەک دوو شـــوێن و زمان و بۆنەدا، گوێم لەوە دەبوو، من لەســـەر ئەوەی برام پێشـــمەرگەیە لـــە شـــارەوانی دوورمدەخەنەوە. منیش بەئاشـــنایی و ناسینەوە ئێوارەیەکیان، چوومە لای بەڕێوبەرەکەمان**

_گەنجێکی هەولێریی بوو، پسپۆڕییەکەی پەیوەندی بە شارەوانییەوە نەبوو، بەڵام لەبەر چالاکی و خۆدەرهێنان، پارێزگار بۆ پۆستەکە کاندیدی کردبوو، ببووە بەڕێوەبەری شارەوانی_ گوتم:

کاک یاسین راستە من لەسەر ئەوەی برام پێشمەرگەیە، دەتانەوێ لە شارەوانی دوورمبخەنەوە. وابزانم کەس لەسەر ئەوە ناتوانێت من دووربخاتەوە.

کە قسەم لەگەڵ دەکرد، لە ژوورەکەی دەهاتە دەرەوە، لەسەر پایەکانی دەرەوە بوو. بەپەلە و بێ بیرکردنەوە و زووش گوتی: نەقڵت دەکەین و منەتت نازانین!

منیش تووڕە دووبارە گوتم ناتوانی.

ئەو وەڵامی نەدامەوە، چووە ناو ئۆتۆمبێلەکەی کە لەناو گەراجەکە وەستابوو، سەیریشی نەکردم و رۆیشت.

بەیانی زوو، فەرمانی «تەنسیب»ی منیان لە شارەوانی بۆ دیوانی پارێزگا دەرکرد. زووش دەستبەرداربوونی منیان نووسی. کەلوپەکانیان لێ وەرگرتمەوە. بەتایبەتی ئەلیدایدەکەی خۆم لە بەغدا بۆ شارەوانییم کڕیبوو. رۆیشتم، هەموو ئیشەکە بە نیو سەعات تەواو بوو.

لەبیرمە_ دوایی زانیم_ یەک دوو برادەر، بێ ئەوەی من ئاگاداربم و بزانم، چونکە تا فەرمانەکەم دەرنەچوو نەمزانیبوو. ئەوان دەچنە لای بەڕێوەبەرەکە و پێی دەڵێن، لە بڕیارە بەپەلەکەی سارد ببێتەوە، ئیمزای تەنسیبەکەم نەکات، بەڵام ئەو قبووڵی نەبووە، نازانم بۆ!

ئیتر چوومە دیوانی پارێزگا. لەوێ لە شوێنێک منیان دانا، ئیشی مەساحیان نەبوو. بۆ خۆم لەناوشار دەخولامەوە. کەم کەم لەناو

نووسـینگەکانی عەقارات و بەردەرگای تاپـۆش، پارچەیەک ئەرزم دەکڕی و دەمفرۆشتەوە. قازانجێکی باشم لەو کڕین و فرۆشتنە دەکرد! ئەوەنـدە مانگەی لەوێ مامەوە. لـەدوورەوەش پارێزگارم نەبینی. بـەڵام لەگەڵ فەرمانبـەرەکان ببوومـە هـاوڕێ. بەڕێوەبەرەکەمان ڕێـزی دەگرتم، باش ببووینە بـرادەر. لەودەمانەش خانووێکی نوێم دروسـت دەکـرد. خانووە کۆنەکەی گەڕەکی بەسـتەپیازەم بە ٢٨ هەزار دینار فرۆشـتبوو. بە پارەکەی لە گەڕەکی برایەتی ـــهیچ لە شـەقامەکانی قیرتـاو نەکرابووـــ ٢٥٠ مەتر ئەرزم لە ئەفسـەرێکی ئیسـتخباراتی عەرەبی گوێریی بە حەڤدە هەزار دینار کڕیبوو.

لـەوێ مامەوە تا فەرمانێکی سـەروو دەردەچێت. یەکسـەر هەموو فەرمانبەرانـی لـە دائیـرەکان بەشـێوەی مونتسـب کاردەکـەن، بگەڕێنەوە شـوێنی خۆیان. منیش بەو بڕیارە گەڕامەوە.

بـەڵام بەڕێوەبەرەکـەم، منـی نەبـردەوە نـاو دائیـرە. منی کردە بەرپرسـی بەشـی خزمەتگوزاری سێی شـارەوانی. لەنزیک دادگا و تاپۆ. ئەوێش بۆ من باش بوو. بەڵام ئەو جارە ئەرکم هەبوو، کۆنە بەرپرسـەکە هاتنی منی ناخۆش بوو. شـوێنەکەی ئـەوم گرتبوو، بەڵام من زوو پێم گوت کاکە من چاوم لە شوێنی تۆ نییە. تۆ هەر لـە شـوێنی خۆت بە، منیـش بەناو بەرپرس دەبم و ئیمزا لەسـەر نووسـراوەکانت دەکەم. حەقم بەسەر هیچ نییە. خۆت وەک جاران چیـت کردووە وا بکە! تا ڕاپەڕین لەوێ مامەوە.

ئیتـر بەڕێوەبەرەکەمان، پاش ڕاپەڕین منی گێڕایەوە، زۆر پرسـی پێم دەکرد، زۆریش چاوی لەوە بوو، یەکێتی نیشتمانی کە پۆستی شـارەوانی بـەر ئەوان دەکەوت، بیکەنە سـەرۆک شـارەوانی! زۆر خـۆی لـە مەڵبەندی سـێ نزیک دەکردەوە، بەڵام سـوودی نەبوو. ئـەوان گەنجێکی ئەندازیاری برای شـەهید و کادیرێکی خۆیان کرد

**بە سەرۆکی شارەوانی هەولێر!**

## سواری فڕۆکە بووم

**شـەڕی هەشـت سـاڵەی ئیران عێراق. زیانی زۆری بـەر ناوچەکە گەیاندبـوو. بەتایبەتـی شـاری بەسـرا. بۆیـە، پاش راوەسـتانی شـەڕەکە، حکومـەت بەپەلـە چەندین پـرۆژەی گەورە گـەورە بۆ نۆژەنکردنـەوە و خزمەتکردنی شـارەکە دەردەکات. فەرمان دەدات هەمـوو دائیرە خزمەتگوزارییەکانی وڵات، لەو هەڵمەتە بەشـداربن. شـارەوانی هەولێریـش قیرتاوکردنی شـەقامی نـاو گەڕەکە گەورە میللییەکەی حەیانیەی بەسـرای بەردەکەوێت. وابزانم ئێسـتا ناوی حی حوسێنە.**

**ئێمە دوو مەسـاح درەنگ چووین بۆ بەسـرا. کە چووین ئیشـەکان دامەزرابـوو. شـارەوانی، بـە هەمـوو کەرەسـتە و ئەندازیـار و مەسـاحەکانی ئیشیان دەکرد. بۆیە مانەوەی ئێمە پێویست نەبوو. بـەڵام کێ دەتوانێت بڕیارەکـە رەتبکاتەوە. دوو هەفتە مامەوە، لە درەفەتێک گەڕامەوە، زۆر لە هەولێر مامەوە، بۆ دواجار سەردانێکم کرد، زوو منیان ناردەوە.**

**بەسرا ئەگەرچی وێران بوو. لە ملیۆن دارخورمای شار و ناوچەکە، تەنیـا دوو سـەد دارخورمای بەپێوە مابوو. رووبـار و جۆگەی ناو شارەکە ببوونە زەلکاو و بۆگەنی بوون. ئیشکردنیش لە گەڕەکەکە سـوودی نەبوو. چونکە سـەرژمێری زۆر بوو. شـەقام و رووبەر و جۆگـە و پانتاییەکـەی بەشـی ئـەو خەڵکەی نەدەکرد. ئێسـتاش کێشەکانی ئەو گەڕەکە، هەر چارەسەر نەکراوە. تەنیا ئەوە نەبێت، ناوی گەڕەکەکە بەناوی ئیمام حوسێنی کوڕی ئیمام عەلی دەکەن،**

دەبێتە حەی حوسێن.

لــەوێ من هیچ ئیشــێکم نەکرد. ڕۆژانە بەدیار دوو مەســاحەکەمان کەمــال و ئازاد دەوەســتاین، چەند شــوێنێکیان بــۆ بەڵێندەرەکان دادەنا و ئیتر دەچووینە ناو بەسرا. لەسەر ئاوەکە، لەناو شارەکە، دەچووینــە ئەبوئەلخەســیب و زوبیریــش! شــەوێکیش چووینــە تیاترۆخانەیــەک، لەبەر کوێتییەکان شــوێنی گەنجــە عێراقییەکان نەبــوو، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بوو، ســەدام غیرەتی جووڵاوە و وڵاتەکەی لێ وێرانکردن!

ئیتــر باســکردنی کەساســی و داماویــی خەڵکــی گەڕەکەکــە، کە شــەوانەش لــەوێ دەماینەوە، تەواو نابێــت. میللەتێکی ڕەنجدەر و مانــدوو و ماڵوێــران. ژیانیان لەناو چڵکاو بوو. بەڵام ڕوویان خۆش بــوو. کوردیان خۆشدەویســت. شــەوانە زۆر لەماڵــەوە خواردنیان بۆمان دەنارد. لە کۆڵانەکانا، بەردەوام دەنگی گۆرانی تێدا دەهات، ژنەکانیشــیان چاویــان ڕەش و گــەورە، زۆریــش شــەیدای پیاوی کــورد بوون. ناوم لەناو لیســتەکە مابــوو، ئیفادی هەموو ڕۆژەکانم وەرگرت. ئیشەکەش بەرەو تەواوبوون دەچوو. دەستبەرداری منیان لە پرۆژەکە نووســی. پارەی زیادیشــم دەســتدەکەوێت، بۆیە بڕیار دەدەم بە فڕۆکە بچمە بەغدا! برادەران بە پیکابە شڕەکەی دائیرە، منیــان گەیاندە فڕۆکەخانە. تا ئەودەمانەی ســواریش بووم، بڕوام نەدەکرد، فڕۆکەکە راســتی بێت و بفڕێت و بگەمە بەغدا. جیهان و ڕۆژگارێکی ســەیر بوو کە بۆ یەکەمجار سواری فڕۆکە بووم.

لەدوا قسەش لەسەر مانەوە و دیدم لەسەر بەسرا و پرۆژەکان، کە ژمارەیــان زۆر بــوو، لە تابلۆی زۆربەی پــرۆژەکان، بینیم، زۆربەی ئەندازیارەکانی سەرپەرشــتیار و بەڵێندەرەکان، کورد بوون. جوان و بــاش لە ناوەکانیان دیار بوو.

## شارەوانی هەواری هەمووان

ئـەو شـارەوانییە سـەیر بـوو، لـە هەمـوو گۆشـەیەکی عێـراق فەرمانبـەران بۆ هاتبوو. پیاوێکی ئەسـمەر، لـە رووپێوی دبلۆمی هەبوو. ناونیشـانی ئەندازیار بوو. لە تەلەعفەر و ئەو ناوە هاتبوو. زوو هاتبووە شارەوانی باش دەوڵەمەند ببوو. لەتەنیشت سینەمای سیروان، ریزێک دووکان و دوو نهۆم شوقەی هەبوو! ساڵحە فەندی پیاوێکی باش بوو.

یەکێکی کورتەباڵای نەرمی دەموچاو بە خوریکەی لێ بوو، مەسـاح بوو. کۆرسێکی مەساحی لە بەغدا تەواوکردبوو. هاتبوو لە شارەوانی ببووە مەسـاح، بەرپرسـی مۆڵەتی خانووبەرە هەموو هەولێر بوو. یەکـەم خانـوو لە بەسـتەپیازە کە دروسـتم کـرد، مۆڵەتەکەم بە ئیمزای ئەو بوو. لەژێرەوە نووسـرابوو، بەرپرسی مۆڵەتدان رووپێو عەلـی دروێش حەجـی. ئەو ئێزدی ناوچەی موسـڵ بوو. زوو دیار نەما. رەنگە لەودەمانە ناوی سـەربازی هاتووە. چوویتە تەجنیدی خۆی و ئیتر نەهاتەوە! ئەویش بە زمانی عەرەبی قسـەی دەکرد.

پیاوێکـی باڵابـەرزی گـەورەی کەچەڵ، ئەندازیار بوو. چەند سـاڵ بوو لە شـارەوانی ئەندازیار بـوو، رۆژانە هاتوچۆی دەکرد. ئەویش زوو گەڕایەوە موسـڵ و دەنگی نەما. زووتر باسـی دوو سێ رەفیق حزبییەکانم کرد. ئەوانیش لە شارۆچکەکانی نزیک موسڵ و تکریت هاتبـوون. فەرمانبـەری خەڵکی خانەقین و کەرکووک و سـلێمانی و بادینانمـان زۆر بـوون. ئەوان لەگەڵ دۆخی شـارەکە و خەڵک و ژیانی رۆژانەیان کێشـەیان نەبوو، باش لەو شارەیان داکوتابوو.

ژمارەیەکـی زۆریـان خەڵکـی عەنکاوە بـوون، رۆژانـە هاتوچۆیان دەکـرد. بەیانییان بە پاس دەهاتن، هەر بە پاسـیش دەگەڕانەوە.

دوایی سەبر سەبر ئۆتۆمبێل پەیدا دەبێت و هاتوچۆیان پێ دەکەن! یان کە شارەوانی عەنکاوە گەورەتر دەبێت، خزمەتیان دەگوازنەوە عەنکاوە و ئیسراحەت دەکەن.

هەندێ لە هەولێرییەکان بە تورکی قسـەیان دەکرد. دەیانزانی کێ زمانـی تورکی دەزانێت، قسـەیان بە تورکـی پێ خۆش بوو. بەڵام کوردبوونی خۆیان نەدەدۆڕاند.

فەرمانبەرێکمان هەبوو، ئیشـی باش بوو، بەڵام کاروباری خێزانی باش سـاز نەکردبوو. زۆر جار دوو لە منداڵە قەڵەوەکانی دەهاتنە نـاو دائیـرە. دەیانگـوت بابـە برسـیمانە، ئەویـش دەینـارد، دە دوازدە شـیش گۆشـتیان بۆ دەهات. ئەوان دەیانخـوارد و ئەویش بەسـۆزەوە پێدەکەنـی، دڵی بـەوە خۆش بوو. بۆیـەش لە دۆخە ئاڵۆزە سیاسییەکان، کە کاروباری شارەوانی کەم دەبێتەوە و پارە نامینێت، بە کەساسـی و کرێچی کۆچی دوایی دەکات.

***

پیاوێکـی سـوورەی قەڵەوەی قـژزەرد، لە بەغـداوە هاتبوو، پاش ماوەیەک دەبێتە بەرپرسی هۆبەی چاپ! زوو گوتیان کابرا بەعسییە و بە کوردیش قسـە ناکات، بەڵام ناوی خەسرۆیە.

زووتر ژووری چاپی شـارەوانی دەرگای لەسـەر پشـت بوو. پێنج شـەش ژن، هۆبەکەیـان بەڕێکوپێکی بەڕێوەدەبرد، ئیشـی دائیرە و هاوڵاتییان بەجوانی بەڕێدەکرد و کەسـیش گلەیی لێیان نەبوو.

مـن لەگەڵ هـەردوو «نەجیبە»کەی تایپێسـت، نێوانم خۆش بوو. تایپکردنـی نووسـراوەکانی منیان بەپەلە جێبەجـێ دەکرد. لەوێ دەمامەوە و قسـەی خۆشـمان دەکرد، نووسراوەکانیشم دەبردەوە. فەرمانبەرەکانـی تریـش، بۆیـان هەبـوو سـەبەتەکەی بـەردەم بەرپرسـەکە تەماشا بکەن، نووسـراوی خۆیان بە چاپکراوەیی یان

**بە دەسـتخەتی بدۆزنەوە، داوابکەن بۆیان تەواو بکەن!**
**بەڵام بە هاتنی ئەو کوڕە، سیسـتەمی ڕۆژانە و پێکهاتەی ژوورەکە دەگۆڕێت. زوو دەرگا دارەکەی، دەکاتە ئاسنی دوو دیوی ئەستوور. بۆ کلیلدانی دەرگاکەش دوو شوێنی کلیل و قوفڵی لەسەر دادەنێت. دوو پەنجەرەکـەش لەدیـوی دەرەوە بە موحەجـەرەی پتەو لەحیم دەکات. بۆ دانانی تایپ و ڕۆنیۆکەش، دۆلابی ئاسنی گەورە دادەنێت. لەگـەڵ تەواوبوونی دەوام، دەبوایە هەموو کەرەسـتەکان لەناو ئەو دۆلابە گەورە ئاسـنە پتەوە دابنرێن، باشـیش لە سـێ شوێن کلیل و قوفـڵ بدرێن! چوونە ژووری فەرمانبـەران، هاوڵاتیانیش قەدەغە دەکات! خـۆی لەسـەر کورسـی و مێزێک دادەنیشـێت، چاودێری هەموو کتێب و چاپەکان دەکات! بە زمانی عەرەبی یان کوردییەکی شڕیش قسەی دەکرد!**
**ئیتـر هەمولایـەک باسـی دەکەن، تـا ڕۆژێکیان من لێـی دەچمە ژوورەوە، پێی دەڵێم:**
**دەخۆیتەوە، ئەگەر دەخۆیتەوە، خەسـرۆ شـەو تۆ دەعوەتی منی.**
**ئەویش گوتی:**
**بەڵێ دەخۆمەوە و حەزیش دەکەم. لێرە کەس ناناسم. من لە کۆڵانی عارەبان لەدایکبووم، لە تەمەنی پێنج شەشساڵی ماڵمان دەچێتە بەغـدا! لەوێ گەورە دەبم، خوێندن تەواو دەکەم، هاوسـەرگیریش دەکەم. چەند سـاڵ بوو، دەمویسـت بگەڕێمەوە هەولێر، بەڵام ژنە عەرەبەکـەم زۆر دوودڵ بـوو. دوایی لەبەر دۆخـی بەغدا و جەیش شـەعبی و شتی وا ئیقناع دەبێت، وا هاتمەوە.**
**ئیتر لەو شـەوە، دوایی چەندین شـەو و ڕۆژانی ترو سەیرانی زۆر. کوڕەکەمان بە قسـەی خۆش و بەزمی پێکەنین و جنێوی شـیرین خۆماڵیکـرد. دەسـتە جلێکی کوردیمان پێیکـرد، فێریش ببوو زۆر**

جوان جەمەدانیش ببەستێت. کوڕەکە نەک بەعسی نەبوو، زۆریش باسی کوردایەتی دەکرد. ماوەیەک لەهۆبەی چاپ دەمینێتەوە، دوایی ناونیشانەکەی دەگۆڕێت، چەندین بەش و هۆبەی ناو شارەوانی دەکات. تا خانەنشین دەبێت، برادەر دەمینێنەوە. لە هەموو شتەکانی خۆشتر، ئەودەمانە خەڵک باش نەیاندەزانی ماسی ببرژێنن. ئەو لە بەغدا فێرببوو، بە ئاگری دار، جوان ماسی ئامادە بکات و بیبرژێنێت. ماسی برژاوی ئەومان زۆر خوارد.

## ژووری نەخشەکان

لە ژووری نەخشە و مەساحەکان. جیهازێکی گەورە بەشێکی ژوورەکەی گرتبوو. جیهازەکە تایبەت بوو بەکۆپیکردنی ترێسی نەخشەکان! کاغەزی کۆپیکردنەکەش لە بەغدا هەبوو. بۆ من ئەگەرچی زۆر نەخشە و کارەکانی تایبەتی خۆشم پێی کۆپی دەکرد، زۆریش دەچوومە بەغدا دەمکڕی و دەمهێنایەوە. ئەوەشیان بۆ من چوونە بەغداکەی تێدا بوو.

پیاوەکەی ئیشی پێدەکرد. تەمەنی گەورە ببوو. بەجلی کوردی دەوامی دەکرد، جەمەدانی و چاویلکەکەی چاوی، باش لەگەڵ یەکتری گونجاو بوو. ئەوەندەی «مام موحمەد _کاکەشین» حەزی بە سیاسەت و هەواڵەکان بوو، نیو ئەوەندە حەزی بە ئیشکردن نەدەکرد. تاقەتیشی نەبوو، بۆیە هەمووومان بۆمان هەبوو، مەکینەکە بەکاربهێنین.

ئەوەی زیرەک و لێزان بوایە، لەناو کۆنە نەخشەکانی، باوەش باوەش هەڵدرابوونەوە، بۆ خۆی رۆڵێک لە کاغەزەکانی کۆپی دەشاردەوە. کاغەزەکان دوو جۆریان هەبوو، گچکە و گەورە، بۆیە

گچکەکان شاردنەوەیان ئاسانتر بوو. کردنەوەو بڕین و بەکارهێنانی کاغەزەکانی کۆپی، وریایی دەویست، چونکە زوو بە ڕۆژ و رووناکی دەسووتا.

## ئیسعافی مردووان

ئۆتۆمبێلێکـی ڕەش، هەمـوو جامەکانــی ڕەش بــوو. دانەیەک لەو تویوتا مینە بوســانە. مــن ناوەوەی باســەکەم نەدیبوو، بەردەوام وەک قەلــەڕەش، لەنــاو گەراجی شــارەوانی دەبینــرا، دڵمان پێی تونــد دەبــوو. کــە تایبەت بــوو بە گواســتنەوەی تەرمــی بێکەس و بەجێمــاوی نــاو ســەلاجەکانی نەخۆشــخانەی کۆمــاری! زۆریش پێشــمەرگەکانی تەرمیان دەکەوتە دەســت حکومەت و جاشەکان، بە دوو ســێ کارمەنــدی تایبــەت، تەرمەکەیان بۆ ناشــتن دەبردە گۆڕستانی باشوور.

یەکێک لە خەسڵەت و بەرنامەکانی بەرپرسی گەراجەکەی شارەوانی «ئەحمەد سالح»، زیرەک بوو لەوەی ئیشەکان راپەڕێنێت، نەهێڵێت ئیشــەکان بوەســتێت. ئیتر یەکێک لەو مینە باسەی بۆ راپەڕاندنی ئیشــوکارەکانی هەندێ لە هۆبەکانی شارەوانی تەرخانکردبوو.

...

## سمێڵت دەتاشم

هەرگیــز حەزم نەدەکرد، نەمدەویســت لە بەرپرســەکانی حکومەت نزیــک ببمــەوە. هیــچ پارێزگارێــک ناوی منــی نەدەزانــی. ئەمین عامــەکان، جێگرەکانیــان منیــان نەدەناســی. خــۆم لەوانــە دوور دەگرت! زۆرتر حەزم بە ئیشوکاری دەرەوەو خەڵکەکە دەکرد. دڵم

بەوانــە دەکرایەوە. بەڵام چ بکەم دەســەڵاتم نەبوو، ئێوارەیەکیان، بەرپرســی بەشــەکەمان لــە بەغدا بــوو. بەڕێوەبەرەکەمــان گوتی شێرزاد تۆ لەجیاتی پۆڵس وەرە، ئەبو نەوفل داوای من و سەرۆک بەشەکانی کردووە. کۆبوونەوەیەکی ئاساییە!

ئیتــر چوویــن، زۆربــەی ســەرۆک بەشــەکان ژن بوون. لــە ژوورە درێژەکەی ئەو دانیشتین، یەک یەک قسەیان کرد، وەڵامی پرسیارو داواکــەی ئەویان دایــەوە. لەبیرمە ئەودەمانــە وردە وردە بەفریش دەباری. کەشــەکە ســامناکیش بوو. پرســی چەنــد پارچە زەویی ئامادەکراومــان هەیە بۆ دابەشــکردن. دیارە بەڕێوەبەر رووی لەمن کرد و پرسی، منیش گوتم:

بەپێی پارچە زەوییەکانی تۆماری بەشــی ئەمــلاک، هیچمان نییە! بەڵام لەسەر نەخشەکان زۆرن!

یەحیا جاف، پرسی ناوت چییە، گوتم شێرزاد. دیارە منی نەدیبوو، زۆریشــی پێ ســەیر بوو، مــن بێمــە کۆبوونەوەیەکی ئــەو، بتوانم قســەیەک لە بڕیارو بەرنامەکانی شارەوانیش بکەم، منی نەدیبێت. زووتر ســەردانم نەکردبێت. یان هەر ناوی منی نەبیســتبێت. بۆیە بە وەڵامەکەم زۆر تووڕە بوو. جلە زەیتونی و ئاکارە ئەسمەرەکەی بەیەکەوە سووور بوون، گوتی:

بەشەرەفم! ئەگەر درۆ بێت، سمێڵت دەتاشم. پۆڵس دەڵێ ئوستاز شــەش هەزار پارچە زەوییمان هەیە، تۆ دەڵێیت هیچ! «ئەودەمانە ســمێڵم زۆر گــەورە و رەش بــوو. رەنگــە لەبــەر جوانی ســمێڵ و قــژە زۆرە بەگڵوازەکــەم و کەچەڵــی خــۆی بوو، رقــی زۆر لە من هەڵدەستێت و تووڕەش دەبێت».

ئیتــر باش بوو تەلەفۆنێکی بۆ هات، لە وەڵامی تەلەفۆنەکە گوتی: دانیشن و شتەکان ئامادە بکەن، منیش دێم، خواردنەوە بەو شەوە

خۆشە!

بە دەستی ئیشارەتی بە تەواوبوونی کۆبوونەوەکە کرد، ئێمەش ڕۆیشتین. من تا لە پایەکانی بەردەم پارێزگاش دابەزیم، دەستم توند بە سمێڵە گەورەکەم گرتبوو. نەوەک بیتاشێت. نەمزانی پاش ئەوەندە ساڵە، لە سوید ئەو سمێڵە ڕەشە نازدارە گەورەیە دەتاشم، کە هەرگیز بڕوام نەدەکرد بیتاشم! کە دوایی هەر دەیتاشم، ئەدی ئەودەمانە، بۆ بە قسەی ئەو، ئەوەندە ناڕەحەت و شڵەژام. تا ئەودەمانەش هەڕەشەکەم لەبیرمە و دەینووسمەوە.

## ئەبو بان

پەیوەندی من پۆڵس شمعون _ئەبو بان، بەردەوام بۆ خۆشەویستی و گاڵتەکردن و جنێودان، پێم دەگوت ئوم بان_ کۆن بوو، زوو ناسیم، لەودەمانەی پراکتیکی ساڵی یەکەمی ئامۆژگەم لە شارەوانی کرد. دواتر دۆستایەتییمان بەردەوام دەبێت، تا دەبمە مەساحێکی هاوڕێ و هاوکاری ئەو!

زوو ئەو چەپ بوو. دەیزانی منیش ڕۆژنامەی ×ریق الشعب دەخوێنمەوە. بێگومان ئەو خۆی نەیدەخوێندەوە. منی خۆشویست، بەسۆزەوە پشتیوانی دەکردم! زووش بەیەکەوە دەستمان بە گاڵتەی شیرین و بەزمی خۆش کرد! زۆریشمان بەیەکەوە دەمانخواردەوە، بێگومان لە ماڵەکەی ئەوان لە عەنکاوە. شەوانە سرووتی خواردنەوەیان گەرم بوو! بەڵام هەرگیز ئەودەمانە جورئەتی ئەوەم نەدەکرد، عەرەق بخۆمەوە. کە ئەوان هەموویان عەرەقی خۆیان، کە لە ماڵەوە دەیانکوڵاند و دەیانپاڵاوت، لە

**شووشەیان دەکرد، دەخواردەوە!**

***

**بـا لەبیـرم نەچێت بەزمـی عەرەقەکـە بگێڕمـەوە، دوایی و پاش نزیکـەی پازدە سـاڵ فێرە عەرەقیش بوویـن. جارێکیان بەیەکەوە چووینە ماڵی خوشـکی لە زێدی خۆیان «مانگێش».**

**لـەوێ لەنـاو خانووێکی کۆن، بەڵام خاوێنـی دوو نهۆم. هەیوان و سـابات و کەشێکی سیحراوی، دابەزین. خزمەکانی لێی کۆبوونەوە، ئەویش دڵ و دەست و گیرفانی کراوە بوو، بۆیە پیر و گەنجەکانی خـزم و ناسـیارەکانی زۆر هاتـن. خوشـکەکەی دەیزانـی شـەو، دانیشـتنەکە گەورە دەبێت. بە کوڕەکانی گوت وەرن بچین عەرەق بێنیـن! منیش دەپرسـم، دەمەوێ بزانـم بەزمەکە چییـە، تەنگاو پرسیم، عەرەق لەکوێ دەهێنن!؟**

**پۆڵس بەزمی خۆش بوو، جنێووێکی پێمدا، گوتی بڕۆ بزانن لەکوێ دەیهێنـن. منیش بەڕاسـتی حەزم دەکرد، ئـەو کاروانە ببینم. لەو ماڵـە، ئـەوە بزانم، ئـەو نهێنییـە گەورەیە بدۆزمەوە. بەسـۆزەوە بـەدوای ژنەکە دەکەوم، ئەوەی تەمـەن و ماندووبوون و تەنیاییش پەکی نەخسـتبوو، جلە کوردییە ڕەنگینەکەی دەبریسکایەوە.**

**دوو کـوڕی گەنجیـش هاتن، بیرم لـەوە کـردەوە هێنانی عەرەقی ئـەو دوو گەنجـەی بۆ چییە! چووینە نهۆمـی ژێرەوەی خانووەکە. ژوورێکـی جەنجاڵ، بە کەرەسـتە و زەخیرە و سـەندوق و لوولەی کارتـۆن و جـەواڵ و فـەردە و تەنەکـە و قەرتاڵـە و سـەبەتە و زەمبیل. ژنەکە ئاماژەی بە گۆشەیەکی ژوورەکە کرد. بە کوڕەکانی گوت، شووشەکە دەربێنن.**

**دوو کوڕەکە چەند کەلوپەلیان دوورخستەوە و شووشەیەکی گەورە، مەترێـک درێـژ دەبـوو، ئەسـتوور دەردەهێنن. سـەرە گەورەکەی**

دەکەنەوە. ژنەکە ڕەحەتییەکی بچووکی بەدەستەوە بوو.
لە سەندوقێکی بەردەستی، دوو شووشەی یەک لیتری دەرهێنا، دوو کوڕەکەش بەیەکەوە، شووشە گەورەکەیان بەرزکردەوە و عەرەقی ناو شووشە گەورە یەک مەترییەکەیان، لەناو شووشە یەک لیترەکان دەکرد. ژنەکەش، پارچە فلینی لەسەر شووشەکان دەپەستا، سێ چوار شووشەی پڕ عەرەقی خۆماڵی کرد.
ئیتر من لە سەرەوە بە پۆڵسم گوت. من چیتر مەشروب لەماڵی ئێوە ناخۆمەوە و چیتر لیتری ویسکیش نادزم، بە خوشکت بڵێ ئەو شووشەی ژێرزەمینەکەمان بداتێ، بەشی زۆرم دەکات. هەموومان زۆر پێکەنین، دیارە ژنەکە لە زمانە سۆرانییەکی من تێنەدەگەیشت، دوایی گوتی:
ئەو شووشەیە بەشێکی مەزن و شیرینی ئەو ماڵەیە! تا من لە ژیاندا مابم، ئەو شووشەیە لەو ماڵە ناچێتە دەرەوە، بەڵام مەرد بە، زوو زوو وەرە لێرە بخۆرەوە. «ئەوەی من بزانم، ئەو ژنە لەو دوو ساڵەی دوایی کۆچی دواییکرد، بوار هەبێت، دەپرسم بزانم شووشەکە چی لێ هات».

***

بەر لەوەی بچینە ماڵی ژنەکە، لە مانگێش! لەسەری کۆڵانەکە، بینیم، ئەوەش یەکەمجار و دواجاریش بوو بیبینم. دوو کیژی باڵابەرزی شیرین، قژزەرد، ئاگرەکەی لەسەری وەستابوون، ئەوەندە گەرم بوو، بۆیە دوو کیژەکە درزێکی گەورە و درێژیان لە سینگ و مەمکیان، بۆ هەناسە و فێنکی کردبووەوە. هەردووکیان سێ چوار مەنجەڵی گەورەیان لەسەر ئاگر دانابوو، بە خاکەناس، کوڵان و بڵقی ناو مەنجەڵەکانیان تێکدەدا، دەیانسووڕاند، دیمەنەکەم زۆر پێ جوان بوو. زوو پرسیم ئەوانە چ دەکوڵێنن، گوتیان خورمایە

دەیکەنە عەرەق. ساڵانە بە هەرەوەرز، هەموو گوندەکە بەیەکەوە خورما بۆ عەرەق دەکوڵێنن و دەگرنەوە. ئیتر لەو رۆژەوە، پاش دیتنی دیمەنەکە، بەڕاستی حەزم دەچێتە عەرەق.

***

پۆڵس، زوو بەڵێنی بە من دابوو، زەویی نیشتەجێیم بۆ وەربگرێت. زۆریش ئەوەم لێ دووبارە دەکردەوە. ئەویش دەیگوت: لا تستعجل! بەڵام من پەلەم بوو، هیچم نەبوو، راستییەکەی پارەی ئەرزەکەشم نەبوو. لە هەموو لیستەکانی دابەشکردنی پارچە زەوی بەسەر فەرمانبەرانی شارەوانی، ناوم دەکەوتە دوا ناوی لیستی فەرمانبەران. چونکە من هیچ خاڵێکم نەبوو، ژن و منداڵ و خزمەتم نەبوو، ئەوانەش بۆ وەرگرتنی زەویی نیشتەجێی بە خاڵ حیساب بوون!

ئیتر لە لیستی سێیەم، کە یەک خاڵم هەبوو، دووبارە ناوم دوا کەس بوو. بەڵام پۆڵس کە ئەندامی لیژنەکە دەبێت. ئیمزای ناکات و تووڕە دەبێت و دەڵێ مەعقوڵە، ژمارەی پارچە زەوییەکان بەشی هەموویان ناکات، ئەوە چەند جارە ئەو مەساحە ناوی دەرناچێت. ئیتر بە کۆششی ئەو، ئیمە پێنج کەس بووین زەوییمان بۆ دەدۆزنەوە و ناومان بەگەڵ لیستەکە دەکەوێت!

## مەساح زۆر دەبێت

مەساحە گەنجەکان زۆر ببوون، تازە دامەزرابوون. زیرەکیش بوون، تاقەتی هەموو شتێکیان هەبوو. گەنج بوون، پێدەکەنین، شەڕیان دەکرد، تووڕە دەبوون و فێرە ئیشیش دەبوون. سەرکەش و زۆرزان

و زیرەکیش بوون.
کەمــال زوو شــەڕی دەکــرد ناومان نابــوو هەرقــەل! زوو نازانم بۆ خانەنشــین بوو، کەوتە ناو بازاڕ ئێســتا بزنســمان و موڵکی زۆر و کارگەی هەیە!
بەختیار، ئەو نەرم و ناســک بوو. زۆریش پێدەکەنی، خەتی خۆش بــوو، ئەویــش زوو وازی لە پیوان و فیتە هێنــا، چووە ناو بازاڕی شــێخەڵا. لەوێ هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ روون و برنج و ســابوون و تایــت و ئــاوی تەماتە، دەوڵەمەندە دەبێــت و دەبێتە یەکێک لە بازرگانە دیارەکانی شارەکە!
حەمیــد، هــاوڕێ ئامۆژگەم بــوو، بەڵام دەرچووی بیناســازی بوو. لــە دائیرەیەکــی تر مــن هاوکاریم کرد هاتە شــارەوانی، لە هۆبەی مۆڵەتی خانووبەرە گیرســایەوە، زیرەک و لێهاتوو بوو، باش خۆی پێگەیاند.
جەمــال لە هەموو گەشــت و شــوێنە دوورەکان بەیەکــەوە بووین، مەســاحێکی زیرەک و بەزەوق و عاشق بوو!
کچێکمــان لەگــەڵ بوو، ببــووە براگەورە و دەمراســت و پارێزەر و خەمخــۆری کارەکان بــوو، لە هەمــوو ئیشــەکان، درەنگ و زوو و دوور و نزیــک، هــاوڕێ و هاوکارمــان بوو. عابیدە کــچ بوو، بەڵام وەک گەنجێکــی بەتوانــا ماندوو نەدەبوو. مەســاحەکانی بەیەکەوە ئیشــمانکردووە، بەیەکەوە لە شــارەوانی بووین ژمارەیان زۆر بوو، زۆرم لەبیرنەمــاوە، بــاش بــوو یەکێکی ترم بەبیرهاتــەوە، کچێکی وردیلــەی نــەرم و رووشــیرین. نەهلــە ئەســود، کیــژە کۆییەکەی کوردایەتــی و شــیرینی زمــان و پێکەنینــی جوانــی لــێ دەباری.
جارێکیــان بێجگــە لەوەی مەســاح بوو، بە کاری باش هاوشــانمان بــوو و ماندووش نەدەبوو. پاڵتۆیەکــی جوانی گەورەم بەدیاری بۆ

هاتبــوو، بردی بە دوو شــەو بۆی بچووک کردمەوە! دەســت و دڵ و چــاوی رەنگین بوو، بەڵام بەداخــەوە بەختی رەش بوو! ببوورن هەمــووم لەبیرنەماوە، ئەگینا من لەگەڵ هەموویان برادەر و هاوکار بووم.

بەزمــی شــیرینی زۆرم لەگەڵیان هەبووە، ئــەوان و ئەوانەی رۆژانە بــۆ ئیــش و کارەکانیان دەهاتنە شــارەوانی! هەنــدێ لە کاروباری خەڵکەکە وابوو، بەئاســانی تەواو نەدەبوون، چەند رۆژ و مانگیشی دەخایاند، ئیتر لەو هاتوچۆیانە، لەو هاموشۆیانە دەبووینە برادەر! بــەوەش پەیوەنــدی ناســین و داخــوازی و دۆســتایەتیش نێــوان هەردوولا، نێر و مێیش دروســت دەبوو.

## دوو شیش جەرگ

مام قاسم، بە جلوبەرگ و کەسایەتی و جەمەدانی و چاوە گەشەکانی دیاربــوو، لــە زێد و هەوار و شــوێنێکی شــیرین هاتبــوو. ئەو لە پەنایەکــی دەرەوەی باڵەخانەی شــارەوانی، لەپشــتەوە کەپرێکی ســەرپێی بە دارو حەســیر کردبوو. بەیانییان زوو، بە پاســکیلێک، پشتەوەی ســەندوقێکی لێ بەستابوو، خۆشی دەموچاوی دەبەستا و دەهات، چەند کیلۆ گۆشــت و جەرگ و دڵ و ســەوزەی دەهێنا.

ئەوانــەی بــە رەژوو دەبرژانــد، نانــی جوانــی گەورەشــی هەبوو. ئیتر دەســتەیەک لــە فەرمانبەرو میــوان، بەیانییــان نانیان لەلای دەخوارد! جەرگ و گۆشــتەکەی جوان دەبرژاند. خواردنەکەی پاک بوو، قســەی خۆشیشی دەکرد و بەزمی گەرمی دەخوڵقاند. لەگەڵ خواردنەکە، چای دەنــاردە ژوورەکان. میوانەکان، فەرمانبەرەکان، داوایان دەکــردو دەیانخواردەوە. ئەویش ژمارەی چاکانی، لەســەر

پارچەیەک کارتۆنی پاکێتی جگەرە دەنووسی، پێش سەعات یەک، پێش ئەوەی فەرمانبەرەکان بڕۆن، ژوور بە ژوور بەدوای پارەکان، بــە دەنگە گەورەکەی لە ناوەکان دەگەڕا. ئەوانەی چای شــیرین و بەتامــی ئەویان خواردبووەوە، دەبوایە چەند درهەمێک بدەن!
پــاش نیوەڕۆیەکــی درەنــگ. هەر لــەوێ خۆی دەگۆڕی. دەســتە جلێکی خاوێنی لەبەردەکرد. بەرەو ناو بازاڕ دەڕۆیشت. منداڵەکانی پاســکیلەکەیان دەبــردەوەو ئەویــش دەچــووە نــاو بــازاڕ، پارەی قەسابەکانی دەدا.

## کاکل و دەرمان

لــە شــارەوانی، چەندین مەســاح دامــەزران و مانەوە و ڕۆیشــتن، بــەڵام کرێــکاری رووپێــوی «عامل مســح»مان کەم بــوو. یەکێک بەو ناونیشــانە دامەزرا، ناوی «کاکل» بــوو. ئەو ناوە تایبەتە بە ناوچەی هەولێر، زۆریش دەمەوێ بزانم مانای چییە، لە چ هاتووە! ناوێکــی زۆرە! رەنگــە وشــە و نــاوی کاکل، لە کورتکــراوەی کاک عەلییەوە هاتبێت.
کاکلەکەی شارەوانی جیاواز بوو، کوڕێکی باریکی رەشتاڵە، خاوێن و ئــارام. زۆر کــەم دەنگــی دەهات، بەرێــز و گوێرایــەڵ، هەرگیز باســی کەسی نەدەکرد، قسەی کەسی نەدەگێڕایەوە. لەبەر ئەوەی بەر لەوەی لە شــارەوانی دامەزرێت، لە یەکێک لە دەرمانخانەکانی جادەی دکتۆران ئیشــی کردبوو. شارەزایەکی زۆر باشی لە دەرمان و مەرهــەم و دەرزی و شــروب و تابلێتەکانی تەندروســتی هەبوو. ئەگەر راســت بڵێم زۆریش شــارەزا بوو، لە جۆرەکانی چارەسەری نەخۆشییەکانیشی دەزانی.

**بەیانییـــان کاکل کــە دەهــات، پێنج شــەش کــەس، فەرمانبەران، کاربەدەستەکان، بەردەستەکان، هەندێ لەوانەی زۆر هاتوچۆی ناو شــارەوانییان دەکرد، چاوەڕوانیان دەکــرد. تا رادەیەک خەڵک، لە مەساحەکان زۆرتر دەیانپرسی.**

**دەرمانــی بۆیــان دەهێنــا. نرخی هەمــوو دەرمانەکانــی دەزانی، قبووڵــی نەبوو یەک درهم پارەی زیاد لەکەس وەربگرێت، بەردەوام بــۆ وەرگرتنی پارەی دەرمانەکان وەک خــۆی، وردەی تەواوی پێ بوو!**

**کاکل وەک کرێــکاری پیــوان. کەســێکی نەفســبەرز بــوو. هەرگیز حەزی نەدەکرد لەگەڵ ئەوانە ئیش بکات، بە چاوی سووک سەیری دەکەن. زیرەک و لێزان بوو.**

**نەخشــە و خــاڵ و هێڵەکانی ئیشــکردنی دەناســیەوە. وەک چۆن دەرمانەکانــی نــاو دەرمانخانەکەی دەناســییەوە، لەســەر زەوی و نەخشەش زیرەک بوو! رۆژانە لە ژوورەکە لەیەک شوێن دادەنیشت، تــا بــۆ کەس هەڵنەســتێت، ریزی خۆی و پیشــە و خەڵکەکەشــی دەگرت**

**دەیزانــی چۆن ئیش دەکات و چۆن رێزدار رۆژەکان بەڕێ دەکات! ماوەیەک بواری وەرگرتبوو، فێرببوو، کەم کەم نەخشەیەکی دەبرد و ئەرزیشی بە خەڵک نیشاندەدا! بەداخەوە بە سەربازی لە کوێت، نــە خۆی و نە تەرم و نە هەواڵی نەهاتەوە!**

**لەبــەر ئــەوەی ماوەیەکی زۆر زەوییەکانی هەردوو گۆڕســتانەکەی باکوور و باشــووری بە خاوەنەکانیان نیشان دەدا. بەزیندوویی زۆر لەوێ دەمایەوە، بەداخەوە بەمردوویی لە گۆڕســتانێک نەنێژرا.**

## پلکە فاتم

ماوەیــەک ژنێکی بەتەمەن بەردەســتی ژوورەکەی دەکردین. ژنێکی نەرم و لەســەرخۆ. کەمێک دەشەلی، بەڵام ئیشەکانی بەڕێکوپێکی دەکرد! خەڵکی گوندەکانی باڵەکایەتی بوو. کوڕێکی گەورەی هەبوو، لەبەر ئەوەی لەماڵەوە فیراربوو، بۆیە ژنەکە بەردەوام پەریشــان و ترساو دەردەکەوت. ڕۆژانە لە ئۆردوگای مەلا ئۆمەر دەهاتە دەوام، ماندوو دەبوو. بەڵام لەگەڵ کەشــەکەی ئێمەو دەمەتەقێ بەردەوام و بەزمە شــیرینەکانمان، دڵشــاد دەردەکەوت. ئەو هەرگیز هەستی بــە ژانــی ژیانی نەدەکــرد. کە ژانی زۆریشــی هەبــوو. گوندەکەی نەمابوو. سێبەر و کانی جارانی نەبوو. پیاوەکەشی نەمابوو، نازانم بــۆ نەمابوو، یان من لەبیرم نەماوە!

نــاوی ژنەکەم بــاش لەبیر نەمــاوە، بەڵام وابزانم نــاوی فاتم بوو. ڕۆژگارەکــە لەمێژە، ناوەندی هەشــتاکانی ســەدەی رابــردوو بوو. دەتوانــم تەلەفۆنێــک بکــەم و ناوەکــەی و هەندێ لە خەســڵەت و جوانییەکانــی ژنەکــە بپرســم. کەســانی وامان لەگەڵ بــوو، زۆرتر کۆنتاکتیان لەگەڵ ئەو ژنە هەبوو. عابیدە و نەهلە زۆرتر لەو نزیک بــوون. بەڵام نامــەوێ، دەمەوێ تەنیا ئاماژە بــە ڕۆحە جوانەکەی بدەم!

چــاوە گەورەکانــی، دیــارە بەگەنجــی زۆر جوان بــووە. لەناو جلە کۆنــە رەشــەکانی بەری، تــۆز و خۆڵــی گەســک و پاککردنەوەی ژوورەکانیــش، ماندووبوونــی هاتن و قەرەباڵغی پاســەکە. هێشــتا ڕووناکییەکی جوان لە چاوەکانی بەدی دەکرا. ئەو دەشەلی، بەڵام راســت و باش کارەکانی بەڕێدەکرد! زۆر سەربردەی ڕێواس و بەفر و کانــی گوندەکەی دەگێڕایەوە، بێدەنگ دەبوو، دوور دەڕۆیشــت،

**بـــەڵام زوو دەهاتـــەوە کـــە پێمان دەگوت دانیشـــە کورســـی هەیە، رامەوەستە!**

## باداوە یان قووڕاوە

**لە سەرەتای هەشتاکانەوە گەڕەکی باداوە ببووە واقیعێک، شارەوانی نەیدەتوانی هیچ بڕیارێکی لەســـەر بدات. شوێنەکە بەپێی نەخشەی بنەڕەتی شـــارەکە کەرتی نیشتەجێی بوو. بەڵام بەڕەمەکی و دوور لە هەموو یاســـا و ڕێنماییەکانی شـــارەوانی دروســـتکرابوو. کۆمەڵە خەڵکێک نزیک لە حکومەت، بەڵام بە دزی و بە فێڵ زەوییەکانیان فرۆشـــتبوو! بـــە هـــەرزان و بەناچاری داماو و کەســـاس و هەژاران ســـوودیان لەوە وەرگرتبوو. ئیتر ژمـــارەی خانووەکانی گەڕەکەکە، دەگەیشـــتە نزیکـــەی هـــەزار خانـــوو و خێزانی زۆری تێـــدا دەژیا. زۆریـــش ئاوەدان و گەرموگوڕ، بـــەڵام قوتابخانە و قیر و دووکان و بازاڕ و فیتەر و ئەفەندی و ژنی ســـفورو مەلا و مزگەوتیشی نەبوو! ڕۆژێکیـــان، وەک دیاردەیەکـــی ســـەیر و نـــاوازە، ژنـــان دەچنـــە بـــەردەم پارێـــزگا و داوای کارەبا و ئاو دەکەن! ئەوەش ســـەرەتای بیرکردنەوەیـــەک بوو، لەوەی باداوەش بێتە ســـەر نەخشـــەو دوایی تاپـــۆش بکرێـــت. مـــن لـــە پیوانەکـــەی لەگـــەڵ نەبووم، ئـــاگام لە وردەکارییەکانی نەخشـــە و تاپـــۆ و کاروبارەکانی نەبووە. بێگومان ئیشـــی زۆری ویســـتووە و ماندووبـــوون و چاوەڕوانییەکـــی زۆری خەڵکەکـــەی ویســـتووە! بەڵام لە جەردکردنێـــک نازانم بۆ چی بوو، بەشـــداربووم، مـــاڵ بە ماڵ ژمارە و چۆنیەتـــی خانووەکە و بەناوی کێیـــە و چەنـــد ژوورە، ئەوانەمان لە لیســـتەکە تۆمار کرد. ئەوەش ئامارێکـــی بەپەلـــەی مەیدانی ســـەرپێی بوو. لەبیرمە لە لیســـتەکە**

ناوی ٨٤٠ خێزانی دانیشـتوانی ناو گەڕەکی باداوەمان نووسی. ئـەوەش شـارێکە، گەورەتـر لە رووناکـی و ٧ نیسـان و گەڕەکی تریـش. جیهانێـک بوو چوونـە ناوەوەی ئاسـان نەبـوو. تۆڕێکی هاتوچۆی هەبوو، دەربازبوونی ئەستەم بوو. چڵکاو و قووڕستانێک بـوو، گرتـن و سـنووردارکردن و پەلاماردانیشـی ئاسـان نەبـوو. گەڕەکەکە بەو جۆرە بوو، تا شەقامی سەد مەترییەکە دەکرێتەوە. بەوەش ژمارەیەکی زۆری خانوو دەگرێتەوە. ئەوانیش هەڵدەگیرێن، قەرەبووش دەکرێنەوە! باداوە دەبێتە رووکارێکی بازرگانی بەقیمەت و بازاڕێکی گەورە و دیاری شارەکە.

## خاتووناوە

خاوەنـی هەوار و باخچـە و کۆنە گوندی خاتوونـاوە کوڕە پووری دایکم بوون. هاموشـۆمان گەرم بوو. ئەوان پەرۆشـی ئەوە بوون، باخچەو بیرو یادەوەرییەکانـی خاتووناوەیان نەفەوتێت. بەتایبەتی کوڕە گەورەکەیان مامۆسـتا خەلیل، زۆر پەرۆش بوو، باخچەکەیان نەفەوتێـت! بە هەر جۆرێک بوو، چەنـد دارێکی لە کۆنە هەوارەکە دەچێنن، بیـرو ئاوەکە نۆژەن دەکاتەوە. بەڵام بەپێی بەکارهێنانی نەخشەی بنەڕەتی نیشتەجێی بوو. ئەو بەشە و زۆر لە زەوییەکانی تری خۆیان، هەموو ئامۆزاکانی بەر سنووری شارەوانی کەوتبوون، بە پارەی کەم بەناوی شـارەوانی کرابوون. بۆیە ئەوان مەبەستیان بـوو، کۆنـە باخچەکەیـان بمینێتـەوە! ناعوورەکەیـان ئـاوی لـێ هەڵکێشن، لەدوارۆژ ببێتە هەوار و کۆبوونەوەی هەموو برا و برازاو خانەوادەکەی، خاتووناوەیان خۆشدەویست!

مەبەستیان بوو لەناو نەخشەی بنەڕەتی ببێتە رووبەرێکی لاکێشەیی

سـەوز. بەرامبـەر باخچـەی گڵکەند و کـوران و خانـزاد بێت. بۆ نەبێتە دەستەخوشـکی باخچەی خانزادی بەرامبەر نەخۆشـخانەی کۆمـاری _فێرکردن_، با ئەویش بکەوێتە بەرامبەر نەخۆشـخانەی سەدام _رزگاریی ئێستا_. من بەردەوام هاوکار و هاوڕێی مامۆستا خەلیـل _دوایی ناوی دەبێتە حاجی خەلیل_ بووم تا خەونەکەیان بێتەدی!

دیارە کەس نەیدەتوانی، هیچ قەڵەم و پێشنیار و پیوان و نەخشەیەک ناتوانێت بڕیار بدات، ناوچەیەکی سەوز هەڵگیرێت، کەسکایەتییەک بسـڕێتەوە. دارەکان ببڕێتەوە. جۆگەکان لوول بدات. حەوزەکانیان پڕبکاتـەوە. من داوا و پێشـنیار و پیوانەکانی خاتووناوەم دەبردە بەغـدا. لەوێ ئەندازیارەکانی دۆسـتایەتی خۆشـمان هەبوو، پێیان جوان بوو، رووبەرێکی سـەوز لەسـەر نەخشـەی بنەڕەتی شارەکە هەبێت. بۆیە دەبێتە راسـتییەک و دیار دەکرێت.

ئـەوەش ماوەیەکـی زۆر دەمینێتـەوە، باخەکـەش میـوەی زۆر دەگرێـت، سـەوزەکان دەبڕنەوە و دەفرۆشـن و دێتەوە بەر! داری زۆرتـر و میـوەی زۆر و باخی گەورەی لەسـەر دادەمەزرێنن. بەڵام بەگەورەبوونی شارەکە، قەرەبووی زۆر و چەندین فاکتەری تایبەتی خۆیـان، بە ویسـتی خۆیـان و دوور لە حەزەکانیـان خاتووناوەش ئیفراز دەکرێت و دەکەوێتە ناوەندی شـار!

## تۆ گەوادی

رۆژێکیـان بەهار بوو، سـاڵانی سـەرەتای هەشـتاکان بـوو. نوزاد سـابیر بەڕێوەبەری شـارەوانی بوو. بەرپرسـەکەم منی نارد بزانم،

چەنـد پارچـە زەوییەک لە حەی عومال سـنوورەکەیان دیار نییە، شیشەکانیان نەماوە، بزانم چییە، بۆیان چارەسەر بکەم! سەندیکای کرێـکاران نزیکـەی هەزار پارچە زەوی، لەپشـت گەڕەکی کوران و لەناو کۆنە باخچە و چڵپاوی گەڕەکەکە، بە سـەر کرێکارانی دەزگا حکومییەکان دابەشـکردبوو. شوێنەکە دوور و چڵپاو و بێ خزمەت بـوو. کەم کەم بادلۆی لێدرابوو، ئەوەی تر چۆڵەوانی بوو!

چـووم، دوو کەس لەوانـەی دەیانویسـت سـنووری زەوییەکانیان بدۆزنەوە، هاتن! خەڵکێکی زۆرم لێ کۆبووەوە، بووە قەڕەباڵغییەکی باش. ناوچەکە تەڕ و قووڕ و گەورەش بوو. زۆر بەدوای شیشێکی سـەرە بلۆکێک، سـەبەیەک پەرۆش بووم، هیچم نەدۆزیەوە. دیارە بـە نەبوونی نیشـانەیەکی کۆن، زۆر زەحمەتـە هیچت پێ بکرێت، مەبەستیشـم بوو ئیشـەکە بکەم، بەڵام ئاسان نەبوو! تووڕە بووم، لەبـەر خۆم و بە دەنگی بەرز گوتم:

هـەر گەوادێـک هەڵدەسـتێت، زەوی ئیفرازکـراوی شـارەوانی تۆ دەکاتـەوە، دەکێڵێت، ئیش بۆ ئێمە پەیدا دەکەن، گەوادی وا!

لەنـاو خەڵکەکـە، دەنگێکی گەورە بێ شـەرم و ترس، سـمێڵێکی رەش، جەمەدانییەکـی گەورە، پشـدێنێکی ئەسـتوور، هاتە وەڵام و گوتی:

ئەفەندی کێ گەوادە!

منیـش گوتـم ئەوەی ئەو ناوچەیە کێڵاوەو تـۆی کردووە، گەوادە!

ئەو بێ ئەوەی بترسـێت و شەرم بکات گوتی:

من زەوییەکەم کێڵاوەو تۆم کردووە!

ناکرێ یەکسـەر پەشـیمان ببمەوە، زانیم کابرا چەکدارە، دەسـتی دەڕوات پشـتیوانی هەیە، یان سـەر بە ئەمنە، یان موختارە! ئەوە بە خەڵکی هەژاری بێ دەسـەڵات نەدەکرا، ترسام، بەڵام پەشیمان

**نەبوومەوە، دەستم لەسەر پیوان و نەخشە و فیتەکەم ساردبووەوە، گوتم تۆش گەوادی!**

**ئیتر دەگەڕێمەوە شـارەوانی دەچمە لای بەڕێوەبەرەکەمان، ئەویش سـەرپێی دەڵێت: خۆت جنێووت بە خەڵک داوەو تەحملیش بکە.**

**هەناسـە سـارد و ترسـاو لە ژوورەکەی ئەو دێمە دەرەوە، شڵەژاو چاوەڕوانی چارەنووسـێکی ناداریش دەکەم، دەترسـام بەڵام خولە «بـرا گچکەی» کانەبی چاوشـین. ئەو بەگەنجی پێشـمەرگە بوو، بـەڵام دوایی دەگەڕێتەوەو دەبێتە مەفرەزەی ئەمن، هەر ئەوانیش، شـەوێکیان دەیکـوژن و تەرمەکـەی فڕێدەدەنـە ئاقـاری گونـدی تووڕەق، بە دەمانچەوە لەناو شـارەوانی پشـتم دەگرێت، هەڕەشە لـە موختارەکە دەکات و پێی دەڵێت:**

**لـە سـەیداوە و سـێتاقان، ئەو کوڕەمـان لێ هەڵکەوتـووە، تۆش دەتەوێ ئازاری بدەیت، راسـت دەکات هەی گەواد.**

**ئیتـر بە جنێووەکـە، بەڵام بە جـاری دووەم، وەک گەوادێک وازم لێ دێنێت.**

**دوای ماوەیـەک کابرا، ئەوەی من و خولە پێمانگوت گەواد، لەگەڵ ژمارەیـەک جیـش شـەعبی دەکوژرێـت، واز لە ژیـان و حزبایەتی دێنێـت و چیتـر زەوییـە ئیفرازکراوەکانـی شـارەوانی ناکێڵێـت و تۆیـان ناکاتـەوە، بێگومـان تەبارەکەش نادورێتـەوە، موختاری و چەکدارییەکـەی، دەبێتـە هـۆکاری ئەوەی قەدی ئـەو بکێڵن و بە گوللە تۆی بکەن و بیدوورنەوە.**

**ئێمـەش تـەواوی گەڕەکەکە دووبـارە ئیفراز دەکەینـەوە، دەبێتە گەڕەکێکـی گـەورە و نـاوی دەبێتـە حـی عمـال، دەکەوێتـە ناو ئاوەدانییەکی گەورەتر.**

## قەڵات

زووتر گوتومە لە تەمەنی سەرووی دە دوازدەساڵییەوە، بیرم لەوە دەکردوە بۆ لەناو قەڵات کەس ناناسین. خزمێکمان ماڵی لەوێ نییە. بۆ ناچینە سەر قەڵات! ئیتر تا پۆلی دوو ناوەندیش نەچووبوومەوە سـەر قەڵات. کە چووم، سـێ پورزا بەیەکەوە، جورئەتی ئەوەمان کرد، سەربکەوین، لەناو چەند کۆڵانێکی بسوورێینەوە، وەک ئەوەی بـە قاچاخ دەچین، یان بچینە وڵاتێکی تر!

کە دەبمە مەساحی شارەوانی، بۆ پەسەندکردنی نەخشە کەرتییەکانی ناو شـار، بـۆ رەزامەندییـەکان، دەبوایە شـوێنەواری هەولێریش، رەزامەندی لەسـەر نەخشـەکە بـدات و بنووسـن، جێبەجێکردن و ئیفرازکردنی نەخشـەکە، هیچ سەرپێچییەکی شوێنەواری تێدا نییە. کاریش ناکاتە سەر هیچ لە شوێنە کەڤناسەکانی ناو شارەکە. ئیتر من چوومە شـوێنەوار، بەڵام دائیرەکەیان لە خوارەوە بوو. هێشـتا نەچووبوونە سەر قەڵات. لەوێ ئیشەکەم تەواو کرد. هەموو نمایش و جامخانـە و کتێبخانەکانیان باڵکێش بوون.

لەوانـەش جوانتـر، کچێکـی فەرمانبەریان هەبوو، سـەیری کردم، گەنج بووم، بەڵام لەگەڵ هاوسـەری ئێستام، مارەبڕینمان کردبوو، واتە بەسترابوومەوە، بەڵام شتی جوان هەر جوانە. لەوێ ئەو کیژە هەولێرییە چاوەکانی کەسک بوون، ئێستاش، کە دوو دانە زەیتونی کەسک لەگەڵ عەرەق دەخۆمەوە، وادەزانم چاوە کەسکەکانی ئەوە. نـازدار بوو، پاش ئەو دیمانەیـە زۆرجاری تریش چوومە دائیرەکە، کیژەکە هەر مابوو، داری بەژنی بەرزی، دوو دانە زەیتونەکەی هەر پێوە مابوو.

***

کاروانی ترم وەک مەساحی شارەوانی لەسەر قەڵات، ئەو جارە بوو، کە بوومە ئەندامی لێژنەیەکی چۆڵکردن و ئاماری خانووەکانی شارەوانی ناو قەڵات! ئەودەمانە بنکەی نۆژەنکردنەوەی قەڵات لەسەر قەڵات بوو. یەکێک لە خانووە گەورەکانی ناو قەڵاتیان نۆژەنکردبووەوە، ببوو بە بارەگای لێژنەکە. لەوێ زانای شوێنەواری عێراقی ناسراو دکتۆر «بەهنام ئەبو ئەلسوف»م بینی. سەرسامی زۆری بە قەڵات نیشان دەدا. پەرۆشیش بوو، زۆرتر کار و پشکنین لەسەر ئەرزەکە و ژێرەوەی بکەن. ئینجا بەها و قیمەتی شاکارە دێرینەکە دەردەکەوێت.

شارەوانی بۆ پشتیوانی و بەکەلتوورکردنی قەڵات. چەند خانووی هاوڵاتییانی کڕیبووەوە. خاوەن موڵکەکان پارەیان وەرگرتبوو، کرێچییەکانیش پارچەیەک زەوییان لە بەرامبەر نەخۆشخانەی سینگی رێگای شەقڵاوە پێدرابوو، دوایی گەڕەکی ٧ نیسان دەکەوێتە تەنیشتیان!

موڵکەکان بەناوی شارەوانی کرابوون، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، خەڵکی تر دەچنە ناو خانووەکان، دووبارە ئاوەدان دەکرێنەوە. بۆیەش جارێکی تر ئەوانە، واتە نیشتەجێبووەکان بە پارچە زەوی لەلایەن شارەوانییەوە قەرەبوو دەکرێنەوە!

من بە لیست و نەخشەیەکی کۆن، سەردەمی پیوان و دروستکردنی دەگەڕێتەوە چلەکانی سەدەی رابردوو، یان زووتریش، دەبوایە بەو نەخشەیە، لەناو کەلاوەکان، خانووە بچووک و رووبەرە تەسک و کۆڵانە باریکەکانی بە روخانی زۆرترین دیوار و خانووبەرە گەورەتر ببوون! بناسمەوە. رەنگیان بکەم، بیانژمێرم، بزانم بەتاڵە یان خێزانێکی کەساس داگیریانکردووە.

***

ڕۆژانــە بــە ئۆتۆمبێلــی خۆم بەســەر قــەڵات دەکەوتم. لــەوێ لە ئۆفیســەکە قاوەیەکیشــمان دەخــواردەوە، ئیتــر دەچوومــە نــاو کۆڵانەکان و سەرپەرشــتی موڵکەکانی شــارەوانیم دەکرد. سەیری دیــوارە روخاوەکانــی، بنمیچــە تەپیــووەکان، کاریتە شــکاوەکانم دەکــرد! ڕەنگــی بنمیــچ و دەرگا و پەنجەرەکانــی ســڕابوونەوە. دەرگاکانی، پێویســتیان بە زەنگ و تەقەی خەزێمە و لێدان نەبوو، کرابوونــەوە! پەنجــەرەکان، پەردەیــان نەدەویســت، بۆیە و جامی نوێیــان نەدەویســت. وێرانییــەک بوو، بۆیە لە مار و دووپشــکیش دەترســام. دەترســام دیوارێک بەســەرماندا بروخێت. بەڵام وێنەم دەگرت. وێنەکان بۆ خۆم بوون، خۆم کامیرام بردبوو، بۆ ئارەزووی خۆم! بۆ پاراســتنی ڕەنگ و نەخش و پەروازەکان، وێنەم دەگرت!

***

ئیتر لەو کارە، لەو دەرچوون و پەرۆشــییە، کەوتمە دوای نووسین و کۆکردنــەوەی زاراوەی بیناســازی کــوردەواری. بــە نووســین و کۆکردنەوەی ســاڵێک و دوو ساڵ و زۆرتریش تەواو نەبوون، بوومە کەڤناس و بیناســاز و ئەرشــیف! بوومە خەمخۆری دیوار و نەخش و جۆرەکانی کاریتە و بەردەکانی خانوویان لێ دروســت دەکرد.

ئەوەندە پەرۆشی داروديواری کوردەواری بووم. چەندین سەرچاوەی بیناســازییم بە زمانی عەرەبی لە بەغــدا دەکڕی. گۆڤارێک بەناوی «عمارە» لە بەغدا، لەلایەن ژنێکەوە دەردەچوو، سێ دانەی دەهاتە هەولێــر. ژمارەیەکیان بۆ من هەڵدەگیرا. مانگانە گۆڤارێک لەســەر شارو نەخشەسازی شار لە کوێت، بەناوی «المدینە العربیە» لەناو زەرفێکی نایاب بەخۆڕایی دەگەیشــتە شــارەوانی، من دەمبردەوە! هەمــوو کتێبــی بیناســازەکانی عێــراق و عــەرەب و جیهانییەکانم دەناســی. «ئەنتۆنیــو گاودی» بەرشــلۆنەم باش ناســی. بۆیەش

پاش زۆرتر لە بیست و پێنج ساڵ، کە دەچمە بەرشلۆنە، زوو بیر لە دیتن و وێنەگرتن و سەردانی شاکارەکانی ئەو بیناساز و هونەرمەندە گەورەیە دەکەمەوە!

❋❋❋

شەیداییم بۆ کەلتووری بیناسازی، وا دەکات کیژێکم لە ڕۆژی ١/٢٥/ ١٩٨٨ بەناوی باهۆ «قەدی دارگوێزە، کە دەبێتە بنمیچی خانووی هەورامان» دەکەم. پاش ئەویش کچێکی ترم لە ١٩٨٩/١١/٢٨ بەناوی هەتان «جۆرە خانووێکی کۆیستانییە دیوارەکانی لەناوەوە بە دار دادەپۆشن بۆ گەرمایی، لە ناوچەی برادۆست زۆر بووە» دەکەم! هەر خۆشەویستی شار و شارسازییم کوڕێکم لە سوید لە ٢٠٠١/١١/٢٦ لەدایک دەبێت ناوی دەنێن شارڤان.

❋❋❋

بۆ قسەکردن لەسەر نەخش و خانووەکانی قەڵات. میوانی بەرنامەیەکی هونەری هونەرمەند «سەعدون یونس» لە تەلەڤزێونی کەرکوک دەبم. وێنەی زۆر لەگەڵ خۆم دەبەم. ڕەنگ و نەخشەکان نیشاندەدەم. باسی قەیسەری و خانووە کۆنە کەلتوورییەکانی شاری هەولێر دەکەم. بۆ دیمانە و هونەری بیناسازی دەچمە ستۆدیۆیە گەورەکەی ئەودەمانە. کە لەچاو ستۆدیۆکانی ئێستا زۆر سادە بوو. بەڵام بۆ من گرنگ بوو. دوو کامیرای گەورە، دەرهێنەر لەناو جامخانەیەکی بەرز. مۆنتاژکردن. هەمووم لەو بەرنامەیە بینی. دوایی بەرنامەکە بڵاوکرایەوە. لەبەر ئەوەی جاران ئەو کەناڵە، تاکە کەناڵی کوردی بوو. بۆیە هەموو خەڵکی شارەکە سەیری بەرنامەکەیان کردبوو.

نامەیەک بەو هەناسە، بە یادی خانووبەرەی کوردەواری بۆ بەرنامە فۆلکلۆرییەکەی «ئەسعەد عەدۆ» لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک دەنێرم.

هیـوادارم ئامـادەکاری بەرنامەکـە، لە ئەرشـیفی خـۆی نامەکەی مابێت. شـانازی پێـوە دەکەم، زۆریش لەوانـەی گوێیان لە دەقی نامەکـە ببـوو، هانم دەدەن، بنووسـم و بـەردەوام بـم، دیارە لە نووسینی پەخشانا سەلیقە و سۆزێکی باشم هەیە. ئیتر نووسین و بەدواچوونەوەم لەسەر بابەتە زۆرتر دەبێت، چەندین وتار دەنووسم و وەردەگێڕمە سـەر زمانی کوردی و بڵاودەبنەوە.

ماوەیەکی باش لەسـەر قەڵات مامەوە، ڕۆژانـەش کیژەکەی چاوی وەک زەیتونی کەسـک، لەوێ هەر مابوو. نەرم و جوان و شـیرینتر ببوو! بەڵام هەرگیز لە بەخێرهاتن و ماڵئاواییکردن زیادتر قسەمان نەکـرد. بێجگـە لـە نیگایەکی شـیرین و دوور بـەدووری نەمتوانی هیچـی تـری بەرامبـەر بڵێم. ئـەو وەک قەڵات خۆراگـر بوو، وەک نەخشـی کۆشـکی ئاغاکان جوان و ڕەنگین بوو! بەڵام بە دەسـتی وەسـتا سنەیی و موسڵاوییەکان نەنەخشـابوو، کیژە هەولێرییەکی ڕەسەن بوو.

نزیکـەی مانگێک، لەناو قـەڵات و خانووە ڕوخاوەکان دەمینێمەوە، ئـاگاداری نۆژەنکردنـەوەی خانـووە دێریـن و نازدارەکانـی بووم. ئێستاش بەردەوام و زوو زوو دەچمەوە سەر قەڵات. بەڵام بەپێیان، نەک بە کرۆنا سپییەکەی جاران.

## دیوارێک دەڕوخێنم

دیـوار دەڕوخێنم نەک وەک مەسـاح و تەجـاوز و زێدەڕۆییەک، بە نوێـژی نیوەڕۆ، دیوارێک بەتەواوی لەسـەر شـەقامێکی سـەرەکی بەردەدەمەوە خوارەوە، نەک لەبەر ئەوەی دیوارەکە چەند مەترێک هاتووتـە پێش و شۆسـتەی بەزاندووە. دیوارێـک دەڕوخێنم کە بۆ

یەکجـار ئۆتۆمبێلی شـارەوانی لێدەخورپم. هەر ئـەو جارە، چونکە ناومان بۆ سـەربازی هاتبوو، سـەرقاڵ و ناڕەحەت بووین. پیکابە نوێیەکـەی بن دەسـتم، بـۆ دوورکەوتنەوە لە مێردمنداڵێکی سـەر پاسـکیل بەتونـدی لادەدەم، لە دیوارێکی بیسـت مەتری ماڵێکی سـەر شـەقامە سـەرەکییەکەی موفتـی نزیک پۆلیسـی ئیسـکان دەدەم. ماڵەکە، حەوشـەکە، باخچەکەیان دەهێنمە، سـەر شەقامە سەرەکییەکە.

ئەفەندییەکـە بـە بێجامـا، منداڵەکان بەترس و حەپەسـاو، هاتنە دەرەوە. پیکابێکی تێکشـکاو، پاسـکیلێکی شـکاو. بەڵام کوڕەکە سـەلامەت، دەیویسـت زوو بـڕوات و باوکی نەزانێـت. چونکە پێی گوتبوو، زۆر عەجوولی.

منداڵەکەم بە تاکسـییەک بردە نەخۆشخانە، زوو گوتیان سەلامەتە و هیچـی بەرنەکەوتـووە. دایکوباوکـی هاتـن و هیـچ داوایەکیـان نەبـوو. ئیمـزای خۆیانکرد و کوڕەکەیان بردەوە و ڕۆیشـتن. بەڵام حاکم و پۆلیسـی ئیسـکان لەسـەر ئۆتۆمبێلەکە داوا و شـکایەتم لەسـەر دەهێڵنـەوە. بـەڵام کـە دەزانن بەیانـی دەبمە سـەرباز. دەفتـەر خدمەکـەم دەبینـن بەڕەڵام دەکـەن. بەڵام داواکـە لەناو دائیرە و بەشـی ژمێریاری و یاسـایی دەمینێتەوە. بۆیە پاش من، بەبـڕی پـارەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکە سـزام دەدەن. لیژنەی موشـتەریاتی شارەوانی، لەسەر ئەرکی من، پێشەوەی پیکابەکە لە پیشەسـازی باکوور راستدەکەنەوە، بۆیەشی دەکەنەوە!

مانگـی یەکەمی سـەربازییم کە دەگەڕێمەوە و مۆڵەتی سـەربازییم پێیـە، دەچـم موچـە وەربگـرم، دەبینـم، پـارەی چاککردنەوەی پیکابەکەیان لەسـەرم کردووە بە ماڵ، بڕیاریشە مانگانە پارەکە لە موچەکەم ببڕن. ئیتر تووڕە دەبم، داوا دەکەم، سـەربازم و ناکرێ

ئەوە بکەن. پارەکەم بۆ دەگێڕنەوە تا تەسریح دەبم! بەڵام دوایی و ئێستاش پارەکەیان نەبڕی! بەڵام بەردەوام گلەییم لە فەرمانبەرانی لیژنەکـە دەکـرد، کە چۆن بێ من، ئەو بڕیارە زاڵمانەتان لەسـەرم دابوو.

## ماستەر لەسەر هەولێر

لەساڵی ١٩٨٤ ئەمانەتی رۆشنبیری و لاوانی حوکمی زاتی کتێبێکی بەناوی «التجدید الحضري لقلعـه اربیل» بۆ قوتابـی لە زانکۆی بەغدا عبدالباقی عبدالجبار الحیدری چاپ دەکات. کە ماستەرنامەی بەو ناونیشـانە وەرگرتبوو. ئەو زووتر هاتووتە شـارەوانی هەولێر، منیـش هـاوکاری دەبـم. ئـەو بابەتێکـی نوێـی پێبـوو، هەمـوو فاکتەرەکانی دروسـتبوون و مانـەوە و بوژانەوەی قەڵاتی هەولێری کردبـوو، بە پرۆژەی ماسـتەرنامەکەی. من نەخشـەکانم بۆ کۆپی دەکـرد. بەیەکەوە، بە هاوکاری برادەرانیـش بلانکێتی زانیارییمان بۆ دابەشکرد، پاشان بۆمان کۆکردەوە.

ئـەو پیاوێکـی باڵابـەرزی مـوورەش و شـیرین بـوو. لـە رۆژانی ئیشـکردنمان، جارێکیش بەیەکەوە لەناو قەیسـەری کەبابیشـمان خـوارد. زۆریـش هاوکاری بـووم. کـە کتێبەکەش چـاپ دەکات، دانەیەکـم بەدیـاری بۆ دێنێت! ئێسـتاش کتێبەکە سـەرچاوەیەکی باشـە بۆ توێژینەوەی زانستی لەسـەر هەولێر، بۆ نۆژەنکردنەوە و هەنگاوەکانی گەشەسـەندنی شـار و ئاوێتەبوونی شـاری کۆن، بە پێشکەوتنەکانی سەردەم.

لە سـەرەتای دەسـتپێکردنی مەیدانـی توێژینەوەکەی ئەو، ئاگادار بـووم. بـەڵام ئاگاداری ئەوە نەبـووم کوڕێکی هەولێری، حەسـەن

دەباغ، کوڕی بچووکی کۆنه سەرۆک شارەوانی و کەسایەتی دیاری شارەکە، موحمەد شەهاب دەباغ «چەلەبی» ماستەری لەسەر قەیسەری هەولێر وەرگرتبوو. برا گەورەکەی برزۆ دەباغ، بەڵام ئێمە هەر پێمان دەگوت برزۆ چەلەبی، دەقی کۆپیکراو و بەرگگراوی ماستەری براکەی بۆم هێنا. به نووسینی خۆشی پێشکەشیکردبووم. دیارە زۆرم پێ خۆش بووە، کتێبێک، یان توێژینەوەک لەسەر هەولێر بکرێت. بۆیەش وتارێکم بۆ ناسین و باسکردنی لەسەر نووسی، له ڕۆژنامەی هاوکاریش بڵاوکرایەوە. ئەودەمانه ماستەر و دکتۆرا، بەتایبەتی لەسەر شاری هەولێر زۆر کەم بوو!

***

من یادم لەگەڵ ئەو دوو نامەیه لەسەر هەولێر هەیه، بەڵام زۆر له قوتابییانی بەشی جوگرافیا و مێژوو و کوردی و شوێنەوار دەهاتنه شارەوانی، داوای کتێبەکەی منیان دەکرد. نەخشەمان بۆیان کۆپی دەکرد «ئەگەرچی شارەوانی لەبەر رووی ئەمنی و پارەی کاغەزەکەش پێی خۆش نەبوو، بەڵام من دەمکرد» یارمەتیم دەدان. لەبەر ئەوەی زۆریش دەیانزانی کتێبی کوردی و عەرەبی زۆرم هەیه، دەهاتن داوای کتێبیان دەکرد. ڕۆژنامه و گۆڤارەکانیان دەبرد. دەهاتنه ماڵەوەش و زۆریش لەناو کتێب و ڕۆژنامه و بڵاوکراوەکانم دەمانەوە.

***

زۆر له هونەرمەند و نووسەران، بۆ کاروباری خانوو و نەخشه و دیاریکردنی زەوییەکانیان دەهاتن! سەردانیان دەکردم، شاناز دەبووم، له یارمەتیدانیان دریغییم نەکردووە. ئەو ئێوارەی خانوومان بۆ سەعدون یونس ڕەنگرێژ دەکرد. زۆر له منداڵانی

گەڕەکـی مەنتـکاوە، بـۆ خۆشەویسـتی سـەعدون زۆرتـر لەبـەر شـانۆگەری هەبوو نەبوو، کە پاڵەوانی شانۆگەرییەکە بوو، بەناوی رەجـەب دەناسـرا. لە کێچ و کوتانی شیشـەکان هاوکارمان بوون. شـەویش بەیەکەوە چووینە نادی مامۆستایان.

## پرێسکە

شـەوێکیان بـاران و سـارد بوو. لە ماڵـەوە بووم. نـەرم نەرم لە دەرگامان درا. ماڵم لە بەسـتەپیازە بوو. سـەرەتا وامزانی تەقەی باران و سـەمای بایە. بەڵام تەقەتەقەکە زۆرتر بوو. زانیم چۆلەکە نییـە. ترپـەی بارانیش نییـە خۆی لە دەرگا ئاسـنە نەوییەکەمان دەدات. چوومە دەرەوە، دەرگام کردەوە. دوو پیاوی ماندوو، تەڕ، بەپـێ هاتبـوون. بـاش خۆیان پێچابـوو، پرێسکەشـیان پێ بوو! فەرموون فەرموون، هاتنە ژوورەوە نەمدەناسـین، بەڵام ئەوان باش منیان دەناسی. دانیشتن، چای گەرمیان خواردەوە و سەیری کتێب و کتێبخانەکـەی منیـان کرد. دەسـتیان لە چەنـد کتێبێکیش دا، سـەیری گۆڤارێکی سەر مێزەکەشـیان کرد. ئینجا یەکێک لەوانەی زۆر تەڕتـر ببـوو، دیـارە ماڵی دوورتـر بوو، پـەرۆش و مەجبوور گوتی:

کاک شـێرزاد مـن تۆ باش دەناسـم. بـڕوای تەواوم بـە تۆ هەیە. بۆیە ناترسـم و بڕوام بە تـۆ هەیە. دەزانم، برایەکت لە دەرەوەیە، خزم و برادەری زۆرت لە دەرەوەش هەیە. خۆشـت ناوێکی جوانت هەیـە، بۆیە دڵی خـۆم دەکەمەوە، داوای یارمەتـی لە تۆ دەکەم. ئاسایشـە داواو هاوکاری لە کەسـایەتی یەکێکی وەک تۆش بکەم. بـۆ مـن و منداڵەکانیشـم دەبێتە مایەی شـانازی! مـن کارمەندی

بەرگری شارســـتانی «ئاگرکوژێنەوە»م، ناوم وەک کارمەندەکان بۆ وەرگرتنـــی زەوی دەرچووە! هەمـــوو ڕێکارەکانی تەواو بووە. بەس مـــاوە پارچە ئەرزەکـــەم بەناو بکرێت. چەند کەســێک لە برادەران بەناوی خۆیانکردووە! دیارە منیش گوتم:

وایـــە هەمـــووی تەواو بووە و لیســـتەکەم دیوە و ئـــاگادارم، دەزانم لەکـــوێ زەوییان بۆ دەرچووە! ئینجا ئەو لەگەڵ قســـەکانی ســـەبر ســـەبر لەسەر لاکێشەکە دەخزی، لە من دەهاتە پێش. ئەو گوتی:

من کەســـم نییـــە، منداڵـــی وردم زۆرە. ســـەر بە ڕێکخســـتنەکانم، ناتوانـــم چیتـــر لەنـــاو شـــار بمینێمەوە. ئیتـــر ئیمشـــەو دەردەچم، دەڕۆم، هەردووکمان بەیەکەوە ئیمشـــەو دەڕۆین. نازانم دێمەوە یان نا. هیچم بۆ منداڵەکان نەکردووە، هیچیشـــم بۆیان جێنەهێشتووە، هیچیشـــم نییە. ئەو پارچە زەوییە نەبێت، ئەوەشم لەدەست بڕوات منداڵەکانم کەساس دەبن! تکایە ئەوەش بە تۆ دەکرێت، زەوییەکەم بەنـــاو بکەن، پارەکەم بۆ بدەیت، نووســـراوەکەم لە شـــارەوانی بۆ تـــەواو بکەیت، کارمەندەکانی دائیرەکەم بەوە نەزانن!

منیـــش بوارم نەمـــا، نەدەکرا داواکەی ڕەتبکەمـــەوە، نزاکەی قبوڵ نەکـــەم، بـــێ دوودڵی ناوەکـــەم وەرگرت. بەیانی بە دەســـتی خۆم نـــا. بێ ئەوەی کەس لە هاوڕێیەکانم گومانم لێ بکەن. نووســـراوی تاپۆکردنـــم بـــۆ تاپۆ بۆ تەواو کرد. چاوەڕوانم کرد، برایەکی هات و کتێبەکـــەی بۆم تەواو کردبوو، بەپەلە بردی! ئیتر بەو نووســـراوە، رووبەری ٢٤٠م٢ بەناوی مەئموری ئاگرکوژینەوەی هەولێر دەکرێت. لەناوەکەش ڕەسووڵم لەبیرماوە!

## ماڵی خودا

مزگەوت و دروستکردنی مزگەوت ببووە کێشەیەکی گەورە لەناو شارەوانی. خەڵک، دەوڵەمەندەکان، هەندێکیش بۆ سوودی تایبەتی هەڵپەی دروستکردنی مزگەوت دەکەن. زۆر داوایان دەکرد. زۆر دەهاتن. دەستیان ماچ دەکرد و پسولەی بەعسییەکانیان دەهێنا. شێخەکان دەهاتن. زۆر داوایان دەکرد. بەڵام ڕێنمایی و ڕێکارەکان لاستیکی و نەرم نەبوون. بڕیارەکان روون بوو، ناکرێ دوو مزگەوت لەیەک نزیک بن. ناکرێ لەنێوان مزگەوت و مزگەوتیک مزگەوتێکی تر هەبێت. بۆیە لە گەڕەکە نوێیەکان، لە ئیفرازە تازەکان، لە زەوییە بەتاڵەکانیش شوێنی خزمەتگوزارییەکانی سەر نەخشەکان بۆ مزگەوت دیاریکرابوون! شوێنی بەتاڵیان تێدا نەمابوو.

ڕۆژێک کوڕێکی کورتەباڵای خاوێن. کراس و شەرواڵێکی لەبەردا بوو، هاتە ژوورەکەم. پاش سڵاو و ڕێز گوتی دەمناسی، منیش گوتم تۆم دیوە و دەزانم، بەڵام نازانم کەی و چۆن! گوتی لە ناوەندی سەیداوە بەیەکەوە بووین. تۆش بەوە دەناسرایت زمان و نووسینی عەرەبییەکەت لە ئێمە باشتر بوو! گوتم وایە من سەرەتاییم لە شاری دیوانیەی باشووری عێراق تەواو کردبوو، بۆیەش زمانە عەرەبییەکەم باشتر بوو.

ئینجا کابرا گوتی: باوکم دەوڵەمەندە. بەزازە لەناو قەیسەری دوو سێ دووکانمان هەیە. باوکم پیر بووە، دەیەوێ بەر لە مردنی مزگەوتێک بۆ خێرو نوێژو خوداپەرستی بە پارەی خۆی دروست بکات! چەند ڕۆژە هاتوچۆمە. چوومەتە بەشی نەخشەدانانی بنەڕەتی. هەموو دەڵێن شوێن نەماوە. نەخشەکانمان لەبەرچاو دادەنێن و بۆم راڤە دەکەن. بەڵام من دڵم ئاو ناخواتەوە و نامەوێ دڵی باوکم بشکێنم. چەندی زووە ئیشەکانی شارەوانی و ئەوقاف

**ته‌واو بکه‌م و ده‌ست به دروستکردنی مزگه‌وتێک بکه‌م! ناوی باوکم زینــدوو رابگرم و به‌وه‌ش ناوه‌که‌ی بمینێته‌وه. منیش گوتم:**
**تۆ بۆ خێر و نوێژ مزگه‌وت دروست ده‌که‌یت، پاره سه‌رف ده‌که‌یت! یان بۆ ناو و باج و پاره‌کۆکردنه‌وه! ئه‌و زوو و راشــکاوانه گوتی:**
**بڕوا بکه بۆ نوێژو ناوو خوداپه‌رستییه. مه‌به‌ستمان خێره و به‌س!**
**منیش گوتم: به‌ڕاســتی بۆ نوێژو پرســه‌و کۆبوونه‌وه‌ی خه‌ڵکه. ئه‌و گوتی:**
**بــڕوا بکه، حه‌ز ده‌که‌یت بچینه لای باوکم!**
**منیــش گوتــم باوکتی نــاوێ، ئۆتۆمبێلت پێیه، یان بــه ئۆتۆمبێلی مــن ده‌چین! ئــه‌و گوتی بۆ کوێ بۆ لای باوکم. منیش گوتم نه‌خێر بۆ ئۆردوگای بنه‌ســڵاوه! ئه‌ویش سه‌رســام و حه‌په‌ســاو گوتی بۆ بنه‌ســڵاوه! گوتم مزگه‌وت بۆ خێر و پرسه و نوێژ ناکه‌یت.**
**وه‌ره له‌و شــاره گه‌وره‌یه مزگه‌وتێک دروســت بکــه، هیچ مزگه‌وتی تێــدا نییــه، شــوێنێک نییــه پرســه‌یه‌کی تێــدا بنێن، کــه رێژه‌ی مردنیشی زۆره! سێبه‌رێکی تێدا نییه، دوو پیر سه‌ربرده‌ی خۆیانی له‌ژێــری بگێڕنــه‌وه، که ســه‌ربرده و حیکایه‌تی نــاو دڵ و خه‌یاڵی زۆریــان هه‌یــه! تۆ بۆ خــودا مزگه‌وت ده‌که‌یــت، وه‌ره بچینه نزیک خــودا! خودا له بنه‌ســڵاوه‌یه، ئیمان و دینــداری له‌وێیه. پاش ئه‌و زوڵمه گه‌وره‌ی لێیانکراوه، پاش هه‌موو که‌ساســییه‌کان، ئینجا هه‌ر ئیمانــدارن. هه‌ر چاوه‌ڕوانی به‌زه‌یی و روحمی خودا ده‌که‌ن.**
**شــارێک نزیکه‌ی ســێ هــه‌زار خێزانی تێدایه، مزگــه‌وت و میحرابی تێــدا نییــه، شــوێنێک نییه مردووێکی لێ بشــۆن. شــوێنێک نییه فاتیحه‌یه‌کــی بۆ مردووێکی تێدا بخوێنن. وه‌ره بۆ خودا مزگه‌وتێک له بنه‌سڵاوه بکه!ماڵی خودای تێدا نییه. پیاو به، ماڵێک بۆ خودا له‌و جه‌هه‌نه‌مه، له‌و ده‌شته گه‌رمه، له‌و شاره برسییه دروست بکه.**

کــەس ئێرەی لەبیر نییــە. کەس نایەوێ یەک دینــار، یەک بلۆک، یــەک قەڵابە قووم و کیســەیەک چیمەنتۆ، بــۆ ماڵی خودا تەرخان بکات. ماڵێک بۆ خودا ئاوابکاتەوە.
ئیتر لەو کاروانە، لەناو میسوبیشی نوێیەکەی ئەو، بەرەو بنەسڵاوە دەچووین، کە ئەو نەیدیبوو، قسەم بۆ کرد، ئیقناعم کرد، پرۆژەکە پەســند بکات، پارەکە لێرە ســەرف بکات. بەیانییەکەی رووخۆش هاتــەوە. ئەوجــارە پانتۆڵ و قەمیســێکی لەبەر بــوو، هات گوتی: کاکــە باوکیشــم رازییــە، لە بنەســڵاوە دەیکەین! با خــوداش لەو کەلاوەیە ماڵێکی هەبێت.
ئیتر بەزووترین کات، شوێنەکەمان لەسەر نەخشەکە دانا و کەسیش لاری نەبــوو. بەزووترین کاتیش هەمــوو رەزامەندییەکان وەرگیران، دوو سێ رۆژی نەبرد شوێنەکەشم بۆ دیارکرد. چوار شیشی ئاسنم لە گۆشەکانی پارچە زەوییەکەی زوو رەزامەندییەکانی وەرگیرا، بۆ کوتا، چەند بەردێکیشــم بۆ ناسینەوەی شیشەکان کردە کەلەک.
بەردەوامیــش، کــە دەچوومە بنەســڵاوە دەمبینی ئیشــەکەی باش دەڕوات. دڵیشــم بــە پرۆژەکەش دەگەشــایەوە، کەچی من هەرگیز بەنیــاز نەبووم نوێژی تێدا بکەم، پشــتیوانی دروســتکردنی یەکەم مزگــەوت بــووم لە بنەســڵاوە. رەنگــە نوێژکەر و مــەلا و خەڵکی ئــۆردوگاکان، کەرکووکییــەکان، گەرمیانییەکان، دەشــتی هەولێر، دەشــتی کۆیــە، سەرنشــینەکان دوعایان بۆم کــردووە، بێ ئەوەی بزانن تەنیا بە منداڵی نوێژم کردووە. ئێســتاش بەنیاز نیم نوێژ لە مزگەوتەکەی بنەســڵاوە، یان هیچ مزگەوتێکی تریش بکەم.

***

ئــەو نووســینە، بابەتێکــی زۆر تایبەتــە. من خۆم دەنووســمەوە. ئــەوەی لەیادمــە، یادنووســی خۆمە! نامــەوێ بپرســم و دیمانەی

کەس بکەم، شـت و ناو و بیـرەوەری و ڕۆژانەکانم بەبیربێنێتەوە! کەسم ناوێ. خۆم دەنووسمەوە وەک چۆن لەیادمە! سەرەتا دوودڵ بـووم، وامدەزانی ئەوەندەم لەبیـر نییە. زوو چەند لاپەڕەیەکم لەو یادنووسـە نووسـی و گوتم ئیتـر تەواو! بەڵام، دەرکـەوت ڕۆژانە، یادی دوور و ناوی کۆچکردوو و باسـی لاچەپم زۆر بەبیردێتەوە!

دوێنـێ چەند دێرێکم نووسـی و هەسـتم کرد، تـەواو. ئیمڕۆ هیچم لەبیرنەمـاوە. هەڵسـام، خـۆم گـۆڕی چوومـە دەرەوە، کۆتایـی پایزە جوانەکە، سـەرەتای زسـتانەکەی سـتۆکهۆلم، وەرینی دار و گەڵاریزانەکـە، نمنـم بارانـە و تەڕم دەکات، بـەڵام زۆر نا! هەموو جارێ، لەبەر خۆم و لەلای برادەرانیش، دەڵێم سەیرە بارانی سوید تـەڕت نـاکات! دەڕۆم و پروشـکە ئـاو و پرژەیەک بەفر، سـەمای دڵـی گەڵایەک دەبینم، بەڵام بیر و هەسـتم لەلای نووسـینەکەمە، دەفتـەرم پـێ نییـە، لەسـەر کۆمپیوتەرەکە دانەنیشـتووم، بەڵام لەبەردەم نووسـین و ڕۆژانەکەم! بۆیە لەناکاو شتێکم بەبیردێتەوە! دەڕۆم و سواری شـەمەندەفەرەکە دەبم، ناوێکی ترم بەبیردێتەوە. کتێب دەخوێنمەوە، کتێبی نووسەری فەلەستینی ئیبراهیم نەسروڵا «السیره الطائـره» بـۆ نمونە دەخوێنمەوە، شـتێکی سـەردەمی مەساحییم بەبیردێتەوە. کە هیچ پەیوەندیشی بە ناوەڕۆک و بابەت و کەسـایەتی نووسەری ئەو کتێبە نییە.

***

بەبیرم دێتەوە، چۆن بە کاروباری مەسـاحی و نەخشەسـازییەکانی ئـۆردوگای تۆبـزاوە، لەو دەشـتە وشـکە بنەماڵەیەکی برادۆسـت دەناسـم. ئەوەنـدە تێکـەڵ دەبیـن، هەمـوو ژن و پیاوەکانیـان دەناسـم و زۆریش لە جۆری ژیانی ئەوان ئاشـنا دەبم! ئەگەر خۆم بنووسـمەوە، بێگومـان باسـی خەڵک، ئەو و تـۆش دەکەم. ژیان

بەتەنیــا بەڕێــوە ناچێت! باســی تۆش ناکەم، ئەگــەر خۆم لەگەڵ تــۆ پەیوەندییەکــم نەبووبێت! بەیەکەوە ئیشــمان نەکردبێت. لەناو ئۆتۆمبێــل، لەیەک مەیدان، لەگەڵ تــۆزی تراکتۆرەکەی خەتەکانی بۆ دەکێڵاین، بەیەکەوە نەبووین، ناکرێ باســت نەکەم!؟

لە هەندێ لە ئۆردوگاکان، مەســاحێکمان لەگەڵ بوو ناوی شــێرزاد بــوو. بــەردەوام قژ و ســمێڵی بە بۆیە رەشــەکە دەبریســکایەوە. شــەوانەش تا درەنگ لە یانەی ئازادی دەبوو. ئەو فێر ببوو و بۆی دەچووە ســەر و لێمان قبوڵ دەکرد. دەیگوت من پاکوخاوێن دێم، ســەرما نەبێت، قوورِ نەبێت، خەوی شــەوم باش بووبێت! ئەگەرنا نایەم، دەنگیشــی گەورە بوو، جگەرەشــی بە دارجگەرەی باشیش نەبوایە نەدەکێشا.

بەیانییــان کــە دەچووینە بەر دەرگای ماڵەکــەی، لەناو خانووێکی حکومەت بوو، دەهات، ئەگەر نیازی ئیشــی نەبوایە، رۆبە خووریە قاوەییەکــەی لەبــەردا بوو، بە نەعلێکی ئیســفنج، بەڵام قژی رەش وەک قەتــران، دەهــات. دەیگــوت ناتوانــم دەعوەتتــان دەکــەم. پێدەکەنی و جگەرەی دەدایە جگەرەکێشەکان و دەچووەوە ماڵەوە. ئێمەش بۆ رۆژی دوایی لەفەی ئەبو شــەهابی سەر شێستمەتریمان پێی دەکڕی. یان دەچووینە بەر ســینەمای ســەلاحەدین، گەســی مــام ئەلیاســمان پێی دەکڕی. ئەویش دەیکــڕی و گوێی لێ نەبوو، بزەیەکی شیرینیشی بۆمان دەکرد.

ئــەو رۆژانەی ئیشــی ثیودۆیلایت و ئاراســتەی پیوانمــان نەبوایە، لەگــەڵ خۆمان نەماندەبرد. چونکە ئەو بەس ئەو ئیشــەی دەکرد. باش ئاراســتەکانی دەبردو جیهازەکەشــی باش دادەنایەوە! زووتر، بــێ لەفــە خواردنەکە پێمــان دەگــوت بەیانی باش بخــەوە. حەز دەکەی شــەو هــەر لە یانەی ئــازادی مەچۆرەوە ماڵــەوە، تۆ هەر

**دێیتەوە نادییەکە بۆ دەچیتەوە ماڵ!**

**...**

**لە شـارەوانییەکان تایپێسـتەکان، لە تەمەنی خـۆم بوون. برادەر بوویـن، جلوبەرگ و قژو مۆدەی قەمیسـەکانمان لەیەک نزیک بوو. ئـەوان زۆر دەهاتنـە ژوورەکەمان. منیش دەچوومـە ژوورەکەیان، لەدیار راکێشـانی رۆنیۆکەیان دەوەسـتام. بەڵام نەدەچوومە سـەر مێزی بەرپرسـی هۆبەکە. ئەو پێی خۆش نەبوو، گوایە نووسـراوە تایبەتـی و نهێنییەکانـی دائیرەکـە چاپ دەکات. کـە هیچ بابەتی نهێنیشـی تێـدا نەبـوو! رۆژێکیـان پارچـە شـیعرەکەی حافیـزی مەهابادییـم بردە ژوورەکە، خوێندیانەوە، پێیان باڵکێش و سـەیر بـوو. یەکێکیـان گوتـی وەرە بـا بە ستێنسـل چاپـی بکەین، بە رۆنیۆش رایکێشـین! ئیتر شـیعرەکە کەوتە بن جامی مێزی زۆر لە فەرمانبەرەکانی دائیرەکەمان.**

# ناحەز و جوان

**مەلا غەفووری دەباغی «حافزی مەهابادی»**

**تا بژیم تێتدەبڕم خاوەنی جوانی و دەسـەڵات**

**چاوی ئاوات و هیوام ئەی گوڵی سـەرتۆپی وڵات**

**دادەمرکـێ کوڵی دڵ، تاوێکی رێتخەم چ دەبێ**

**بەسـەری نوکی زمانم، لەبنی پەنجەی پات**

**رۆژی هەڵکەوتـە، دەجا بێ گوڵەکەم تێتراکەم**

**لـە ترۆمبێلی فیداکاری بەرەو کۆڕی خەبات**

**یاری شــیرین! دەوەرە تا زووە، تا لێت نەچووە**

**تەمەنــی جوانی، بژین پێکەوە، تاکەی بەتەمات**

**گیانەکــەم، خۆ تۆ هەزار جار پترت داوە بە من**

**قەولی بێ کردەوە، هەر وشــکە تریتم بە تەمات**

**کەنگێ بۆم دادەکەنی، خۆمی بەســەر داکێشم**

**کەوشــەکەت ماچکەم و سەردانێمە بەرپێت کزومات**

**لێتنەچی رەنگە لەبەر تەنگی، ئەشــێ بۆت تەڕکەم**

**دەســتە نەرم و شلەکەت، بازنە ئازاری نەدات**

**توندوتیژی بەســە، بۆم تیلکە، دەبا لێی رادەم**

**بە ســمێڵ گەسکیدەم، ئەو تۆزە لەسەرشانی کەوات**

**هــەر نەبێ تاقە یەکێکم دەیە، تا خۆم نەکوژم**

**لەم هەموو دەســرە، کەپێی دەسڕی دەم و لێوی نەبات**

**بێڵە خاوی کەمەوە، رەق بووە ســندوقی سەرت**

**باری لێوم بە تکەی ئارەقەکەی ســەر گۆنات**

**پاش و پێش هەریەکە بۆ من، کە مەبەســتم چوونە**

**زەردەلیمۆ چووە ناو دەســتمەوە، یا پرچی سیات**

**حەزدەکــەی جارێ بژیم، بۆم وەرە پێش باتێینێم**

**دەم لەنێوانی مەم و ســینە، وەخۆم ئاوی حەیات**

**نایەڵم بێشــێ، وەرە پێشێ دەبا بۆت تێخەم**

**ئەم دوو ئەنگوســتیلە ئاڵتونە، لە قامکت بە خەڵات**

**دە وەرە گیــان و قەوەت، تاوێ ئەوەم بگرە**

**بەوەت نەزمی دەســتم بەسەری پەنجە، نەخۆشم کە لەلات**

**مــن کە خۆم ناوەتە پێناوت، ئەتۆش بۆم فش کە**

قۆڵی راســتت بخەمە باسکم و دەرچین لە وڵات
خۆت کەمێ شــل کە، سەرت داخە دەبا پێتەوەنێم
دوو زەر و کوڵمــی گەش و چاڵی چەنەت زیپکە نەکات
تا گوتم کوانێ؟ بڵێ: هانێ! دڵم مەشــکێنە حافزم
موســتەحەقم، چاو لە دەسی تۆم هەموو کات

***

شەوە و درەنگە، رەشەبایەکی دژوار، زۆری نەمابوو باڵەخانەکەمان بهەژێنێت. ئاسـۆکەی بەرچـاوم، تاریکە، بەڵام مـاوە ماوە ریزێک رووناکـی، بـوون بـە ئەسـتێرە و بەنـاز دەجریوێنــن و سـەماش دەکەن! سـەیریان دەکـەم و دەمەوێ کەسـێک، رووداوێک، پیوان و نەخشـەیەکم بەبیربێتەوە! نەخشــەکان باشە، با کەمێک قسەیان لەسەر بکەم، ئەوانەی لەناو چەند دۆلابی تایبەتی، کەم بە دەستی ژنــەکان، تەنیا «سـۆزان خـان» نەبێـت، نەدەکرایـەوە. دۆلابی نەخشــەکان گەورە و بڵندیش بوون. نەخشــەکان لەوێ بوون، یان نەخشــەکان، زۆریــان لوولدرابوون، ترێســەکان زۆریــان بە تێپ لە چەندین شوێن پینەکرابوون!

بــەدوای یەکێــک دەگەڕاین، پەرۆش و ئیشــمان پێی بــوو. دوایی لەنــاو ئۆتۆمبێلــی یەکێکمــان نەخشــەکە دەدۆزرایــەوە! لەپەنــا دۆلابێــک لاربـبــووە. یــان کەوتبووە ناو ترێســی نەخشـەیەکی تر. یــان ئەندازیــارەکان بردبوویــان و نەیانگێڕابــووە. بــۆ دۆزینەوە و کارێکــی بەپەلــە «پۆڵس» تووڕە دەبوو و جنێــوی دەدا، هاواری دەکرد. هەموومان بە تووڕەبوونەکانی ئەو پێدەکەنین، بەدیارییەوە ســەیرمان دەکرد. ئەویش جنێــووی دەدا، ئێمەش زۆرتر تووڕەمان

دەکـرد. کەسـمان تـوورە نەدەبوویـن. بـەڵام «مـام سـمایل»، فەڕاشەکەی بەر دەرگای ئەو نەبێت. ئەوەی زۆر جگەرەی دەکێشا، هەرگیـز لێمان نەپرسـی بە چ قاچت شـکاوە، بۆ دەشـەلیت، ئەو توورە دەبوو:

دەیگوت شوورەییە بۆ ئەو هەموو گەنجە جوانە. ئەو پیرە دیانە __ کریسـتیان__، توورەیەو هاوار دەکات، جنێووش دەدات. یەکێکیان دەم ناکاتەوە، لێی بەجواب نایەت! شـوورەییە!

❋❋❋

نەخشـەکانی جـاران، هەندێکیـان لەسـەر ترێسـی نەرمـی شـین دروسـتکرابوون. ئیشـکردن و بەکارهێنانیان زۆر خۆش بوو. نەرم نـەرم، وەک نانی تیری تەڕ، لەسـەر هەموو شـوێنێک بەئاسـانی پـان دەبوونـەوە. ئاسـان دەسـتمان وەک تیـرۆک دەیکردنـەوە! تێکنەدەچـوون، نـەدەدڕان، بـە بـا و کردنـەوە و پانکردنـەوە نەدەگەچران و هیچیان لێ نەدەهات!

نەخشەکانی بە قەڵەمی رۆترینگی کچەکان کۆپیکرابوون. روونتر و گەشتر و باشتر بوون. ژمارەکانیان باش دەخوێندرایەوە. دووبارەی تێدا نەبوو، هەموویان بەوردی رووبەرەکانیان لەسـەر نووسـرابوو. درۆ نییە ئەگەر بڵێم بۆنیشـیان خۆش بوو.

❋❋❋

نەخشـەکان بە کۆپی پێنج دانە، لە ئەمانە عامەی شـارەوانی، یان لە تخطیط العمرانی بەغدا بۆ راگەیاندنی سێ مانگی، پێشنیارەکانی ئەنجومەنـی شـارەوانی دەهاتن. ئیتر زۆر لەوانـە، دانەیەکیان ون دەبـوو، یەکێکیـان کۆپی دەکـرا. دانەیەکیـان دەدڕا! یان لەکاتی

ئیفرازکردنیـــان پارچـــە پارچە دەبوون! بـــەڵام دوای ئیفرازکردنیان ڕەواجیـــان نەدەما، دانەکـــەی تاپۆ، ژمارە و ڕووبەرەکان ئیشـــیان پێدکرا.

ئێستاش تێناگەم بۆ دەیانگوت ناکرێ نەخشەی بنەڕەتی شار کۆپی بکرێت، قەدەغەیە بگاتە دەســـت هەموو کەس! یان دەبوایە، ئەگەر بۆ کەســـێکی دەرەوەی شـــارەوانی بوایە، ڕەزامەنـــدی بەڕێوەبەری شارەوانی بۆ کۆپیکردنی وەربگیرێت!

کـــە بـــاس لـــە نەخشـــە و ترێس دەکەم، بـــا ئەوەش بنووســـم، من بـــەردەوام دوو ســـێت زۆرتـــر قەڵەمـــی ڕۆترینگم لە ماڵـــەوە، لەناو چەکمەجەکـــەم هەبوو. ســـێتی بچووکی چـــوار دانەیی، یان دوازدە دانەیی، بە هەموو نووکە باریک و ئەستوورەکان. لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە دوازدە، کە زۆر ئەســـتوور بوو، چوارچێوی نەخشـــەکانی پێ دروســـت دەکرا. ئیتر ئەوانەی ئیشـــیان بـــەو قەڵەمانە دەکرد، بـــەردەوام یـــەک دوو پەنجەیان بـــە حوبر بوو. چونکە بە دەســـتی حوبرمـــان تێدەکـــرد، نووکەکانیش لەگەڵ زۆری بەکارهێنان، شـــل دەبوونەوە، درزیان دەبرد و حوبریان دەدا!

❋❋❋

بـــۆ خۆم و ئیشـــەکانی پـــاش دەوام ، چەند نەخشـــەیەکم دانابوو، نەخشەی زەوییەکان بازاڕیان گەرم بوو. ئەوانەی کڕین و فرۆشتنیان لەســـەر بـــوو. کۆپیـــم کردبـــوون. لەناو جانتـــا ڕەشـــەکەم، لەگەڵ ســـکێلێکی کۆن کە خۆشمدەویست، فیتەو دەفتەرێک دامانابوون. بەردەوام نەخشەی پارچە زەوی ژمارە ١١٤ و ١١٥ و ١٥٧ و هەندێ ناوچەی ترم هەبوو. جوان و باش دەقم کردبوون. شوێنە دڕاوەکانم

بە تێپ سـازکردبووە. زۆریـش داوایان دەکـرد، نەمدەدایە کەس.
لەسـەر نەخشەکان، پارچە زەوییە چاڵ و نشێوەکانم دیار کردبوو.
کامیان بوونەتە بادلۆ، یان خانوو، ئەوانەشـم دیار کردبوو.
مـن نرخی رۆژانەی زەوییەکانیشـم دەزانی. جاروباریش پارچەیەکم دەکـڕی، بەناوی خۆم یان هاوسـەرەکەم دەکرد. ئیتـر چاوەڕوانم دەکـرد، تا کڕیارێکی باشـی لـێ هەڵدەکەوێـت. بەقازانجی چەند دینارێـک دەمفرۆشـتنەوە. مانگانـە، دوو سـێ مانـگ جارێـک، مامەڵەیەکـی لەو جۆرەم بۆ قازانج دەکرد.
بـەردەوام پارچەیـەک زەوی، بـەڵام زۆرتـر نا، بەنـاوم هەبوو! لە هەمـووش قازانجم کردووە. هەموو زەوییەکانیشـم لە دائیرەی تاپۆ بەنـاو دەکـرد. ئەو دەمانە وەکالـەت و دواکەوتن و مانەوە بەناوی یەکێکـی تـر نەبوو! زۆرتـر لەبەر ئـەوەش بوو، خەڵـک دەبوونە سـەرباز و فیراریان دەکرد. ئیتر، دادەبڕان و ئیشیان لە دائیرەکان زەحمەت دەبو. یان لەبەر ئەوەش بوو، پارەی یەک پارچە زەوی بۆ هـەردوولا زۆر بوو. نەدەکرا، گیانبازییەک بەو پارەیە بکەیت، پێنج تـا دە هـەزار دینار زۆر بوو. لەنزیکترین کـەس پارچەیەک زەویت کڕیبوایـە، دەبوایە بەیانییەکی بچیتە تاپۆ، زەوییەکە بەناوی خۆت بکەیت. لە فرۆشـتنیش وابوو. هەردوولا پەرۆش بوون زەوییەکان، زوو بەنـاو بکەن و بەناویش بکرێت.

***

من مەسـاح بووم، دەبوایە ئیش و دەسـت و پەنجەم، تەنیا لەگەڵ نەخشـە و پیوان و قەڵەمی رۆترینگ بێت.
من مەسـاح بووم، دەبوایە رۆژانە، هەردوو قاچم لە فیتەی بیسـت،

یان سی مەتری و دواییش پەنجا مەتر بئاڵێت، نەخشە گەورەکانیش بکەمە سێبەرۆکە!

من مەساح بووم، دەبوایە هیچ پەیوەندییەکم بە کتێب و خوێندنەوە نەبێت! نازانم، چ پەیوەندییەکم بە شانۆگەرییەکانی تەلعەت سامان و قەڵەڕووتە و تەنەکەی تیپی سلێمانی هەبوو. نەک تەنیا بە خۆم، زۆریش فەرمانبەرەکانم کۆدەکردەوەو دەچووینە شانۆگەرییەکان، جاروباریش دەچووینە کۆڕە ئەدەبییەکانی لە هەولێر ساز دەکران!

***

ڕۆژێکیان من لە ئەملاک بووم، کوڕێکی چوارشانەی سووروسپی، پاڵتۆیەکی قاوەیی گرانبەهای لەبەردابوو. هاتبوو کرێی ساڵانەی دووکانەکەیان لە تەیراوە بدات. کە موڵکی شارەوانی بوو. ئەو هاتە ژوورەکەم. دانەنیشت. هەر بەپێوە پاش سڵاو و هەواڵپرسین گوتی:

من دەزانم تۆ حەز بە کتێب و نووسین و خوێندنەوە دەکەیت. من برای «فەرهاد پیرباڵ»م، ئەو لە دەرەوەیە، بڕوام بە تۆ هەیە. بۆیە قسەی لەو جۆرەت لەلا دەکەم. ئەگەر دەتەوێ کتێبێکی لەوێ چاپ بووە بۆت دێنم، چاپێکی جوانیشە! منیش یەکسەر گوتم سوپاس و زۆریشم پێ خۆشە! ئەو دانەنیشت، دیارە منیش بوارم نەبوو، تەکلیفی چاخواردنەوەی لێ بکەم، زوو ڕۆیشت.

هەردوولا، بەئاسانی متمانە بەیەک دەکەین. زۆریش ئاسایی بوو. بەڵێن و قسەکانی دوانەکەوت، بەیانی زوو، لەسەر ئەوە نەوەستا، تا جارێکی تر بۆ کرێی دووکانەکەی بێتەوە شارەوانی، نامیلکەیەکی جوانی بۆم هێنا. لەسەری نووسرابوو لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی

**نووسەرانی کوردستان.**

**زوو نامیلکەکـەم لێ وەرگرت، نەوەک پەشـیمان ببێتەوە. چەندین سـاڵ، نامیلکەکـەم لەلا مایەوەو نیشـانی چەند برادەرێکیشـم دا. بـەڵام دڵـم نەدەهات ون بێـت و بفەوتێت و لاپەڕەکانـی بژاکێت. تـا دوای راپەڕیـن، فەرهـاد پیربـاڵ لـە دەرەوە وەک نووسـەر و مامۆسـتای زانکۆش دەگەڕێتەوە، بەجۆش و خرۆش و چالاکییەکی گەرم، لەناو نووسـەران و بڵاوکراوەکان دەردەکەوێت و دەناسرێت. رۆژێکیـان، لەودەمانەی سـەرگەرمی بڵاوکردنـەوەی گۆڤارە نوێیە جوانەکەی، (وێران) بوو.**

**بینیـم، گوتـم نامیلکەیەکی تۆم هەڵگرتووە! لە شـاخ چاپ بووە. یەکسەر گوتی ئەگەر شانۆگەرییەکە بێت، ماچت دەکەم، سوپاست دەکەم، یەک دانەو دەستنووسەکەشم نەماوە!**

**منیـش یەکسـەر دڵـم خۆشـکرد و گوتم بەڵـێ، شـانۆگەری ئایا گوناهبارە!**

**خوێندومەتەوە، باس لە رۆژانەی سـەربازێکی قادسیە و فیرارکردن دەکات! ئیتـر من نامیلکەکەم بۆ برد.**

**ئەویـش، بەرامبـەر ئـەو دیارییـە نایابـە، بێگومان بە دەسـت و ویسـتی خۆی رەوانەیماڵەوەی خۆیان کرابووەوە، چەندین کتێب و بڵاوکـراوەی ئەنیسـتیوتی کوردی لە پاریـس و کتێبەکانی خۆی بەدیاری پێشکەشکردم.**

*******

**خانووەکانـی (بەلاشـاوە)مان تاپـۆ دەکـرد. خاوەکانیـان ناویان هەبوو، لیستمان هەبوو. لە ئەملاک بڕە پارەیەکی کەم لە خەڵکەکە**

وەردەگیـرا. ئیتـر بۆ تاپۆ، نووسـراومان دەكـرد و تاپۆ دەبوون. خانـووەكان، هەمـوو گەڕەكەكە زووتـر بەتەجاوز دروسـتكرابوو. بەناومـان دەكـردن! بەڵام دەبوایە خاوەنەكـەی لەوێ بێت، ئامادە بێـت، نەیفرۆشـتبێت! ئیتـر ڕۆژانـە خەڵكـی دامـاو و مانـدوو و كەساسـی ئـەو گەڕەكـە دەهاتن. گەڕەكێـک بوو زۆرتـر چڵپاو و گـۆم و كەساسـی بـوو. ئینجـا كۆڵانەكانی تەسـک و دیوارەكانی قـووڕ و سـەربانەكانی ڕزیویـش بـوون! بەڵام نزیک شـار بوو. لە شەقامی شێستمەتری دوور نەبوو. لە سەیداوە و گومرگ و شێخەڵا نزیـک بوو. لەدیوێكی تریش، لەگەڵ گەڕەكی ئیسـكان تخوب بوو. ئیتر ئیشـی خەڵكەكەمان ڕادەپەڕاند، كەسـمان دڵسارد و نائومێد نەدەكـرد. هەموو فەرمانبەر و بەرپرسـەكەمان لە بەشـی ئەملاک، نیازمان لەگەڵ خەڵكەكە باش بوو.

نـاوەكان تەواو بـوو، خانـووەكان تاپۆكران، بابەتەكـە كۆن بوو. ڕۆژێكیـان گەنجێكی ڕەشـتاڵە، شـەرمن، نەرم، هاتـە ژوورەكەم، خۆی ناسـاند. گوتی من ئەنوەرم. باش تۆ دەناسـم! منیش گوتم وایـە، بەڵام ماوەیەكـە دەنگ و ڕەنگت نییە! گوتی ڕاسـتە من لە ئەبـو غرێب گیرابووم. بەر لێبـووردن كەوتم و ئازاد بووم. هاتووم سوپاست بكەم. تۆ و كۆششی تۆ زۆر بووە، لەوەی خانووەكەم لە بەلاشـاوە بەناو بكرێت. من هیچم نییە، بە هیچ شـێوەیەک ناتوانم پاداشـتت بدەمەوە. ئەوەندەم هەیە، لەناو زیندانا جووتێک كڵاشم چنیووە، بەدڵی خۆم، جوانم چنیووە، ئەوەم بەدیاری بۆ هێناویت! پاش ئەوەی چا گەرمەكەی خواردەوە، جووتە كڵاشـەكەی لەسـەر مێزەكەم جێهێشت و ڕۆیشت!

***

لەگــەڵ ژمارەیەک لە فەرمانبەرەکانی شــارەوانی بەزمی خۆشــمان هەبــوو. زۆریش لەوانە من گەرمــم دەکرد. دەمگۆڕی، زیاد و کەمم دەکرد. ئیتر بەردەوام نوێم دەکردوە، بەزمەکانم بۆ خۆشــی بوون! شــەوێکیان، لــە دەوامی ئێوارەمان چووینە یانــەی حقوقین، من و برادەرێک ناوی ســەدیق ســادق ئەمین بوو. لەســەر ناوەکەی زۆر گاڵتەمــان پێی دەکرد، دەمانگوت دیارە خەڵک هەموو حیز و دز و دەســتبڕ و درۆزنە، بەس تۆ نەبیت، ســەدیق و سادق و ئەمینیش! چووینــە نــادی، من کرۆنــام پێ بــوو، ئەویش برازیلییەکی ســپی لەتەنیشــت من رادەگرێت و چووینە ژوورەوە، دانیشــتین، قســەی زۆرمان کرد، ســەیری هەواڵەکانی شــەڕو گردمەندیل «گردەمند» و شــلامچەمان کرد. پارەمان دا و هەڵســاین، هەردووکمان سواری ئۆتۆمبێلەکانمــان بوویــن و دینارێکمان دایە پیاوەکەی بەردەگاکە، ئەوەی بێجگە لە دینارەکە جگەرەیەکیشــی دەویست!

مــن چوومــەوە، ئەویــش دەچێتــەوە. هەردووکمــان ماڵمــان، وا هەڵکەوتبوو، پشــتمان چۆڵ و بۆشــایی بوو، ئەو جۆرە خانووانانە خەوی سەربانیان خۆشە، بێدەنگە، زۆرباش بای فینک دەگرێتەوە. من دەچمە سەربان و دەخەوم. ئەویش دەچێتە سەربان و دەیەوێ بخەوێــت، جامێــک ئــاو دەخواتەوە، ســەر بە بالیفەکــەی دەکات، لەگەڵ تەقەی دەرگای دەرەوەیان هەڵدەســتێتەوە، بانگی دەکەن، دەچێتەوە خوارەوە!

دوو پۆلیــس بەچەکــەوە لێــی دەچنــە ژوورەوە، پۆلیســەکانی فریاکەوتــن، هەموو گەنج بوون، هەولێری بوون! لەناوی دەپرســن،

ناوی خۆی دەڵێت: سەدیق سادق ئەمین! ئەوانیش پێی دەڵێن، ژمارەی برازیلییەکەت چەندە، بێگومان ژمارەکانی ئەودەمانە کورت و ئاسان بوو، هەموو کەس ژمارە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بەباشی لەبەربوو، ژمارەکەی خۆی دەڵێت. ئەوانیش، پێی دەڵێن دەرگای ئۆتۆمبێلەکە بکەرەوە، ئەویش سەرسام و ترساویش بە کلیلە رەشە سەر گەورەکە دەرگاکە دەکاتەوە! سولفێک لێ بدە، سولفەکەش لێدەدات و مەکینەکەش باش ئیش دەکات. ئینجا پێی دەڵێن دەباشە سەیری ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەی ناو گەراجی ماڵی خۆت بکە!

ئەویش خواردیتەوە، بەڵام یەک قەرابەشی خواردبێتەوە، بەو دۆخە بەری دەدات! سەیر دەکات ژمارەکەی خۆی نییە، زۆری پێ سەیر دەبێت! ئیتر تێدەگات شەو لەناو گۆرەپانەکەی یانەکە، ئۆتۆمبێلێکی تری هێناوەتەوە ماڵەوە. بەنەرمی ئۆتۆمبێلەکەی لێ وەردەگرنەوە، پێی دەڵێن بەیانی وەرە، ئۆتۆمبێلەکەی خۆت ببەوە!

خۆی بەیانی هیچ قسەیەک ناکات، بەڵام لەبەر ئەوەی بەهۆی دائیرە و تەلەفۆنکردنەوە دەیدۆزنەوە. ئیتر هەموومان بەرووداوەکە دەزانین. بەزمی خۆشی پێدەکەین. ئەوەش تاوان و هەڵەی ئەوی تێدا نەبووە، هەمووش دەگەرێتەوە بۆ خراپی کلیل و دەرگا و سویجی ئۆتۆمبێلی بەرازیلی. ئەگەرنا ئەو پیاوێکی سەدیق و سادق و ئەمینیش بوو.

کە بەمنیان دەگوت بۆ کرۆنا کۆنەکەت، بەو بەرزایلییە نوێیانە ناگۆرێتەوە، بەس تەسجیلەکەی، دەنگە گەورەکەی، ئۆتۆمبێلەکەی

تــۆ دێنێت. منیش ئەو ســەربردە تاڵەم بــۆ دەگێڕانەوە و بێدەنگم دەکــردن، دەمگــوت یــەک چاملْغــی کرۆنا بــا کۆنیش بێــت، دوو بەرازیلی نوێ دێنێت.

***

لە کۆتایی هەشــتاکان، نازانم بۆ و چۆن شارەوانی پردێ «ئاڵتون کۆپری» دەخرێتە ســەر شارەوانییەکانی هەولێر. من بۆ پەیوەندی و دیتنی نەخشــە و بەرنامەی ئیفراز و زەوییەکانی شــارەوانییەکە، سەردانم کردن.

ئــەو دەمانە بەڕێوەبــەری ناحیــە، بەڕێوەبەری شــارەوانیش بوو. گەنجێکــی ڕەشــتاڵەی خەڵکــی ناوچەیەکــی شــاری حیلــە بــوو، بەگەرمی پێشــوازیکردم، زۆرمان قســەکرد و پێم گوت، من زۆر لە باشــوور و بەغداش ژیاوم، دانوســتانەکەی پێ خۆش بوو. کاتێکی باش لەگەڵی دانیشــتم. باســی نەخشــەی بنەڕەتی و بەرنامەکانی شــارەوانییەکەمان کرد. لەگەڵ فەرمانبەرێکیان، کەمێکیش سەیری نەخشەکانمان کرد. ئیتر، پاش ئەوەی ماسییەکم لەسەر رووبارەکە کڕی، گەڕامەوە هەولێر.

پەیوەندییەکــە ئەو جارە بوو، ئیتر کەس باســی پردێی نەکردەوە. دووبارەش نەچووینەوە! دیارە پەیوەندی و باسکردنەکە، هەڵەیەکی چــاپ بــووە! ئەگینا حکومەت، چۆن لەنــاکاو ناحیەیەکی کەرکوک دەخاتە سەر هەولێر!

***

مــاوەو ڕۆژانەی ئەو یادنووســە دەکەوێتە نێــوان ڕۆژی دامەزراندنم وەک مەســاح، تــا ڕۆژانــی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١. بــەو هیوایەی

بەشـێکی تـر بنووسـمەوە! ئیتر بـەر لـە راپەرینیـش فەرمانبەر بوویـن! ماوەیەکیـش فیـرار بووین! بەڵام لە رۆژانـی گرتنی کوێت و خۆئامادەکردنـی هاوپەیمانـان، بۆ دەرکردنی سـوپای عێراق لە کوێت، دەواممان هەبوو! بەڵام ئیشمان نەبوو، دەمانتوانی دەوامیش نەکەیـن. چونکە دەوڵەتەکە، رژێمەکە شـلۆق ببوو. پارە نەمابوو، زەخیرە و کارەبا و نەوت و هاتوچۆ و بڕوا بە حکومەتیش نەمابوو! رۆژانە و ئیشـکردنمان ببووە دەنگوباس و لێکدانەوە و هەواڵەکان! ئەوانـەی لە کوێت وەک سـەرباز دەگەڕانەوە، سـەربردەی زۆریان دەگێڕایـەوە! دەیانگـوت نان نییـە، ئاو نییـە! جلوبەرگیش نییە، سـەربازی عێراقی وەک سـەردەمی قادسیە نییە، کەساس و برسی و بەزیوە!

دەیانگـوت بەعـس دەڕوخێت، بەڵام بۆچوونـی واش هەبوو، گوایە سـەدام چەکی کوشندەی هەیە، ناتوانن زەبری لێ بوەشێنن.

❋❋❋

لـە سـاڵانی مەسـاحییم لـە شـارەوانی هەولێر، خۆم لـە چەندین لایەنەوە پێدەگەم و دەبوژێمەوە. بەپێی تواناش خزمەتی خەڵک و شـارەکەش دەکەم. لەساڵی ١٩٨٥ یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شـارەوانی، بە بەرنامـە و ئاهەنگ و کتێبێـک دەکەمەوە. ئەوەش بەجوانتریـن و پیرۆزترین چالاکییەکانی تەمەنم دەزانم.

# ئەلبۆمی فۆتۆکان

## وێنەی یەکەم




**خۆم بەجلی کوردی لە کۆتایی هەشــتاکان لە ستۆدیۆ میدیای هەولێر گیراوە**

## وێنەی دووەم




لەسالّی ١٩٧٤ لەناو شۆرشی ئەیلول پێشمەرگە بووین، بۆ تاقیکردنەوەی بکالۆریای ئامادەیی بۆ ماوەی دوو هەفتە چووینە شارۆچکەی «خانە»ی رۆژهەڵات

## وێنەی سێیەم



لە گازینۆی لەیالی ئەربیل پشت قەڵات ساڵی ١٩٧٦، ئێواران دەکرایەوە و گەنجەکانی شارەکە لەوێ کاتیان بەسەردەبرد

## وێنەی چوارەم



لەگەڵ شــوان دزەیی و عوسمان فەتاح لە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدا ١٩٧٧

## وێنەی پێنجەم



لەناو بەشــی ناوخۆی قوتابیانی ئامۆژگە بەغدا ١٩٧٦، لەگەڵ ژمارەیەک قوتابی کورد و عەرەب

## وێنەی شەشەم



ڕەحمەتی عەبدولســلام دەشتی و خۆم و موحمەد ڕەسوڵ ئاغۆک
پارکی زەورای بەغدا ساڵی ١٩٧٧

## وێنەی حەوتەم



دەرچوون لە ئامۆژگە، یەکەمی دانیشــتووی دەستەڕاست منم

## وێنەی هەشتەم




پیشەســازی باکوور ساڵی ١٩٧٨ کە ئەودەم تەختایی و
چۆڵەوانی بوو، ئەوکات لە ئیشــغاڵی هەولێر بەکاتی ئیشم دەکرد

## وێنەی نۆیەم



دایکــم و خۆم و کورێکی خۆم و برایەکم

## وێنەی دەیەم



**کاتی ئیفرازکردنی حەی عومالی هەولێر ســاڵی ١٩٨٢**

## وێنەی یانزەیەم



لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی قوتابی لە گازینۆ لەیالی ئەربیل ساڵی ١٩٧٩

## وێنەی دوانزەیەم



خۆم و نامیق خۆشناو و ڕەحمەتی فازیل پیرداود، گەشتی فەرمانبەران بۆ هاوینەهەواری سەرسەنگ

## وێنەی سیانزەیەم



**لەگەڵ ســروەی هاوسەرەم کاتی دەستگیرانیمان.**

## وێنەی چواردەیەم




**منداڵەکانــم، رەڤان کاژڤان کەڤان  باهۆ**

## وێنەی پانزەیەم



**فامیلییەکەم ناوەندی هەشتاکان**

## وێنەی شانزەیەم




**بەرگی کتێبی هەولێر، یادی سـەد ساڵەی شارەوانی ١٩٨٥**

## وێنەی حەڤدەیەم



**یادی ســەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێر، خۆم بە جلە کوردییە سپییەکە**

## وێنەی هەژدەیەم



**لەگەڵ ســەدیق سادق لە پیرمەم سەرەتای هەشتاکان**

## وێنەی نۆزدەیەم




لەگەڵ ناسری رەزازی لەگەڵ ژمارەیەک فەرمانبەران، لەناو باخچەی شارەوانی ناوەڕاستی هەشتاکان

## وێنەی بیستەم



لەگەڵ هاوڕێیە مەساحەکانی شارەوانی

## وێنەی بسست و یەکەم



خۆم لە بەرازییەکانی پیرمەم

## وێنەی بیست و دووەم



گەشــتی فەرمانبەرانی شارەوانی ساڵی هەشتاکان

## وێنەی بیست و سێیەم




لەگەڵ ژمارەیەک قوتابی لەکاتی پراکتیکی مەســاحە لەناو گۆڕەپانی ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدا

## وێنەی بیست و چوارەم



لەگــەڵ ژمارەیەک قوتابی کورد لە یانەی ئامۆژگە

# دێکۆمێنتەکان



وزارة البلديات

استمارة ب – ٤

م ٧١٥-١٢-٧٦-١٠٠٠٠ دفتر

تسلسل الجلد

تسلسل الوصل

رقم ١٧٩٦٠٩ وصل الصندوق رقم ١٤

خاصة بالمبالغ التي تقبض لحساب المؤسسات البلدية

اسم المؤسسة

عن

الشخص المسلم شيرزاد ... هيني

المبلغ ... ٢٩٢

| نوع المقبوضات | المادة | العدد | دينار | فلس |
|---|---|---|---|---|
| | ٤ | ٢ | ٢٦٢ | ٢٩٢ |
| | ٤ | ٦ | ٢١ | ٩٠٠ |
| ١٢٥/٣١٠ | | | | |
| المجموع | | | ٢٨٤ | ٢٩٢ |

يجب قبض ٢٨٤ دينرا و ٢٩٢ فلسا

كما محرر اعلاه .

١٢/١١/٩١ ل ١٩٠

التوقيع

الوظيفة

لقد استلمت مبلغا قدره ٢٨٤ دينارا و ٢٩٢ فلسا

كما محرر اعلاه وقيدته ايرادا في دفتر اليومية صحيفة رقم

في ١٢/١١/٩١ ل ١٩٠

التوقيع

الوظيفة

٢٦٢

نسخة الوصل التي تعطى بيد مسلم الدراهم

الجمهورية العراقية

اطلب العلم من المهد الى اللحد

محافظـة اربيـل - البلديات

الشعبة : الذاتية

العـدد : ٧٢٦ / خاصة /

التاريخ : / ١ / ٨٦ ١٩

((امر اداري))

بناء على الطلب المقدم من قبل السيد شهرزاد قادر عيش الموظف بعنوان صاح — يمنح الموظ اليه اجازة اعتيادية امدها (١٥) خمسة عشرة يوما بمناسبة زواجه وذلـــك اعتبارا من تاريخ انفكاكه •

خسرو حميد عثمان

مدير بلديات محافظة اربيل

صورة منه الى /ـ

الامانة العامة لادارة البلديات والمصايف / الادارة والذاتية / للتفضل بالاطلاع •

الهندسة والتخطيط / اعلامنا بتاريخ الانفكاك والمباشرة •

الحسابات

الاضبارة العامة / ١١ه

الادارة

الموظ اليه

محي الدين ١٩/١

نموذج رقم ( ٢ )

العدد : ٢٩٦٧

التاريخ ٤ / ١ / ١٩٨٦

الموضوع / **العلاوة السنوية**

الى / محاسب بلدية اربيل

الاسم الكامل : السيد : شيرزاد قادر حسين

عنوان الوظيفة : محاسب اول

مقدار العلاوة : ٥ دينار

الراتب الجديد : ١٠٠/٥٠٠ دينار

الدرجة : خامسة

تملاء بعد توصية منح العلاوة

الدائرة التي ينتسب اليها | مديرية بلدية اربيل

تاريخ الموظف :

اؤيد بان الموظف المبحوث عنه ... سنة واحدة براتبه الحالي البالغ ( ٩٩/٥٠٠ ) دينارا بتاريخ : ١٧ / ١١ / ١٩٨٢

موظف ذاتية المختص

اؤيد بان خدمات الموظف المبحوث عنه اعلاه كانت مرضية من جميع الوجوه واجتاز اختبار مستحقي العلاوة بنجاح .

رئيس القسم

الرئيس المباشـــر

مدير بلدية اربيل

الرئيس الاعلى التالى

ان خدماتكم كانت غير مرضية خلال السنة للأسباب التالية : ـ

١ ـ

٢ ـ

٣ ـ

الرئيس المباشر

الرئيس التالى

صورة منه الى ـ


~~وزارة الحكم المحلي ـ مديرية البلديات العامة / الادارة والذاتية / التفضل بالاطلاع مع التقدير~~

الامانة العامة لأدارة البلديات والمصايف ـ الأدارة والذاتية / للتفضل بالأطلاع مع التقدير .

الأدارة والذاتية ـ ذاتية الموظفين

الأضبارة العامة

الموما اليه


مديرية بلدية

وزارة الحكم المحلي

الدائرة :- مديرية بلدية اربيل

القسم :-

الشعبة :-

اسم الموظف الكامل :- شيرزاد ثامر حبيب

عنوان الوظيفة :-

التحصيل العلمي :- معهد التكنولوجيا - دبلوم

تاريخ اول التعيين في الوظيفة :- ١٩٧٨/١/١٧

الراتب :- ٩١/٥


( استمارة تقييم العاملين )

| عناصر التقرير | ممتاز | جيد جداً | جيد | متوسط | دون الوسط | رديء |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- الكفاءة والسرعة في الانجاز | | | ✓ | | | |
| ٢- الابداع والابتكار لتطوير العمل | | | | ✓ | | |
| ٣- مدى استغلال اوقات الدوام الرسمي والشعور بالمسؤولية . | | | ✓ | | | |
| ٤- الالتزام بالقيم والمبادئ . لاخلاصه والعلاقات الانسانية في التعامل الوظيفي . | | | ✓ | | | |
| ٥- قابلية اتخاذ القرارات الصائبة في مجال العمل والاستعداد التحمل للنتائجها . | | | | ✓ | | |
| ٦- الخبرة المكتسبة من الممارسة الوظيفية | | | ✓ | | | |
| التقدير العام | | | جيد | | | |

ملاحظات اخرى

الرئيس المباشر

الرئيس الاعلى


الجمعية التعاونية للاسكان في كافقنة
أربيل المحدودة
فلس دينار
رقم ٠٠٧٣١٨
استلمت من السيد
مبلغاً قدره فقط
وذلك عن
التاريخ / / ١٩٧
م / ش
أمين الصندوق

الجمهورية العراقية

محافظة اربيل / البلديات /

العدد ٦٨٤/ح/ع ع / ادارة والذاتية /

التاريخ ٦/٢/١٩٧٨

(( امر اداري ))

الحاقا بامرنا الاداري المرقم ٢٨٢ في ١٢/١/١٩٧٨

بناء على ماجاء بكتاب رئاسة مجلس الخدمة العامة / مديرية تحديد الرواتب / المرقم ٢٤٤٣ في ١٨/٢/١٩٧٠ ـ تقرر تحديد راتب السيد شيرزاد نادر شهني المساح في مديرية بلديات محافظة اربيل المحسوب على ملاك الميزانية العامة ( جدول ن ) وخريج معهد التكنولوجيا فرع المساحة التابعة لمؤسسة المعاهد الفنية في ٢١/٦/١٩٧٧ بـ ( ـ/٤٠٢ ) دينارا شهريا اعتبارا من تاريخ مباشرته في ١٢/١/١٩٧٨ قبل الظهر .

بهاء الدين احمد

محافظ اربيل

صورة منه الى /ـ

وزارة الدولة لشؤون التنسيق مع هيئات الحكم الذاتي

وزارة المالية / مديرية المالية العامة /

رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان

الامانة العامة لادارة البلديات والمصايف

رئاسة مجلس الخدمة العامة / مديرية تحديد الرواتب /

لجنة التنسيق المركزي

محافظة اربيل / الادارة العامة /

رئاسة مؤسسة المعاهد الفنية

عمادة معهد التكنولوجيا

مديرية خزينة محافظة اربيل

نقابة ذوي المهن الهندسية الفنية فرع اربيل

الهندسة والتخصيص


الحسابات / الرواتب

الذاتية / للتأشير

الاضبارة العامة / ١٥٨

الموما اليه

محي الدين ٤/٣



مركز تقديم جامعة بغداد
وصل التسليم - علمي

المجموع الحقيقي رقماً ٢٧٤
المجموع الحقيقي كتابة مائتان واربعة وسبعون


84129

اسم الطالب الثلاثي واللقب شيرزاد قادر حسيني
سنة التخرج ١٩٧٤ - ١٩٧٥
اسم المدرسة والمحافظة التابعة لها اعدادية اربيل للبنين محافظة اربيل
الدور الذي نجح فيه الاول
الدروس التي اكمل فيها —
مجموع درجات دروس الاعادة —
الرقم الامتحاني ٢٨٥٧١٧
رقم وتاريخ ومحل اصدار دفتر النفوس ٢٤٩٦ / ٨ / ١٩٦١ محافظة اربيل
او هوية الاحوال المدنية —
رقم وتاريخ ومحل اصدار شهادة الجنسية العراقية ٨١٤٤٧٨ / ٢٨ / ٢ / ١٩٧٤
رقم دفتر الخدمة العسكرية واسم دائرة التجنيد ٨٤٧٨٩٠ تجنيد اربيل

الوثائق المستلمة

استمارة الانتماء ٣ نسخ
شهادة الجنسية العراقية
دفتر النفوس لعام ٥٧ او هوية الاحوال المدنية
٣ صور حديثة
شهادة عدم المحكومية لخريجي السنة السابقة فقط

توقيع المستلم
ختم مديرية القبول العامة


الجمهورية العراقية

المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان

الامانة العامة للثقافة والشباب

اربيل – العراق
هاتف : ٢٠٨٨٢
بدالة ذات خمسة خطوط

يرجى الاشارة عند الرد الى الرقم والتاريخ بصورة كاملة

مديرية : الثقافة
قسم : التأليف والترجمة والنشر

العدد / ٩/٧/ ٢٤٤
التاريخ / ١٩٨٥/١/٢٣

الى /

مديرية بلدية محافظة أربيل

م/ طبع مسودة

---

حصلت الموافقة على تنضيد مسودة كتابكم الموسوم (( هەولێر )) بنسبة ٨٠٪ من الكلفة الكلية حسب الاسعار الرسمية بـ ( ٣٠٠٠ ) نسخة فقط .

راجين تبليغ مؤلفيها السيدين تحسين جيجو وشيرزاد قادر لمراجعة هذه الامانة لاجراء مايلزم .... لطفاً .

محمد محي الدين محمد
أمين عام للثقافة والشباب وكالة

نسخة منه الى /
مديرية الثقافة / قسم التأليف والترجمة والنشر
لجنة تنضيد النشر
الاضبارة المختصة

مديرية بلدية اربيل
الـواردة
م/ ٣/٠/١/٣...٠٠٠٠١
الرقم ٩٢٨٢
التاريخ ١٩٨٥/١/٢٨
المرفقات

**المصرف العقاري**
الجباية والتحصيل

الرقم العام / ......
التاريخ ...... ١٩٨٠/٦/٢٨

**الموضوع / استقطاع شهري**

| | |
|---|---|
| رقم الاستمارة : ٦٤٧ / ٨٠ | يرجى الاشارة الى رقم الاستمارة وفروع المصرف واسم المقترض او من ينوب عنه بالاستقطاع الشهري عند ارسال الاقساط الشهرية |
| فرع المصرف في : اربيل | |

الى / ......

اشارة لكتابكم المرقم ...... والمؤرخ في ١٠ / ٥ / ١٩٨٠

اولا - يرجى حسم مبلغ ( ...... ) شهريا من الراتب الشهري :

١ - للمقترض / الكفيل / السيد ......

٢ - الموظف / العامل / بعنوان ......

٣ - المتقاعد حامل الدفتر المرقم ......

وذلك اعتبارا من راتب شهر ( تموز ) من سنة ١٩٨٠ ولغاية راتب شهر ( ...... )

من سنة ١٩.. وذلك بدلا مما جاء بكتابنا المرقم والمؤرخ في / / ١٩٧

**ثانيا - بعد حسم ماجاء اعلاه يرجى حسم مبلغ ( ...... ) دينارا شهريا من راتب المؤما اليه الشهري اعتبارا من شهر ( ...... ) من سنة ١٩ ولحين اعلامكم .**

ثالثا - يرجى من الدوائر المرتبطة حساباتها بالخزينة المركزية ومديرية خزينة محافظة بغداد ومديريات الخزائن في المحافظات الاخرى ارسال مبالغ الاستقطاعات الشهرية وفق منشور مديرية المحاسبات العامة المرقم ٢٣/٥١/١٦ والمؤرخ في ١٩٧٣/٦/١٠ .

رابعا - يرجى من الدوائر الشبه الرسمية والمؤسسات ارسال مبالغ الاقساط الشهرية في اول كل شهر وسيتحمل الموظف المسؤول عن عدم ارسال الاقساط الشهرية في الموعد المحدد اعلاه الفوائد التاخيرية التى قد تترتب بنتيجة ذلك استنادا الى كتاب وزارة المالية / مديرية الميزانية العامة - مديرية المصارف والشؤون النقدية المرقم ٧٠٩٨ والمؤرخ في ١٩٧٣/٥/١٣ .

**خامسا - نرجو عدم ايقاف الاستقطاع من راتب المؤما اليه اعلاه او تغيير مبلغ القسط الشهري الا باشعار من المصرف .**

سادسا - نرجو تزويد المصرف بنسخة من شهادة آخر الراتب عند نقل الموظف الى دائرة اخرى او احالته على التقاعد او استقالته او فصله او عند عدم استحقاقه راتبا تقاعديا .

**سابعا - نرجو اعادة السفالة بعد تاييدها .**

مدير المصرف العقاري فرع ......

صورة منه الى /
المقترض السيد ......

---

العدد /
التاريخ /
رقم الاستمارة / ٦٤٧ / ٨٠

**الموضوع / تاييد**

الى /

**المصرف العقاري فرع /**

نؤيد استلامنا كتابكم ...... في / / ١٩٨

والعمل بموجبه لطفا .

**مدير** ......

به لیڤڵ بینیم بە قەڵەم دەینووسمەوە